فەنتازیای خواردن

ێبوار سیوەیلی

فەندان

ڕێبوار سیوەیلی

فەنتازیای خواردن

ناوی کتێب: *لەلەتازیای خواردن*
بابەت: خواردن و دەسەڵات
نوسەر: *ڕێبوار سیوەیلی*
دیزاینی بەرگ و تابلۆکان: *ڕێبوار سەعید*
زنجیرە (١٠) لە بڵاوکراوەکانی *خەلال‌ان* بۆ پەخش و وەشاندن
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپی: ٢٠٠٧، سلێمانی
نرخ: ٤٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردنی (٢٢١) وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی (٢٠٠٧)ی پێدراوە

ڕێبوار سیوەیلی

فەنتازیای خواردن

هەولێر ٢٠٠٦

فەنتازیای خواردن
ڕێبوار سیوەیلی

دەرگای چوونە ژوورەوە

سالّەها لەمەوپێش، کابرایەك لەسەفەرێکی دووروودرێژ گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی و لە شارێکی زۆرزۆر بەتەمەندا مەنزلی گرت. تاق و تەنیا و بێکار.. بیریکردەوە لەم وڵاتەدا چی بکات لە هەموو شتێ باشترە؟.. دواجار بڕیاریدا چێشتخانەیەك بکاتەوە.. ئەو لەو بڕوایەدا بوو تەنیا شتێ لە چاودێری پاسەوانەکانی میری شار ڕزگاریبووە، ئەو پاروانەن کە خەڵکی لە دەمیانەوە قووتیان دەدەن و لە کۆمیانەوە دەریدەهاوێژنەوە دەرێ.. بەڵام وا دەرنەچوو، میر بەمەی زانی و هەناردی چێشتخانەکەی پێداخەن، مەتبەخەکەی بسووتێنن، قاپ و قاچاغەکانی وردوخاش کەن و ناوو کارەبای ماڵ و ناندینەکەی ببڕن.. بەمجۆرەش کابرا، بێدەسەڵات و بێناندێن و بێ تەندوور و تەباخ مایەوە.. تەنیا کەسێ لەو شارەدا مۆڵەتی هەبوو، قەسابێك بوو، بۆ هەر ژەمێ سەری کچێك و کوڕێکی دەبڕی، تیکە تیکەی دەکردن و وەك خێر بە ماڵاندا دەیەشینەوە..

کابرای گەڕاوە دیسانەوە بیریی کردەوە: دەبێ شتێ بکات، دەبێ لەم ڕۆژگاری گۆشت و تکەیەدا، خواردنێ دروستکات بەبێ ئەوەی کەس ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە.. چووە شارێکی دی، لەو شارەدا هەمووشتێ بریقە و باقی بوو، پڕ بوو لە باخچە و گوڵ، بەڵام نە گوڵەکانی بۆنیان دەهات و نە خواردنە چەورەکانی تام و چێژیان تێدا مابوو.. ئیتر ڕۆژێك چووە

مەزادخانەی شار، لەوێ تاوەیەکی سەرقاپدار و چەقۆیەکی بە چەند کتێبێکی نایابی لاسووتاو، گۆڕییەوە و هاتەوە لەو ماڵەی تێیدا دەژیا، دەستی بە نووسینی کتێبێ کرد، بەناوی (فەنتازیای خواردن).. دەتوانیت بۆ ئاگاداریی زیاتر لە بەسەرهاتی ئەو پیاوە، ئەوەی چی بەسەر هات و چی دروستکرد، ئەم کتێبە بخوێنیتەوە.

من ئەم کتێبەم لەو مەزادخانەیە دۆزییەوە کە کابرا وەختی خۆی تاوە و چەقۆکەی لێکڕیبوو. مەزادچییەکان دەیانگوت: دواجار کابرا ئیفلاسی کردبوو، کەس خواردنەکانی لێنەدەکڕی و لەوشارەش جێگەی نەبۆوە.. بەڵام پێشنەوەی بڕواتەوە بۆ شارە زۆرزۆر پیرەکە، کتێبەکانی بیر دەکەوێتەوە و دەچێت لە مەزادخانەکە داوایان دەکاتەوە.. کابرای تاوەفرۆش پێیدەڵێ: تازە تاوەکەت بۆنی خواردنی عاشقانەی گرتووە و نامەوێتەوە، بەڵام ئەو دەستنووسەم بدەرێ و کتێبەکانت بەرەوە..

ئیتر بەو جۆرە دەستنووسەکە ئەمبەراوبەری زۆر دەکات، تاکو لەم دوایانەدا، کاتێ تیمەکانی قەڵاچۆکردنی باڵندان بە کوچەکانی شاردا دەگەڕێن، دەگەنە کوچەی مەزادخانەکە و لەوێدا بەردێ دەبینن لە دیوارێکدا لەقبووە، وادەزانن ئەوە مریشکێکی لەودیوەوەیە، کاتێ بەردەکە لا دەبەن، دەبینن سپارەیەك لەویادا داندراوە و منیش کە ئەو ڕۆژە لەوێ بووم، بینیم سپارەکەیان فڕێندایە سەر شۆستەکە، خێرا پەلامارمدا و هێنامەوە ماڵ.. ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیەوە هەمان ئەو شتانەن لە دەستنووسەکەدا نووسرا بوون، بەڵام منیش کەمێ فەنتازیای خۆمم لە هەندێ شوێندا بۆ زیادکردووە..

لیستی خواردنەکان:

- دەرگای چوونەژوورەوە ٧
- فەنتازیای خواردن ١١
- خواردنی عاشقانە ٢١
- خواردنی شاعیرانە ٣١
- خواردنی هاوڕێکان ٤٣
- زەڵاتەی حیکمەت ٥٥
- خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخ فرۆش؟! ٦٥
- خواردنی دایکانە ٨١
- لە خواردنی ژنەوە بۆ خواردنی ژنانە ٩١
- خواردنی نابینا ١٠٣
- خواردنی پێشمەرگانە ١١٧
- نان، نەی زەوادی خودا! ١٣١
- خواردنی پەنابەران ١٤٧
- خواردنی ڕێنمایکەر ١٦١
- خواردنی منداڵانە ١٧١
- خواردنی پیرانە ١٨١
- پێکەوەنانخواردن ١٩٥
- خواردنیماڵئاوایی ٢٠٩
- دەرگای هاتنەدەرەوە ٢٢١

فەنتازیای خواردن

یەکێ لەو بیرۆکانەی سالانێکە لە خەیاڵمدا تاووتوێی دەکەم نوسینی کتێبێکە لەبارەی خواردنەوە. لە کتێبی (*دبارەگەرایی ئاراوگە* ۱۹۹۵)دا، بۆ یەکەمجار لەوبارەیەوە وتارێکم نووسی و تیایدا ئەو پرسیارەم خستەڕوو کە ئایا ئێمە خواردن بۆ تێربوون دەخۆین، یان بۆ چێژ وەرگرتن؟ بەمانایەکی دیکە: ئایا خواردن کەلتوورێکە و پێویستە کاری بۆ بکەین، یان خووێکە و لەکاتی برسێتیدا دەبێ تێری بکەین؟ ئەم پرسیارە لەدوای ڕووخانی بەعسییەکانەوە، لەلای من زیندوو بۆوەو لە گفتوگۆیەکدا کە لە کتێبی (*مرۆڤ وەك بەخشندە*)دا بلاوبۆتەوە، گوتومە: لەدوای بەعسییەکان، نەبوونی کەلتوورێك بۆ خواردن لەم وڵاتەدا گەورەترین دووژمنی ئێمەیە. لەڕاستیدا کەلتووری خواردن لەم کۆمەڵگایەدا لە هەموو لایەنێکەوە لە قەیراندایە و هەڕەشەیەکی مەترسیداریشە بۆسەر چەشە و سەلیقەی ئێمە و نەوەکانی دوارۆژ.. بۆیە دەکرێ ئەو پرسیارە بەجۆرێکی تریش بکەین و بڵێین: ئایا ئێمە بۆ خواردن دەژین، یاخود خواردنەکان بەشێکن لە ژیانی ئێمە؟

دەمەوێ هەر لەسەرەتاوە شتێك هەیە لە کەسی نەشارمەوە: بۆ ئەوانەی بڕوایان وایە کە ئێمە بۆ خواردن دەژین و لەمەشدا بەڵگەی خۆیانیان هەیە، خواردن لە چەقی ژیاندایە. کۆی بەڵگە مێژوویی و مرۆڤناسی و هەڵکۆڵراوی شوێنەوارناسەکان ئەوە دەسەلێنن، مرۆڤ بەرلەوەی بوونەوەرێکی (عاقڵ) و (کۆمەڵایەتی) ئەرستۆیی و

(بیرکەرەوە)ی دیکارتیانە و (نیشکەر)ی مارکسیانە بێت، بوونەوەرێکی (بخۆر) و (هەرسکەر) بووە و ئەندامی هەرسکردن لەپێش دەماخ و عەقڵەوە، دەستبەکاربووە. مرۆڤ بەرلەوەی قسانبکات، بەر لەوەی بیر بکاتەوە و کار بکات، خواردوێتی و خۆی پیسکردووە! تۆ گوێمەدەرە ئەوەی کە مێژووی ناودەست و تەوالێت لە هونەری بیناسازیی جیهاندا زۆر دوور نیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤ بوونەوەرێکی گووکەر نەبووە و ئەوەش ناسەلمێنێ کە مەتبەخ و ناندێن و خواردنگە زۆر پێشتر بیریان لێنەکراوەتەوە. تەنانەت ئەگەر وەك (فرانسوا شوای) ئاماژەی پێدەکات، شوێنی پیسایکردن لە تەلارسازیدا، پەیوەستەگی ڕاستەوخۆی هەبێ بە بیرۆکەی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی مرۆڤەوە لە شوێنێکی تایبەت، ئەوە بیرۆکەی ناندێن و خواردنگە پەیوەستە بە جێگۆڕکێ و هەوارگۆڕینی بەردەوامی مرۆڤەوە. بێگومان هۆی هەرەسەرەکیش بۆ جێگۆڕکێ و کۆچی مرۆڤەکان گەڕان بووە بەدوای خواردندا و شەڕکردن بووە لە پێناوی خواردندا. بەمجۆرەش خواردن یەکێکە لە هاندەرە سەرەکیەکانی دروستبوونی شەڕ و شەڕیش وەکو بیرمەندی بە ڕەگەز ئیتالی (پۆڵ ڤیریلیۆ) گوتویەتی: هۆکاری هەرە سەرەکی دروستبوونی ئەو شارستانیەتەیە کە ئەمرۆ تەکنەلۆژیا جڵەوی دەکات و برگەیەکی سەرەکی پێکهێنانیەتی. بەم پێیەش بێت ئێمە دەتوانین کتێبێ بنووسین بەم ناونیشانە: (مێژووی مرۆڤایەتی: لە مەتبەخەوە بۆ تەکنەلۆژیا). تەنانەت ئەسکەندەری مەکدۆنی، کاتێ پلانی داگیرکردنی جیهانی ئەوسای کەوتە سەرەوە، وێڕای ئەو فەیلەسووف و تەلارساز و ئەستێرەناسانەی لەگەڵ ئۆردووی لەشکرەکەیدا دەیبردن. دەستەی چێشتلێنەرەکانیشی بیرنەچوو. (بەپێی ڕیوایەتێکیش ئەم یاپراخ و دۆڵمەیەی ئێمە ئێستا بە خواردنێکی میللی خۆمانی دەزانین، هیچ نیە جگە لەو خواردنەی کە بۆ لەشکرەکەی ئەسکەندەر لەگەڵای درەختەکاندا دەپێچرایەوە و لەسەر دەستەبەرەی تایبەت دەیانگوێزرایەوە بۆ سەربازگە و ئۆردووی جەنگ!). هەموو نەتەوە و میللەتانی جیهان ڕۆژگارێ بە خەنجەر، ڕۆژگارێکی دیکە بە تیروکەوان و لەم ڕۆژگارەشدا بەهۆی میکانیزمەکانی بازاڕ و

پارەوە، لەسەر خواردن شەڕیانکردووە. خەبات و تێکۆشانی هیچ میللەتێکی ئەم سەر زەوییە نییە کە خواردن هۆکارێکی سەرەکی و ئاشکرای، یان شاراوەی نەبووبێت. کەواتە بۆ ئەوانەی کە پێیانوایە خواردن لە سەنتەری ژیاندایە، تا خۆبەکوشتدانیش لەسەر خواردن ڕۆیشتوون و لە پێناوی ئاندا مافی ژیانیان لەخۆیان سەندۆتەوە.
بۆ ئەوانەش کە پێیانوایە خواردن تەنیا بەشێکە لە ژیانی ئێمەی مرۆڤ، نەك هەمووی، دیسانەوە قوربانییەکی زۆریان داوە و ڕۆژگارێکی زۆر ورگی بەتاڵی خۆیان هەڵگلۆفیوە تاکو ئەو لێکدانەوە زەینییەی خۆیان جێگەی بەتاڵایی سکیان بۆ پڕ بکاتەوە. بەلای ئەوانەوە، کە دیسانەوە بەڵگەی خۆیانیان هەیە، ژیانی مرۆیی زۆر لەوە بەرفراوانتر و پڕبەهاتره، کە مرۆڤ هەموو خەونی مرۆڤانەی خۆی لەپێناوی بەدەستهێنانی خواردندا قەتیس بکات. بەڵام ئەوەش ڕەتناکەنەوە کە بەهەرحاڵ: مرۆڤ دەبێ شتێ هەر بخوات!
بیرۆکەی سەرەکیی من لەم زنجیرەیەدا لەسەر خواردن، (کە نازانم تاکەی بەردەوام دەبێ و ڕۆژنامەکە بوارم دەداتێ و کەی لەگەڵمدا تێکی دەدەن!)، زۆر ئاسان و سادەیە: مرۆڤ ناتوانێ بەبێ خواردن بژی (کەواتە بەرەی یەکەم ڕاستەکەن: ژیانێکی بێخواردن نییە)، بەڵام بۆ ئەوەی خواردن هەموو ژیانمان نەبێت و تەنیا بەشێ بێت لە ژیان (چونکە وەك بەرەی دووەم دەڵێن: لە ژیاندا زۆر شتی دیکەش هەن کە بەهادارن)، پێویستە (فەنتازیا)مان هەبێ..
من تەنیا هەوڵدەدەم بەهۆی بایەخدان بە فەنتازیا لە خواردندا، ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە بۆچی ئەگەر لە خواردندا فەنتازیامان نەبوو، دوای تێربوون خواردنەکەمان بیر دەچێتەوە و ئیتر بەهای نامێنێ و بەمەش بەڵگەی ئەوانەی کە دەڵێن: خواردن لە چەقی ژیاندایە، پووچەڵ دەبێتەوە. چونکە مرۆڤ ئەو شتەی بە چەقی ژیانی خۆی دەزانێ و ئەو هەموو شەڕ و کوژانەی لەپێناودا دیتووە، ناخاتە ناو ناودەستەکانەوە!
لەبیرمان نەچێت: کورتترین سەفەری ئەوانەی خواردن یەکسان دەکەن بە ژیان، لەپاش تێربوون، ڕاکردنە بەرە و تەوالێت.. مێژوو هەندێ ڕووداوی دڵتەزێنی لە

کەلتووری گەلاندا بۆ تۆمار کردووین کە دەیسەلمێنن: مرۆڤ لە پێناوی خواردندا خۆی بە کوشتداوە و لە ڕاکردنیدا لەسەر ناندێنەوە بەرە و قولەیێن و تەوالێت، چ بەهۆی گرێکوێرەی بەندوخێنەکەیەوە و چ لە ئەنجامی عاسی بوونی زنجیری پانتۆڵەکەیەوە، شەهید بووە!.

بەودیوی تردا، ئەگەر خواردن هەموو ژیانیش نەبێت وەك بەرەی دووەم دەڵێن، چونکە لە ژیاندا شتی دیکەش هەن کە بەهایان هەیە، ئەوە بەپێی قسەی ئەوان یێت پێویستە *بتوانین* خواردن لە ژیان بکەینە دەرەوە و بە شتێکی پڕبەهاتر شوێنەکەی پڕبکەینەوە، کە بێگومان ئەمەش مەحاڵە. لە هیچ شوێنێکدا هیچ شتێ جێگەی خواردن بۆ مرۆڤ ناگرێتەوە. یاساکە ئەوە نییە: کاتێ مرۆڤ پێویستی بەخواردن بوو، شتێکی دیکەی بدەرێ، بەڵکو وەك نیتشەی فەیلەسووف گوتویەتی، تەنیا خواردن بدە بەو کەسەی کە برسی ڕاستەقینەیە. خاڵی سەرەکیی ئەم زنجیرەیە ئەوەیە کە بۆمان ڕوونبکاتەوە، چ ژیان لەپێناوی خواردندا و چ خواردن لەپێناوی ژیاندا، بەبێ فەنتازیا، نە خواردنەکەی چێژبەخشە و نە ژیانەکەیشی بەهای هەیە.

کەواتە دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم زنجیرەیەوە هەم بیروڕات لەسەر خواردن و هەم تێڕوانینت بۆ ژیان بگۆڕم و لەمەشدا پەنا بۆ هەر خەیاڵ و فەنتازیا و دەربڕینێ دەبەم کە تۆ دەخاتە بەردەم پرسیارکردن لە ژیان و لە خواردنەکانت. وەهات لێدەکەم شەو نەتوانیت بخەویت و بەیانی کە هەستایت ئەو خەونانە بگێڕیتەوە کە بۆنی خواردنیان لێدێت و کە برسیشت بوو ئەو خواردنانە دروستبکەیت کە لە فەنتازیای خۆتدا وێنات کردوون. وانەزانیت ناتوانم کارت تێبکەم، چونکە باش دەتناسم و دەزانم کە تۆ ئەندامی یەکێکی لەو کۆمەڵگایانەی کە هەتا ئێستا خواردنت لە پێناوی تێربووندا و بە حازری خواردووە و من دەمەوێ خواردن بۆ چێژوەرگرتن، تامکەیت، بۆنی بکەیت و وەك سروودێ بیخۆیت، کە بۆخۆت دروستکردنێ و خواردن هەر تەنیا مادەیەك نەبێ کە دەیکەیتە سکتەوە تا تێرت بکات، بەڵکو شێوازێك بێت لە ژیانی تایبەتیدا کە بەها و گرنگیی دروستکردنی ژەمێك کەمتر نەبێ لە نووسین و خوێندنەوەی

شاکارێك! ئەری بەراست باوەڕت بەوە نیە کە مرۆڤ بەهەمان ئاستی فەنتازیای جوانیناسانە کە داهێنەرە گەورەکان لەبواری شێوەکاری، ڕۆمان، شیعر و سینەمادا هەوڵدەدەن لە ڕێگەیەوە جیهانێکی نوێی بۆ بخوڵقێنن، شایانی ئەوەیش بێت لەڕێگەی دروستکردنی خواردنێکی فەنتازیانەوە، بارودۆخێکی چێژبەخشانەی کۆمەڵایەتی بۆ بسازێنین؟

من لەم وتارانەدا، کە هەوڵدەدەم بۆنی خواردنەکان بگاتە لوتی هەرکەسێ کە دەیانخوێنێتەوە و ئاو بزێتە دەمی و فەنتازیای بجوولێ و یەکسەر هەستێ بە دروستکردنیان و بەو پەڕی چێژەوە بیانخوێ و قووتیان بدا، بەمجۆرانەی خوارەوە لە بەکارهێنانی وشەی *فەنتازیا* دەگەم و بەکاریدەهێنم:

یەکەم: بیرکردنەوەیەکی ئازاد لە هەموو شتێ کە پەیوەستە بە خواردنەوە و بۆخۆمان دامانهێناوە. نەك دووبارە بیرکردنەوە لەو خواردنانەی پێشتر خواردوومانن و دروستمان کردوون. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە فەنتازیای خواردن، فەنتازیای خواردنگەلێك و سرووت و بۆنە و موناسەباتێکە کە دەمانەوێت لە ژیانماندا ڕوو بدەن، نەك پێشتر ئەزموونمان کردبن.. من دەزانم دایکمان و پوور و هەندێجار خۆشەویستەکەمان و دایکی هاوڕێ ئازیزەکانمان ڕەنجێکی زۆریان کێشاوەو دەکێشن تاکو خواردنی خۆشمان بۆ لێبنێن، بەڵام ئامانجی ئەو خواردنانە بریتیبووە لەوەی کە تێرمان بکەن و چێژمان بدەنێ، (بەبێئەوەی زۆرجاریش بەخۆمان بزانین)، نەك فەنتازیامان گەشەپێدەن. هەربۆیەشە زۆربەی هەرەززۆرمان و دوای خواردنی ئەو هەموو ژەمەخواردنانەی دایك و پوور و خۆشەویستەکانمان بۆیان لێناوین، فێری دروستکردنی هێلکەوڕۆنێکیش نەبووین. هەر ئەم کەمتەرخەمییە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەبەردەم ڕەنجی کابانی ماڵدا، شەرمەزار و ڕیسوابێت و خۆی فێری خواردن دروستکردن بکات.. لێرەشەوە دەمەوێ بڵێم: مەبەستم نیە شارەزایی کابانیی کە تا ئێستا لە کۆمەڵگا نێرسالار و باوکسالارەکاندا وەك (پیشەی) مێینە تەماشای دەکرێ، لە خانمەکان بسێنینەوە و بێوەفابین لەئاست زەحمەتەکانیاندا. وەلێ ئەگەر

کۆمەڵگایەك بیەوێ باوکساڵاری و تێرسەرومری وەلاخات، پێویستە مەتبەخ و نادێن، کەوەك شوێنێکی سرووشتی مێینە تەماشایان دەکرێ، لە خانمەکان بستێنێتەوە..
دووەم: وشەی فەنتازیا بەمانای (خەیاڵ) بەکارناهێنم، لە نەریتی هزری مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لە ئەرستۆوە بۆ فەیلەسووفە مسوڵمانەکانی وەك (فارابی و ئیبن سینا) وشەی (بەنتاسیا)یان بەمانای خەیاڵکردنەوە(تخیل) بەکارهێناوە و لە هزری ئەورووپیشدا ئەم وشەیە پەیوەستە بە توانایی مرۆڤەوە بۆ داهێنان، کە لە (خەیاڵ)ی سادە جیاوازە. خەیاڵ وەکئەوەی (کۆلریج) پێناسەی کردووە، تەنیا چالاکییەکی زەینیی و دەماخیی ئێمەیە کە شت و وێنە هەستپێکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانمان بەشێوەیەکی سادە بەبیردەهێنێتەوە. لەکاتێکدا فەنتازیا چالاکییەکی زەینییە کە تیایدا شت و وێنە و ئەزموونەکانمان بەشێوەیەکی کارلەسەرکراو دووبارە بەرهەمدەهێنرێنەوە و داهێنانیان تێدا دەکرێ. خەیاڵ هێزێکی جەستەیی و بایۆلۆژییە، بەڵام فەنتازیا وزەیەکی داهێنەرانە و خوڵقێنەرە. پێویستە لەوکاتەوە کە خۆراکە خاوەکان لە فرۆشیارەکان دەکڕین، لەبیری داهێنانێکدا بین بەو خۆراکانە تاکو بیانکەین بەخواردن و بە موناسەبەت و سرووتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و شەخسی. یۆنانەکۆنەکان جیاوازییان دەکرد لەنێوان سێ زاراوەدا: (پۆیسیس)، بەواتای داهێنان و خەڵقکردن، (تەخنە) بەمانای بەکارهێنانی شارەزایی و لێزانی لە دروستکردنی بەرهەمێکدا و (میمیسس) بەواتای گێڕانەوە و لاسایکردنەوەی ئەوەی کە ڕوویداوە. کەلتووری خواردن لە وڵاتی ئێمەدا شتێکە لەنێوان وەرگرتن و لاسایکردنەوە و مشەخۆریدا، بەبێ هیچ سەلیقەیەکی پیشەیی، لەکاتێکدا ئێمە پێویستیمان بەوەیە ڕەهەندی پۆیسیس، واتە داهێنان و ئەفراندن و شیعریەت لە خواردنەکانماندا بەرجەستە بکەین و خواردن دروستکردن وەك هەر بەرهەمێکی داهێنەرانە تەماشا بکەین.
سێیەم: مەبەستێکی دیکەم لە بەکارهێنانی فەنتازیا لە پەیوەندییەوە بە خواردن، ئەوەیە کە ئەو فەنتازیایە بتوانێ یاریدەمان بدات بۆ پەیوەستکردنەوەی خواردن بە هەر شتێکەوە کە لە ژیاندا چێژمان پێدەبەخشێ. داهێنان لە بواری خواردندا و ئازادبوون

لە شێوازی خواردنە خووپێوەگیراوەکان، چێژێکی زۆری تێدایە بۆ مرۆڤ. مرۆڤ لەو ئازادیدانەیدایە بەخۆی و لەو ئازادکردنەی خۆیەتی لە خووەکان، کە خودیخۆی دروستدەکات. جیاوازە برنج و فاسۆلیایەك بە حازری بێتە بەردەمت و بەشێوەیەکی میکانیکیانە لە پێنج خولەکدا قووتی بدەیت، لەگەڵ ئەوەی بۆخۆت لە برنج و فاسۆلیا خواردنێ دروستبکەیت و بیخۆیت. (ئەوانەی کە بڕوایان وایە فاسۆلیا و برنج، هەر *برنجوفاسۆلیای* لێدروستدەکرێ، فەنتازیای خواردنیان لاوازە، هەرچەندە سەلکێ پیازیشی لەگەڵدا بخۆن!). فەنتازیای خواردن واتە ئازادیدان بەخۆمان تا بتوانین چێژ وەربگرین و مەرجیش نیـە ئەو چێژە تەنیا چێژێکی جەستەیی بێت، هێندەی ئەوەی کە چێژێکی ڕۆحی و مەعنەویـە. بەداخەوە ئێمە لەکاتی نانخواردندا ڕۆحی خۆمان لەبیردەچێتەوە و دەبینە کۆیلەی ورگمان. ئەفلاتوون لەو بڕوایەدایە ئەوانەی تەسلیمی ورگی خۆیان دەبن، وەك ئەو گالیسکەیە وان کە ئەسپێکی خراپ ڕایدەکێشێ و بەهۆی قەمچیلێدانیشەوە جڵەو ناکرێت و بۆی هەیە لە دواجاردا گارییەکە هەڵدێرێ.. بۆیە من هەر تەنیا مەبەستم نییە چەند ڕێنماییەك بۆ دروستکردنی جۆرە تایبەتەکانی خواردن بخەمە پێشچاوت، تۆ دەتوانیت بۆخۆت ئەو زانیاریانە لە کتێبەکانی خواردندا بدۆزیتەوە. بەڵکو مەبەستمە دوور بکەویتەوە لەخواردنی ئەو خۆراکانەی هەستەکانت ئابزوێنن و بەخواردنیان خەو دەتباتەوە. کێ هەیە لە وڵاتی ئێمەدا دوای خواردنی قبوولێیەکی سوور، چینێ خەوی بۆ نەکات!، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە خەو و خواردن چی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟

چوارەمین هۆی بەکارهێنانی وشەی فەنتازیا لەم زنجیرەیەدا ئەوەیە کە بتوانین بە کەمترین خەرجی، کەمترین بەکارهێنانی ڕۆن و چەوری، کەمترین کات، کەمترین بەرماوە و فڕێدان، لەو خۆراکانەی لەهەر وەرزێکدا دەستدەکەون، هەندێ لە ژەمە خواردنەکانی خۆمان، دروستبکەین. بەتایبەتی ئەوەی نوێ، کە ئەپارەی هەیە بچێتە چێشتخانەکان، نە داشکاندنی بۆ دەکرێ و نە زۆرینەی خواردنەکانیشی بەدڵە.. وڵاتی ئێمە لەڕووی کەلتووری خواردنەوە، ئەك هەژار نیـە، بەڵکو لەسایەی برەوی

خواردنی بازرگانی و فراوانبوونی تۆڕی چێشتخانەکان لەڕووی چەندایەتیەوە، (کە بەهیچ شێوەیەك هاوشان نیە بە گۆڕانی نەوعی لە خواردنەکان، خزمەتگوزاری، نەتەکیەتی ڕازاندنەوەی سفرە و لایەنی تەندروستی)، خەریکە حەزی دروستکردنی خواردن و مەهارەت و چێژی خواردندروستکردنمان تێدا دەکوژرێ. بەتایبەتی نەوەی نوێ خەریکە دەستکەوتێکی گەورەی خۆی لەدەستدەدات، خەریکە توانایەکی فێربوونی خۆی بیردەچێتەوە، کە بەبڕوای من هیچی کەمتر نیە لە فێربوونی فەلسەفە، بەتایبەتی کاتێ لە نەریتی فەلسەفیدا یەك دێڕیش نادۆزینەوە لە دژی خواردندروستکردن و بگرە ئەبیکۆری و ڕەواقی و کیونیکەکانیش ستایشێکی زۆری ژیانێکی پڕچێژیان کردووە کە شایانی مرۆڤ بێت. ئەو نەوەیەی نەتوانێ خواردن دروستکات، لە ماڵی خۆیدا وەکئەو مرۆڤە سەرەتاییەی لێدێت کە ناچاربوو لە سارای سرووشتدا، دابێتەوە بۆ زەوی و لەسەر دەستووری باووباپیرە مەیموونەکانی، بکەوێتەوە گیارنینەوە.

لەزنجیرەی داهاتوودا باسی خواردنێکت بۆ دەکەم کە هێشتا بۆخۆم نازانم چیە! ڕەنگە ئەوەیان بێت کە من کاتێ بۆ یەکەمجار خەریکی دروستکردنی بووم، بەهۆی هەڵەیەکی تەکنکی و خوونیکەوە کە ئێمە هەمانە، هەموو ناودەم و زمانی خۆمم سووتاند! ئەوەیان گرنگ نیە و لە زنجیرەی داهاتوودا بۆت باس دەکەم.. گرنگ ئەوەیە ئێمە لە مێژووی کەلتووری خواردنەوە فێربووین، کە چ بۆ بەدەستهێنانی خواردن، چ بۆ دروستکردنی و چ لەخواردنیشیدا، قوربانیدانی دەوێ! هێندە هەیە تۆ پێویستە لە ئێستاوە مشووری تاوەیەکی سەرقاپدار و چەقۆیەکی دەمزبر بخۆیت و کەمێ ڕۆن و چەند دەنکێ تەماتەی گەورەی زۆر نەگەیو پەیداکەیت، نەختێ سەوزە هەڵبژێری کە خۆت حەزی لێدەکەیت بەمەرجێ پونگە، یان نەعنای تێدابێ. ئەمجا سەلکێ پیازی گەورە، مشتێ وردەنان و چەند پارچەپەنیرێکی چوارگۆشەی زەردت لەبەر دەستدا بێ، لەگەڵ دوو قۆخی پاککراو! تازە ناچارم ناوی خواردنەکەشت پێبڵێم: *خواردنی عاشقان*. خواردنی ئەوانەی دەیانەوێ بەزمانی سووری تەماتە و بەبۆنی نەعنا و

بەپیرۆزیی نان و بە توانەوەی پەنیر و بە بێگەردیی تەڕیی شەرمنانەی قۆخ، سوێندبخۆن بۆ ئەویتر و پێی بڵێن: خۆشمدەوێی. چاوەڕێ بەو تا ئەوکاتەش پێشنیار دەکەم کەمێ گوێ لە مۆسیقا بگریت، سەرلەنوێ چەند لاپەڕەیەك لە (دواهەمین هەناری دنیا) بخوێنیتەوە و بیرکەرەوە لەوەی بۆچی (نالی)ی مەزن گوتویەتی:

ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من

ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم.

خواردنی عاشقانە

نالی و خواردنی عاشقانە:

لە دوایین دێڕی زنجیرەی ڕابردوودا، داوام لێکردبوویت بیر لەم دێڕە شیعرەی نالی بکەیتەوە. ئێستاش تاکو بەووردی لەمانای ئەم بەیتە تێنەگەین، ناتوانین باسی خواردنی عاشقان بکەین و بچینە ناو مەتبەخەکەمانەوە. سەرەتا پێویستە لە زمان شاعیرەوە فێری چێژی ژیان بین، ئەوجا فێری چێژی خواردن:

ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من

ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم.

لە لای یەکەمین فەیلەسووف کە (تالیس)ی مالّتایی بووە، ئاو سەرچاوەی بوونە. ئەوە بۆخۆی یەکێکە لە جوانییەکان و حیکمەتەکانی فەلسەفە، کە لەلای یەکەمین فەیلەسووف، یەکەم بابەت لە جیهاندا قسەی لەسەر کرابێ، ئاوە. ئاو دەبێتە یەکەمین بیرلێکراوەی فەلسەفە و لە تالیسەوە فەلسەفەیەکی ئاویی لەدایك دەبێ، ئەم باسەش هەڵدەگرم بۆ کاتێکی دیکە.. بەڵام نالی باسی ئاو بەشێوەیەکی گشتی ناکات، ئەو گوتویەتی ئاوی کەوسەر. ئاوی کەوسەر ئەو جۆرەیە لە ئاو کە نالی دەتوانێ دەستی لێبەردا و نەیخواتەوە، ئاوی کەوسەر بەمانایەك ئاوی پیرۆز و ئاوی بەهەشتە، بۆیە نالی لەسەرەتای بەیتەکەیەوە ڕایگەیاندووە کە ئەو ئاوە: نۆشی سۆفی بێ. بەمکارەشی

لەنێوان (خۆی) و (سۆفی) و لە نێوان (سۆفی) و (بوون) و لەنێوان (ئەمێستا) و (داهاتوو)دا مەودا و سنووری دروستدەکات. ئەو هەر لەسەرەتاوە ناراستەوخۆ گوتویەتی: من سۆفی نیم و ئاوێ کە سۆفی دەیخواتەوە هەمان ئاو نیە کە تینوێتی من دەشکێنێ.. ئاوی کەوسەر، واتە ئاوی پیرۆزی (ئەوێ)، ئەو ئاوەی نۆشی سۆفی بێت کە ئەویش ئەوکەسەیە بە وادەی ئەو دنیا، خۆی لەم دنیا وەك پانتاییەکی بوون، بەدوور دەگرێ و چاوەڕوانی گەیشتنە بە ئەوێ کە بەهەشت و جێی ژوان و لیقایە. سۆفی بەو دوورەپەرێزییەی لە جیهانی بوون، لە خودی خۆیشی دوور کەوتۆتەوە. سۆفی لە (من)ی خۆی ڕادەکا بۆ ئەوەی لە (ئەو)ی گەورەدا بتوێتەوە و خۆی نەفی بکات. سۆفی بە ئاوی ئەم دنیا تینوێتی ناشکێ و تینووی ئاوێکی ترە. بەڵام نالی خاوەن (من)ێکی ترە و لەبەرئەوەش لەبەرامبەر ئاوی کەوسەردا، تینووی (ئاوی نیسانە). نالی و سۆفی هەردووکیان عاشقن، بەڵام یەکەمیان مەعشوقەکەی لە شوێنێکی ترە و ئەوەی نالیش لێرەیە، لەم جیهانەدا و لەم زەمەنەدا. بۆیە ئاوی کەوسەر نۆشی ئەو کەسە بێ کە نیگای لەشوێنێکی ترە جگە لەوشوێنەی کە شوێنی بوونە، بەڵام لە بووندا ئاوێکی دیکە هەیە کە ئاوی نیسانە و نالی (دەیخوات)، نەك دەیخواتەوە!. نالی بۆخۆی ڕاڤەی دەستەواژە بەکارهێنراوەکەی خۆی کردووە: ئاوی نیسان، واتە ماچی دەم. واتە ئەزموونێك کە لەئەنجامی ماچکردنی دەمەوە دەخورێ، واتە ئاوێ کە لە ماچکردنی هەنووکەوە، لەم دەمەدا و لێرە، نەك لەکاتێکی دیکە و لە شوێنێکی تردا، پەیدا دەبێ. ماچی دەم بۆیە لەلای نالی ئاوی نیسانە، چونکە نیسان لێرەیە و قابیلی ماچکردنە لەم دەمەدا و ئەو ماچەش ئاوی ژیانە. لێرەوە مانای ئاوی نیسان لەڕێگەی ماچی دەمەوە، ئەو ئاوە لەمانای ئاوی شەهوەت جیادەکاتەوە کە لە ئەنجامی جووتبوون و ئۆرگازمەوە دەڕژێ و کەمخایەنە. بۆیە نالی مەبەستی نیە مانای ئاوی نیسان لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکات و مانایەکی بەرینتری پێدەدا بەوەی کە بڵێ: مەبەستم ماچی دەمە و لێرەشەوە ئاوی ماچی دەم یەکسان دەکات بە ئاو وەك سەرچاوەی بوون. ئاو وەك سەرچاوەی بوون بەمانا تالیسییەکەی، واتە ئاو وەك ئەو

ڕەگەزەی کە هەموو بوونی جیهان و بوونی فیزیکیانە و مەتەریاڵیانە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئاو وەك سەرچاوەی بوون، بەمانای ئاوی پیرۆز و ئاوی کەوسەر نا، بەڵکو بەمانای ئەو ئاوەی کە چواردەورەمانی داپۆشیوە و لەناو دەریاکاندا شەپۆلدەدا و بە ڕووبارەکاندا هاژە دەکا و لە جۆگەلەکاندا خووڕەی دێ. ئاوی ئینسان واتە ئەو ئاوەی لەم دەمەدا و لێرە و لەم ژیانەدا لە ئەنجامی ماچکردنی دەمی ئینسانەوە، وەك سەرچاوەیەك بۆ ماچکردن و گەیشتن بە دەمی ژیان، پەیدا دەبێ. نالی بەوەی ئاوی ئینسان (دەخوات) و (نایخواتەوە)، بەوەی ئاوی ئینسان لەڕێگەی ماچکردنی دەمی مرۆڤێکی زیندووەوە دەخوات کە دەستنیشانکردنی شوێنێکە، دەستنیشانی کاتێکیشی کردووە کە ئەم دەمە و ئەمێستایە، نەك دەمی بوونەوەرێکی دیکە، بۆ نموونە نەك دەمی فریشتەکان و نەك لە دەمێکی تردا، بۆنموونە لە بەهەشتدا. بەم پێیەش نالی، ماچی دەمی ئینسان وەك خواردنێکی تەڕ دەخاتە ڕوو و دەیخوات و لەو ڕێگەیەشەوە بە پێچەوانەی سۆفییەوە، باوەش بە ژیان و بوون و خودی خۆیدا وەك بوونەوەرێکی چێژوەرگر، دەکات.

بەڵام بۆچی ئەم هەموو گرنگیدانە بە (دەم) کە سەرچاوەی ماچ و ماچیش ئەو خۆراکەبێ کە شایانی ئەوەیە ئاوی کەوسەری بۆ بکەینە قوربانی؟ وەك ئەدگار مۆرن دەڵێ: (دەم هەر تەنیا ئامرازی خواردن و وەرگرتن و دانەوە نیە، بەڵکو ڕاڕەوی هەناسەیشە) و بەم قسەیەش بێت، (دەم) وەکو گوزەرگای هەناسە، دەمانباتەوە سەر مەنزڵی ڕۆح وەکئەوەی کە ڕۆح نیشانەی زیندوویی نەفسە.. ئێمە بەچیدا بزانین بوونەوەرێ ڕۆح لەبەرە و ڕۆحی تیاماوە؟ بێگومان بە هەناسەیدا. کەواتە دەم لە ڕێگەی هەناسەدانەوە دەمانبەستێ بە یەکێ لە نیشانەکانی بوونەوە کە ڕۆحە. هەناسەدان زیندوێتیە، بەڵام زیندوێتی و ژیانێك نا بەهۆی خواردنەوە، بەڵکو بەهۆی ماچی دەمەوە کە پڕە لە ئاوی ئینسان. (ماچ، لەلایەکەوە نموونەی یەکبوونی جەستەیی و لەلایەکیتریشەوە، ڕمزە بۆ باوەش بەیەکداکردنی دوو نەفس کە ئەمەش ئاوێزانبوونی دوو ڕۆح دەگەیەنێ). هەر ئەدگار مۆرن لە شوێنێکی دیکەدا نوسیویە: (هەرشتێ لە

دەمەوە پەیدابێ، شتێکە تەنانەت لەپێش پەیدابوونی زمانەکانیشەوە، باس لە عەشق دەکات. ناوایە کە دایکێ منداڵەکەی و سەگێ دەستێك دەلێستەوە. نەمەش هەمان نەو شتەیە کە لە جیهانی مرۆیەکاندا سەرهەڵدەدات و دەپشکوێ، لە شێوەی ماچدا).
لە نالێوە مژڵەتمان پێدراوە بڵێین: ماچ دەخورێ و لێرەشەوە (دەم) چ بەمانای دەموولێو و چ بەمانای زەمەن، خواردن و ماچکردن پێکەوە کۆدەکاتەوە، بە ڕادەیەك بڕوا بکەین هەموو ماچکردنێ خواردنێکە و هەموو خواردنێکیش ماچکردنێکە. لەنێوان نەم دوانەشدا خاڵی لێکچوون زۆرن: بۆ بەدەستهێنانیان هەردووکیان زەحمەتن، عارەقڕشتن و ماندوویی و درۆودەلەسەی دنیایان دەوێ. کە بەدەستیش هاتن، هەردووکیان چێژبەخشن، هەردووکیان تەڕ و لیکڕێژن، هەردووکیان وەلامدەرەوە و تێرکەری تامەزرۆیی و خواست و پێویستین، هەردووکیشیان دەنگیان لێوەدێ، نەویان ملچە و نەویان چرپە و وریتە و (لاچۆ مەکە) و (نابێ و لاکەوە هەتیوە) و (بڕۆ لای هەتیم) و (بێ تەربیەت) و (توخوا مەکە..)، هەموویان دەنگی ماچ و تەمەننای ماچ و تامەزرۆیی ماچن!.
جارێك مامۆستا بورهان قانع پێیگوتم: نانخواردن ملچەملچەکەی خۆشە.. من زۆرجار لەوەدوا بەیادی نەومەوە، چ لە نەورووپا و چ لە وڵات، پارووم دروستدەکردن و بۆ ملچەکەی دەمخواردن!. بەڵام خواردن و ماچ جیاوازیەکی هەرە بنەماییان لەنێواندایە کە نەوەش وادەکات نەویان بکاتە خواردن و نەویان ماچکردن: مرۆڤ لە خواردن تێر دەبێ و لە ماچکردن، نەء ، خواردن بۆ ژەمێ خۆشە و ماچ بۆ هەموو کاتێ.. مرۆڤ لەسەر نان خۆی دەدا بەکوشت و شانازیی بەردەکەوێ، کەچی لەسەر ماچ خۆی دەداتە بەر تاکە نەعل و پڕشەقیش دەکرێ و ڕیسوایی بۆ دەمێنێتەوە. وەلێ با ڕاستگۆبین و بپرسین: کامیان خۆشترن؟ نەو شەهیدبوونەی نەوانیتر پێماندەبەخشن و یادمان دەکەنەوە، یان نەو شەقانەی خۆمان یادیان دەکەینەوە و مجوورکە بە لەشماندا دەهێنن؟. مرۆڤ لە چاو خواردندا زۆر درەنگ ماچی کەشفکرد و بایی نەوەش کە نەو چێژەی لەکیس چووە دەیەوێ باربووی بکاتەوە و نەوەتا نەمێستاش لێی تێر نابێ..

هەموومان دەزانین لە مێژوودا خواستی مرۆڤ بۆ خواردن زۆر لەپێشترەوە دەستپێکردووە وەك لە مەیل و ئارەزووی بۆ ماچکردن و پێدەچێ لە پێش نالیشەوە مرۆڤایەتی بیری لە (ماچخواردن) نەکردبێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا خواست و ئارەزووی خواردن تیژ دەکرێ و مەیلی ماچکردن: هەرگیز. لانیکەم تا مرۆڤ لە ژیاندا مابێ، چونکە وەك لە شیعرەکەی نالیدا بینیمان، ماچ و ژیان لە پەیوەندییەکی نزیکدان پێکەوە: هەموو ماچکردن و خواردنی ماچێ، ژیانەوەیەکی نوێیە. ژیانیش پڕە لە بەخشین و چاوپۆشین و دەستهەڵگرتن لە سەر و ماڵ.. نالی ناحەقی نەبووە لە پێناوی ماچدا سەر و ماڵی ببەخشێ و بڵێ:

ماچی دەمەکەی دامێ، کە دامێ سەر و ماڵم
بنواڕە چ سەییادە، چ جەللادە بە حاڵم!

بەمجۆرەش وەك عاشقی ژیان، مرۆڤ ناچارە هەموو شتێ ببەخشێ و لە جیاتی زۆرخۆری، کەم بخوات و کە ماچیشی لیقەدەغە بکەن، غەم بخوات:

گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم
من بەبرسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم.

ئەمەیە چارەنووسی عاشق، کە لەپێناوی خواردنی ژیاندا ناچار دەبێ خواردنی نان کەمبکاتەوە و تێنێتیهای دەمرێ. عاشقی ڕاستەقینە، تەنیا بە شەرابی دەمی یار، واتە بەناوی مەستی و لەخۆدەرچوون و بێهۆشی، سەرخۆش دەبێ و کاتێ ئەوەی لێیەنەوە، ناچارە لە سەرخۆشی بێداربێتەوە و سەری خۆیشی بە ئەماو لە قەڵەم بدات و غەم بخوات:

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و، ئەمێستاش
قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم!

لەڕاستیدا نالی زۆر عاشقانە بیری لە خواردن کردۆتەوە و خواردنیش بەدەم دەخورێ و دەم دەبێتە ئەو ئەندامەی لەش کە ڕاستەوخۆ دەمانبەستێ بە ژیانەوە، جا ئەگەر بە موبالەغە لەقەڵەم نەدرێ، دەکرێ بڵێم: لەگەڵ باسکردنی دەمدا، باسی ماچمان کردووە و ماچیش دەمانبەستێتەوە بە سەرچاوەی ئاوی ئینسانەوە کە وەك خواردن دەخورێ و سەرخۆشمان دەکات. وەی خوایەگیان، کە خۆشە!؟..
بۆیە ناچارم بۆ باسکردنی خواردنە عاشقانەکەمان لە باسکردنی بەری ڕووەکێکەوە دەستپێکەم، کە بەهەموو مانایەك دەکرێ بیکەینە سیمبوولی ئەم خواردنە: خواردنی عاشقان، کە بێگومان تامەکەی نەك لە خواردنەکەدایە، بەڵکو لە ماچانەدایە عاشقان بۆ یەکتری دەیانهاوێژن و بارانی نوێبوونەوەی ژیان دەبارێنن بەسەر خۆیان و ئەوانیتردا. بۆچی وا هەستدەکەم دەبێ خودای گەورە لە شوێنێکدا فەرموویێتی: (لە هەر شوێنێ عاشقان هەبن، ڕەحمەتی ئێمەش لەوێیە!)..

(تەماتە)ی خۆشەویستی:

ڕەمزەکانی خۆشەویستی زۆرن، هەروەکچۆن جۆرەکانی خۆشەویستیش جیاوازن. بەڵام من واهەستدەکەم تەماتە ڕەمزی خواردنی عاشقانەیە. دەزانم تۆ زۆرجار تەماتەت خواردووە، وەلێ خواردنی تەماتە وەك ڕەمزی خواردنێکی عاشقانە شتێکی ترە. تەماتەی خۆشەویستی، جگە لە شێوە و ڕەنگ و بۆن و دەنکەکانی، خەسڵەتێکی دیکەی تێدایە کە لە کەم ڕووەك و میوەی تردا هەیە، یان هەر نییە: تەماتە دەتوانێ تۆری خانەکانی لەش و پێستمان لە هەڵوەشانەوە ڕزگار بکات و یەکێکە لەو چارەسەرانەی بۆ تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردەهێنرێ. عاشقبوون لەم وڵاتەی ئێمەدا جۆرێکی شێرپەنجەیە و ئێمە لە عاشقبوونەوە دووچاری

هەڵوەشانەوەیەك دەبین کە هیچ دەرمانێ چارەی ناکات و پێویستە بۆ پتەوکردنەوەی تۆڕەکانی خانەی دڵ و بەستەوەی دڵەکان پێکەوە، پەنا بۆ تەماتەی عەشق بەین.
کەواتە لە ئێستاوە داوات لێدەکەم، بەرهەڵێنەکەت هەڵدە، لیستی خۆراکەکان لەبەر چاوتدا بێت و دوو کەوچکی چێشت، ڕۆن بکەرە تاوەکەتەوە. پاشان بە چەقۆ دەم زبرەکەت سەری تەماتەکان بە خڕی لێبکەوە و ناوەکەیان هەڵقرۆنجە و بەوردی بیانجنە و لەولاوە لە قاپێکدا دایانێ. ئەمجا سەلکە پیازەکە بەدەم وتنەوەی شیعرەکەی نالییەوە، کە بۆم ڕاڤەکردیت و لە زنجیرەی پێشوودا داوام لێکردبویت بیری لێبکەیتەوە، زۆر بەوردی بجنە و بیکەرە تاوەکەوە و سەرقاپەکەی بنێرەوە و ئاگرێکی کزکزی لەژێردا دابگیرسێنە. وریابە پیازەکە لەکاتی جنیندا، نەتخاتە گریان، چونکە ئەوە بەمانای ئەوە دێت کە تۆ هێشتا بەتەواوی دڵی خۆت نەخستۆتە گرژی خۆشەویستەکەتەوە و ئامادەییت تێدایە بۆ شتێکی دیکەش دڵت گەرمبێ.. پیاز جگە لەوەی خەسڵەتێکی باشی هەیە و خوێنی خەستوخۆڵی ئەڤینداران ڕووندەکاتەوە و جنۆکەمان لێدوور دەخاتەوە، نابێت شەوانی هەینی بیخۆین، ئەبا فریشتەیەك بیەوێ لێمان نزیکبێتەوە.. بەڵام پیاز خەسڵەتێکی فزولیانەشی هەیە و دەیەوێ بکەوێتە داویەوە و تا سنووری گریان عاشقی بێ. نەکەی!.
لەگەڵ ئەوەی گوێت لە چزەی هەڵقرچانی پیازەکە دەبێت، دەتوانیت پارچەیەك گۆشتی قیمە، یان باسترمە (لە سەد گرام زیاتر نەبێ)، بکەیتە تاوەکەوە، تاکو تەواو سووربێتەوە. (لە ڕاستیدا من بۆخۆم لەم خواردنەدا گۆشت زۆر کەم بەکار دەهێنم، بۆیە ئەمکردۆتە مەرجێکی سەرکەوتنی خواردنەکە و تۆش ئازادیت..). ئەمجا بکەوەرە جنینی وردی هەموو ئەو سەوزەیەی هەڵتبژاردووە، بەمەرجێ نەعنا و پونگەی تێدا بێت بەڕێژەیەکی کەمتر و ڕۆیکەرە هەمان قاپەوە، کە ناوی وردکراوی تەماتەکانت تێکردووە. دوو چڵ نەعنا بهێڵەوە دوایی ئیشمان پێیەتی.. لە هەڵبژاردنی سەوزەدا هیچ مەترسە و دەتوانیت هەرجۆرە سەوزەیەك تێکەڵی خواردنەکەت بکەیت. بۆ نمونە نیو لەتی بیبەرێکی سەوز، کەرەوز، چەند گەڵای سلق، تەرەتیزە، شویت، ئەگەر

دەستکەوت: چنگێ کووزەڵە و تەنانەت سێوێکی ترش. هەموو ئەمانە بە وردی دەجنیت و لەگەڵ گۆشتی تەماتەکە و کەمێ خوێ و بیبەری ڕەش و هەر تامێکی دیکە، کە خۆت حەزی لێدەکەیت، تێکەڵیان بکە و هەر بەو دەستەشت و بە هێواشی بکەوەرە گووشین و شێلانی تێکەڵاوەکەت.
دەبێ بزانیت کە ئیتر ئێستا پیازەکان و گۆشتەکە سووربوونەتەوە و کاتی ئەوە هاتووە تێکەڵاوی ناو قاپەکەش بکەیتە ناو تاوەکەوە و بە کەوچکێکی چێشت ئەملاولایەکی پێکەیت و سەرەکەی بنێرەوە و کەمێ ئاگرەکە زیاد بکە.. گرنگترین شت ئەوەیە سەری تاوەکە بخەیتەوە سەری و نەهێڵی بۆنی خواردنەکەت بڕوا. پێویستە بزانیت کە بۆن بانگکەر و سەرنجڕاکێشە، لەوپەڕی دنیاوە کەسێکت بۆ دەهێنێتە ئەم نزیکانە.. سەرچاوەکانی ئیرۆتیکا و خۆشەویستی ڕۆمانسیانە بەوجۆرە باسی کیژی دانیشتووی کەنار پەنجەرە لە خۆرهەڵاتی کۆندا دەکەن، کە گوایە بە بۆنەکانی سەرنجی ڕێبواران و بازرگانەکانی ڕادەکێشا و ماندوویی بیر دەبردنەوە. پاشان بەنیازی دیداری خانمی ئەودیو پەنجەرە، ناچار دەبوون چەند ڕۆژێ لەو شارەدا مەنزڵ بگرن و زۆریش ڕێکەوتووە هەر لەوێ بمێننەوە و لەوێش بمرن! کەواتە بۆن لە دواجاردا بۆی هەیە بکوژیش بێت.. ئەمە جگەلەوەی کە نوێکەرەوەی ئیرادە و لەبیربەرەوەی ئازار و شتی ناخۆشە. دەڵێن ئەو کۆیلە و خوڵامانەی لە کۆندا کەژاوەی شاژنیان هەڵدەگرت، لە حەسرەتی بۆنی مێینەیی، ئازاری سەرشانەکانیان بیر دەچۆتەوە!!.. زۆرجاریش لە ئافرەتانمان گوێ لێبووە: کە بۆنی عەرەقی پیاو هەمیشە جاڕسکەر نییە، بەڵکو هاندەرە.. ئەوەیان خوا دەزانێ و نەچیت ئیتر بە مانگ خۆت نەشۆیت و پێتوابێ بۆنەکەت خەڵك جاڕس ناکات!
لەدوای ئەوەی سەری تاوەکەت نایەوە، تەماتەکان بهێنەرە بەردەمت و هەوڵبدە پارچەیەك لەو پەنیرە زەردە، یان سپیە تەنکەی وێنەی سەرە (گا)کەی لەسەرە و پاکەتی (دە) دانەی تێدایە، بخەیتە ناو هەریەکێ لە تەماتەکانەوە. لێگەڕێ گوێچکەی پەنیرەکان بەمدیواودیوی تەماتەکاندا شۆڕببنەوە! پاشان سەموون و وردەنان بەسەر

تەماتەکاندا بیروێنە بەمەرجێ هەر تەماتەیە دوو کەوچکی چێشت، نانی پرواو (وردکراو)ی بەرکەوێ. لەگەڵ گوێگرتن بۆ خرمەی وردبوونی لەژێر پەنجەکانتدا، بیر لەو خەیاڵە نایـیـە جوانە بکەرەوە کە سیفەتی (پیرۆزی) بە نان بەخشیوە! ئاخر نان بە کۆی ئەو پرۆسانەدا ڕۆیشتووە کە مرۆڤ لە مێژووی شارستانیەتدا دایهێناون و فێریانبووە و ئەویان لە ئاژەڵ جیاکردۆتەوە. لە بوونەوەرێکی سرووشتییەوە کردویانەتە بوونەوەرێکی مێژووکرد و خاوەن کولتوور..: نان چیـە لە تەرزێنی بەرهەمی ڕووەك زیاتر، کە شتێکی سرووشتییە بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی کەلتووری و مرۆکرد؟ نان چییە لەوە زیاتر کە ئێمە بەرهەمی گەنم و جۆ و هەرشتێ کە نانی لێدروستدەکەین، لە دانەوێڵەوە دەکەین بە خۆراك، دەیکەین بە ئارد و هەویر و دەیبرژێنین و لەسەرچاوە سرووشتیـیەکەی خۆی دووریدەخەینەوە و وەك بەرهەمێکی کەلتووری و دەستکردی مرۆڤ دەیخەینە ڕوو، کەچی دواجار پێیدەڵێین: (پیرۆزە) و سوێند بە نان و زەواد دەخۆین؟ ئەوە چییە لە ناندا کەوادەکات، دوای برژاندن و سووتاندنیشی هەر پیرۆزیی خۆی لەدەست نەدات و لەجێی قورئان دەستی پێدا بدەین؟! ئەوە چییە کاتێ هەندێ خواردن کە بۆخۆیان لەگەنم و جۆ و هەرزن و خۆراك و دانەوێڵەی دیکە دروستیاندەکەین، (وەك ساوەر و بروێش و تەنانەت فەلافل)یش، کەچی هەر بەنانەوە دەیانخۆین و بەبێ نان تێریان پێناخۆین؟! کەواتە لە ناندا تایبەتمەندییەك هەیە و پێویستە هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییەش ببێتە بەشێکی گرنگی خواردنی عاشقان..

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە جارێکی دیکە ناو تاوەکەت بە کەوچکەکە تێکهەڵدەیتەوە و سەرەکەی لەسەر دابنێیتەوە. تا ئاوێ دەکەیت بە چەقۆ و ئەو تەختەیەی سەوزەکانت لەسەر جنیون و دەفر و شتە زیادەکان کۆدەکەیتەوە، تێکەڵەی ناو تاوەکە تامی خۆی گرتووە. جارێکیتر ئاگرەکەی کز بکەوە. سەرەکەی لەسەر لابەرە و یەك بەیەك تەماتەکان بخەرە ناوی و ناوەکەیان بە تێکەڵەی سەوزەکان پربکەوەرەوە و سەرقاپی تەماتەکان بە ئەڵقەی یەکەمی خۆیان بنێرەوە و یەکی کەوچکێ لە

تیکەڵەکە بکەرەوە بەسەریانا. سەری تاوەکەش بخەرەوە سەری و ئاگرێکی مامناوەندی بۆ داگیرسێنە. بەلەمێکی لێواردار بهێنە و داینێ، هەردوو قۆخەکە پاك بکە، بەمەرجێ توێکڵەکەیان بخەیتەوە ژێر خۆیان و یەکێکیان لەمسەر و ئەویتریان لەوسەری بەلەمەکەوە داینێ. خودا بۆخۆی دەیزانی: بەبێ قۆخ ژیان شتێکی کەم دەبوو، بۆیە ئێمەش دەزانین خۆشەویستیش بەبێ قۆخ هەستی بەتەنیایی دەکرد.. دوایئەوەی زانیت پەنیرەکە تواوەتەوە، ئاگرەکە بکوژێنەوە و بە کەوگیرێك و بەهێواشی تەماتەکان بەشێوازێکی جوان لە بەلەمەکەدا و لەنێوان هەردوو قۆخەکەدا داینێ و ئەو چڵە نەعنایانەی هەڵمانگرتبوون، بەناویاندا بچەقێنە. مەبەست نیە تەماتەکان تەواو تلیابنەوە، هەرئەوەندە بەسە کەمێ پیشابن. سەوزە و گۆشتە تێکەڵەکەش بکەرە قاپێکی دیکەوە و لەتەنیشت بەلەمەکەوە داینێ. بەلاّم ئالێرەدا وریابە! چونکە من ئابەوە ناو دەم و زمانی خۆم سووتاند.. دوای ئەوەی تێکەڵەی ناو تاوەکەم خستە قاپەکەوە، هێشتا کەوچکەکەم بەدەستەوە بوو، کەوچکێکی گەرم و داغ، ئەوەبوو لەسەر دەستووری خووپێوەگرتن، بەهەمان شێوەی کە ئێمەی نێرینە سمێڵمان دەخەینە دەممانەوە و دەست بۆ ناوگەڵی خۆمان دەبەین و پەنجە دەخەینە لووتمانەوە، منیش کەوچکەکەم برد بۆ دەمم تاکو بیلێسمەوە و لەوکاتەدا چسکەم لە زمان و مەلاشووی خۆم هەستاند.. وەلێ نامەوێ بەهۆی باسکردنی ئەم کارەساتەوە، چێژی پێکەوەبوونت لەگەڵ یاردا لەبیر بەرمەوە، کە بۆخۆی هەنگاوێکی عاشقانەیە بەرەو ژیانێکی مرۆڤانە، ژیانێ کە نالی سەر و ماڵی خۆی لەپێناودا دەبەخشی..

لە زنجیرەی داهاتوودا، یا ئەوەتا باسی ئەوەت بۆ دەکەم، ئەگەر خۆشەویستەکەت نەهات، یان خواردنەکەت خراپ دەرچوو چیدەکەیت؟! یان ئەوەتا باسی خواردنێکی دیکەت بۆ دەکەم بەناوی... نا، پێویست ناکات ئەوەندە شاعیرانە بم لە گەڵتا و هەموو فەنتازیاکانی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم.. تۆش بیرکەرەوە ئاخۆ لەدوای عەشق، دەکرێ بیر لە چیتر بکەینەوە..؟!

خواردنی شاعیرانه

پێشکەشە بە: محەمەد عومەر عوسمان

وەك دەبینی لەم بەشەدا قسەم هەیە لەسەر (خواردنی شاعیرانە) و کار لەسەر بەرجەستەکردنی چەمکێك دەکەم کە بوونێکی بەرجەستەی نییە، بەڵام ئەگەری بەرجەستەبوونی پێویست و فرەیە. بەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەمداوەتەوە کە لە کۆتایی زنجیرەی پێشوودا خستبوومە ڕوو: **بیرکەرەوە: ئاخۆ لەدوای عەشق، دەکرێ بیر لە چیتر بکەینەوە..؟!** بێگومان لە شیعر و لە دنیای شاعیرانە، نەك لە ناکامی و تێکشکان و ژاکان.. چونکە دنیای شاعیرانە بۆخۆی پڕە لە عەشق و عەشقیش بەو پێیەی مێبوونەوە و هەستەوەریی ئێمەیە لەئاست خۆمان و ئەویتر و جیهانی دەوروبەردا، ئەوە پڕە لە شاعیریەت و کرانەوەی هەستەکانمان و ئازادیدان بە خەیاڵمان. خواردنی شاعیرانە هیچ نییە لە (شاعیرانە خواردن) و (شاعیرانە هەستکردن) زیاتر، لە پەیوەستکردنی جەستە بە ڕۆحەوە و لە بەرپەرچدانەوەی هەر بیروبۆچوونێ کە چێژی جەستەیی و ئەو بەختەوەرییەی لە ئەنجامی ئەو چێژەوە پێدەگەین، بەکەم دەگرێ و سووکایەتی پێدەکات. مێژووی سووکایەتیکردنیش بە جەستە ئەوەندە دوورودرێژە، ئەگەر ئەبیکۆرۆس، (دەوروبەری ۳۰۰پ.ز) و هاوڕێ چێژپەرستەکانی دیکەی لە یۆنانی کۆندا نەبوونایە، ئێستا ئێمە جەستەی خۆمان ئەتەواوی بیردەچۆوە و بێبەش دەبووین لە هەر چێژێ کە لەڕێگەی جەستە و

هەستەکانییەوە، دەستگیرمان دەبێ.. لەم نێوانەشـدا شـاعیرەکان زۆرتـرین چـاکەیان لەگەڵدا کردووین، بەوەی پەیوەندیی هەستەوەرانەمان بە ژیان و جیهانەوە لـە دەست نەدەین و هەستەکان بەبـەردەوامی، وێـڕای ئـەوەی جاروبـار بەهەڵەشماندا دەبـەن، سەرچاوەیەکی باش بوون بـۆ دەرککردنـی خۆمـان و سرووشـت و بوونـەوەرەکانی دیکە..

ئەگەر لـە شیعرەکانیانەوە بیربکەینەوە و ڕێنمـایی وەربگـرین سـەبارەت بـە داهێنـانی خواردنێکی شاعیرانە، ئەوە بێگومان ئـەو خواردنـە پـڕ دەبـێ لـە (گـەڵای وەریـوی درەخت) و کرووزانەوەی (بولـبول) و بۆنی (بێوەفـایی ژن) و (زەمانـە) و تەنانـەت پێویستە بیر لـە دروستکردنی سووپێکیش بکەینەوە لە (کرم و فرمێـسك و جودایی!)..

بەم پێـەش خواردنێ دروسـتدەکەین، کـە یەکـەم ئـەنجامی چـاوەڕوانکراوی بۆسـەر ئەوانەی دەیخۆن: شێـتبوون و جنوونە. لێرەشەوە پێویـست ناکـات غـازێکی زۆر بـەو هـەموو گرانیـە و ڕۆن بـەو هـەموو چـەوریە و کـاتێکی زۆر بـە دروسـتکردنی خواردنێکەوە سـەرفبکەین، کە دوارۆژەکەی بریتیێ لە جنوون و شێتبوون.. لە وڵاتی ئێمـەدا مـرۆڤ بیـەوێ شـێت بـێ، ئەوەنـدە بەسـە ڕۆژێ دە خولـەك تەماشـای تەلەفزیۆنەکان، پێنج خولەك پیاسە بکات و لـە سـێ خولەکـدا بـرنج و فاسـۆلیایەك بخوات و دووخولەکی دوایش تەرخان بکات بۆ وەسیەتکردن!

کەواتە بۆ داهێنانی خواردنێکی شاعیرانە، پەنابردن بۆ شیعری شاعیران سەرچاوەیەکی باش نیە و پێدەچێ شـاعیران لـە هـیچ کونێـەکی جیهانـدا سرووشـبەخشی لێنـانی خواردنی خۆش و بەتام نەبووبن. لەڕاستیشدا، (ئەمەیان نهێنییەکە و بۆتی باسدەکەم): زۆر دەگمەنن ئەو شاعیرانەی خواردنی ناخۆشیان خواردبێ و وێڕای خـەمخۆریان بـۆ چەوساوەکان، بێنەواکان و هەژاران و هـەروەها ستایـشیان بـۆ خـشۆك و باڵـدار و هەرچی بوونەوەرانی ئاوی و ژێرزەوی هەیە، کەچـی بۆخۆیـان لـەڕووی خـواردن و خواردنیانەوە، بێـدڵی خۆیـان نـەکردووە. ڕەنگـە لـەمـەدا پێویـست بـەوە بکـات، سەردەستەی شاعیرانی موکریان، واتە هێمنی مەزن و هەمیشە ئاوارە بکەینـە دەرەوە،

دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەش بە ترسەوە لە چاپکردنی کۆمەڵە شیعرییەکان نزیکدەبنەوە و لۆژیکی بازاڕی کتێب دەکەنە پێوەر بۆ ڕۆڵی شیعر. لەبەر ئەوە ئەرکی شاعیران لە مێژوودا هەر ئەوە نەبووە کە تەنیا شیعر بنووسن، بەڵکو ئەوەش بووە و هەیە، کە نەهێڵن پەیوەندیی هەستیارانەی مرۆڤ ببێ بەژێر چەرخی گۆڕانکارییەکانەوە. مرۆڤ لەوەدا کە بوونەوەرێکی هەستەوەرە و کەچی مەحکومە بەوەی لەهەر شوێنێکی دنیادا لەناو ژیانێکی تاقەتپڕووکێندا بژی، پێویستی بە شاعیرەکان و هەستیاریی شاعیرانە هەیە تاکو هەستەکانی لەو دڕندەییە ڕزگار بکەن، کە ژیان بەسەریدا دەیسەپێنێ. شاعیرانە ژیان و شاعیرانە ئەزموونکردنی شتە ڕۆژانەییەکان، لەوانەش خواردن، بەشێکی گرنگی ئەو بەرگرییەن کە پێویستە ئێمەی مرۆڤ لەبەرامبەر ژیانێکی نامرۆڤانەدا، هەمانبێ. بۆ ئەمەش پێویستاکات ببینە شاعیر، هێندەی ئەوەی ڕێز لە هەستەکانمان بگرین و توانای هەستەوەریی خۆمان لە ژیانێکی پڕ تەنگوچەڵەمەدا، نەدۆڕێنین.

بۆئەوەی شاعیرانە بژین دەبێ شیعر بخوێنینەوە و کە شیعریشمان خوێندەوە هەستیار دەبین و کە خواردنیشمان دروستکرد و خواردمان، ئەو هەستیارییە یارمەتیمان دەدات چێژی لێوەربگرین و ژیانێکی خۆشیش لەوەدایە کە مرۆڤ توانای هەبێ کاتە خۆش و ناخۆشەکان لێکدی جیابکاتەوە. مەرج نییە هەژاران کە بەزەحمەت نانی خۆیان پەیدا دەکەن و هەردەم سفرەشیان پڕ و ڕەنگاوڕەنگ نییە، شاعیرانەتر نەخۆن، لەوانەی خواردنیان بە ئاسانی دەچێتە بەردەم. بۆیە زۆرگرنگە مرۆڤ بە سەلیقە و چەشەی هەژارانە و بەگەڕانەوەی بۆ قۆناغیی هەژاریی ڕەگەزیانەی خۆی، ژەمەکانی بەرێ بکات.

لە ڕاستیدا کاتێ ڕەگەزی مرۆڤ خۆی لە ئەفسوونی ئەفسانەکان و هێزی خواوەندەکان ڕزگار دەکات، لەناو ژیانێکی ئازادانەتردا خۆی دەبینێتەوە و لێرەشەوە توانای ئەو بۆ خەیاڵکردنەوە پەرە دەستێنێ. خەیاڵکردنەوەش، بەمانای فەنتازیا، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئازادیدا هەیە. ئازادی، مەرجی گەشەکردنی خەیاڵی

تاکەکەسی مرۆڤ و ڕەگەزی مرۆڤایەتی بووە. لەهەر شوێنێ مرۆڤ ئازادی هەبووبێ، داهێنان و کرانەوە و پرۆسێس سەریانهەڵداوە، لەهەر شوێن و لەهەر قۆناغێکی شارستانیەتیشدا مرۆڤ خۆی لە ترسی ئاسمانەکان و خواوەند و سرووشت ڕزگار کردبێ، پتر فەنتازیای خۆی بەکارهێناوە بۆ ناسین و پەیوەندیگرتن و ئاویزانبوون لەگەڵ دەوروبەریدا. شاعیران لە قۆناغێکدا سەرهەڵدەدەن و مرۆڤ لە سەردەمێکدا دەبێتە شاعیر، کە فێر دەبێ هەستەکانی خۆی بخاتە کار و ئازادیان بکات. بەو پێیەی خەیاڵکردنەوە پرانسیپی یەکەمی شیعرە و بەرەنجامی (گوێگرتن)، (هەستکردن) و (بینین)ی مرۆڤە بۆ دەوروبەری خۆی، ئەوە یەکەمین هۆکاریشە لە دروستبوونی پەیوەندیی مرۆڤ بە سرووشت و مرۆڤ بە هاوڕەگەزەکانی خۆیەوە، کە بێگومان ئەم پەیوەندیەش پەیوەندیەکی کۆنکرێتی و هەستپێکراوە، ئەنجامی ئەو ئازادیەیە کە مرۆڤ بە هەستەوەری خۆی بەخشیوە. مرۆڤ هەرکات ڕێزی لە هەستەوەری خۆی گرتبێ، ئازارەکانی کەمبوونەتەوە و خەیاڵکردنەوە و داهێنان ئەویان پتر بە خودی خۆی و بە ئەوانیتر ئاشناکردووە. ئاسانەی مرۆڤبوون بەرەنجامی ئەو پەیوەندییە کە مرۆڤ لەرێگەی شیعر و شاعیرانەژیانەوە دروستیدەکات. بەمجۆرەش هیچ ساتەوەختێکی ژیانی ئێمە نییە نەتوانین شاعیرانە تێپەڕێنین و هەستەکانمان لە ئاستیدا نەکەینەوە و ڕەهایان نەکەین. ئەم قسەیە سەبارەت بە ئاخواردنیش دروستە و چ لە دروستکردنیدا و چ لە خواردنیدا پێویستیمان بە ئازادیدان بە هەستەکانمان هەیە.

خواردنی شاعیرانە ئەوەیە کە بتوانین ئەو خواردنە بۆن بکەین، دیمەنی لێنان و ڕازاندنەوەکەی سەرنجمان ڕابکێشێت و دنەی چەشە و ئیشتیهامان بدات تاکو بە چێژەوە بیخۆین و بەخواردنیشی ئارام ببینەوە. هەست بەخۆشی بکەین و بەختەوەرمان بکات. دروست بەهەمان شێوەی مرۆڤی سەرەتایی کە لەکەنار ئەشکەوتەکاندا هەستی دەکرد، بۆنی دەکرد و سەری لە ئاست دیمەنەکاندا دەسووڕما و خەیاڵیدەکردەوە و ئەوجا دنیای بەشێوەیەکی دیکە دەبینی و شاعیرانە دەهاتە ئاخاوتن.. لەم ڕوانگەیەوە، خواردنی (شاهانە)، خواردنی (دەرباریانە)، خواردنی

(هەژارانە)، خواردنی (کوردی) و خواردنی (ڕۆژهەڵاتیانە) و (خۆرئاوایـانە)، بـەلای منەوە هیچ مانایەکیان نیـە، ئەگەر لەهەمان کاتیشـدا بەهەستێکی شاعیرانەوە ئامادەمان نەکردن و بەهەستێکی شاعیرانەشەوە نەمانخواردن.

ئێمە منداڵەکانمان فێردەکەین خواردنەکەیان باش بجوون و ئەوان بە نەجووراوی قووتی دەدەن، لەبەرئـەوەی فێرمـان نـەکردون چـێژی لێـوەربگرن. لـە ئەنجامـدا منـداڵ بەوجۆرەی ئێمە دەمانەوێ فێری ئەو شێوەیە لە نانخواردن دەبێ کە ئێمـە بەلامانـەوە پەسـەندە، بەڵام فێری هەستکردن و تامکردنی ئەوەی دەیخوات، نابێ. بۆیە لـە ئەنجامدا ئەو دەخوات بەبێئەوەی بەلایەوە گرنگبێ و بزانێ چی دەخوات و لـە چ ماوەیەکـدا دەیخوات.. ئەو ئەرکێك لەسـەرشانی خۆی کەمدەکاتەوە، ئەو دەخوات بۆ تێربـوون، ئەو بە دەسـت و کەوچك و چەتاڵ شتێ دەخاتە دەمیەوە، قوتیدەدات و قومێ ئـاوی بەسـەردا دەکات، تاکو گەدەی پڕدەبـێ، بـەڵام هەسـت بـەو خواردنـە ناکـات کـە خواردویەتی و پاش کەمێکیش لەبیری دەچێتەوە چی خواردووە.

پێویستە تۆ بەو جۆرە لەمن تێبگەیت کە دەمەوێ پێتبڵێم، تامکردن و چـێژبینین لـەو شـتەی هەسـتپێدەکەین، هێـندەی ئـەوەی کـە مەسـەلەیەکی کولتوورییـە ئەوەنـدە سرووشتی نیـە. سرووشت توانای هەستکردن و ئەندامـەکانی هەسـتکردنی بـە ئێمـە بەخشـیون، بەڵام پێویستە فێری چۆنێتی بەکارهێنانیان ببین. چـێژبینین بـە پێـچەوانەی ئاژەڵەکانەوە، کە چێژ نابینن، شتێکە لە کۆمەڵگادا فێری دەبین و پێویسـتە گەشـەی پێدەین.. بەڵام بێگومان لەکۆمەڵگایەکدا کەلتووری ڕێزگرتن لە جەستە ئامادەبێت و چێژبینین نرخی هەبێ و (عەیبە) نەبێت. وەلێ ئەم کولتوورە میکانیکیـەی خواردن، کە لە وڵاتی ئێمەدا باوە، ئێمەی لەزۆر چێژ بێبەش کردووە و هـیچمان تەمـەنمان ناگاتـە سی ساڵی، نیـشانەی ئەو نەخۆشیانەمان تێدا سەرهەڵدەدەن، کە ئەنجامی بەدخواردن و میکانیکیانە خواردنن!.

دەگمەنن ئەو ڕیستۆرانت و چێشتخانانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە خەسـڵەتی شـوێنێکی شیاو بۆ خواردنێکیان تێدا بێت کە شایانی مرۆڤە، چجای ئەوەی خواردنێکی شاعیرانە

بێت! دەگمەنن ئەو خواردنگانەی وڵاتی ئێمە کە لە پێش پارە پەیداکردن و ئێمە بە کڕیارکردنەوە، بیریان لە ئێمە کردبێتەوە وەك بوونەوەری هەستەوەر و چێژوەرگر. ئەمە بۆخۆی کارەسات و زەوقکوژییەکە و بەدوورە لە ئەدەکییەت و کەلتووری خواردن. ڕیستۆرانتێك یان چێشتخانەیەك نەیتوانیێ فەزایەك بۆ خواردن بەرهەم بهێنێ، نەیتوانیێ بیر لە دابینکردنی لانیکەمی ئارامی بۆ مشتەرییەکانی بکاتەوە و دووریانبخاتەوە لە هەراهەرا و دووکەڵی جگەرە و بۆنی تەوالێتەکانی و تەنانەت فەزایەك دروستبکات تاکو (مشتەرییە مێینەکانی)، لە چاوی برسیی و تیرهاوێژی تێرخواردووەکان، ڕزگار بکات، شایانی ئەوە نییە یەك پووڵی ساخ بدەین بە خواردنەکانی.. نەبوونی فەزایەك بۆ خواردن لەناو چێشتخانە و ڕیستۆرانتەکانی ئێمەدا، کۆمیدیایەکە تەنیا ئەم وڵاتە و ئەم کۆمەڵگایە قەبووڵی دەکات.

لەناو ئەم کەش‌وهەوایەدایە، پێویستە گرنگی بە تازەکردنەوەی کەلتووری خواردنمان، وەك سەرەتایەك بۆ گرنگیدانەوە بە توانای هەستەوەری و چێژبینیمان بدەینەوە. ئێمە مێژوویەکی جەستەکوژ و هەستڕووشێنمان لەپشتەوەیە، کە تەنانەت کاریگەریی خراپی خۆیشی کردۆتە سەر جۆری خواردنەکان و چۆنایەتی خواردنەکانمان. لێرەوە پێویستە ڕەهەندی شاعیرانە بۆ ژیانی خۆمان بگێڕینەوە با ئەوە لە ڕێگەی خواردنیشەوە بێت، کە زۆربەمان بە شتێکی بێمانا و ساکاری لەقەڵەم دەدەین.

خواردنی شاعیرانە هەروەکو چۆن فۆرمێکی تایبەت و دەستوورێکی تایبەتی نییە، ئاواش ناوەڕۆکێکی تایبەتی نییە. هەر بۆ نموونە دەکرێ نانێکی تیری، یان بازاڕی، یاخود سەموونێك بهێنی و سەموونەکە دوو لەت بکەیت. دوو/سێ هێلکە بشڵەقێنی و لەگەڵ هەندێ سەوزەی وردکراو، خوێ و کەوچکێ دۆشاوی تەماتە و سێ دڵۆپ گوڵاودا تێکەڵیان بکەیت. یەك پارچە سنگی مریشك، کە پێشتر کوڵابێ، یان سوورکرابێتەوە، ڕیشاڵ‌ڕیشاڵ بکە. (دەتوانیت سوود لە قارچك و گۆشتی سوور، یان گۆشتی قتوو، یان یەك دوو شفتەی وردکراو، وەربگری، بەمەرجێ پێشتر برژابن و ئاگریان بەرکەوتبێ). پاشان تاوەکەت چەور بکە و ئاگرێکی ئاسایی لەژێردا بکەرەوە.

که چەندە بە شیعر ناوبانگی دەرکرد، ئەوەندەش بە برسێتی و ئاوارەیی.. شاعیر هەیە قەبارەی ئەو شیعرانەی بۆ سرووشت و مار و مێرووی نوسیون، لە مەنجەڵێکی مسی گەورەدا جێگەیان نابێتەوە، کەچی هێندەی مەودای فڕینی بولبوولێکیش دوای ئازادبوونی لە قەفەس، باڵی مریشکی خواردووە و ساڵی بەلایکەمەوە بەدرێژایی کیلۆمەترێکیش کەباب دەخوات.. بەهەرحاڵ، من نامەوێت باسی ئەو ناکۆکییەت بۆ بکەم کە لە ژیانی شاعیراندا هەیە، هێندە هەیە ئەگەر ویستت لەمە تێبگەیت، پێویستە ڕۆژێ، بەدزی قالۆنچەیەك بەیتە ژووری شاعیرەوە و داوای لێبکەیت، چەند شیعرێکی تازەی خۆیت بۆ بخوێنێتەوە.. لە ناوەڕاستدا، دوای ئەوەی قالۆنچەکەت بەرەڵڵا کردووە، قیژەیەك لێدە و هاوار بکە و بڵێ: (ئەها.. ئەوە دەعبایەکە!). ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی شاعیر زۆر بەنەرمی هەستێتە سەرپێ، دوایین مژی لە جگەرەکەی بدات، کاغەزەکانی لەسەر مێزەکەی دابنێ و لەبەر خاتری تۆ، بە وردی لە قالۆنچەکە بچێتە پێشەوە و وردەوردە قاچی ڕاستی بەرز بکاتەوە و بە نووکە قۆندەرەکانی، نەرم نەرم و شاعیرانە، قالۆنچەکە بفلیقێنێتەوە..

ناکۆکی لەنێوان ئەوەی دەیڵێین و ئەوەی دەیکەین، لەنێوان ئەوەی بڕوامان پێیەتی و ئەوەی دەبێتە ڕەفتارمان، لە نێوان ئیتیك و مۆڕاڵماندا، شتێك نییە تایبەت بێت بە شاعیران، بەڵکو تایبەتە بە ئێمەی ڕەگەزی مرۆڤ و ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە لە ئاژەڵانمان جویدەکاتەوە. ئاژەڵەکان لەو ڕووەوە زۆر لە ئێمەی مرۆڤ (ڕاستگۆترن) و لە نێوان غەریزە و ڕەفتاریاندا ناکۆکی نییە، شتێ ناکەن لەگەڵ سرووشتی غەریزەیی خۆیاندا ناکۆك بێت. ئەگەر تۆ وەك نێچیرێ بکەویتە بەردەم شێرێکی برسی، هەتا ئێوارە باسی ئەوەی بۆ بکەیت کە وڵاتەکەت بەسەر چوار دەوڵەتدا بەشکراوە، ڕەخنەت لەسەر حکومەتی هەرێم و بەشداریی کۆنە بەعسییەکان هەیە لەو حکومەتەدا بۆیە کەوتویتە ئەو جەنگەڵەوە، شێرەکە هەر دەتخوات و وەکو ئێمەش بە نیوەناچڵی دەست لەخواردنەکەی هەڵناگرێ و تا تێرنەخوات لەڕوودانامێنێ.. حەیوانات وەکو ئێمە موجامەلەی درۆش ناکەن، بە زمان پێبڵێین: (فەرموو، بخۆ..) و

لە دڵەوە پێیان ناخۆش بێت، ئەوان تا بۆخۆیان وەستابن، فەرمووی کەس ناکەن. دیمەنی شەڕی پڵنگ و چەقەڵ و داڵەکەرخۆرەت بیر نەچێ، کە هەتا یەکەمیان تێرنەخوات، دووەمیان بۆی نیە لە کەلاکەکە نزیکبێتەوە و تەنیا دوای مرپڕبوونی دووەمیشیانە، سێیەمیان بۆی هەیە دەنووك بەرێ بۆ ئێسقانەکان. ئەوەی ئێمە لەم دیمەنەوە فێری بووین، ئەو نایەکسانییەیە کە لە دابەشکردنی خواردنەکاندا ڕەچاوی دەکەین و لەمەشدا خاوەنهێز براوەیە و تا ئەو تێر نەخوات ئەوانی دیکە بەریان ناکەوێ.

میوان لە کۆمەڵگای ئێمەدا خاوەن هێزی یەکەمە، واتە (شێرە) و خواردن بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە، لە دوای میوان بۆ پیاوان و ئەمجا بۆ نافرەتان و منداڵەکان! زۆرجاریش کابانی ماڵ هیچی بۆ نامێنێتەوە لە بنکڕ و چەرم و پرزۆڵە زیاتر..

بۆیە پێویستە کەلتووری خواردنمان لەوێوە کە پەیڕەویکردنە لە لۆژیکی نایەکسانیی هێز و موجامەلە و عەیبە، بگۆڕین بۆ کولتوورێ کە هەمووومان پێکەوە لە دروستکردنی خواردنەکان و لە خواردنیان و لە شتنی قاپەکانیشدا بەشدار بین: جوانترین سرووتی خواردن ئەوەیە، ماندوویی و چێژ لەنێوان خۆماندا دابەشبکەین. داغارکی و سکەندناڤیەکان لەمڕووەوە خاوەن کەلتوورێکی زۆر شایان و دەوڵەمەندن، دەبێ لێیانەوە فێربین، ئەگەرچی زەحمەتە لەوە تێبگەین چۆن دەتوانن چەندین کاتژمێر بەدیار مێزەکانیانەوە دابنیشن. لێتناشارمەوە، من بە سیازدە ساڵ ئەمجا تێگەیشتم کە سرووتی خواردن بەلای سکەندناڤیەکانەوە، هەر تەنیا هەوڵدان نیە بۆ چێژ وەرگرتن و تێربوون، هێندەی ئەوەی سرووتی یەکترناسین و مەعریفەیە بە ئەویتری مرۆڤ.. ئەوەی لەو دانیشتنانەدا ڕەچاو دەکرا، کێبڕکێ نیە لەسەر زووتێرخواردن و قسەی خۆزاڵکردن بەسەر ئەوەی لەبەرامبەرت و لە تەنیشتەوە دانیشتووە، کە بۆی هەیە ڕەگەزپەرست و نەیاریش بێت، بەڵکو ڕەچاوکردنی ئەخلاقی گفتوگۆیی هابرماس و لۆژیکی دیالۆگی باختینە لەسەر سفرە.. جارێکیان لە دانیشتنێکدا بە دوورودرێژی قسەم لەسەر خراپی پۆلیس دەکرد لەگەڵ پەنابەراندا و

دواجار وتاری (پۆلیس: باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی) لێبەرهەمهات، کە لە (دیاردەگەرایی ئاراوگە)دا بلاومکردەوە، وەلێ تەنیا دوای گفتوگۆکە بۆمدەرکەوت، سێ کەس لەوانەی بەشداریان کردبوو لە گفتوگۆکەدا، بە پیشە ئەفسەری پۆلیس و پۆلیسی نهێنی بوون! ئەوان پەیڕەوکاری فەلسەفەی ئەخلاقی کانت بوون و لەو دانیشتنەدا وەك هاوولاتییەك ئامادەبوون، نەك وەکو خاوەن پلەوپایە..

دەمویست باسی ئەوەت بۆ بکەم کە شیعری شاعیران سەرچاوەیەکی باش نین بۆ دروستکردنی خواردنی چێژبەخش، بەلام ئەوەی پێویستە لە شاعیرەکانەوە سەبارەت بە خواردن فێری ببین، بریتیە لە هەستکردنی شاعیرانە و شاعیرانە چەشەکردنی خواردنەکان. (هەستکردن) و (چێژبینین) و لەئەنجامی ئەمەشەوە (خۆشحالّی) و (بەختەوەربوون)، لە کەلتووری زۆربەی گەلانی وەك ئێمەدا، وەك مەسەلەیەکی (ڕوالّەتی) و (هاکەزایی) و (کەم)، تەماشای کراوە. ئەوەی زۆر خۆشحالّە، یان بەدوای چێژدا دەگەڕێ و هەستیارە، کەسێکی ساکار و گەمژە و خەمسارده و لەدنیا تێنەگەیشتووە.. ئەوەی زۆر پێکەنێ و هەستی خۆی دەربڕێ، (عەقلّی سووك)ـە و (منداڵانە) ڕەفتاری نواندووە. لەبەرامبەر ئەمەشدا عەقلّێکی (قوورس) و (زیرەك)مان هەیە کە دەرکی (تراژیدیا) و مانای (قوول)ی ژیان دەکات.. نیتشە لە شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات و دەلّێ، ئەوەی مرۆڤەکان لەخۆیان قەدەغەی دەکەن، ناچارن وەك شتێکی ساکار، لاکەوتە و پیس تەماشای بکەن. بەلام بەوەی بەکەم تەماشای حەز و هەستەوەریەکان بکرێ و حوکمیان لەبارەوە دەربکەین، هیچمان نەکردووە لەوە زیاتر کە ئامانەوێ دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە پێماندەلّێ: مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن جەستەیشە. نیتشە دەیەوێ بلّێ: ئێمە ناتوانین چاو لە لایەنی هەستەوەری خۆمان بپۆشین و لە جەستەمان فڕێی بدەینە دەرەوە، ئەگەرچی دەتوانین بیچەپێنین و سەرکوتی بکەین. بۆیە چاوپۆشین و بەکەم تەماشاکردنی هەستەکانمان هۆکارێکی هەرەسەرەکی شێوازی تێرکردنی سادۆماسۆشیانەی حەزەکان و مەیل و ئارەزووەکانمانن. ئێمە

لەکاتی تێرکردنی حەزەکانیشماندا ئارەزووی ئازاردان و ئازارچەشتنمان هەیە و چێژ لەمەش دەبینین... پێدەچێ ئەو تێگەیشتنەی نیتشە، بەرپەرچدانەوەی ئەو نەریتە فەلسەفیە بێت کە لە ئەفلاتوونەوە تاکو ئاینی مەسیحی و تاکو دیکارت، لە کەلتووری ئەورووپیدا درێژ بۆتەوە و بۆتە کەلتوورێکی جیهانی. لەو نەریتەدا بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەیەك هەیە کار لەسەر بەکەمگرتن و بێبەهاکردنی هەستەوەری دەکات و لەوێشەوە مەیل و حەزەکانی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە و لە ئاستی دەروونیشدا توندڕەوی و چەپاندن و سادۆماسۆشیەت بەرهەمدەهێنێ..

پێویستناکات لە کۆمەڵگایەکی ئەفلاتوونیدا بژین، یاخود پاڵنەرێکی ئاینی هەبێ بۆ ئەوەی بەچاوی نزم تەماشای جەستە و حەز و مەیلە جەستەیی و هەستەوەریی خۆمان بکەین. هێندە بەسە کۆمەڵگا قەبوولی جۆرەکانی توندوتیژی و ئەتککردن و بەکەمگرتن و بەزۆر داپۆشین و جیجابکردنی جەستەکان بکات، ڕێگا بدات بە کوشتنی ڕۆژانەی جەستە و خۆکوژی و ئەویدی کوژی ببێتە دیاردە، تاکو هەموومان بکەوینە بێحورمەتی و سووکایەتیکردن بە هەستەوەری و گاڵتەمان بە ژیانێکی چێژبەخشانە بێت..

کەواتە قسەکردن لەسەر خواردنی شاعیرانە، قسەکردنیشە لەسەر هەستەوەری و گرنگیی جەستە سەبارەت بە هەستکردن و ئەزموونکردنی ژیان. خواردنی شاعیرانە، بەمانای جۆرێ لە خواردن نایەت کە بتوانین دروستیکەین، بەڵکو بەمانای شاعیرانە مامەڵەکردنە لەگەڵ خواردنەکاندا و شاعیرانە هەستیاربوونە لە کەش‌وهەوایەکدا کە ژەمێکی تێدا دەخۆین. بەم مانایەش دەکرێ، هەموو ژەمەکانمان و هەموو خواردنەکانمان شاعیرانە بن. لەڕاستیدا شاعیران میراتگری مرۆڤایەتین لە هەستکردن و کردنەوەی هەستەکانیاندا و ئەمەش ئەو شتەیە کە وادەکات ئێمە زۆرشت لە شاعیرانەوە فێر ببین، تەنانەت لەسەردەمێکیشدا کە شیعری باش کەمبۆتەوە و لە ناو کۆمەڵگایەکیشدا کە بیرۆکە مرۆڤدۆستیەکان لەکاڵبوونەوەدان و لە کەلتوورێکیشدا کە ئیدیعای ئەوە دەکات: سەردەمی شیعر کۆتایی پێهاتووە و تەنانەت

عەزابت چەشتووە، وەلێ کەشفی گەورەی ژیان ئەوەیە مرۆڤ هەمان ئەو شتانە لەگەڵ ئەوانیتردا نەکات کە لەدژی خۆی کراون..

مرۆڤ وەك پەتاتەخۆر

مرۆڤ بەرلەوەی پەتاتە بخوات، شتی دیکەی لە شێوەی پەتاتەدا زۆر خواردووە و مێژووی سەرهەڵدانی پەتاتەش، لەچاو مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤ و مێژووی خواردنەکانی دیکەدا، بەراوورد ناکرێ.. هێندە هەیە، پەتاتە یەکەمجار لە خۆرئاواوە دێتە خۆرهەڵاتەوە و وەك فرنسان بەرۆدڵ دەبێژێ: چینیەکان کە ئەو هەموو داهێنراوانەی خۆیان بۆ خۆرئاوا ناردووە، کەچی بۆخۆیان تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە پەتاتەی خۆرئاوایی ئاشنا دەبن و لەسەرەتایشەوە زۆری حەز لێناکەن.

حەزی لێبکەیت یان نا، پەتاتە بەزۆر شێوە دەخورێت و لە زۆربەی وەرزەکانیشدا دەستدەکەوێ، ئەمە یەکەمین خەسڵەتی هاوبەشی پەتاتە و هاوڕێکانە: هاوڕێکانیش جۆربەجۆر و جیاوازن، بەڵام لەزۆربەی ئەو کاتانەدا کە ئێمە پێویستیمان پێیان هەیە، نامادەن.. کەواتە هەر ئێستا برۆ چەند پەتاتەیەك، لەو پەتاتە قوڕاوی و لاخوارە خۆماڵیانە بهێنە و بە سیمای چلکنیاندا تێمەکەوە، کە پڕن لە ڕۆحی خاکی وڵات و دوایین دڵۆپەکانی باران و خۆری خۆشەویستی.. برۆ بەرهەمی ئەو ڕووەکە بهێنە کە لە سەدە دوورەکانەوە تا ئێستا وەك هاوڕێیەکی فریاگوزار و بە وەفا، چەندینجار مرۆڤایەتی، هەر لە ئیرلەنداوە بۆ پورتوگال و بۆ چین، لە برسێتی و قڕان ڕزگار کردووە.. پەتاتە هەر تەنیا خواردنی هەژاران نەبووە، بەڵکو خواردنێکی هاوڕێیانەش بووە، فەریادڕەسێ بووە لە کەنار بارودۆخە ناخۆشەکاندا، نەیهێشتووە مرۆڤ لەناو بچێ.

کوڵاندنی پەتاتە لە قەیتانێك ئاودا، زۆر ئاسانترە وەك لەوەی قابلەمەیەك نیوەکەین لە ئاو. بۆیە دوایەوەی پەتاتەکان دەشۆیتەوە، بیانکەرە قابلەمەیەکەوە و کەمێ ئاوی تێکەو سەرەکەی لەسەر دابنێ و ئاگرێکی ئاسایی بۆ دابگیرسێنە. ئەوجا بەردێ، یان

هەر شتێکی دیکەی لەسەر دابنێ با هەڵمەکە نەیەتە دەرەوە و زوو پەتاتەکانت بۆ بپشێنێ. دەتوانیت ئەم میتۆدە بۆ زوو کوڵاندنی هەر شتێکی دیکەی وەك هێلکە، یان گەرمکردنەوەی خواردن، بەتایبەتی برنج، بەکار بهێنی و دوایەوەی دەیخەیتە سەر ئاگر، کەمێ ئاوی پێدا بڕشێنە، تا بە هەڵمەکەی زوو گەرم بێتەوە.

ئێستا پەتاتەکانت خستۆتە سەر ئاگر. کەواتە ئەم خۆراکانە حازرکە: پیازێك، هەندێ کەرەوز (تەڕ بێت، یان ووشك)، یەکدوو چڵ جاترە، زەردێنەی هێلکەیەك، یان دوان (بەپێی زۆریی پەتاتەکان)، لەوێچێ نانی هاڕدراو، یەك قتوو ماسی شێلانە، لەتێ تەماتەی گەورە، چەند گەڵایەکی سڵق، ئەگەر لەبەردەستدا بێت. کەوچکێ ڕۆنی ئاسایی، یان کەرە، کەوچکێ خوێ و چەند پارچە پەنیری چوارگۆشەی زەرد، وەکئەوەی لە خواردنی عاشقاندا بەکارمان هێنا.. کێشی هەموو ئەمانە دەکاتە (٧٥٠) گرام و دەتوانیت لەگەڵ کیلۆ و نیوێك پەتاتە تێکەڵیان بکەیت.

سەرەتا پیازەکە لە ڕەندە بدە، بەڵام لەکاتی ڕەندەکردنیدا فوو لە دەستی خۆت بکە بۆنەوەی بۆنی پیازەکە چاوت پڕئاو نەکات. لە خواردنی عاشقانەدا، کەمێ باسی سیحرەکانی پیازم بۆ کردبوویت، بەڵام خۆت دەزانیت هاوڕێیەك بەچاوی فرمێسکاویەوە ببینێ، یەکسەر خەمت بۆ دەخوات و بۆی هەیە وەکو تۆ دەستبکات بە گریان!

ڕەنگە ئێستا ئاوی پەتاتەکان وشکبووبێ، بۆیە پێویستە هەر بەسەری قابلەمەکە کەمێ ئاوی تری تێبکەیت و خێرا سەرەکەی بخەرەوە سەر. بەردەوامبە لە جنینی وردی تەماتەکەت. تەماتە بەهەمان شێوەی کە لەخواردنی عاشقانەدا، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، لێرەدا نییەتی، بەڵام پێویستە هەبێ، چونکە بۆی هەیە پەیوەندیی هاوڕێیانە دواجار ببێتە پەیوەندیەکی عاشقانە و بەمەش خواردنی هاوڕێیانە دەبێتە پردێ لەنێوان هاوڕێکان و مرۆڤە عاشقەکاندا. ئەمجا بە وردی، کەرەوز، جاترە و گەڵا سڵقەکان بجنە و بیانکەرە هەمان دەفرەوە کە تەماتە و پیازەکەت تێکردووە. لەپاش ئەوە زەردێنە هێلکەکە جیا بکەرەوە و بیکەرە ناو هەمان قاپەوە و بەو کەوچکەی ڕۆن و نانە

هاردراوەکەت تێکردووە، کەمێ تێکەڵیان بکە. پێدەچێ ئێستا پەتاتەکان تەواو پشابن، بۆئەوەی لەمە دڵنیابیتەوە، ئاگرەکەیان کز بکە، نوکی چەقۆ دەمزبرەکەت بکە بە پەتاتەیەکدا، ئەگەر زانیت تەواو کوڵاون، ئاگرەکەیان بکوژێنەوە و یەکسەر ئاوێکی ساردیان پێدا بکە و دایانبنێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە قتووە ماسییەکە هەڵپچڕیت، ئەگەر ڕۆن، یان ئاوی تێدابوو بیڕێژە و گۆشتە ماسییەکە بکەرە ناو ئەو قاپەی شتەکانی دیکەت تێکردوون، ئەمجا هەوڵبدە بە کەوچکێکێك و بە هێواشی تێکەڵیان بکە تاکو گۆشتە ماسییەکە شیدەبێتەوە. لەپاش ئەوە پەتاتەکان یەکە یەکە لە ئاوەکە دەربهێنە و پاکیان بکە و هەر لەسەر ئەو تەختەیەی سەوزە و تەماتەکەت لەسەر جنیوە، بە چەقۆکە قاش قاشیان بکە با گەرمایی ناوەوەیان بڕوات. لەبیرتبێ ئەو هەڵمەی لە پەتاتەکانەوە بەرزدەبێتەوە، بەوێنەی ڕۆحی خاکێکی تینووە کە پاش باران و هەتاوکەوتن، عەردەکە جێدەهێڵێ.. بۆیە کاتێ تەواو ساردبوونەوە، هەوڵدە بە پشتی چنگاڵێك وردیان بکە و بیانهاڕە و بیانکەرە ناو هەمان قاپی شتەکانیترەوە. کەوچکێ خوێ تێکە و بەدەستی ڕاست، بکەوەرە شێلانی وەکئەوەی بتەوێ شفتە دروستبکەیت. دەتوانیت کەمێ تۆزی سیر، لەگەڵ چەند دانە مێخەکیش بکەیتە ناوی.. پێویستە تا تۆ تێکەڵەکە دەشێلیت، حەکایەتی مێخەکت بۆ بگێڕمەوە..

حەکایەتی مێخەك:

جارێك لە ڕیحانەیان پرسی: ڕیحانە، کاتێ دەچیت بۆ ئاهەنگی باران، چ بۆنێ لە خۆت دەدەی؟ ئەویش گوتی: مێخەك! لە مێخەکیشیان پرسی: ئەی تۆ ئەم هەموو بەرامەیە لەکوێوە دەهێنی؟ ئەویش زۆر بە دڵنیاییەوە گوتی: لە نەرمەعارەقی نێوان دوو مەمکی ژنەوە.. ئیتر لەو ڕۆژەوە پەتاتە وەسیەتی کرد: (دوایئەوەی لە ژێر بۆنی خاکەوە دەمهێنەدەر، لەگەڵ هەموو کوڵاندنێکما، چەند مێخەکێ لەسەر نەرمەکەم دابنێن)..

دەڵێن کاتێ وەنەوشە گوێی لەم وەسیەتەی پەتاتە بوو، دۆعایکرد: (خودایە نە بەڵام

هێندە بەرزکەیت لە خاکەوە دوور کەومەوە و نەهێندەشم تەمەن بەیێ کە بۆنەکەم لەپێش گەڵاکاغدا بمرێ)..

(گۆران)ی شاعیر هەموو جارێ کە ئەم حەکایەتەی دەگێڕایەوە، پەرۆشیی دایدەگرت و شیعرێکی دەنووسی پڕبوو لە بۆنی ژن و خامۆشیی وەنەوشە و حوزنی گەرمی خاك.. بەڵام دواجار ئەویش بێ هاوڕێ سەری نایەوە..

کەواتە پەلە لەسازکردنی خواردنی هاوڕێیانە بکە و لێگەڕێ با هەموو ئەو تێکەڵەیەی ئامادەت کردووە، بە ئەندازەی نزیکبوونەوە و بە ئەندازەی ئاوێتەبوونی هاوڕێکان لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بن، بەبێئەوەی هیچکامیان بۆن و ڕەنگ و تامی خۆیان بدۆڕێنن.. هاوڕێیەتی داوای توانەوەمان لێناکات، چونکە نایەوێ ئێمە سەربەخۆیی خۆمان بدۆڕێنین، وەلێ هاوڕێیەتی چاوەڕوانی وەفا و دڵنیایی و ڕاستگۆییمان لێدەکات، چاوەڕێی فیداکاری و نازکێشان.. چی لەوە خۆشترە مرۆڤ تا دەمرێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا ژیان بەسەر بەرێ، کە وەکو پەتاتە و پیاز، وەکو گۆشتی ماسی و جاترە، بەوێنەی تەماتە و مێخەك لەکەنار یەکتردا سووربێتەوە و سەربەخۆیی خۆی، تامی خۆی و ڕەنگی خۆی لەدەست نەدات. هاوڕێیەتی بۆخۆمانین وەك ئەویتر، بەڵام ئەویتر لەئێمە جیاوازە و ئەوەی لە هاوڕێیەتیدا ڕێز بۆ ئەو جیاوازییە دانەنێ، ناعەدالەتی کردووە، چونکە ئەرستۆ لە کتێبی هەشتەمی (ئەخلاقی نیکۆماخۆسی)دا گوتویەتی: لەهەر شوێنێ هاوڕێیەتی هەیە، پێویست بە عەدالەت ناکا.

بۆیە لێگەڕێن بە هەمان شێوەی کە لەتاوەی ئەزموونەکانی ژیاندا لەگەڵ هاوڕێکانمان دەبرژێین، تێکەڵەی ناو قاپەکە بەناو تاوەکەدا، کەپێشتر سێ کەوچك ڕۆنمان تێکردووە و داغ بووە، پان بکەینەوە و لێگەڕێین سوور بێتەوە و پاشانیش ئەمدیوەودیوێکی پێکە با تەواو ببرژێ.. ببرژێ تا تاڵ دەبێ و تا بۆنی خاك و ئاو و خۆری وڵاتەکەت، لە بۆنی خواردنی هاوڕێیانەدا دەناسیتەوە.. دەتوانیت بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئەو برژانە، لەسەر حیکمەتی مێخەك، جامێ ئاوی ترێ، کە بۆنی گەردنی سێی و ئازاری لوولخواردووی مێوی لێدێ، لە گەرووی شووشە

نان، یان سەموونەکە بە کراوەیی و لەسەر پشت، بخەرە ناو تاوەکەوە و لێگەڕێ کەمێ ناڵ بێت. بەڵام نەیخۆیت و جارێ پەلە مەکە! ئەمجا هەوڵبدە تێکەڵەی هێلکە و سەوزە و دۆشاو و گوڵاوەکە، بە کەوچکێك و بەهێواشی بەسەردا بکە و نەهێڵی بەملاولای نانەکە و پارچە سەموونەکاندا بڕژێتە ناو تاوەکەوە. دواینەوە، سەرقاپەکەی لەسەر دابنێرەوە و بۆماوەیەك، هەتا تەواو گەرم دەبێ، لێبگەڕێ با نان و سەموونەکە، تێکەڵەکە بمژێ. پاشان هەوڵبدە ڕیشاڵی سنگە مریشکەکە، یاخود شفتە وردکراوەکە، یان هەر گۆشتێکی تر کە هەڵتبژاردووە، بەسەریدا بکە. دەبینی کە چۆن ئەم گۆشتە لەناو تێکەڵەی هێلکە و سەوزەکەدا دەنیشێ. (بۆ ئەوانەی گۆشتخۆر نین، دەتوانن لەجیاتی گۆشت، وردکراوی قارچك، یان ناوی باینجان بە ڕەندەکراوی بەکار بهێنن). بێگومان ئەگەر گۆشتەکە، یان قارچك و باینجانەکە بە گەرمی بەسەر نانەکەدا بکرێ، زووتر یارمەتی برژانی هێلکەکەش دەدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەخێرایی نانەکە، یان سەموونەکە هەڵگێڕیتەوە تاکو بەشی سەرەوەیشی ببرژێ. دوای کەمتر لە پێنج خولەك دەتوانیت ئاگرەکە بکوژێنیتەوە، چونکە نابێت بهێڵی زۆر وشك ببێتەوە و با کەمێ تەڕایی تێدا بمێنێ.. ئەگەر مەبەستت بێت دەتوانیت زەڵاتەیەکی سادەی بۆ دروستبکەیت و پەرداخێ دۆ، یان ماستاوی لەگەڵ بخۆیتەوە..

هەرئەوەندە ماوە لێت بپرسم: ئایا جاری پێشوو، خواردنی عاشقانەکەت دروستکرد؟ ئایا خۆشەویستەکەت هات؟ یاخود دروستکرد و خراپ دەرچوو؟ لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دەتوانیت ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێیت:

یەکەم: ئەگەر دروستکردبێ و لەگەڵ خۆشەویستێ خواردبێت، جاریکی دیکە دروستی نەکەیتەوە.

دووەم: ئەگەر دروستکردبێ و خۆشەویستەکەت نەهاتبێ، بزانە کە لەکاتی پاز جنینەکەدا گریاویت.

سێیەم: ئەگەر دروستکردبێ و.خراپ دەرچووبێ و خۆشەویستەکەشت نەهاتبێ، پێویستە قسە نەکەیت!

چوارەم: ئەگەر دروستکردبێ و خراپ دەرچووبێت و خۆشەویستەکەشت هاتبێ، پێویستە داوای قەرەبووی مادیی خواردنەکەت لەم هەفتەنامەیە بکەیتەوە، چونکە ئەمانیش لەجیاتی ئەوەی وێنەی تەماتە لەگەڵ وتارەکەدا بڵاو بکەنەوە، وێنەی سێوێکیان بڵاوکردبۆوە!

پێنجەم: ئەگەر دروستکردبێ و یار هاتبێ و تۆش لە پەلەپەلیان دەمورزمانی خۆتت سووتاندبێ، دڵنیام عاشقێکی ڕاستەقینەیت.

بۆیە ناچارم لە هەفتەی داهاتوودا بیر لە خواردنێك بکەمەوە، کە تەواوکەری عەشق و پارێزەری شاعیریەتی ژیانی ئێمەیە! بەڵام تا ئەوکاتە حەزدەکەم جارێکی دیکە دیوانی (لە غوربەتا)ی محەمەد عومەر عوسمان و چەند لاپەڕەیەك لە یاداشتەکانی (ئیحسان نووری پاشا)ی ڕابەری شۆڕشی (ئاگری داغ)، بخوێنیتەوە..

خواردنیی هاوڕێکان

کەسایەتی پەتاتە:

بەڕاستی زۆرم بیر لە پەتاتە کردۆتەوە، لە مێژووەکەی و لەو ڕۆڵەی کە لەمێژوودا سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ گێڕاویتی.. ئێستا ئەگەر بڵێم: پەتاتە دەرمانی هەموو دەردانە، ڕەنگە زیادەڕۆیی پێوەبێ، بەڵام ئەگەر بڵێم: پەتاتە بۆ بەهێزکردنی توانای جنسی مرۆڤ یەکاو یەکە، بۆ سبەی نرخی پەتاتە هێندە بەرزدەبێتەوە، مەگەر بەرپرسی سیاسی بێت، دەنا کیلۆیەکت بۆ ناکڕدرێ! هێندە هەیە لە ئێستادا خەڵکی وڵاتی ئێمە پەتاتەخۆرێکی باش نین و تەنانەت پەتاتە وەك خواردنێکی نزم و بێقەدر تەماشای دەکرێ و بە ژەمی هەژاران و پەنابەر و لێقەوماوان دەدرێتە قەڵەم. نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەمەدا بێکاریگەر نەبووە و زۆرینەی خواردنەکانی ئەو ڕێکخراوە مەزنە لە ناو کەمپ و ئۆردووگای پەنابەراندا، پڕن لە پەتاتە: پەتاتەی کوڵاو، سوورکراوە، سوێرکراو، حەڵوای پەتاتە، قامکەپەتاتە (فینگەر) و هتد..

من گەرەکمە لەم زنجیرەیەدا، پەتاتە وەك خواردنی (هاوڕێکان) بخەمە ڕوو، چونکە لەو بڕوایەدام ئەمە باشترین بەهانەیە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆی ئەو ڕوانگانەی کە پەتاتە وەکو خواردنێکی کەم بەها تەماشا دەکەن. جگە لەو هەوڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەیەوێ (برایەتی مرۆڤایەتی) لەڕێگەی خواردنی پەتاتەوە بخاتە ڕوو: (ئەگەر هەموو مرۆڤەکان پەتاتان بخۆن، دەبنە برای یەك!)، ئەوە هیچ هەوڵێکی دیکەم ئاگا لێنیە بۆ بەجیهانیکردنی ئەو ڕووەکەی پێدەچێت نیشتیمانێکی دیاریکراوی نەبێ.. لەلای من

پەتاتە زیاتر ڕەمزی هاوڕێیەتییە، نەك برایەتی. چەمکی برایەتی چەمکێکی ڕەگەزمەندە: (چونکە تەنیا نێرینەکان و هاوڕەگەزەکان دەتوانن برای یەکتر بن)، چەمکێکی مەرجدارە (چونکە پێویستە براکان هاوخوێن بن) و دواجار چەمکێکی سنووردارە (چونکە تەنیا هاوزمانەکان برای یەکترین). وەلێ هاوڕێیەتی بەوەدا کە بەرزترین و جوانترین پەیوەندیی نێوان مرۆییە و سنووری نێرایەتی و مێیایەتی و ڕەگەزیی نێوان مرۆڤەکان دەبەزێنێ، ئەوە بە هەزارانەترین خواردن تێردەبێ.

لەنێوان براکاندا هەمیشە شەڕی بردنەوە و دابەشکردن هەیە لەسەر زۆری و کەمی بەشەکان و برای گەورە زۆر و برای بچووك کەمی بەردەکەوێ، برای گەورە هێزی سەندنی هەیە و برای بچووك توانای چاوەڕوانی و قەناعەتکردن بەو بەشەی بەریدەکەوێ. برای گەورە پەتاتەی گەورەی دەوێ و برای بچووك پەتاتەی بچکۆلەی دەدرێتێ.. پەندێکی سوەیلایەتی هەیە دەڵێ: (عەزاب و نیعمەت بۆ براگەورە، کەباب و نازیش لەبۆ تاقانە، برابچووکیش: سەگوسەگبابە!)..

لۆژیکی هاوڕێیەتی دابەشکردنی تێدا نییە، هاوڕێکان لە هەمور شتێکدا هاوبەشن و ئەوان بەرلەوەی لەڕووی جەستەیەوە خۆیان تێر بکەن، لەڕووی مەعنەویەوە پڕپڕ دەبن.. بەڵام لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا و زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، (کە ناعەدالەتی تیایاندا دەسەڵاتدارە و پارە و سەرمایە لەسەرووی هەمور شتێکی دیکەوەن و تەنانەت کاریگەریشیان کردۆتە سەر پەیوەندیی هاوڕێیەتی)، پێویستە لە پێشدا خواردنەکەمان دروستبکەین و زگمان تێر بکەین، ئەمجا باس لە پەیوەندیی هاوڕێیانە بکەین.. پەیوەندیی هاوڕێیانە ئەو پردەیە لە نێوان پەیوەندی عاشقانە و پەیوەندیی شاعیرانەدا، جا ئەگەر تۆ خواردنی عاشقانە و خواردنی شاعیرانەت دروستکردبێ، بە ئاسانی تێدەگەیت بۆچی پێویستە شارەزای سازکردنی خواردنی هاوڕێیانەش بیت. مرۆڤ هەروەکچۆن پێویستە لە ژیانی خۆیدا، عاشق و هەستیار بێت، ئاواش پێویستە ژیانێکی دۆستانە و هاوڕێیانە لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەری خۆیدا دابمەزرێنێ. دەزانم تۆش بەدەست ئەوانەی ڕۆژگارێ بە هاوڕێی خۆت دەزانین،

ئازادکەیت.. ئازادی کەیت لەم سەردەمەی خەریکە لە ناعەدالەتیدا بواری پەیوەندیەکی هاورێیانەمان بۆ نامێنێتەوە.. ئێمە نەك هەر بێبەشین لەو پەیوەندیە گرنگەی مرۆڤ لەرێگەیەوە خۆی دەناسێ، بەڵکو عەدالەتێکیش نیە جێگەی بەتاڵی پەیوەندیی هاورێیانەمان بۆ پڕ بکاتەوە.. بەڵام پێشنەوەی خواردنەکەت دابگری و لەگەڵ هاورێکەتدا و بەدەم خەمی توورتی ترێوە نۆشی بکەیت، کەمێ باسی ئەرستۆ و چەند فەیلەسووفێکی دیکەت بۆ دەکەم، کە بەبێئەوەی هەرگیز پەتاتەیان خواردبێ، بە گرنگییەدانەوە باسی پەیوەندیی هاورێیەتیان کردووە.

فەلسەفە و پەتاتە:

ئەرستۆ لە دوو بەشی کتێبێکی زۆر گرنگی خۆیدا کە تەرخانیکردووە بۆ قسەکردن لەسەر ئەخلاق، بە وردی قسان لەسەر هاورێیەتی دەکات. هاورێیەتی بۆ ئەرستۆ لە عەدالەت گرنگترە و تەنانەت لای وایە عەدالەتیش بۆ کەسی دادوەر جێگەی هاورێیەتی ناگرێتەوە.. دادوەرەکانیش بۆ بەدەستهێنانی کامەرانی پێویستییان بە هاورێ هەیە.. هاورێیەتی پەیوەندیەکی نێوان مرۆیە کە نە لەپڕ و ئاسان بەدەست دێت و نە بەخێرایی و هاکەزاییش لەناو دەچێ. خۆشی و کامەرانیەك مرۆڤ لەگەڵ هاورێکانیدا بەدەستی دەکەوێ، ئەزموونکردنی تەواوی ژیان و ئەوپەڕی دوورکەوتنەوەیە لە ترسی مەرگ. وەلێ ئەو ئازارانەی مرۆڤیش لە ئەنجامی تێکشکانی پەیوەندیی و لەکاتی لەدەستدانی هاورێکانیدا ئەزموونی دەکات، مردنێکی تەواوە..

ئەرستۆ، بەپێچەوانەی هەندێ بیرورای دیکەیەوە، کە تیایدا فەزڵی یۆنانیەکان و مرۆڤی ئازاد و نێرینە دەدات بەسەر غەیرەیۆنانی و کۆیلە و مێینەدا، کاتێ قسان لەسەر پەیوەندیی هاورێیەتی دەکات، وەکئەوە وایە باس لە چارەنووسی هەموو ژیان و مرۆڤایەتی بکات: (*کەسێ کە گیرۆدەی غەریبی و تەنیایی بووە و پاش ماوەیەکی زۆر سەرلەنوێ مرۆڤێکی ئاشنا دەبینێتەوە، بەباشی هەست بەوەدەکات کە مرۆڤ چەندە لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا خزمانە و نزیکە. لەم هەستکردنەشدا نە جیاوازیی یۆنانی و*

بێگانە کاریگەریی هەیە و نە جیاوازیی نێوان ئازاد و کۆیلە). ئەم بیروڕا مرۆڤدۆست و یەکسانخوازانەیە لە هزری ئەرستۆدا درێژە بەخۆی نادات، بەڵکو لە هزری فەیلەسووفە ستۆیکەکان (ڕەواقیەکان)دا و بەتایبەتی لەسەر دەستی (سیسەرۆ ٤٣-١٠٦ پ.ز) دەگاتە لوتکەی خۆی.

سیسەرۆ زۆر پابەند بوو بە هزری ڕەواقیەکانەوە و بەلای ئەومەوە ڕەواقیەکان ئەو هزرمەندانە بوون کە بەبێ هیچ سڵەمینەوە و ترسێ باسیان لە حیکمەتی چاکە و خراپە کردووە. ئەو بڕوای وابوو کە مرۆڤ، چ دەسەڵاتدار و چ بێدەسەڵات بێت، پێویستە ژیانێکی سەربەرزانە بژی و لەپێناوی دەستەبەرکردنی دادوەری و لەدژی نادادوەری کۆمەڵایەتی تێبکۆشێ. چونکە نادادوەری هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نییە و مرۆڤی نادادوەر مرۆڤێکە نەك هەر ئازا نییە، بەڵکو ترسەنۆکیشە: (*ئەگەر کەسێ نەیەوێ بە هەمان شێوەی کە لەپێناوی خۆیدا تێدەکۆشێ، لە پێناوی خەڵکیتریشدا تێبکۆشێ، ئەوە ناتوانێت بە خۆی بڵێت ئازا*). بێگومان مرۆڤێکیش ئازا نەبێت ئامادە نییە هیچ جۆرە خۆبەخشیەك لە پێناوی هاوڕێکانیدا بنوێنێ. بۆیە بەلای سیسەرۆوە هاوڕێیەتی هێزێکی کۆمەڵایەتیی گرنگە و هاوڕێیەتیەکی کامڵیش پێویستی بە ***هاوبیری*** هەیە. ئەوە شتێکی سرووشتی و فەرمانێکی سرووشتیشە کە هەموو بوونەوەرەکان لەسەر بنەمای (*هاوخوێنی، هاوئایینی، هاونەژێتی و هاویادوەری*)، تێکەڵیی لەنێوان خۆیاندا دروستبکەن. وەلێ ئەو پەیوەندیانە هەرچەندەش پتەو بن، ناتوانن لە گرنگیی پەیوەندی ***هاوڕێیانە*** کەمبکەنەوە. هاوڕێیەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤە خاوەن فەزیلەت و ڕۆح پاکژەکانە. ئەو کاتەی ئێمە پاکژی و ڕاستگۆیی لە کەسێکدا بەدی دەکەین، ئیدی بەدەست خۆمان نیە و خۆشمان دەوێت. ئەوە ڕاستە کە هەرجۆرە چاکە و فەزیلەتێك سەرنجڕاکێشە، بەڵام چاکە و فەزیلەتی عەدالەتخوازانە و سنگفراوانی مرۆڤ، لە هەموویان شایانترە. جوانترین دیمەن ئەوکاتەیە کە مرۆیەکان لە چاکەکاری و میهرەبانیدا لێکتر بچن، چونکە لەنێوان کەسانێکدا کە هاوکارن و بەشدارن لە خۆشیەکانی یەکتردا، هەرکەسە بەهەمان ڕێژەی کەخودی خۆی خۆشدەوێ،

ئەوانیتریشی خۆشدەوێ. لەم ڕێگەیەشەوە، سیسەرۆ گەرەکییەتی پەیوەندیی هاوڕێیەتی بکاتە بناخە لەبۆ تەیارکردنی کۆمەڵگایەکی دادوەرانە و دەسەڵاتێکی دادپەروەر..
ئەگەر ئەم ئاواتەی سیسەرۆ بهاتبایەتە دی، بێگومان ئێستا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا پەتاتە خواردنێکی سەرەکیی و پیرۆز دەبوو، وەلێ چوون ئەو بۆخۆی باش دەیزانی کە مرۆڤەکان، بەزەحمەت دەبنە هاوڕێی یەکتر، ئاواش بە زەحمەت حەزیان دەچێتە سەر پەتاتە خواردن.. ئێستاش دوایئەوەی ئەمدیواودیوی خواردنەکەت برژاوە، کاتی ئەوە هاتووە چەندپارچە پەنیرەکەی لەسەر دابنێی بۆ ئەوەی بەسەریدا بتوێتەوە..
یەکێکی دی لەو نووسەرانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە پەتاتەخۆرێکی عەنتیکە بووبێ، ناوی (میشێل ئیکیم دی مۆنتێی)یە.. بە پێچەوانەی سیسەرۆوە، مۆنتێی (١٥٣٣-١٥٩٢) لە شاکارەکەیدا بەناوی (پەیگیرییەکان) و لە پەرەگرافی (١٣)دا، کاتێ باسی هاوڕێیەکی خۆیدەکات، پەیوەندیی هاوڕێیەتی وەك مەسەلەیەکی تایبەت و کەسیی پێناسە دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ. ئەو دەیژێ: (.. *لە قۆناغی هاوڕێیەتیدا، نەفسەکان بەجۆرێ لێکدی دەئاڵێن و بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن، ئیدی پەیوەستەگی خۆیان بەهەر شتێکی دیکەوە مەحوو دەکەنەوە و بۆیان نادۆزرێتەوە.. ئەگەر ناچارم بکەن تا بڵێم بۆ ئەو هاوڕێیەم خۆشویست، وا هەستدەکەم نەتوانم هۆکارەکەی بەیان بکەم، چونکە ئەو خۆی بوو، منیش، من)*. مۆنتێی بەم گوتەیەی قامکی لەسەر خاڵێکی گرنگ داناوە: هاوڕێکان یەکتریان خۆشدەوێ، بەڵام ڕەنگە نەتوانن هۆکارەکەی بڵێن. هۆکاری بوونە هاوڕێی کەسانی دیکە هەرچییەکیش بێت و ئەوان چەندەش ئاوێتەی یەکتر بن، سەربەخۆیی خۆیان لەدەستنادەن، چونکە ئێمە ئەوانیترمان خۆشدەوێ وەك خۆیان و ئەوانیش ئێمەیان خۆشدەوێ وەکئەوەی کە هەین.. لە درێژەی قسەکانیدا، مۆنتێی دان بەوەدا دەهێنێ کە نازانێت ئەو هێزە بەیانەکراوە چییە کە دەبێتە هۆی یەکبوونی هاوڕێکان.. بەڵام لەلای ئاشکرایە کە هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ هاوڕێکەیدا بەناوی (ئەتێن دولابۆتی)، جگە لە خودی پەیوەندییەکەیان هیچ نمونە و سەرمەشقێکی دیکەی نەبووە و نەدەکرا ئەو پەیوەندییەی ئەوان جگە لەخۆی،

بەهیچ پێوەرێکی دیکە هەڵسەنگێنرێ: *(نازانم کامە جەوهەری ئەو هەموو تێکەڵبوونەیە کە ویستی ئێمەی لە مشتی خۆی نا و بە تینوێتیەکی چوونیەك و ئامەزرۆییەکی دوو لایەنەوە، راپێچی نغرۆبوون و مەحووبوونەوەی لەیەکتردا کردین. گوتم (مەحووبوونەوە) و ئەم قسەیەشم ناواقیعیانە نیە: هیچکامێ لە ئێمە شتێکی نەدەکردە هی خۆی، وەکئەوەی بەتەنیا تایبەت بێ بەخۆی، یان تایبەت بێ بە من.. ئەو خۆی بوو، منیش، من).*

کەواتە دەتوانین لەمبارەیەوە قسەی خۆمان بکەین. بەڵام بەر لەوە، تکا دەکەم ئاگری خواردنەکەت کە بۆی هەیە ئێستا پێدا سووتابێ، بکوژێنەوە..

من لەو بڕوایەدام، هەروەکچۆن پەتاتە لە خۆیەوە ناکوڵێ، ئاواش کەسەکان لە خۆیانەوە نابنە هاوڕێی یەکتر. کەواتە لە هاوڕێیەتیدا هەڵبژاردن هەیە و زۆر نیە، ئازادی هەیە و جەبر نیە.. مرۆڤ دەتوانێت بۆخۆی هاوڕێکانی هەڵبژێرێ، نەك ئەوانیتر خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.. ئەمەش بەپێچەوانەی ناسیاوەتی و هەواڵێتیەوەیە، کە لە یەکەمیاندا ناچاریت لە ئاست ئەو کەسەدا کە ناسیوتە ڕەچاوی هەندی شت بکەیت کە بەدڵی خۆت نین و لە دووەمیشیاندا پێویستە قۆناغێك لەگەڵ ئەو کەسە هەڵکەیت کە بۆتە هەڤاڵت. دۆعا بکە ئەو قۆناغە زۆر درێژ نەبێتەوە و هەرگیز لەژێر سەقفێکدا پێکەوە نەژین، چونکە زۆرن ئەوانەی عومرێ لەگەڵت دەژین و شیعری هاوڕێیانەت پێشکەش دەکەن و هەرگیز نابنە هاوڕێی کەس.. ئەوان دەیانەوێ تۆ دزی و پۆخڵەواتەکانیان بشاریتەوە و نهێنییەکانیان بپارێزی و ڕۆژێکیش متمانەی ئەوە بەکەس ناکەن لەو هەموو کلیلی مەعریفە و میتافیزیقا و فەلسەفەی عیشقەی پێیانە دانەیەکیانت بدەنێ تاکو دەرگای ئاودەستێکیشیان پێبکەیتەوە.. ئەرێ بە ڕاست ئەو هەموو کلیلە نیشانەی ترسەنۆکی ئەوان نیە!

هاوڕێیەتی بریتیە لە پەیوەندیەکی دوولایەنەی درێژخایەنی خۆویستانەی نێوان دوو کەس، کە خۆی لە پەیوەندیی (ناسیاری) و (هاوەڵی) بەوەدا جیادەکاتەوە، تیایدا کرانەوەیەکی هەستەکی زۆرتر، نزیکی و بەرپرسیاری ئامادەیە. لە پەیوەندیی

ناسیاوەتیدا، ئەو کەسەی دەیناسین، ئەوەندە لێمانەوە نزیك نییە کە بتوانین لەتەکیدا کراوە بین و هەستەکانمانی بۆ دەربرین، هەروەکوچۆن لە پەیوەندی هاوەڵیشدا، ئەو کەسەی دەبێتە هاوەڵمان بۆ ماوەیەك دەناسین و پاشان بۆی هەیە درەنگ، یان زوو لێکدی جیابینەوە. هاوڕێیەتی پەیوەندییەکی قووڵترە کە داوای وەفا، دڵنیایی و هەستکردنی باشتر و ڕێز و تا ئەندازەیەکیش نازکێشانمان، لەئاست یەکتردا لێدەکات.
بێگومان هەموو ئەمانەش لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە ڕێژەیین و ئەگەری گۆڕانیان هەیە.. بۆنموونە هەندێ لە کولتوورەکان بەپێچەوانەی پەیوەندیی خۆشەویستییەوە، ڕێگەنادەن لە پەیوەندیی هاوڕێیەتیدا هەستی ئیرۆتیکی بەرجەستە بێ، وەلێ خودی پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە هەندێ کەلتووری دیکەدا ڕێگر نییە لەبەردەم پەیوەندیی سێکسیدا.
بەشێوەیەکی نموونەیی و ئایدیاڵ، هاوڕێیەتییەکان سنووری تەمەن، ڕەگەز، پێست، چین، سیما، حەزە تایبەتییەکان و بەهاکان دەبەزێنن. بۆی هەیە مرۆڤ، هاوڕێکەی لە خۆی گەنجتر و بەتەمەنتر بێت، بۆی هەیە نێر، یان مێ بێت و لە پشتەوە سەر بە نەتەوە و میللەتێکی دیکە بێ، جیاوازی چینایەتی، جوانی و ناشیرینی، ئایینی و خولیا فەردییەکان و بەها کولتوورییەکان نابنە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندیی هاوڕێیانەدا. وەلێ نموونەی ئەو پەیوەندیانەی لە واقیعدا دەیانبینین، بەزۆری لەنێوان کەسانێکدا دروستدەبن، کە هاوتەمەن، هاوپێگەی کۆمەڵایەتی، هاوحەز و سەلیقەی کەلتووری و مەتریاڵی و نزیکن لە جیهانبینی و بۆچوونی یەکترەوە.. لێگەڕێ ئەم بەشەی زنجیرەکەمان بە قسەیەکی لێژیك کۆلاکۆفسکی کۆتایی پێبهێنم کە گوتوویەتی: (ئەگەرچی ئاشکرایە، نابێ دەستی هاوڕێیەتی بخەینە دەستی هەر کەسێکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە تێڕوانینمان لە جیهان بەوجۆرە بێت، کە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەکانمان لەگەڵ کەسەکان، پێویستە لە تێڕوانینێکی باشەوە بێت و سەبارەت بە ماهییەتی پەیوەندییەکەمان گەشبین بین. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم تێڕوانینە زوو لە بۆتەی ئەزموونڈا بتوێتەوە و تەنانەت بەرژەوەندییەکانیشمان

بخاته مەترسییەوە، وەلیّ بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەویکردن لەو ئامانجە لە ژیاندا، شتێکی سوودبەخشە..).

لە کۆتاییدا، نامەوێت قسەی دڵی خۆمت لێشارمەوە: تۆ ئەزموونی تایبەتیت لە بواری هاوڕێیەتیدا هەرچییەك بێت، چەندە تێکیان شکاندبی، ئازاریان دابیت، بێوەفا و سپڵە بووبن، دیارییەکانتیان بیرچووبێتەوە، دوو ڕوو بووبن، کۆی بیرکردنەوە و هەوڵدانەکانیان بێهەا کردبیت و ژیانی تۆیان وەك هەموو شتێکی خۆیان تەزویر کردبێ.، هێشتا کاتێ خەریکی دروستکردنی خواردنی هاوڕێیانەیت و نەمێستاش تامی خواردنی عاشقانە و شاعیرانەت لە بێخی دداندا مابێ، پێویستە بەر لەهەموو شتێ لەگەڵ خۆشەویست و کەسانی دەوروبەرت و ژیانی خۆتدا، هاوڕێیانە مامەڵە بکەیت.. ئەمە دەڵێم و دەشزانم کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا چیدی ناتوانین ناوی (دۆست) و (هاوڕێکان) بهێنین، ئەگەر لەهەمان کاتیشدا ناوی (نەیار) و (دووژمن)ـەکانیشمان بە خەیاڵدا نەیەت. کەشفی گەورەی ژیان ئەوەیە مرۆڤ هەمان ئەو شتانە لەگەڵ ئەوانیتردا نەکات کە لەدژی خۆی کراون..

زەلاتەی حیکمەت

(فەلسەفە) و (حیکمەت) لە ڕوانگەی زەلاتەوە:

بەوەدا کە فەیلەسووفەکان عەوداڵی بەدوای حیکمەتدا، مانای ئەوەیە حیکمەت پلەیەك لەسەرووی فەلسەفە و حەکیمەکان کەمێ لە فەیلەسووفەکان داناترن. لە یۆنانی کۆندا فەیلەسووفەکان ئەو کەسانەبوون کە حیکمەتیان خۆشدەویست و دەیانویست ژیانێکی دانایانە بژین. ئەوان فەلسەفەیان وەك (زانستێك)، کە تایبەتمەندی خۆی و گوتارێکی تایبەتی هەیە، لە حیکمەت، وەك (شێوازەژیانێك) جیادەکردەوە و چاوەڕوانیان وابوو، فەلسەفە شێوازێکە لە ژیانکردنی حەکیمانە. بەم پێیەش دەبوو فەیلەسووف ئەو شێوەژیانە بژی کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی فەلسەفەکەیدا. دەبوو گوتاری فەلسەفی، واتە ئەوەی فەیلەسووف وەك فەلسەفەیەکی تایبەت لەڕووی تیۆرییەوە دەیخستە ڕوو، پەیوەندیەکی تۆکمەی لەگەڵ شێوەی ژیانی خۆیدا هەبێ. فەلسەفە هەر تەنیا کەڵەکردنی زۆرترین زانیارییەکان، هەرتەنیا بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی تیۆرە و بنەماکان نەبوو لە گەنجینەی بیری فەیلەسووفدا، بەڵکو شێوازێکی ژیانکردنی پراکتیکیانەش بوو. فەیلەسووف بەوجۆرە دەژیا کە بیری لێدەکردەوە و بیرکردنەوەکانیشی بەرجەستەکەری ئەو ژیانەبوون کە ئەزموونی دەکرد. هەربۆیەشە زەلاتەی فەلسەفی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بە کلاسیکترین جۆری زەلاتە و لەهەمانکاتیشدا خۆشترین جۆری زەلاتە دەژمێردرێن. ئەوان کونجێکی ژیان و بوون نەماوە لەڕووی فەلسەفیەوە قسەی لەسەر نەکەن و

ئەزمورونی نەکەن و دواجار لەناو دەفرێکی حەکیمانەدا داینەرێژنەوە. کانـت دەڵـێ: (*بەساڵاچوویك بۆ ئەفلاتوونی دەگێرایەوە کە لە خولی خۆپارێزیدا بەشداریدەکات. ئەفلاتوونیش پێدەڵێ: ئەدی کەی ژیانێکی خۆپارێزانە دەستپێدەکەی؟ ناکرێ بەردەوام قسان بکەین، پێویستە رۆژێکیش قسەکانمان بکەین بە کردەوە*). وەك پیەر هادۆ (کە من لەمبارەیەوە زۆر شتی لێوەفێربووم) دەڵێت: (*بە بڕوای بیرمەندانی دێرین، فەیلەسووف لەبەر رەسەنایەتی و زۆریی ئەو گوتارە فەلسەفیانەی دایاندەهێنێ، یان تەفسیر و راڤەیان دەکات، نابێتە فەیلەسووف، بەڵکو ئەوە شێوەژیانی ئەوە دەیکاتە فەیلەسووف. پێش هەرشتێ پێویستە خۆمان چاك بکەین و گوتاریش ئەوکاتە فەلسەفیە، کە ببێتە شێوازێکی ژیانکردن*). مەبەستی هادۆ ئەوەیە، ئەوەی فەیلەسووف دەکاتە فەیلەسووف قسەکردن نیە لەسەر جۆرەکانی زەڵاتە، بەڵکو ئەوەیە کە بۆخۆی زەڵاتەخۆربێت و زەڵاتە وەك ژەمەخواردنێك بخاتە ناو خشتەی بیرکردنەوەکانی خۆیەوە.. هادۆ، بەدرێژایی کتێبێکی گەورە و پڕ لە وردەکاری بەناوی (*فەلسەفەی دێرین چییە؟*)، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە فەلسەفە لە درێژەی مێژوویی خۆیدا، هەر لە پێش سوکراتەوە تاکو دیکارت و کانت و فەلسەفەکانی بوونخوازیی، جۆرێ لە پرۆڤەکردن و ڕاهێنانی فەیلەسووفانەی مرۆڤ بووە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی حەکیمانە.. بەم مانایەش بێت، ئێمە هەمووومان دەتوانین پرۆڤەی ژیانێکی ئەوتۆ بکەین کە لەسەر فەلسەفەیەك بەندە، بەبێئەوەی فەلسەفەمان لە قوتابخانە و زانکۆدا خوێندبێ و زانیاریە فەلسەفیەکانمان لە ئاستی زانیاریی فەیلەسووفەکاندا بن. حیکمەتی ژیان لەوەدا نیە کە بە پیشە و پسپۆڕی، فەیلەسووف و دانا بین، بەڵکو لەوەدایە کە ژیانمان ئەوەندە حەکیمانە بێت تا ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، بکەینە ئەوەی کە ژیانی ئێمەیە و شایستەی ژیانکردنە. کانت پێوابوو (مرۆڤ خاوەنی حیکمەت نیە وەلێ مەیلی هەیە بەلایدا و تەنیا دەتوانێ حیکمەتدۆست بێ و ئەمەش هەرگیز کۆتایی پێنایەت و جێگەی ستایشە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خۆشەویستیەك لە کۆتاییدا کردارێکە.. تەنانەت خۆشەویستیش بۆ عەقڵی تیۆری مەرجدارە و بەبێ

بەکارهێنانی کردەیانەی، ناکامڵ دەبێت).. کەواتە هەموو گرنگییدانێکی تیۆریانە بە ژیان، دواجار دەبێت لەبواری ژیانکردنێکی کردەییانەدا ڕەنگبداتەوە. بەم مانایەش فەلسەفە ئاسانترین و لەهەمان کاتدا قورسترین خۆراهێنانە لەسەر ژیانێکی بێ ناکۆکی و بەدەر لە گرێ و گۆڵ.

وەلێ با بپرسین: ژیانێکی حەکیمانە چییە؟ ژیانێکی حەکیمانە ئەو ژیانەیە کە شایستەی مرۆڤە و بەدەر نیە لە فەلسەفەیەکی تایبەت کە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە باشەکانی. ژیانێکی حەکیمانە ئەوەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ چۆن بژی و پەیوەندیەکانی ڕێکبخات، چۆن بیربکاتەوە و بیرکردنەوەکانی لە ژیانی خۆیدا ڕەنگبدەنەوە و ئاراستەکەری ژیانەکەی بن. ئەوەش دەگرێتەوە چۆن لە پێناوی خۆی و ئەوانیتردا کار بکات و تێبکۆشێ و دواجار ئەوەش دەگرێتەوە چۆن ئەو ژیانە گفتوگۆیەکی بەردەوام بێت لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانیتردا لەبارەی ئەوەی چۆن کار بکات و بخوات و بنوێ و پشوو بدات.. ژیانێکی حەکیمانە بریتیە لە ژیانێك بەدووربێ لە گرێوگۆڵ و گرژبوونەوە و ناکۆکی.. چونکە هەروەکچۆن ناکۆکی نێوان بیروڕا و شێوەی ژیانکردن، ژیان ئاڵۆز دەکات، ئاواش تێکەڵکردنی ئەو خواردنانەی لەگەڵ جەستەدا ناکۆکن، گەدەمان ماندوو دەکەن و شپرزەیی ڕۆحیمان بۆ دەهێنن. کەواتە ژیانێکی حەکیمانە بەدەر نیە لە بیرکردنەوە لە داهێنا[ن] خواردنێکی حەکیمانە.

زەڵاتە وەك یەکەمین خواردن:

ئەگەر حیکمەتی ژیان ئەوەبێ کە ناکۆکی لەنێوان بیرکردنەوە و کرداردا. لەنێوان تیۆرە و پراکتیدا کەمبکاتەوە، ئەوە خواردنێکی حەکیمانە هیچ نیە لە تێکەڵکر ئەو خۆراکانەی گەدەمان ماندوو ناکەن و ژیانمان ناشێوێنن. زەڵاتە نمونەی ئەو خواردنەیە کە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیەکی حەکیمانەیە لە ژیان.

کاتێ دوور، دوور بۆ ژیانی مرۆڤ دەڕوانین لەناو سرووشتدا، دەبینین و بەڵگە مێژووییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە زەلاّتە یەکەمین جۆری خواردنە بۆ مرۆڤ. ژیانی مرۆڤ لە سەرەتای سەرەتاوە، پێکهاتەیەکی زەلاّتەیی هەیە: (*لەسەرەتاوە، زەلاّتە هەبوو*)، بەلاّم زەلاّتە بەو مانایە نا کە ئەمڕۆ ئێمە تێدەگەین و تەنیا بەمانای (تێکەڵکردن) دێتەوە بیرمان. تێکەڵکردنی خۆراکەکان بەتەنیا نابێتە زەلاّتە و هەرگیز ناشبێتە زەلاّتەیەکی حەکیمانە. بەڵکو پێویستە ئەو تێکەڵکردنە بەئاراستەی دوورخستنەوەی جەستە و پارێزگاریکردنی ژیان بێت لە ناکۆکییەکان و ئەو شتانەی دەیشێوێنن.

لە ڕیوایەتە ئاینییەکاندا، یەکەم مرۆڤ کە بوونێکی شێوە فریشتەیانەی هەیە، خواردنی ئەو خۆراکانەی لێقەدەغە دەکرێ کە فریشتەکان نابێ بیخۆن.. گەدەی فریشتەیانەی مرۆڤ، نابێت ئەو خۆراکانەی تێبکرێت کە خۆراکی فریشتە نین، چونکە بەوە مرۆڤ لە فریشتایەتی خۆی دەکەوێ و ناکۆکیی دەکەوێتە نێوان بوونی و ژیانییەوە. بوونی ئەو، وەکئەوەی یەزدان بیری لێکردۆتەوە و بڕیاری لەسەر داوە، نابێت ناکۆك بێت لەگەڵ ژیانی ئەو، کە لەکردەوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. بەوەی ئادەم ئاگاداری ئەم حیکمەتەی یەزدان نیە و ئیبلیس ئەم هەلە، هەم لە دژی ئیرادەی یەزدان و هەم لە دژی ئادەم، دەقۆزێتەوە و خۆراکێ بە ئادەم دەخوات کە لێی یاساخکراوە، لە فەزای بەهەشتی دەکرێتە دەرەوە. ئەگەرچی ئەو خۆراکە بەپێی ڕیوایەتە جۆربەجۆرەکان، لە میوە و ڕووەك و دانەوێڵە بەدەر نیە، واتە لە جنسی بەرهەمە سرووشتییەکانە. بەهەرحاڵ، ئێمە لەمەوە تێدەگەین کە بوونەوەرێکی ئاسمانیی وەکو ئادەم نابێ ئەو میوەیە بخوات. کەچی دەیخوات و بەمەش یەزدان لە ئادەم تووڕە دەبێ و لە هەڵقەی ئەندامانی سەرکردایەتی دەیکاتە دەرەوە، چونکە بەگوێی ئەکتولچیەکی وەك ئیبلیسی کردووە.. لەڕاستیدا ئادەم هیچ ناکات لەوە زیاتر کە قەدەری مرۆڤانەی خۆی هەڵدەبژێرێ و ژیانی خۆی لەسەر زەوی دروستدەکات، نەك لە ئاسمان. ئادەم نەیدەتوانی بە بوونێکی فریشتەیانەوە ژیانێکی مرۆیانە بژی، ئەوە ژیانی ئەوی دەکردە

زەڵاتەیەکی بێتام و نەگونجاو.. ئەو نەیدەتوانی لەگەڵ خۆی ئاکۆك بێت و نەیدەتوانی ئەو شتەی ئەوێت و نەیخوات کە بیری لێدەکاتەوە. حیکمەتی یەزدان لەمە تێدەگات، بۆیە شانسێکی دیکە دەداتەوە بە ئادەم: ئەوەی یەکەمین مرۆڤ لە ئاسمانەکان لێدەسەنرێتەوە، لە ئامێزی سرووشتدا و لەسەر زەوی بە مرۆڤایەتی دەبەخشرێتەوە.
مرۆڤ دەیەوێ ژیانی خۆی بژی وەکەوەی بۆخۆی بیری لێدەکاتەوە، ئەو بیر دەکاتەوە کە دەبێ بخوات، دەبێ ئەو بەرهەمە سرووشتیە بخوات کە لێقەدەغە کراوە، کەواتە دەبێ لە ئاسمانەوە بێتەخوار بۆسەر زەوی و بۆ ئەمەش سەرپێچی لە فەرمانی یەزدان دەکات، تاکو بەپێی فەرمانی سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی بژی. یەزدان لەمەدا هێنانە مامەڵە دەکات، ئادەم لە قەڵەمڕەوی ئاسمانی وەدەردەنێ، بەڵام هەموو ئیمکانیەت و شانسەکانی لێناستێنێتەوە. لایەنگری لە سرووشتی مرۆیانەی ئادەم دەکات، نەك سووربوونی لەسەر سزاکەی خۆی و فەرزکردنی ئیرادەی یەزدانیانە..
بۆیە ئادەم ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بەهەشتی خۆی لەسەر زەوی دروستبکات، یەزدان لەمەشدا هاوکاریی دەکات، بەڵام سرووشتی مرۆڤانەی ئادەم ناچاری دەکات ژیانی خۆی بژی و دروستیکات: تازە ئەو یەکەمین مرۆڤە مانیگرتووە و لە (قاپە سوورەکەدا نەبێت)، ناخوات! لەدوای ئەم قوربانیدانەی ئادەم بە ڕۆحی فریشتەیانەی خۆی لەپێناوی گەدەی خۆیدا، یەکەمین خواردنێ، لە ئاندێنی سرووشتدا چاوەڕێی مرۆڤ دەکات، ئەو خۆراکە سرووشتیانەن کە مرۆڤ بە چاولێکەری و لاسایکردنەوەی ئەو ئاژەڵانەی کە پاشان دەبنە هاوەڵی و دەستەمۆیان دەکات، دەیانخوات. ئاژەڵ چی دەخوات؟ بێگومان زەڵاتەی سرووشت: پنجی سەوزایی و پەلکی داران، میوەی وەریوی درەختان، قارچك و کەنگر و ڕەگی ئاسکی گژوگیا، پیچکە و کوڕایە و ئاڵەکۆك، پەڵپنە، سێبەرە، پنگەڵە، ڕێواس، حاجیلە، ڕازیانە، گۆپکی نزاران، خونچەی نەپشکووتووی ئەمامان و دەیان و سەدان خۆراکی نەرم و تەڕاوی دی کە مرۆڤ لەناو قاپی گەدەی خۆیدا تێکەڵیان دەکات. بەم پێەش پێدەچێ بۆ نمونە: بزن یەکەمین مامۆستای مرۆڤ بووبێ لەبواری خواردنی ئەو خۆراکانەدا کە لەبەرزاییەوە

بەدەستیهێناون، چونکە بزن مەهارەتێکی باشی لەسەرکەوتن بەسەر تاشەبەرد و لقی باریکی درەختاندا، هەیە.. دووەمین مامۆستایشی لە بواری ئەو خۆراکانەی لە عەردێرا کۆیکردوونەتەوە، پێدەچێ کەر بووبێ، چونکە کەریش بەهۆی ددانە سپی و گەورە و لچ ولێوە نەرم و پانەکانییەوە، پسپۆڕە لەبواری ڕنینەوەی پنجی گیا و خواردنی گۆپکی درِکدا، بەبێئەوەی چقڵەکانی بەدەمیدا بچن.

مرۆڤ ئەگەر لەکاتی لەوەڕیی ئەم گیاندارەدا، بۆنموونە لەکاتی خواردنی گۆپکەی ڕووەکێکی دڕکاویدا (چقڵەکەرتەشی)، لە دیققەت و مەهارەتەکەی وردبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ: کەر، بەپێچەوانەی شارەوانییەوە، هیچ هەنگاوێك نانێ بەبێئەوەی حسابی وردی بۆ نەکات و پلانی تایبەتی بۆدانەنێ. خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەم دیمەنە بەراوورد بکات بە خۆی کاتێ گوڵ لێدەکاتەوە و زۆربەی جاران چقڵێ دەچێ بە پەنجەکانیدا، ئەوە پێویستە لە ئاست ئەو حوکمە پێشینانەی بەسەر کەریدا داون، بەخۆیدا بچێتەوە. بەخۆداچوونەوەش بەشێکە لە ژیانێکی حەکیمانە..

هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە بیسەلمێنێ، مرۆڤ هەتاکو زەڵاتەی سرووشتی خواردبێ، هەرگیز دووچاری نەخۆشییەکانی وەك برینداربوونی گەدە، پێچ بە سکداهاتن، قەبزی و پێچەوانەکەی، یان دڵپڕی و ڕشانەوە و زەردهێنانەوە بووبێ.. وەلێ بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوەی لەوکاتەوە مرۆڤ کەوتە لاسایکردنەوەی دڕندان و خۆی فێری گۆشتخواردن کرد و لە پێناوی ئەمەدا جەنگەکانی بەرپاکردن، هارمۆنی و گونجانی جەستەیی خۆی لەدەستدا و هەر ڕۆژە بە ئازارێکەوە تلایەوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو ڕاستییەی کە پێماندەڵێ مرۆڤ لە ئاستی ڕەگەزیانەی خۆیدا (فیلۆگینی)، تا ئەوکاتەی زەڵاتەی سرووشتی خواردووە، حەکیمانە لە هاوسەنگیدا ژیاوە، پێویستە بڕوانینە ئاستی تاکەکەسیانەی (ئۆنتۆگینی) ژیانی مرۆڤ. منداڵ، وەك بزن، لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە تا قۆناغێکی باشی تەمەنی خۆی شیر و شلەمەنییەکان و بابەتی گیایی دەخوات و گەدەی کاری سرووشتی خۆیدەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەی منداڵ فێری (چزە)ی برژاو و گۆشتی سوورخواردن و برنج و فاسۆلیای چەور دەکرێ و دایکان

و باوکان پێیانوایە ئەگەر ئیسقانێ نەگرێ بە دەمیەوە، ددانەکانی دەرنایەن، منداڵە فێرکە دەیگرێ. دوایەوەش قوونی دەسووتێتەوە و پاشانیش ناوی لەلەشدا نامێنێ و هتد.. هەموو ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە ناهێڵین منداڵ بە شێوەیەکی سرووشتیانە، لە سرووشت جیابێتەوە و دەمانەوێ هەرچی زووترە، بەو خۆراکانەی بۆخۆمان دەیانخۆین و حەزیان لێدەکەین، ئەوانیش (کولتووریزە) بکەین.. هەموو کولتووریزەکردنێ، ئەگەر لەگەڵ ئەو ئیقاعە سرووشتیەدا وێکنەهاتەوە، کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ ژیانێکی حەکیمانە، باجی قوورسی خۆی دەوێ..

بەودیوی تردا، کاتێ دەڕوانینە گەشەی ڕەگەزیانەی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە سرووشتی تاکەکەسیانەی باشتر تێبگەین، بۆمان دەردەکەوێ هەتا مرۆڤ لە زەلاتەی سرووشت دوورکەوتبێتەوە، حیکمەتی ژیانی خۆی لەدەستداوە و دڕندەتر و تێرنەخۆرتر بووە. وەکو فرنان برۆدل ڕوونیدەکاتەوە، تاکو پێش سەدەی شازدەیەم، واتە دوای سەفەرەکەی کۆلۆمبۆس، *(خواردن و مەتبەخێکی ئاڵۆز و شلووق لە ئەورووپادا نەبووە)*. لەو سەدەیە بەدواوە، مرۆڤایەتی حیکمەتی ژیانی خۆی لەسەر سفرەی گۆشتخواردن دەدۆڕێنێ، بەجۆرێ کە ناوی ئەو باڵندە و ئاژەلانەی لەسەر سفرە دەکرانە خۆراك، چۆڵبوونی جەنگەڵ و دارستان و دوورگەکانمان لە گیانداران، دەهێنێتەوە پێشچاو!. وەك برۆدڵ لە سەرچاوەیەکەوە کە ساڵی (١٣٩٣) نووسراوە، دەیخاتەوە بیرمان، هەر ژەمێ خواردن لەم خۆراکانە پێکهاتووە: (پارچەیەك گۆشتی گا، ماسی، مارماسی، دوو جۆر شلەی گۆشت، سوپی ماسی) و هتد. پاشان وەك مۆنتێ لە ساڵی (١٥٨٠)دا دەنووسێ، لە سالۆنەکانی نانخواردندا، گۆشت بێئەندازە دادەنرا: گۆشتی گا، مەڕ، بەراز، ماین، کۆتر، بزن و نێری. (ڕابلە)ش، سەبارەت بە جۆری باڵندە ڕاوکراوەکان لیستێکی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە، کە هەندێ باڵندەی وەکو (لەقلەق، قورینگ، ماسیخۆرە، کەو، کۆترەکێوی، قومری، قرژاڵکە، قەلەباچکە، فلامینگۆ..) و چەندانیتر دەگرێتەوە. هەموو ئەمانەش هاوکات لەسەر

سفره ئامادەبوون!. ئەو ساڵانە، چەندە ساڵانی لەدەستدانی حیکمەتن لە ژیانی مرۆڤدا، ئەوەندەش ساڵانی بەپەراوێزبوونی زەڵاتەن لەسەر سفرە.
مرۆڤ لە سەدەی شازدەهەم بەدواوە، بە تێپەڕین بە داگیرکاری و قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا و لەوێشەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی و پاشان بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ناوبەناو ئەوەندە لە گۆشتخۆریدا نغرۆ بووە، ناچار لەسەدەی بیستەمدا دەردی هاریی دەیگرێ و دوو جەنگی ئەوەندە مەزن وماڵوێرانکەر بەرپا دەکات، کە بۆنی ڕەشی درندەیی زاڵدەبێت بەسەر حیکمەتی سەوزی سرووشتیدا. نمونەی بەرز لەبەردەم مرۆڤدا چیدی تێگەیشتن نیە لە ڕازی جیهان و هارمۆنیای سرووشت، بەڵکو تازە وەکو ئەدگار مۆرن دەڵێ بریتیە لە *(داهێنانی بیرۆکەی دەسەڵاتگرتن بەسەر سرووشتدا، کە ئەمەش هەر بیرکردنەوەیەکی حەکیمانەی خستۆتە لاوە)*. ئیدی بەم پێیەش، یەکەمین خواردنی ئادەمیانە، لەبیری مرۆڤایەتی دەچێتەوە و چیدی زەڵاتە و خۆراکە میوەیی و ڕووەکیەکان خواردنی سەرەکیی مرۆڤ نین و زیاتر دەبنە خۆراکێکی تەشریفاتی و لۆکسی و نومایشکارانەی سەر سفرە.. وەکەوەی مرۆڤایەتی بیەوێ بە باوکە ئادەم بڵێ: چۆن تۆ لە پێناوی زەڵاتەی حیکمەتدا لە دروستکەری خۆت یاخیبوویت، ئاواش ئێمە لەو یەکەمین خواردنە یاخی دەبین کە تۆ لە پێناویدا بەهەشتت جێهێشت..
مرۆڤی هاوچەرخ، بەوهۆیەوە کە لە حیکمەتی ژیان دوورکەوتۆتەوە، تازە نازانێ چۆن سوود لە چێژەکانی ژیان وەربگرێ و ئەمەش وایکردووە تەسلیمی تەماعەکانی ژیان بێ.. لەم نێوانەدایە کە زەڵاتە وەك خواردنێکی سرووشتی و وەك یەکەمین خواردن، شوێنی خۆی بۆ ئەو خواردنانە چۆڵدەکات کە هەرگیز جێگەی زەڵاتە بۆ مرۆڤ ناگرنەوە. ئەمڕۆ لە چێشتخانە بەناو مۆدێرنەکانی ئێمەدا، داوای زەڵاتەیەك بکەیت، لە خەیار و تەماتە و هەندێ جار پیاز و بیەر زیاتر، هیچیترت بۆ ناهێنن. فەنتازیای خواردنی چێشتخانەکانی ئێمە ئەوەندە لاوازە، نەك هەر خۆیان بەستۆتەوە بە تەنیا خواردنی دووبارەوەبووی پیرۆزەوە: (برنج و فاسۆلیا و گۆشتی چەور)، بەڵکو

تەنانەت نەیانتوانی لەو هەموو سەوزاییەی کوردستان نمونەی زەلاتەیەکی خۆماڵی برەوپێدەن. ئەمڕۆ لەنێو هیچ شارێکی ئەم مەڵبەندەدا، یەك چێشتخانەت دەستناکەوێ تایبەتمەندی لە خواردنە گیاییەکاندا هەبێ و تەندوورێکی تێدابێ، تا لەگەڵ قاپێ زەلاتەدا کولێرەیەك و جامێ دۆت بۆ دابنێ، بەتۆزێ قەزوان و تۆراخەوە. بۆیە ئەوە هەڵوێستێکی نەك هەر تەندروستییە، بەڵکو هەڵوێستێکی ئەخلاقیشە، مرۆڤ بە یادی باوباپیرانی خۆیەوە جاروبار ئەو خۆراکانە بخوات کە ئەوان بەر لەچوونیان بۆ شەڕوبەرگریکردن لە داگیرکاران، بەر لە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی وەرزەکاندا، دەیانخواردن.. ئەگەر ئەو کەسەی ئەمڕۆ لە ڕیستۆرانت و چێشتخانەکانی ئێمەدا دادەنیشێ و پێوایە ئەوەی دەیخوات پاكوخاوێنتر و تەندروستانەتر و بەسوودترە لەوەی باوباپیرانمان دەیانخوارد، زۆر بەهەڵەدا چووە.. چونکە هیچ نەبێ ئەوان لەپێش بەدەستهێنانی خواردنە سادەکانیاندا، زەحمەت و ڕەنجیان دەکێشا و لەدوای خواردنیشیان دەکەوتنەوە کارکردن بۆ دروستکردنی ئەم ولاتە.. کەچی ئێمە لەپێشخواردنەکانەوە بچووك بووینەتەوە بۆ بوونەوەرێکی برسی و کە زۆریشی تێدەپێچین، یەکسەر خەومان لێدەکەوێ..

(مایۆنیز) ژەهری زەلاتە:

داگیرکاری هەر یەك شێوەی نییە.. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە جۆرێکی دیکەی داگیرکاری ئەزموندەکات کە پێشینەی نەبووە: جگەرەکێشان و مایۆنیزخواردن!.. یەکەمیان تایبەتە بە پیاوان و دووەمیشیان بە ژنان.. ئەمڕۆ هەروەکچۆن دەگمەنن ئەو ڕیستۆرانت و خواردنگانەی جگەرەکێشانیان تێدا قەدەغەکراوە، یان شوێنی تایبەتیان بۆ جیاکراوەتەوە، ئاواش دەگمەنن ئەو زەلاتانەی لەوێدا بەبێ مایۆنیز نەخرێتە بەردەممان.. لەوەش ترسناکتر ئەوەیە مایۆنیز، نەك هەر لە سۆپەرمارکێتەکانی ئێمەدا، بەڵکو لە ڕیستۆرانت و پیتزاخانە و لە زۆربەی ماڵی کوردیدا، ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە. ژەم نییە جۆرێ زەلاتەت نەخەنە بەردەم کە پڕە لە ژەهری مایۆنیز..

ئەم ژەهرە سپییە بەتامە، زۆرترین ڕەفەی داگیرکردووە و دەبێ هەمیشەش ئاگامان لە ڕێکەوتی بەسەرچوونەکەی بێت.. ئەم ژەهرە نوێیە جگە لەوەی خۆی وەکو یەکێ لە داهێنانە تازەکانی کارگەی لە قتووکردن دەخاتە ڕوو، ئاواش لەناو خانەکانی لەشماندا جێگیر دەبێ و لەشێوەی چەورایبەکی خەستدا، بۆ هەمیشە داگیرمان دەکات.. بگرە داگیری کردووین و ئەم زبڵەی لە وڵاتانی دراوسێوە دەرخواردی ئێمە دەدرێ، لە حاڵی حازردا کاریگەری و نیشانەکانی بە جەستەی گەنجانی ئێمەوە، بە کچ و کوڕەوە بەدیار کەوتوون. مایۆنیز، ئەمڕۆ لە کەلتووری خواردنی ئێمەدا بە جۆرێ شوێنی خۆی کردۆتەوە، ئەگەر مرۆڤ ڕۆژی جارێك نەیخوات، وادەزانێ بە هەتیوی گەورە بووە. ئەم نەوەی مایۆنیزخۆرە، ڕۆژگارێکی سەختی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی لە هۆڵە وەرزشی و مەلەوانگەکاندا عارەقێکی زۆر بڕێژێ، نەك لەپێناوی نیشتیماندا، بەڵکو لەپێناوی دابەزاندنی کێشی خۆیدا..

ژیانێکی حەکیمانە خۆبەدوورگرتن نییە لە چێژەکانی ژیان، بەڵکو بەدەستهێنانی دانایە بۆ سوودوەرگرتن لەو چێژانەی ژیان پێمانی دەبەخشێ.. کەواتە هیچ نەبێ جاروبار، بە ڕۆحییەتی بزنەوە، هەوڵبدە زەڵاتەیەك دروستبکە و وەك ژەمێکی تەواو، بە نانێکەوە بیخۆ.. حیکمەتی زەڵاتە لەوەدا نییە کە تێرمان دەکات، یان نا، بەڵکو لەنموونەی ئەو سادەیی و هەڵکردن و گونجانەدایە کە دەیهێنێتەوە بیرمان.. هیچ لەوە جوانتر نییە لە پێکەوە هەڵکردنی دانەی وەریوی هەنار و پەڕی ناسکی کاهوو، لە ئەڵقەی کەفداری پیاز و فێنکایەتی خەیارەوە، لە نازی وردی شوێت و بۆنی شینکایی کەرەوەز و بەزەڕوو (تەرەتیزە) و لە فراوانی باڵی کەلەم و ڕەنگی شەرمنی تەماتەوە، لە شێداریی بیبەر و خرمەی هەناسەی ترۆزی و گێزەرەوە، (پێکەوە هەڵکردن) و (پێکەوەگونجان) و (تەبابوون)مان بیرکەوێتەوە، لەم قاپە گەورەیەدا کە قاپی گەورەی ژیان و بوونە لەناو جیاوازییەکاندا. بەڕاستی زەڵاتەی حیکمەت فێرماندەکات لەگەڵ خۆماندا بە ئاشتی بژین، ئەوەندە لووتبەرز و خۆبەشتزان نەبین.. لەبەر ئەوەی خەڵکی پێمان نەڵێن چاوچنۆك و ڕەزیل، گۆشتخواردن نەکەینە بتێك و بیپەرستین..

خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخ فرۆش؟!

سادەبین لە ژیاندا وەك پەڕی سەوزی کاهوو

وەك گوارەی شۆڕی شویت،

بەوێنەی سنگی پانی گەڵای سلق..

جاروبار یادی شاتوو بکەینەوە لەکەنار سێوی ترشدا،

ترۆزی ئەوەندە گران نەکەین، کرم لێیدا..

پەنجەکانت ڕابێنە با کراسی سپیی کەلەم بکاتەوە،

(کاتێ بە لێو دەخورێ کەلەم،

چ پێویستیمان بە کارد هەیە بۆ جنین!؟)

هیچ چارەیەك نییە، ئەمجارەیان ڕێواس بێتەوە،

دەبێ تا ئەوسەری بەهار بچین بەپیرییەوە..

هیچ چارەیەك نییە، ڕۆژگارێ دێ،

سووجدە بۆ تووی فەرەنگی دەبەین

دڵنیام ساتێك لە ژیاندا هەیە

بەئاواتەوەین ڕەسمێ بگرین لەگەڵ هەنار..

ڕۆژگارێ تێدەگەین بۆچی تەڕەتیزە لە گریاندا تیژ بووە،
مەعلوومە ئەگەر کابرای عەرەبانچی بۆنیدەکرد،
نەعنای نەدەفرۆشت بە پارە،
هاواری نەدەکرد: (وەرنەوە بۆ جاترە، ئەوەیە ڕازیانە)..

ئەوەیە ژیان کە پڕیکەین لە حیکمەتی شیرینی کاڵەك،
لە پرسیارە گەورەکانی شەمامە.
ئەوەیە ژیان،
کە لە گۆپکەی مێوەوە هەست بە سەرخۆشیی ترێ بکەی
ساوەر ئەخۆی بەبێ پیاز
ئەوەیە ژیان، کە بە تامەزرۆیی بزنەوە دایڕنی گەڵامێو،
بەسەر دڕکدا شاڵاو بەری بۆ تووترك
یەکجار خەیار و پەنیر بکەیتە بابۆڵە،
هەناسەت دەبێتە عەتر!
یەکجار هێلکە و شوێت پێکەوە بخۆیت،
پاشایت!

دەترسم ژیان بتکوژێ و بۆنت نەکردبێ بە دارچینەوە!
دەترسم قەبرەکەت پڕنەبێ لە نووری گوڵەبەڕۆژە
تا پێشمردن، درەنگ نییە بۆ خواردنی کولێرە و شووتی،
هەتا جەڵتە، کاتت ماوە بۆ بۆنکردنی بیبەری سەوز
تا کوژانەوەی کارەبا، هەلێکی باشە بۆ خرمەی گێزەر..

دەزانم جوانترین حیکمەت،
ڕشتنی خوێنی گێلاسە لە شەڕی دوو ماچدا، بەر لەپیری..
دەزانم جوانترین تابلۆ
سادەیی ڕووتبوونەوەیە لەناو بۆنی گوڵەباخدا، بەدزی..
دەزانم تەماتەی عەشقت نەخواردبێ،
سەد حەیف، تەنیایت!

ئەم پەرلەمانەی ئێمە بۆ ئەوەندە بێوەفایە لەناست لۆبیادا؟
هەتا ئێستا لەدژی ئافاتی گۆشت بڕیارێکیان دەرنەکرد..
دەزانم لایەنگرانی کەباب لە حکومەتتدا بەهێزن،
کوڕانی قەل، بەچەندین باڵەوە.. فەوتان.

مەعلوومە ڕۆژێ ئەهلی تۆراخ دەیکەنە خۆپیشاندان
دڵنیام لە تووڕەیی ترش، لە توندوتیژیی ترشیات..
ئەم هەموو زەویانەیان فرۆشت بە بلۆك و چیمەنتۆ
پرسێکیان بە خۆڵ، نەکرد
ئەم هەموو بیرەیان لێدا و لە ڕازی قووڵایی نەگەیشتن!
باینجان ئەوەندە حورمەتی خۆی گرت
قەت نەبووە ڕەمزی ڕوومانە،
وەلێ وەڕسە لەناو ئەو هەموو قیمەیەدا،
بکرێتە تەبسی..

کە بەلای پردەکەدا دەڕۆم، لای سەوزە فرۆشەکان
بازاڕی ئەسڵەحەم بیردێتەوە
بامیە بە نرخی فیشەك
کەلەم بە نرخی گوولە ئارپیجی و
باینجانیش بە هی خومپارە
دەفرۆشن!

سەوزەفرۆشەکان
لەکاتی کڕینی عاشقانەترین میوە و سەوزەدا
تەریقماندەکەنەوە:
(هەڵبژاردن نییە.. لاچۆ خانم.. بڕۆ خاڵە..).

دە وەڵڵاهی،
من سەوزە و میوەفرۆش بم و کچێك بێت بۆلام
لە خۆشیان دەبووریمەوە..
من تەماتەفرۆش بم و پیرەمێردێ بێت بۆ لام
عاشق دەبمەوە
من خەیارفرۆش بم لەم قرچەی هاوینەدا
هیچیشم دەستنەکەوێ، فێنك دەبمەوە..
بەو حاجی کاك ئەحمەدی شێخە،
بە شێخی بڵندی (چۆڵ)
من قۆخ فرۆش بم و ژنێ پێمبڵێ قۆخ بەچەند؟
تەریق دەبمەوە..

خودایه بۆ نەتکردم بە قۆخ فرۆش؟

من قۆخ فرۆش بام،

لەکەنار عەرەبانەکەمدا بیرم دەکردەوە:

مادەم پەروەردگار ئەم خەڵکە دڵخۆش ناکات

مادەم پەرلەمان ئەم وڵاتە دڵخۆش ناکات

مادام حکومەت سەردانی کەس ناکات،

پێویستە بە خۆخ، بە گندۆرە،

بە شفتی و ترۆزی دڵخۆشیان کەین..

بەو خودایە خەڵك دڵخۆش دەبن

بەگۆڕی ئەو سەحابانە قەسەم،

خەڵك بە ڕووخۆشیی تەماتەفرۆشەکان دڵخۆش دەبن،

خەڵك بە میهرەبانی شویت فرۆشەکان دڵخۆش دەبن،

خەڵك بە هەرزانیی گێلاس،

بە عەدالەتی تەرازوو لەکاتی کێشانی مۆزدا،

خەڵك بە شتی سادە، ساكار و هاكەزایی دڵخۆش دەبن..
بەگەرمیی سەموون، بە بڵقی قاوەیی نان
بە هاتنەوەی كارەبا
بە هاتنەوەی ئاو..

من جارێك پیرەمێردێكم بەوە دڵخۆشكرد، كە پێمگوت:
(دەستت ماچدەكەم!)
كابرای دووكاندارم بەوە دڵخۆشكرد، كە پێمگوت:
(چەند بفەرمووی لە خزمەتدام)
كە هاتمەوە ماڵ پارەكانم ژمارد، تەماشامكرد
سێ هەزار و نیوی داومەتەوە لە پێنج هەزار..
ئافرەتێكی گەڕاوەم بەوە دڵخۆشكرد كە پێمگوت:
(تۆ لەو گەڵامێوانە بكڕی بۆ یاپراخ،
من دەمەوێ ببمە برنجی خووساو)!
دەمزانی ئەم دایكە پڕە لە بەخشندەیی بۆ میوان
دەمزانی پڕە لە حەز بۆ باوەش پێداكردنی كوڕەكەی،
لە هەندەران..

جارێك كچێكی لوتبەرزی سلێمانیم

بەوە هێنایە پێکەنین کە پێمگوت:

(گەر پەتاتەبام، خۆم لەو خۆڵە وەردەدا

تا بەو پەنجانەت پاکمکەیتەوە، زۆرترین گات..)

ئەویش پێکەنی و بەدەم ڕۆیشتنەوە قسەیەکی کرد،

وابزانم گوتی: (گووبخۆ، شەیتان!)

جارێکیش، پەنابەرێکی سنەییم بەوە دڵخۆشکرد کە پێمگوت:

(ئاغاگیان، نەك هەر میوە و بەس،

دەرگای ڕۆحیشم، بە ڕووتدا کراوەس..)

بەر لەوەی خۆپیشاندان بکەن،

جامێ گوڵاو دەبەم بۆ کانی عاشقان،

ئەیناکا: بەلای مۆنۆمێنتەکەدا ناچم!

پێش ئەوەی تەقە بکەین، گوێبگرین

خودایە تۆ گوێت بۆچی دروستکردووە؟

بۆ گوێگرتن لە تەقە

یان لە خەڵك؟!..

دەمەویٚ عەرەبانەیەك هەنجیر بدەمە عاشقانی کەلار
دەمەویٚ لۆرییەك قەیسی برێژمە دەربەندیخانەوە
دەچمە خانەقین و پڕ بە گۆزەکانی (نیاز بەیاتی)
ترێ دەبەم بۆ ماسییەکانی ئەڵوەن
هەر لەوێش هاواردەکەم:
خودایە بمکەی بە قوربانی (خودادا عەلی)
لەناو پیکابێ کالیاردا خۆم دەکەم بە (ڕەحیماوا)دا
ڤیروسیا، بە ئەمەریکییەکان دەڵێم:
(تا (عەلی مەردان) نەناسن
تێناگەن لە قەتار، حاڵی نابن لە ئەڵلاوەیسی
ئێوە کە لە بەیاتی کورد تێناگەن،
ئەم هەموو مەخزەنە چییە پێتان؟)
کەیفی خۆیانە دەمکوژن، یان گیسە دەکەن بەسەرما..
بەس ئەگەر کوشتیانم، تکایان لێدەکەم
لە (باخچەکانی سووبحی)دا فڕێمدەن..
چەند خۆشە سپیدەیەك بە مردوویی شاعیرێکی مەست
باوەشت پیاکا؟
باوەشی تۆ، سووبحی،
بەخشندەترە لە باوەشی کابینەی یەکگرتوو..

کە لە هەولێر بووم جاشی کەس نەبووم لە جاشی ماست زیاتر
ئێستاش کە دەچمەوە قەڵا، هەر دەبمەوە جاشی لۆر و پەنیر،
جارێك لەگەڵ (مەسیفی)دا، لەوبەر مەچکۆوە،
لە قەیسەرییەکەدا،
نان و پەنیرمان خوارد
لە کۆڵانی دارتاشەکاندا،
گایەك سمکۆڵی دەکرد، مەسیفی پارووەکەی پێ تەواونەکرا..
(دەشتی) بەوێدا هات، (پیانۆی ڕۆژهەڵات)ی لێدەدا
ئەم دڵشاد عەبدوڵایە شایەتە
ئەوکاتە من چیم لێهات،
بۆیە شیعری (بابەتایەر)ی نووسی..

خودایە لێمگەڕێ بچم بۆ دەفەری ناکرێ،
بۆسەر گردەکەی بەرامبەر شار،
بەر لەوەی وەك بەنزینخانە گڕبگرێ
بەشکم لەژێر عەباکەیەوە،
بمباتەوە بۆخۆی، ڕووبەند لەسەرێ..
بەدهۆکدا دەچم بۆ زاخۆ.

تا سەر پردەکەی برایم خەلیل هاواردەکەم:
سەیدا، هێندە شیرین بن، بە کاڵی دەخورێن
تاقتان نامێنێ..
دەزانم لەگەڕانەوەمدا (ناڵبەند)م لێپەیدا دەبێ
دوایین قەسیدەی، بۆ شێخ ڕەزا نووسیوە،
پێکەنینی لەبەر دەڕژێ..
ناوەستم هەتا ڕانیە، بە دەربەندێدا دێمەوە قەڵادزێ
بەدیار خەیاتێکەوە هەڵدەترووشکێم
تا جلانم بۆ نەدووری، نابزووێم
پاشانیش بەسواری ئەسپێ،
تا کچەی (بەیتی ناسۆس)ی نەدۆزمەوە
سەرم بچێ، نوێژم ناچێ..
خودایە خەڵکی ئەم وڵاتە هەموو دڵیان ناخۆشە،
بەرەکەت لەم قۆخانە کەوێ
بەرەکەت لەم بۆنی جاترەیە،
بەچی دڵخۆشیان کەم خەڵکی بناری سیوەیل؟
چۆن دەبێ وەزیریان بەرکەوێ و
قۆخیان بەرنەکەوێ؟

خودایە بەرەکەت لەم وڵاتە کەوێ،
خودایە بەرەکەت لە ڕەحمەتت کەوێ
ئەم بناری سیوەیلە
نە جادەی بۆ دەچێ، نە خەستەخانەی بۆ دەکرێ
لەگەڵ وەزیرێکدا لەوبارەیەوە قسان بکەی،
دڵنیام پێتدەڵێ:
(مامۆستا، ئەمرەکەی بۆ دەرچووە
بەڵام تەنفیزەکەی لەبەر پەکگرتنەوە، دوا دەخرێ..)
خودایە من بە خۆم و عەرەبانە و ئەم هەموو قۆخانەوە
چۆن بچم بۆ (بارێ)
کە جادەکەی وێران بێ،
کە خەستەخانەی لێنەبێ
چۆن ڕووم بێ لە (قەڵاچوالانەوە) بچم بۆ (شیوەکەڵ)؟
تا دەگەم، زۆری پێدەچێ..
خودایە شۆفڵێ بۆ سیوەیل بنێرە،
خودایە بینێرە بلدۆزەرێ!
عەرەبانەکەشم دەرچێ ئەوان قۆخیان ناوێ
جادەیان دەوێ، گرێدەریان دەوێ..

خودایە من کە دەمەوێ نوممەتەکەت دڵخۆش کەم،
تۆش نابێ بهێڵی عەرەبانەکەم بچەقێ..

هیچ وەختێ نەبووە ناوی ڕازیانە
ڕازیی بێ لە پەرداخی بێ بووز،
تەکلیفی عارەق لە عارەقخۆر،
مەستبوونە، مەستبوون..
دڵخۆشکردنی کوردیش،
تەکلیفی منە لە تۆ..

خودایە ئەوانەی بەنانەڕەق گەورەبوون،
بۆ لە تشریبا غەرقیانکەیت، تێرناخۆن؟
پەروەردگارا، چ مەخلووقێکە ئەو قەومەی
چەندین سەرۆکی هەیە و تێرنابێ بە سەروپێ؟
ئەو هەموو گایە بخۆین،
زەوییەکان بەچی بکێڵین؟
ئەو هەموو بزنانە بخۆین،
گوندەکان بەچی ئاوەدان کەینەوە؟

بە بۆنی شیر و ماست و پەنیری موعەللەبەوە

بچینەوە بەردەم یەزدان، دەفەرموێ:

(ئەمانە لە ئوممەتی من نین.. بیانبەن بۆ گەسنەزان..)

ئەو مەڕی پێغەمبەرانە هەموو سەربڕین،

زستان ڕەقدەبینەوە..

من لە بیری پنجێ گیادام، خەیاڵ بە لمبۆزی کەرەوە لێدەدا..

گەر هەموو کەرەکان بەر ئۆتۆمبێل بکەون، گیا دێتە زمان،

گەر گوێرێژەکان نەمێنن، (نالی) خۆی بەراووردکا بەچی؟

قەلاچۆی مریشکەو سەگەکان ئاوارەبوون و وەڕین:

(ئەمانە چ میللەتێکی پەستن، لە نووزەی وەفا تێناگەن؟)،

(ئەمانە چ مەخلووقێکن بەو هەموو خوێنەوە،

حاڵی نابن قرووسکە یانی چی؟).

خودا بەرداری نییە،

تاووس ناوێرێ بە ئاسمانی ئەم نیشتیمانی ڕاوچییانەدا بفرێ!

پشەی ناو شیعری منداڵان، زۆرحاڵی چاکترە لە پشیلەی کۆڵان!

هەرچی زووتره لەم غەریبایەتییەوە دەچم بۆ باخی شیعر،
بە ئازادی دەژیم لەگەڵ هاوڕێکان..
خودایە لەتوکوتم کەیت وەك گەڵای پاییز،
ئەم باخەی وڵاتی ئێمە چ ئافاتیەتی؟
هەنجیر دەگات و دەستمان دەیگاتێ و
کەچی بەکاڵییش لێومان بە لێوی ژن ناگات؟
خودایە ئەم باخەوانە پیرە چییە لە باخی شاردا،
گووشینی پەنجەی حەرامکردووە و
هی بەلەپیتکە قەدەغە ناکا؟
بەو هەنارانەی وادەقڵیشێنەوە دەڵێم:
ڕازی خۆتان بۆکەس مەپروێنن،
لەناو ئەم قەسسابخانەیەدا،
تازە کەس زەڵاتەی حیکمەتێ مەیل ناکا.

شەرتبێ بەشەرتی خودا، بەهاری داهاتوو،
کابینە لەگەڵ بەڵاڵووکدا پێکدەهێنم..
بەدرێژایی تەمەنی کورتی چوالە،
بۆئەوەی گەندەڵ نەبین، دەمی یەکتر دەمژین..

خودایە ئەم حکومەتەی ئێمە چ بەڵایەتی؟

ئەم پەرلەمانەی ئێمە چ سندانیەتی؟

سندان لەم ژیانەدات، کە دڵمان خۆشناکات..

سندان لەم ئاوەدات کە بەش ناکات

سندان لەم کارەبایەدات

کە نایەتەوە..

سندان لەم گەرمایەدات کە نابڕێتەوە..

خودایە ئەم باخەی ئێمە چ ئافاتییەتی؟

دەزانم لە شیلەی تەڕی خۆخدا،

تامی ماچت نەیەتەوە یاد، مردوویت..

کەچی وا وەرزی قۆخ تەواو دەبێ و ماچ پێناگات؟

کەچی وا بڵێ دەبین لە پیریدا و ئەو تێناگات..

خواردنیی دایکانه

وەك دەبینی لەدوای خواردنی *عاشقانە، شاعیرانە، هاورێیانـە و حەکیمانـە*، باسـی خواردنی *دایکانەت* بۆ دەکەم، خواردنێ، کە سەدان جار خواردوتە و خواردنێ ئەگەر تا ئێستا نەتخواردبێ لە کیست چووە.. چاوەڕێ نەبیت مـن لـەم زنجیرەیـەدا نـاوی خواردنەکە و پێکهاتەکانیت، لەسەرەتاوە و بەڕاشکاوی پێبڵێم، چونکە شـێوەی ئـەو خواردنە پابەندی ئیستیعارە و پێچانەوەیە و منیش لە درێژەی قسەکانمدا هەوڵـدەدەم کەمێ لە گرێکانیت بۆ بکەمەوە. لەم زنجیرەیەدا ئەوەندەی باسی دایکت بۆ دەکەم، باسی جۆرێکی تایبەت لە خواردنت بۆ ناکەم. فـەنتازیای خـواردن، ئەگـەر نـەتوانێ خەیاڵ لە باشترین خواردندروستکەری ناو ژیانی ئێمە بکاتەوە، کە دایکمانە، ناتوانـێ ئەو خواردنانە دابهێنێ کە دواجار بەیادهێنـەرەوەی دەسـتپوختەی دایـکن.. هێـدە هەیە، ئەمە ئەو خواردنەیە کە ناتوانین دەسـتوورێکی بۆ دەسـتیـشان بکـەین، ڕێنمـایی کەس بکەین بۆ دروسـتکردنی بـەوجۆرەی کـە پێویـستە دروسـتبکرێ.. ئەمـە ئـەو خواردنەیە کە یەك دەستووری نییە و هێندەی ژمـارەی هـەموو دایکـان، دەسـتووری تایبەت بە خۆیان و چێژی جیاوازی هەیە.. هەر کات بزانین ئەو خواردنـە دایکانەیـە چییە، یەکسـەر شوێنی جنراو، برنجی خووساو و تەڕەپیازی باریکمان بیر دەکەوێتـەوە، کە بۆنەکەی پێش تامەکەی پێماندەڵێ: نا لەوماڵەدا، دایکـێ قـۆڵی لێهـەڵماڵیوە و

بەدەم خەیاڵ و بیرکردنەوە لە یەکبەیەکمان، واخەریکە (پەنجەکانی لەناو سەوزایبدا دەچێنێ)..

ئەفسانەکان دەگێڕنەوە، کاتێ دایك ویستی هەموو ڕازی دڵی خۆی بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ لە شتێکدا بپارێزێ، ئەم خواردنەی داهێنا و خستیە ناو قابلەمەیەکەوە و چەند بەردێکی لیسۆکەی لەسەر دانا و سەرەکەی لەسەر دانایەوە. ماوەیەك تێدەپەڕێ و قابلەمە بەبێ ئاگر، ڕۆحی دەچێتە بەر و هەر بە گەرمایی دڵی دایك، دەکەوێتە قوڵپەقووڵپ و هەڵم لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە. لەو کاتەدا، وەك ئەفسانەکە دەڵێ: *(ئەسکەندەری مەکدۆنی بەخۆی و سوپایەکی بێشوومارەوە خەریکن بەوێدا ڕابوورن تا بچن ئێرانێ داگیر بکەن. ئەسکەندەر دەست لە قشوونی خۆی بڵند دەکا تاکو لەشوێنی خۆیان بسەکنێن، لە ئەسپەکەی دێتەخوار و لغاوەکەی بەرەڵلا دەکات و خۆی بەژوورێدا دەکا و یەکڕاست دەچێتە سەر قابلەمەی. بە دەستە خەپەتۆڵەکانی سەرەکەی لەسەر لادەبا، دانە دانە بەردەلیسۆکەکان هەڵدەگرێ و دوو پەنجان بەناو هەڵم و قووڵپە و گەرمایێرا دەباتە ژوورێ. لەو کاتەشدا سەرلەشکر و جاردەر و دەستوپێوەندەکانی لەناو دەرگایێرا سەریەك نیشتوون و لە سەرداری خۆیان دەنۆڕن کاتێ دەستی دەهێنێتەوە دەر، شتێکی بەدەستەوەیە..).*

مێژوونووس، کە لە کونی پەنجەرەیێرا تەماشا دەکات، ئەم ڕووداوە بە وردی تۆمار دەکات و هەر ئەویش بۆی گێڕامەوە، کە لەو کاتەدا یەکێ لە پەیڕەوکارانی فەلسەفەی ئەبیکۆر، هاواری کرد: *(پایەدارا، ژیان دە چێژەکەیدایە و چێژ سەرەتای ژیانە)*!. ئەسکەندەر کە ئەمەی گوێ لێدەبێ، یەکسەر گوتەیەکی بەناوبانگی ئەرستۆی مامۆستای خۆی بیر دەکەوێتەوە، کە گوتبووی: *(هیچ شتێ لە ژیاندا نییە، شایانی ئەزموونکردن نەبێ..)*، بۆیە یەکسەر خواردنەکە دەخاتە دەمیەوە و هێواش هێواش دەیجوێ.. سەرباز و پێشقراوڵ و هەواڵبەر و دەرەجەداران، تێکڕا دەچنە سەر شانوملی یەکدی و دەیانەوێ بزانن پادشای خۆیان بەو خواردنەی چی بەسەردێ..

مێژوونووسەکە لەو هەراوهۆسەیەدا، پەڕەمووچەکەی لێبەردەبێتە خوارەوە و چاویلکەکەی دەشکێ. بۆیە ئەوەی لەوەدوا تۆماریکردووە، جێی متمانە نییە، وەلێ حەکایەتەکان دەگێڕنەوە: ئەسکەندەر لە شوێنی خۆی حەپەسا، پاشان دوو هەنگاوان کشایەوە و لەسەر کورسییەك دانیشت و لەبەر خۆیەوە گوتی: *(لەوەی لە ناخی دڵمدا پەنگی خواردۆتەوە، لەم خواردنەوەی پێچاوە،..)*. ئەمجا فەرمان دەردەکا لەبۆ مەتبەخدار و سەردەستەی نانپەزان کە ئەو خواردنەی بکەنە خواردنی ڕەسمیی لەشکرێ، تاکو سەربازەکانی بەو جۆشەی دە خواردنی دایکانەدایە، بخرۆشێن و ورەیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەگەڵ دوژمنێدا، بەرزبێ..).. ئەو بەشەی ئەفسانەکە لێرەدا تەواو دەبێ و ئەسکەندەر شەڕەکە دەباتەوە، وەلێ باسکردنی خواردنی دایکانە، بەردەوامیی هەیە..

** ** **

چێژی ئێمە لە خواردن پەیوەستە بە سەلیقەی دایکەوە. وەکەوەی دایك بۆ هەمیشە تاموچێژی بە هەموو ئەو خواردنانە بەخشیوە کە ئێمە مەحکومین بە خواردنیان.. هیچ کەسێ لە ئێمە نییە، کە یەکەم ئەزموونی خواردنی خۆی لە خواردنەکانی دایکییەوە وەرنەگرتبێ و دواجار ئەو ئەزموونە وەك چێژێکی ئەبەدی، بە ژیانیدا درێژ نەبووبێتەوە. خواردنی دایك لەو ژەمە دەچێ کە ئەو یەکجار بۆی دروستکردوین، وەلێ ئێمە تا دەمرین گەرمیدەکەینەوە، تا هەبین چێژی لێوەردەگرین.. یەکەمین ئەزموونی خواردنی دایك پێوەرە بۆ هەموو ئەو خواردنانەی کەسانی دیکە لە (خۆشەویستی) و (حەز)ی خۆیانەوە بۆمانی دروستدەکەن.. بۆیە بەر لەوەی هاوسەر و خۆشەویستەکانمان لێمان زویر بن و خۆیان بکوژن تاکو بەو خواردنانەی بۆمانی لێدەنێن، تامی خواردنی دایکمان بیر بەرنەوە، پێویستە پێیان بڵێین: *(هاوڕێی نازیز، خۆت ماندوو مەکە! دەزانم پەنجەکانی تۆ لە پەنجەکانی دایك ناسکتر و سەلیقە و ئیمکانییەتی تۆ لە هی دایك فراوانتر و تەمەنی تۆ لە تەمەنی ئەو بیرێژنە بەسالاچووە*

کەمتر و تواناشت زیاترە، بەڵام ناتوانیت تامی خواردنێکم بیر بەریتەوە کە بۆنی بوون و تامی بەهەشت و ڕەنگی ژیانی پێوەیە)..

هیچ خواردنێکی دایك نیە کە تەنیا بریتی بێت لە خودی خواردنەکە، ئەگەر لە هەمانکاتدا ئەو کەش و میهرەبانی و نیگا پڕ لە خۆشەویستیانەش کە دایك ئاراستەمانی دەکات، لە ئارادا نەبن. خواردنی دایك، بە چەندایەتی و چۆنایەتیەکەیدا هەڵناسەنگێین. بەڵکو بەو ئامارە و وردە نیگا و ئامۆژگاری و وردە دۆعا و هەناسانەدا، کە هەڵیدەکێشان، بەو جوولە و وەلام و هەستان و دانیشتنانەدا هەڵیدەسەنگێنین، کە ئەو لەکاتی دروستکردنی خواردنەکانیدا پێیان هەڵدەستا و بۆ یەك ساتەوەختیش ئامادەیی ئێمەی لەو شوێنەدا لەبیر نەدەکرد و خەیاڵی لەو ئازیزانەیشی نەدەپچڕی کە چیدی لە دنیادا نەمابوون و هەمیشەش لەبیری ئەندامانی دیکەی خێزاندا بوو.. دایك کە خواردن دروستدەکات، جگە لە تام و خوێ و چێژێ کە دەیکاتە خواردنەکانیەوە، ئاواش لەناو بۆن و بەرامەی یادگاری و بیرەوەریەکانیدا ئەو خواردنانە دروستدەکات. دایك لەگەڵ دروستکردنی هەر خواردنێکدا، بەدەم شتنەوەی خۆراکەکانەوە، هاوکات بە قرچاندنی ڕۆن و پیازەکانی، لاپەڕەی ڕۆژگارەکانی خۆیشی لەسەر ئیقاعی چاککردنی سەوزە، بەپێی ئاوازی لێکردنەوەی گەڵامێو، بەهەمان شێوەی پێچانەوەی یاپراخ، هەڵدەداتەوە.. دایك لەکاتی خواردن دروستکردندا، هەر تەنیا چێشتلێنەرێکی کارامە نیە، بەڵکو دەروونشیکارێکی بێنموونەیشە. ئەو ناچارە ئێمە لە خۆمان باشتر بناسێ، ڕەچاوی ئارەزووەکانی یەکبەیەکمان بکات، بێدڵی کەسمان نەکات، جیاوازیمان لەنێواندا نەکات، خواستەکانی منداڵی هەرە بەیانووی ماڵ، واتە (باوك)، بهێنێتە دی و نەهێڵێ کەسمان هەست بەوە بکەین، کە حسابمان بۆ نەکراوە.. ئێمە نەك هەر لەڕووی سیاسییەوە پێویستیمان بە ئاشتبوونەوە هەیە، بەڵکو لە ژیانی خێزانیشدا پێویستە بەردەوام ئاشتبکرێینەوە. دایك ئاشتکەرەوە و ناوبژیکەرێکی ئەوتۆیە، کە بەبێ ئەو شیرازەی ماڵ دەشێوێ و یەکەمین ئامۆییدکان، بۆشاییەکان، بێنازییەکان و دابڕانەکان

لەوێوە دەستپێدەکەن.. تا ئەو کاتەی دایک لە ماڵدایە، ماڵ هەرچەندە هەژار و دەستکورت بێ، هەچەندە ناکۆک و ئاژاوەی تێدا بێ، هەرچەندە بچووک و قەبز بێ، ئەوە نە هەژاریی پێوەدیارە، نە ئاژاوەی دەچێتە دەرێ و نە دڵتەنگی زەفەر بە پێکەنین و خەنینەوەکان دەبات.. بەم پێیەش دایک هەر لەگەڵ یەکتردا ئاشتمان ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ ژیان و بوونیشدا دەمانکاتەوە دۆست، تەنانەت ئەو کاتەی ژیان بێتامە، حەیرانی..

هونەری بەشکردنی مریشک؛

گریمان کێشەکەمان لەسەر خواردنی بەشێ لەبەشەکانی مریشکەوە، دەستپێدەکات، بەڵام ئێمە دەزانین پێکهاتە سەرەکییەکانی مریشک لەم بەشانە پێکهاتووە: دوو ڕان، دوو باڵ، یەك سنگ، یەك ملەقۆرتە، یەك پشتەقوون، هەندێ پرزۆڵە چەرم و پێست و ئاسمانێ فڕین.. گریمان لە ماڵێکدا، کە ژمارەی ئەندامەکانی پێنج کەس بوون، کەس نەیهەوێ بفڕێ، کەسیش حەزی لە سنگ نەبوو، (میوان لەم کاتەدا لەسەر چاوان، چونکە ڕاست سنگەکەی دەخرێتە بەردەم!)، بەڵام گریمان هەر لەوێدا، سێ کەس ڕانخۆربوون، یەك کەس بە ملەقۆرتەکە ڕازیی بوو، دوو باڵەکەش بۆ دوو کەسی دیکە. ئەو شەڕەی لێرەدا دروستدەبێ ئاوایە: باڵخۆرەکان زوو بەشی خۆیان دەخۆن، ئەوەی پشتەقوونەکەی بەرکەوتووە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە!. ئەو دوو کەسەی دوو ڕانەکەیان بردووە، خۆیان گێل دەکەن بۆ ئەوەی کەسی سێهەمی ڕانخۆر، مەیلی بەلای ملەقۆرتەخۆردا بچێت و لەگەڵیدا بیکاتە نیوە! ڕێك لەم کاتەشدا ملەقۆرتەخۆر فرسەت دەهێنێ و بەیەك لرفە، هەموو ملەقۆرتەکە هەڵدەلووشێ بۆ ئەوەی کەسێ بێزی نەیەت لەگەڵیدا بخوات.. (لە زمانی کوردیدا، جوێنێ هەیە لەم حاڵەتەوە دروستبووە)..

ئەگەر دایك بهێڵێ کارەکە بەمجۆرە بڕوات، مەسەلەکە وەك سیاسەتی کوردی لێدێت: ڕانخۆرێك دەتۆرێ، ملەقۆرتەخۆر تەریقدەکرێتەوە و دوو ڕانخۆر و دوو

باڵخۆرەکەش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. ئەمەش تۆوی سەرەتای شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە دوو هێزی سەرەکی دەکەونە بەرامبەر یەکتر و هەریەکەیان لەگەڵ وردەهێزی دیکەدا بەرەیەك لەدژی ئەوانیتر و ئیدارەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن بۆنموونە: دوو ڕانخۆرەکە هەریەکەیان لەگەڵ باڵخۆرێکدا یەکدەگرن. پاشان ملەقۆرتەخۆر و پشتەقوونەخۆر، هەریەکەیان دەچنە پاڵ لایەنەکەی تر و ڕانخۆرە تۆراوەکەش، دوای پەنگخواردنەوەیەکی درێژخایەن، شمشێرێ بەدەستەوە دەگرێ و گەرەکییەتی لەسەر سفرە سەری هەموومان ببڕێ..!

بۆیە دایك، بەپێچەوانەی سیاسییەکوردەکانەوە، ناچارە سیاسەتێکی فرەیی و پلۆرالیستی هەبێ و پێویستە هەر لەسەرەتاوە مریشکەکە بەجۆرێکی دیکە لەتوپەت بکات: پشتەقوونەکە دەکاتە دوولەت، هەر یەکێ لە ڕانەکان لە کەلکە ئەژنۆدا دەبڕێتەوە و ملەقۆرتەکەش دەکاتە دوو بەش: ملەکە بە جیا و قۆرتەکەش، کە قەفەزی سنگی پێوەیە، بەجیا.. بەمجۆرەش ئاو بەئاگردا دەکرێ، بەڵام دڵنیابە، ئەو بۆخۆی تەنیا پرزۆڵە و پارچەسووتاوەکان دەخوات! چاوم لێیەتی، لەولاوە، لە قووژبنێکەوە بە تیلەی چاوێکی دەڕوانێتە ئێمە، کاتێ سەرمان بەسەر پێشدەستییەکانماندا شۆڕکردۆتەوە و بە بێ جووین، پاروەکان قووتدەدەین و بە تیلەی چاوەکەی تریشی دەڕوانێتە بەلەم و قاپەکانمان، تاکو ئەگەر کەمیان تێدا مابێ، بۆمان تێکاتەوە.. ئەو بەو دیمەنە تێردەبێ کە ئێمەین کاتێ بەرهەمی دەستوپەنجەکانی ئەو دەخۆین.. ئەو بەوەی دەیخوات تێر نابێ و ناسوودەیی و تێربوونی ئەو لەوەدا نییە کە دەیخوات، بەڵکو لەوەدایە کە ئێمە پێکەوە و لەناوخۆماندا (عال و سال) بین.. دڵنیابە، ئەو بەبێ ئێمە ناخوات، بەبێ ئێمە، بێ شێو سەردەنێتەوە، لە چاوەڕوانیماندا..

مۆدێرنیتە و دایك:

تا ئێستا هەموو کەلتوور و ئاینەکان لە چوارچێوەی ئامۆژگارییەکی یەزدانیانەدا پێگە و ڕێزی دایکیان دەستنیشانکردووە، وەلێ پێویستە ئێمە لە چوارچێوەی ئەزموونی

مێژوویی و ویژدانیدا، پێگەی دایك دەستیشان بكەین و ڕێزی لێبگرین. هەتا دێ لەڕووی كەلتووری و پێشكەوتنی شارستانیانەوە، ئێمە لە دایكانمان دوور دەكەوینەوە: پێشكەوتنی شارستانیانە و چەكەكەی دەستی، واتە تەكنەلۆژیا، لە شوێنێكدا دایك دەكاتە قوربانی.. سەری دایك، وەك كەسایەتی و وەك پێگەی دایكایەتی، بە گوللەی ئەو چەكەی ناوی تەكنەلۆژیای مۆدێرنە و ئامانجەكەی بریتیە لە بەتەكنۆلۆژیكردنی مەتبەخ، دەپژێ. دایك لە مێژووی ژیانی خۆیدا و لە زۆربەی كۆمەڵگاكانی وەك كۆمەڵگای ئێمەدا، بەرگەی مێردسالاری، بەرگەی ئەنفال و كوڕكوژران و سەنگبارانكردنی كچەكانی و سەدان نسكۆی دیكەی گرتووە. وەلێ دەبێ بە گومانەوە بڕوانینە بەرگەگرتنی ئەو بۆ كەلتوورێك، كە دەیەوێ پێگەی ئەو و جەستەی ئەو، بەپەراوێز بخات و هیچ نرخێكیش بۆ ئەزموون و مەهارەت و توانایەكانی دانانێ.. دایك لەو كۆمەڵگایانەدا كە دەبنە مشەخۆر بەسەر بەرهەمەكانی مۆدێرنیتەوە و بۆخۆیان خاوەنی كەلتوورێكی دەوڵەمەند نین، بەرەو فەرامۆشكردن و لەبیرچوونەوە دەچێ.. لەو كۆمەڵگایانەدا، دایك، شوناسی (پەروەردەكار)، (ڕاگر) و (كۆڵەكەی ماڵ) و (ئاوەدانكەرەوە) و (ڕووناكیی ماڵ)ی لێدەسەنرێتەوە و هێواش هێواش لەگەڵ تەسلیمبوونی جەستەی ئەودا بەپیری، وەك مرۆڤێكی (بێدەسەلات)، (زیایە) و پەراوێزی تەماشای دەكرێ و لێرەشەوە، ڕۆحیشی دەبێتە قوربانی.. لەم جۆرە كۆمەڵگایانەدا، ئەو بەهایەی لە پێناوی پرۆسەی مۆدێرنیزەبوونێكی ڕواڵەتیانە، پرۆسەی خۆ نوێكردنەوەی ماتەریالیانە و كڕینی بەردەوامی شمەك و كەلوپەلدا دەیدەین، زۆر لەو بەهایە كەمدەكاتەوە كە بە پەیوەندیە هەستەوەری و كۆمەڵایەتییەكانمان دەدا.. دایك لە كۆمەڵگایەكدا كە سۆزداری و حورمەت و خۆشەویستی بالادەست بێت، لە سەنتەردایە، وەلێ لە كۆمەڵگا و پەیوەندیگەلێكی نێوان مرۆییدا، كە هەموو ڕێز و حورمەتێ پەیوەستكرابێ بە ژیانی ماتەریالی و خۆنواندنەوە، دایك پێگەی خۆی لەدەست دەدات.. دایك لەو ژیانەدا كە مرۆڤەكان لەئاست یەكتردا ویژدانی خۆیان نەدۆڕاندووە و خاوەنی (ئێمە)

و یادوەریی مێژوویین لەسەر خەبات و زەحمەتەکانی دایـك، هـەموومانی لـە دەوری سینییەك دۆڵمە و یاپراخ، کۆدەکردەوە.. بەڵام لە ژیانێکدا، کە (ئێمە)یەك نـەمابێ و (من)ێکی خۆپەرسـتی نـەزان و لووتبـەرز و نـامۆ بـە ژیـانی هاوبـەش و یـادەوەریی مێژوویی، خۆی لە ناست ئەوانیتردا هەڵاوسێنێ، بێگومان (دایك)، چ وەك پێگە و چ وەك کەسایەتی، دەکەوێتە پەراوێزەوە..

ئێمە چۆن ناتوانین دەست لە دۆڵمە و یاپراخ خواردن، وەك خواردنی دایکانە و وەکو کۆکەرەوەی هەمووان لەسەر خوانی سرووشت، هەڵبگرین، ئاواش ناتوانین و بۆمـان نیە لەناو ئەو ژیانە ماتەریالیـەی وا خەریکە قووتماندەدات، دایکانمان پشتگوێ بخەین. چۆن دایکانمان نەیانتوانی خواردنی دۆڵمە وەکو خواردنێکی سرووشـتی و نـزیکترین خواردن لـە سرووشتەوە، نەکەنە خواردنی پێکەوەبوونی جیاوازیـەکانمان، ئاواش ئێمە ناتوانین دەست لەپەیوەندیی خۆمان بەو کەسـەوە هـەڵبگرین، کـە ئێمـەی هێناوەتـە جیهانەوە و ئێمەی بە بوونەوە گرێداوە. لە کتێبی (*ئەتەوە و حەکایەت*)دا نووسیووم: (*دایك و ئاو هەر تەنیا لە سەرچاوەی بوونەوە نزیك نین، بەڵکو خۆیان سەرچاوەن بۆ بوون.. هەروەك چۆن ناتوانین بیر لە سرووشـت بکەینەوە بەبێ ئاو، ئاواش بیرکردنەوە لە بوون و لە ژیان بەبێ بیرکردنەوە لە دایك، مەحاڵە*).

لە ژیانێکدا، کەبەبێ ڕۆڵی دایك مەیسـەر نەدەبوو، بەبێ قوربانیـەکانی ئـەو بـەهای نەدەبوو، بەبێ سـۆزداریی ئـەو مانـای نـەدەبوو، فەرامۆشـکردنی دایـك و خواردنـە دایکانەکەی، جگە لـە بێویژدانی و گەمژەیی هیچیتر نییە. ئێمە وەك میللـەتێك، کـە ژمارەی دایکە سکسـووتاوەکانمان هێندەی ژمارەی گۆڕی شەهیدەکانمانە، کە ژمارەی ئـەو وێنـەی قوربانیانـەی دایکـان بـە بـەرۆکی خۆیانـدا هەڵیانواسـیون، هێنـدەی ئەستێرەکانی ئاسمانە، هیچ بوار و ڕێگای ئەوەمان نیە ئەوەنـدە گەمـژەبین دوو شـت لەبیر بکەین: دایکان و خواردنەکانیان..

بیرکەوتنەوەی دایك ئەو شتەیە کەمترین قوربانیدان و کاتی دەوێ، من پێشنیار دەکەم لـە سـەرۆکی وڵاتەکەمانـەوە، تـاکو سـادەترین ئەنـدامی ئـەم کۆمەڵگایـە، بـە

لەبەرچاوگرتنی ئەو نەخشەی دایك لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیەتی و هەیبووە، ئەم کارەی خوارەوە بکات: بچێتە بەرامبەر دایك، لەئاست سیمایدا بچۆمێتەوە و ناوچەوانی بخاتە سەر نووکە پەنجەی قاچی و پاشان بەدەستی ڕاستی، هێواش هێواش دەستبەرێ بۆ قاچە زبرەکانی و نەعلە شڕەکەی لەپێ دابکەنێ و بیخاتە سەر سەری..
نەعلە شڕەکانی دایك، گەورەترین تاجە پادشای وڵاتێك و ئەندامانی کۆمەڵگایەك بیخەنە سەر سەریان، چونکە ئەگەر مرۆڤێك هەبێ لە ژیانی ئێمەدا شایانی ئەوەبێ سووجدەی بۆ ببەین، ئەو کەسەیە کە دڵی خۆی بۆ خستینە خواردنەکانییەوە و ئەو خوارنانەی بۆ لێناین، کە پێویستە بۆ هەمیشە گەرمیان بکەینەوە، بۆ هەمیشە چێژیان لێوەربگرین.
ئەفسانەکە لە کۆتاییدا، ئەوەش زیاد دەکات و دەڵێ: (ئەسکەندەری مەکدۆنی، دوایئەوەی خواردنە دایکانەکەی خوارد، شەوێ تاکو درەنگانێ خەوی لێنەکەوت..
لەنیوەی شەویدا بەدزی لەشکرەکەی، هەسپەکەی زینکرد و گەڕایەوە زێدی خۆی، بە ئەسپایی خۆی بە پەرستگایدا کرد، چووە بن درەختێك و شمشێر و مەتاڵ و زنجیرەکەی بەری دانا، لەبەردەم گۆڕێکدا نوشتایەوە و چنگێ خۆڵی ئەو گۆڕەی خستە ناو دەستەسڕەکەیەوە..). مێژوونووسەکە، کە ئیدی هیچی بەچاوی خۆی نەدیتبوو، ئەوەشی زیادکردبوو و نووسیبووی: (هەرجارێ ئەسکەندەر، لە بەردەم سووپای داریووشدا، لە خۆی و لەشکرەکەی بێهوومێد دەبوو، بۆنێکی بەدەستەسڕەکەیەوە دەکرد!)..

له (خواردنی ژن)ـەوە
بۆ (خواردنیی ژنانه)!

ئەو، هەموو زنجیرەکانی (فەنتازیای خواردن)ی خوێندبۆوە و چاوەڕێ بووە هەر لەسەرەتاوە، زنجیرەیەك بنووسم لەسەر خواردنی ژنانە.. سەرەتا پەیامێکی تەلەفۆنی بۆناردم و تیایدا نووسیبووی: (*چاوەت دەکەم، ئەی بێشەفەت*!). پاشانیش لەملاولا دەمدی و خۆی لە گێلی دەدا، تاکو ئەوە بوو ڕۆژێك، لەکاتێکدا نیوەی پەنجەی دۆشاومژەم خستبووە ناو لوتمەوە، گوتی: (.. تۆ دەعوەتی منیت، خواردنی ژنانەت بۆ لێدەنێم..). خەریك بوو دڵم بوەستێ، چونکە ئەو قسەیەی بەجۆرێ پێگوتم، کە ژنە سیحربازەکانی ناو داستانەکانی بیرهێنامەوە، ئەگەرچی لەپڕ بیرم کەوتەوە دیاردەی (ژنی سیحرباز) دیاردەیەکی دیکەی خەیاڵگەی پیاو و ئاینسالاریە و هیچیتر، کە فەسڵێ لە مێژووی ئەورووپا و کەنیسە پێکدەهێنێ.. بەڵام قسەکەیم سەرخۆ نەهێنا و بە دیپلۆماسیەتێکی پیاوانەوە، کە شان و شەوکەتی نێرینەیم تیایدا نەشکێ، پێمگوت: (حەوبرا، خۆت ماندوو مەکە..). ئەویش بەخێرایی گوتی: (حەوت برا و هەشت بـ... ناخوات، چاوەڕێت دەکە..م..!).

نەمزانی قسەکەی لەشێوەی فەرماندا دەربڕی، یاخود داواکاریەك بوو و هیچیتر، بەڵام پێشەوەی بەجێم بهێڵێ دووبارەی کردەوە: (چاوەڕێت بم..؟)

بیستبووم گوایە دڵشکاندنی ژن، کارەساتی بەدواوەیە و منیش کە ئیدی بەرگەی کارەساتی دیکە ناگرم، پەیمانم دایێ کە بچم و بەدوای بۆنی مێینەیدا کۆڵانە تەنیاکانی شار بگەڕێم.. ئەم وادە پێدانە قارەمانی ڕۆمانی (پێدرۆپارامۆ)ی بیر هێنامەوە:

{هاتم بۆ کۆمالا، چونکە پێیان وتم کە باوکم، پێدرۆپارامۆ، لێرە دەژیا. دایکم ئەمەی وت و منیش پەیمانم دایێ هەر کە لە دنیادەرچوو بۆ دیدەنیی بچم. دەستیم گوشی تاکو دڵنیابێ کە ئەوکارە دەکەم. لە بەر ئەوەی لەسەرەمەرگدا بوو، ئامادەبووم هەموو پەیمانێکی بدەمێ. پێی وتم: "هەردەبێ بچیت بۆلای، دەزانم بە بینینت خۆشحاڵ دەبێ". لەبەر ئەوە تەنها کارێك لەو ساتەدا لەدەستم دەهات ئەوە بوو کە زوو زوو بۆم دووبارە دەکردەوە: دەچم و دەیبینم. تائەو ساتەی کە ناچاربووم دەستم لەنێو پەنجە ڕەق هەڵاتوەکانیدا بێنمە دەرێ (...) مەبەستم نەبوو گفتەکەم بەرمەسەر، بەڵام لەپاشاندا قسەکانی هێندەیان سەر گەرم کردم، بیرم لە هیچی دی نەدەکردەوە.. تەنانەت خەوم پێوە دەبینی و کارگەیشتە ئەوەی بیرکردنەوە لە پێدرۆ پارامۆ خەوو خۆراکی لێ حەرام کردم. هەر لەبەر ئەمەش بوو هاتم بۆ کۆمالا.}.

هێشتا نەگەیشتبوومە لای درەختەکە، بۆنی خواردنەکان ئاراستەی ڕێگاکەیان بۆ دەستنیشانکردم و کاتێ لەدەرگامدا، گوێم لێبوو هاواری کرد:

(دەمزانی شوێن بۆنەکە دەکەویت..)

(ئاخر، بۆن بانگکەر و سەرنجڕاکێشە، لەوپەڕی دنیاوە کەسێکت بۆ دەهێنێتە ئەم نزیکانە..).

پێکەنی و گوتی: (بەڵام لە دواجاردا بۆی هەیە بکوژیش بێت!)

وەك کۆیلەیەکی مەست و ماندوو، بەڵام بە بڕوا بەخۆبوونەوە وەڵامم دایەوە: (چی لەوە خۆشترە پیاوێ لەژێر کەژاوەی شاژنێکدا سەرشانەکانی خوێنیان تێزێ..!)

دیسانەوە پێکەنی.، پێکەنینێکی ئازاراوی، وەکەوەی بیەوێ بڵێت: (ئاخر هەرگیز ژن سەرچاوەی ئازار نەبووە..).

من هەستم بە گەمژەیی خۆم کرد، گەمژەیەك کە لـە ئەفـسانە و ئاینەکانـەوە تـاکو بەرەبەیانی مێژوو، بە میرات بۆم مابۆوە..
بەرێوەبووم بۆ ژوورەوە، کە لـە ڕاڕەوی حەوشـەکەدا، بینـیم قـەدی درەختەکـەی بـە ڕەنگێکی پەمەیی کاڵ و هەر گەڵایەی بە ڕەنگێ، بۆیاخکردووە و بە لقەکانیشییەوە، چەندین ملوانکە، لوتەوانە، گوارەی شۆڕ، دەسـتبەند، بازنگ، مێخەکبەند، ژێرچەنە، لاگیرە، زنجیر، دەسماڵ ملبەند، سـەرپۆش و ئاڵووالای هەڵواسیوە.. بـەجۆرێ کاتـێ شنەبایەکە لـە درەختەکەی دەدا، مەحشـەرێ لـە دەنگ، لـە سـەمای ڕەنگـەکان، لـە زرینگانەوە و مۆسیقایەکی تایبەتت دەهاتە بەرگوێ..
لـە حەکایەتێکدا بیستوومە، یەکەمجار یـەزدان بـەر لـەوەی ئـادەم بئافرێنـێ، حـەوای خەڵقکردووە، بەڵام کاتێ داوای لێکردووە ناو لـە شتەکان و ئافەریدەکانی دیکە بنێ، تەماشای کردووە هەموو ئەو ناوانەی حەوا لـە مەخلووقاتەکانی ناون، ناوی ژنانـە و نەرم و نیانن. بۆ نموونە ئەوەی ئێمە پێدەڵێین شێر، یەکەمجار حەوا ناوی ناوە، (قژلوول)، بە تیمساحی گوتووە (چاومەست)، بە ماریشی گوتووە: (عاشـق) و بـەوجۆرە.. بـەو پێیەش بێت جیهان دەبووە شوێنێکی ئارام و هەرگیز جەنگ و پشێوی تێدا ڕوونەدەدا.
بە پێی ئەو حەکایەتە، یەزدان بیر دەکاتەوە و بەخۆی دەڵێ: جا ئەگـەر جیهـان ئـاوا ئارام بێت، ئەدی من چۆن یاساکانی سزادان و عەدالـەت و ڕەحمەت و غـەزەبی خـۆم بخەمە گەڕ؟! لەوەش بترازێ، کاتێ بینـیووی حـەوا خـەریکی ڕەنگکردنـی گـەڵا و هەڵواسینی گوارە و ئاڵووالاکانێتی بە لقی دارانـەوە، زۆر تـوورە دەبێـت و ئەمـەش دەبێتە بەهانەیەك بۆ ئەوەی حەوا بۆ ماوەیەك بشارنەوە و پاشان ئادەم خەڵق بکـرێ..
کاتێ ئادەم ئەو ناوانەی ئێستا لـەو ئاژەڵانە دەنێ، ئاژەڵەکان توورە دەبن و شێر بڕیاری درندەیی، تیمساح بڕیاری خۆشاردنەوەی، جگە لـە چاوی و ماریش بڕیـاری دڵڕەقـی دەدات.. بەم پێیەش هەستی ژنانەیی ئاوارە دەکرێ و لـەوساوە مێـەیی و ژنانەیی دوو هەڕەشەی گەورەن بەسەر جیهانەوە.

هەستی ژنانەیی شتێ نییە ئەوانیتر لە تاقە ژنێ چاوەڕێی بکەن، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەوەیە کە تاقە ژن و مێینە لە خۆیدا هەستپێدەکات و حەزدەکا لەبۆ ئەوانیتری دەربڕێ و بەرجەستەی بکات..

کاتێ بە فەراخ چیمەنی حەوشەکەیدا بەرەو ناندینەکەی دەڕۆیشتم، لە نکاو خۆمم لەبەردەم سێ پلیکانەدا بینییەوە، کە بەملاولایاندا ئینجانەی ڕەنگاوڕەنگ داندرابوون و گوڵ و گیای ناویان بەلێوارەکانیاندا شۆڕ ببوونەوە. ڕەنگی گوڵی ناو ئینجانەی سەر یەکەم پلیکانە، سپی سپی بوو وەك بەفری بەیانیان.. ئەو کە ئێستاکە بۆخۆی بە کراسێکی مەخمەڵییەوە لەناو دەرگاکەدا، بە پێخواسی وەستابوو، گوتی: (ئەوە نیشانەی پێشوازییە.. وەرە سەرەوە..). ئەو قسەیە کلیلی ئەوەی دایە دەستم کە هەوڵبدەم لە مانای ڕەنگی گوڵەکانی دیکەش تێبگەم.. لەوە دەچوو ئەو بیرکردنەوەکانی لە نیگا و سیمامدا خوێندبێتەوە و بیەوێ قسەکانی خۆمم بیر بهێنێتەوە. گوتی: (فەنتازیای خۆت بەکار بهێنە، واتە ئازاد بە لەوەی چۆن ڕەنگی گوڵەکان مانا دەکەیت).

گوتم: {کەواتە ئەم ڕەنگە هەنارییەیان، (بە ئاماژەدانم بۆ ئینجانەکانی سەر دووەمین پلیکانە)، نیشانەی عەشقە!}.

پەنجەیەکی خستبووە سەر لێوی و لەکاتێکدا چاوی ڕاستی هێنایەوە یەك و بزەیەك گرتی، گوتی: (شەیتانیت! بۆی چوویت، بەڵام عەشق دەبێ دانە بکرێ.. ڕەمزەکانی خۆشەویستی زۆرن، هەروەکچۆن جۆرەکانی خۆشەویستیش جیاوازن..).

پێمگوت: (بەڵام من واهەستدەکەم تەماتە ڕەمزی خواردنی عاشقانەیە..)

گوتی: (لەبەر ئەوەی تۆ پێتوایە تەماتە دەتوانێ تۆڕی خانەکانی لەش و پێستمان لە هەڵوەشانەوە ڕزگار بکات و یەکێکە لەو چارەسەرانەی بۆ تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردەهێنرێ؟!)

گوتم: (ئاخر عاشقبوون لەم وڵاتەی ئێمەدا جۆرێکی شێرپەنجەیە و ئێمە لە عاشقبوونەوە دووچاری هەڵوەشانەوەیەك دەبین کە هیچ دەرمانێ چارەی ناکات و

پێویسته بۆ پتەوکردنەوەی تۆڕەکانی خانەی دڵ و بەستەوەی دڵەکان پێکەوە، پەنا بۆ تەماتەی عەشق بەین..)
قاقایەکی لێدا و مووچڕکەیەك بە لەشمدا هات، هەستمکرد بەجۆرێ تەماشام دەکات، وەکئەوەی من شتێ بم بۆ خواردن. بۆنی خواردنیش ئەو هەستەی پتر لەلام بەهێز دەکرد..
چاوم کەوتەوە سەر قاچ و قوولە رووتەکانی، بەلام ئەمجارەیان رەنگی شینی بۆیەی نینۆکی پەنجەی قاچەکانی سەرنجیان راکێشام. بۆ ساتێك هەستمکرد، لەچاوی ئەو تیمساحانە دەچن، کە لەژێر ئاوەوە، خۆیان ماتداوە بۆ ئەوەی لە پڕ هەڵتلووشن و قووتت بدەن.. هێواش هێواش چاوم لەسەر پەنجەی قاچەکانی گواستەوە و بەسەر خشتە مەرمەڕەکاندا، کە قەتاری شارە مێروولەیەکی زەردیان بەسەردا دەڕۆیشت، نیگام گواستەوە سەر سێیەمین پلیکانە، کە لەملاولایەوە دوو ئینجانەی لەسەر بوو، لەهەر کامێکیاندا گوڵێکی دەمەشێر ڕووا بوو. لە شوێنی خۆم وەستام و خەریك بوو هەنگاو بۆ دواوە هەڵبێنمەوە، کە هەردوو دەستەکانی بۆ درێژ کردم و گوتی: (مەترسە.. ناتخۆن..) و پاشان دایەوە قاقای پێکەنین و وەکئەوەی بیەوێ ڕامکێشێتە ژوورەوە، بەرەو لای خۆی کێشی کردم.. لەهەمان کاتیشدا بۆخۆی پاشەوپاش لە دەرگاکە چووە ژوورەوەو ڕێگاکەی بۆ من چۆڵکرد.. لەبەرئەوەی نەمدەویست پێبنێم بە قەتارەی مێروولە زەردەکاندا، تەماشای قاچی خۆمم کرد و بینیم مێروولەکان بەقەراخ دەرگاکەدا، لەکاتێکدا هەریەکەیان شتێکی بەدەمەوە گرتووە، دەچنە سەرەوە.. کاتێ وردتر سەرنجمدایە لێواری دەرگاکە بینیم بە لاشیانەکەیەوە، وێنەی مارێکی لوولخواردوو، خەمبار و لەهەمان کاتیشدا چاوتیژ، سەرنجی ڕاکێشام.. پێشئەوەی هەنگاو بۆ ژوورەوە بنێم، دیتم مارەکە خۆی ڕاپسکاند و لەکاتێکدا مێروولەکان بەسەر لاشەیدا قەتارەیان بەستبوو، ئەویش کەوتە جووڵە و چوو لەناو تاقێکدا کە بەلای چەپی دەرگاکەوە بوو، پەنگی خواردەوە. دواجار تەماشامکرد، تاقەکە هاتەوە یەك و سەروو کەللەی تیمساحێ پەیدابوو، کە بەچاوە مەستەکانی

تەماشای دەکردم.. لەمکاتەدا جارێکی دیکە، زرینگ و هووڕی گوارە و ترینگەی ئەو بازنە و ملیوانکانە و هاشەی ئەو پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگانەم بیستەوە، کە بە لقی درەختەکەوە هەڵواسرابوون..

ئەو جوانتر و ئارامتر بوو لەهەر کاتێ، کراسە مەخمەڵییەکەی دەیبردیتە ناو جیهانێکی پڕخەونەوە. لە هۆڵەکەدا، مافوورێکی توورکیی نەرم ڕاخرابوو، کە لەناوەڕاستیدا گوڵێکی سووری پێوە بوو. لەسەر گوڵەکە مێزێکی گەورە داندرابوو، کە دیار بوو لەداری گوێز، دروستکرابوو. سەر مێزەکە شتێکی دیکەی نەدەگرت..

گوتم: (زۆر ماندوو بوویت..)

یەکەمجار خواردنە سەرەکییەکە سەرنجی ڕاکێشام کە لەناو بەلەمێکدا لەشێوەی پارچە کولیچەی گەورەدا خۆیان دەنواند. بەڵام ئەو پەرداخەکانی نیوەکرد لە شەراب و فەرموی لێکردم. لەکاتی نۆشکردندا دیققەتیمدا: پەنجەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ باوەشیان بە پەرداخەکەدا کردبوو، حەزتدەکرد شووشەبایت و ڕۆحت بچووبایە ناو پەرداخێکەوە تا بۆ هەمیشە هەست بە ئارامیی کردبا..

لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم وڵاتە هەرگیز نیشتیمانی ژن نەبووە.. لەم وڵاتەدا ئەو هەموو زبڵ و شووشەی بەتاڵ و پاکەت و قنچکە جگەرەیە لە پیاو قەبووڵ دەکرێ، بەڵام ژن بە خواردنەوەی قوومێ شەراب خوێنی خۆی حەڵاڵدەکا.. بەدەستی خۆی دانەیەکی لە کولیچەکان خستە سەر پێشدەستییەکەی بەردەمم و فەرمووی کردم.

گوتم: ئەمە چ بۆنێکە لەم خواردنەوە دێت و چۆنت دروستکردووە؟. گوتی: جارێ تامیکە بزانە بە دڵتە؟ بە چەتاڵەکە پارچەیەکم لێکردەوە و ئەویش لەم کاتەدا دوو قاپ زەڵاتەی تێکرد، یەکێکیانی لای منەوە و ئەوەی دیکەیشی لای خۆیەوە دانا..

لێیم دووبارە کردەوە: چۆنت دروستکردووە؟ گوتی: دەمویست خواردنێ بێت تەعبیر لە مێینەیی بکات..

گوتم: تابڵێی خواردنێکی خۆشە.. بەتایبەتی لەگەڵ ئەم زەڵاتەیەدا.

پاشان بۆی باسکردم کە دروستکردنیشی زۆر ئاسانە. ئەو سەرەتا کەمێ قیمە لەگەڵ پیاز و جۆرەکانی سەوزەدا دەجنێ و سووریان دەکاتەوە، بەڵام شوێق زیاتر تێدەکات، کە پاشان بۆنێکی زۆر خۆشی دابووە خواردنەکە.. دوایئەوە، چەند پارچەیەك هەویری ئامادە (*Superfresh*) لە فریزەر دەهێنێتە دەرەوە و لێدەگەڕێ خاو بنەوە. ئەو دەیگوت: (حەزمکرد کەمێ هەویرەکە بە لەپی دەست بشێلم تاکو زیاتر پانبێتەوە)..
میهرەبانی دەستەکانی بە خواردنەکەوە دیار بوو. گوتیشی: (حەزمدەکرد، لەو زنجیرەیەدا کە باسی نانت کردبوو، نووسیبات: لە دنیای کۆندا، یەکەم قوربانی کە مرۆڤ دەیبەخشیتە یەزدان نان بووە. ئەو نانەی کە هەویرەکەی بە دەستی ژن شێلدراوە!).
گوتم: من ئەوەم نەدەزانی..
گوتی: زۆرجاران فەرامۆشکردن لە گەمژەییەوە نایەت..
گوتم: مەبەستت چییە؟!
قومێکی دیکەی لە شەرابەکە دا و گوتی: ژن زەحمەتی شێلانی هەویرەکەیان کێشا، پیاویش دەیویست شانازییەکەی بۆخۆی بێت..
بەدەم جوینی پاروویێکی ترەوە، گوتم: دەتەوێ بڵێی یەکەم دزی پیاو کردوویەتی؟!
گوتی: ناڵێم دزی، بەڵام ئەوەی نانەکەی دروستکرد ژن بوو، کەچی پیاو بەناوی خۆیەوە قوربانییەکەی پێشکەش بە یەزدان کرد.
بۆ ئەوەی کەمێ دڵخۆشیی خۆم بدەمەوە، گوتم: (ئاخر یەکەم گوناه پیاوکردی و دەبوو هەر ئەویش داوای بەخشین بکات..).
قاقایەکی لێدا و بەردەوام بوو لە باسکردنی شێوەی دروستکردنی خواردنەکەی. وەك ئەو دەیگوت لەکاتی سووربوونەوەی قیمە و سەوزەکاندا خەریکی زەڵاتەکەی بووە. بەبێئەوەی بۆ جنینی پێکهاتەکانی، چەقۆی بەکار هێنابێ.. بەبڕوای ئەو تامی زەڵاتە لەو سیحرەدایە کە ژن لە ڕێگەی پەنجەکانییەوە تێکەڵ بە خواردنەکانی دەکات. مجوورکەیەك بەسەرتاپای لەشمدا هات و هانام بۆ شەرابەکە برد. ئەو سوور بوو

لەسەر ئەوەی تەماتە و خەیار و کاهوو، کەلەم و نەعنا و بیبەر و هەر سەوزەیەکی دیکە، لەوە ناسکترن کە بۆ جنینیان لە زەلاتەدا، چەقۆ بەکار بهێنین.. وابزانم بە شەیتانانە گوتم:

(لەبەرئەوەی بەلای تۆوە چەقۆش داهێنانێکی پیاوانەیە لەبواری توندوتیژیدا؟)

لەوەلامدا گوتی: (زیاتر لەبەرئەوەی زۆر وردکردنی ئەو شتانەی زەلاتەیان لێدروستدەکەین، چێژەکەیان لەدەست دەدا..). دیسانەوە هەستم بە گەمژەیی خۆم کرد..

لێم پرسی دوایئەوەی قیمە و سەوزەکانت سوورکردنەوە و زەلاتەکەت دروستکرد چیتکرد؟ گوتی ئیتر هەموو شتێ ئاسانە، تێکەڵەی قیمە و سەوزەکان بە کەوچك دەکەیتە ناو هەویرەکەوە و لە شێوەی یاپراخ، یان شەکلڵەمەدا دەیپێچیتەوە. پاشان لەتاوەیەکدا، کە کەمێ ڕۆنی تێدایە پارچە خواردنە شەکلڵەمەیەکان دادەنێی و ئاگرێکی کەمی دەدەیتێ بۆئەوەی بە هێواشی ئەمدیوە و دیوی هەویرەکە ئاڵ بێ..

دوایئەوەش لەسەر بەلەمێ چەند دانە دەستەسڕی کلینکس دادەنێی و خواردنەکەیان دەخەیتە سەر. دەستەسڕەکان بۆ ئەوەن چەوراییی خواردنەکە بمژن..

** **

تا ئەوکاتە سێ پارچەم لەو خواردنە بە زەلاتە و پەرداخێ شەرابەوە، خواردبوو. هیچ هەستم بە ناڕەحەتی نەدەکرد. لەوە دەچوو پێکەوەدانیشتن لەگەڵ ژندا، ڕەهەندە هەرە قووڵ و چێژبەخشەکەی خواردنی ژنانەبێت. نە دانیشتن لەگەڵ ئەمیان و نە خواردنی ئەویان ماندووت ناکەن و پەشیمانت ناکەنەوە.. هەرپیاوێك لە ژیانی خۆیدا، ئەگەر بوار بەخۆی نەدات بەهەمان شێوەی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیدا دادەنیشێ و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا، لەگەڵ ژنیشدا نەیێتە هاوسفرە و هاودەنگ، بەرلەوەی بمرێ، خۆی کوشتووە. مۆنتینی گوتویەتی: (ئەگەر ڕۆح لە دانیشتن لەگەڵ ژندا بەهەمان ئەندازەی پیاو سوودمەند نەدەبوو، ئەوە هەستە جەستەییەکان، کە لەکاتی دانیشتن لەگەڵ ژناندا زیاتر هەستیارن، دەبوونە هۆی ئەوەی پلەی دانیشتن لەگەڵ

ژندا بگەیەنە هەمان ئاست و پلەی دانیشتن لەگەڵ پیاودا). مۆنتنی بەم گوتەیەیدا بەئاشکرا پلەی دانیشتنی پیاو و پیاگ، لەسەرووی دانیشتنی پیاو و ژنەوە دادەنێ، کەچی کەمێ دوایەوە، وەکئەوەی لەم قسەیەی ژێوان بوویێتەوە، دەنووسێ: (هەرچەندە بە دیتنی من دانیشتن لەگەڵ پیاودا هەرگیز ناگات بە قولایەیی دانیشتن لەگەڵ ژندا..). لەمەش سەیرتر ئەوەیە، مۆنتێنی لە درێژەی قسەکانیدا وەکئەوەی بیەوێ یەکسانییەك لەنێوان ستایشکردنی ئەو دوو دانیشتنەدا بەدی بهێنێ، بەڵام بەسوودی ژن، دەنووسێ: (سەرقاڵکردنی هەموو فیکر و زیکری خۆت بە ژنەوە و شەیدایانە و بەبێ خۆ جڵەوکردن و بێسنوورانە هەڵەوگیربوون پێیانەوە، شێتییە. وەلێ، لەلایەکیتریشەوە، بەبێ خۆشەویستی و هەڵەوگیربوونی سۆزدارانە، وەکئەوەی هونەرمەندانی شانۆ بۆ نواندنی ڕۆڵەکانیان پێیهەڵدەستن و بێجگە لە قسەکردن هیچیتریان مەبەست نیە، هەرچەندە دەبێتە هۆی بێسەرئێشەیی، بەڵام ئەوە کارێکی ترسەنۆکانە و گەڵحۆیانەیە..)..

مۆنتنی، بە پێچەوانەی ئیمەی خەڵکی ڕۆژگاری مۆدێرن و بانگەشەی یەکسانخوازییەوە، لەکاتی ئەم قسانەدا هیچ جیاکارەیەك لەنێوان جۆری ژنەکاندا ناخاتە ڕوو، وەکئەوەی ئێمە لە ئەمڕۆی ژیان و هزرینی خۆماندا پێوەرگەلێك بەکار دەهێنین و لەڕێگەیانەوە نایەکسانییەك دروستدەکەین. بۆنموونە مۆنتنی ناڵێت: تەنیا ژنە جوانەکان، یان لاواز و قەدباریکەکان، یان وردیلە و ئێسك سووکەکان، شایانی ئەوەن ببینە هاوسفرە و لەگەڵیان دابنیشین. چونکە وەکئەو دەڵێت: (هیچ ژنێ نیە، سەروسەکووتیشی هەرچۆنێ بێت، خۆی بە خۆشەویست و مەحبووب دانەنێ و نەیەوێ بەهۆی گەنجایەتی، ڕووخۆشی و ڕەفتاری جوانەوە، دولبەرئاسا نەیەتە بەرچاو، ئەمەش لەبەرئەوەی بەگشتی ژمارەی ژنە ناشیرینەکان زۆرتر نین لە ژمارەی ژنە بەسەروسەکوتەکان..). ئەم قسەیەی مۆنتینی بەوەشدا ڕاستە، کە دەبینین ژنان لەناوخۆشیاندا و لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا، هەرگیز ڕەهەندی جوانی ناکەنە پێوەر بۆئەوەی هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتردا ببەستن. هەرگیز دەستەخوشکەکان لەبەرئەوەی

بەقەدەر یەکتر جوانن، نابنە هاوەڵی یەکدی.. هێندەی ئەوەی ژنان لە ناخی خۆیاندا میهرەبانی، ڕەفتار و گوفتاری جوان و نەرم و نیان، سەرنجی ئەوان بەلای یەکتردا ڕادەکێشێ و هەر ئەو خەسڵەتانەش ئەوان لەیەکتر نزیکدەخاتەوە و جوانترین نموونەی پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە نێوان خۆیاندا بەرجەستە دەکەن.. وەك مۆنتێنیش گوتویەتی: (ئەگەر ژنانێکیش دەبینین کە فڕوفێڵ دەکەن، لەبەر ئەوەیە پیاویان کردۆتە سەرمەشقی خۆیان.. فڕوفێڵی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ فێڵباز، نەك بۆ ئەوان). ئەوان، تەنانەت ئەگەر شەرابیشیان لەگەڵ بخۆینەوە و بەتەنیاش سەردانیان بکەین و لەناو پارك و شەقامەکانیشدا پیاسەیان لەگەڵ بکەین و دەعوەتیشیان بکەین بۆ خواردنەگەیەك، بەوە نابنە قەحپە و سۆزانی، وەکەوەی کۆمەڵگای ئێمە ناویان دەبات.. بۆیە دەکرێ ئەو قسە باوە کوردییە هەڵگێڕینەوە کە دەڵێت (لە پشت هەر پیاوێکی گەورەوە ژنێکی مەزن) هەیە و بڵێین: زۆر چاکە، بەڵام (لە پشت هەر ژنێکیشەوە کە ئێمە بەچاوی سووك و قەحپە و سۆزانی تەماشای دەکەین، پیاوێکی قەحپە و سووكوسەلیم هەیە).. بەم پێیەش هەمیشە ژمارەی پیاوە قەحپەکان زیاترە لە ژمارەی ژنە سۆزانییەکان..

ئەو بەو هەموو میهرەبانیی و هێمنی و سیحرە مێینەییەی خۆیەوە، لە دەرگاکەوە بەڕێی کردم، کە ئیدی قەراخەکانی بە جۆرەها گوڵی ڕازەوە خۆیان داپۆشیبوو. مێروولەکان لەوێ نەمابوون، تاق و مار و تیمساحەکە ببوونە گۆزەیەکی تەڕ.. کەواتە بیرمکردەوە: دەبێ لە چوونەخوارەوەشمدا بە پلیکانەکاندا، تەفسیرێکی دیکەی گوڵەکان بکەم: دەمە شێرەکان هێز و وەرەیان پێدەبەخشیم، گوڵە ڕەنگ هەنارییەکان چێژ و تەبایی و گوڵە سپییەکانیش داوەتیاندەکردم بۆ ئەزموونکردنێکی دیکەی ژیان، کە ژن دەیخستە بەردەمم.. ئەزموونێکی سپی سپی، وەك نیشانە بۆ پێشوازیکردنی ژیان لێم.. پێموایێ ئیدی لەوە تێگەیشتم کە دەبێ مرۆڤ سەرەتا بچێتە ناو دنیای ژنەوە، پاشان ژن ڕێگای ژیانت پیشانبدات..

درەختەکە لەشوێنی خۆی دەشنایەوە، بەو هەموو ڕەنگانەوە، بەو هەموو دەنگانەوە خۆی دابووە دەست باوەشی هەوایەکی فێنکی شەوێکی درەنگ و مەست.. ئیعتیراف

دەکەم: من بەهەوای (خواردنی ژنەوە) چووبوومە ماڵەکەیەوە، بەڵام ئەو فێریکردم، کە چێژ ئەوەتا لە (خواردنی ژنانە)دا.. بۆیە جارێکی دیکەش هەستم بە گەمژەیی خۆمکرد! هەستمکرد داگیرکاری یەکەم لەم وڵاتەدا ئەو پیاوە گەورانەن کە باخچە و سەیرانگا و خواردنگە و مەلەوانگە و سەر سووچ و سەر شۆستە و بازاڕ و شوێنەگشتییەکانیان داگیرکردوون و بەچاوە تیژنەخۆرەکانیانەوە، بە نیگا شەهوەترێژەکانیانەوە، لەکاتێکدا خەریکی سمێڵ جوین و دەستێکیان لە گونیاندایە، بە زمانە درێ توانج ئامێزەکانیان هەزاران کچ و ژنی ئەم وڵاتەیان لە هاتنەدەرەوە، لە چوونە باخچە و دانیشتن لە سێبەری درەختێکدا لە (باخی گشتی پیاوان)، مەحرووم کردووە.. بۆیە زۆرجار بیردەکەمەوە، زەکەری پیاو لە وڵاتی ئێمەدا چیدی لەناو لنگیدا نەماوە، بەڵکو هاتۆتە چاوییەوە.. هەربۆیەشە لە هیچ شارێکی ئەم وڵاتە (زۆر دیموکراسی و ئازادیخوازە)دا، یەك وێنەی (لەیلا فەریقی) نەماوە قیریان پێدا نەکردبێ، قیر بەهەموو ئەو پانتاییانەدا کە ژنانەیی و مێینەی ئەو هونەرمەندەیان لێدەباری، لەکاتێکدا پیاو نەماوە لەم وڵاتەدا دەستپەڕی پێوە لێنەدابێ..

خواردنیی (نابینا)

(کوێر) و (نابینا):

تۆ وای دابنێ نابینایی و کوێری وێستگە و ئەنجامێکی ژیانە هەموومان ئەزموونی دەکەین و کردومانە بەبێ ئەوەی هەستمان پێکردبێ. تەنیا ئەم گریمانەیە بەسە بۆئەوەی بەکۆی بیرکردنەوەکانماندا لە ئاست نابینادا بچینەوە. ئەوکاتەش نەك ژیان، بەڵکو کۆی خواردنەکانیش تام‌وچێژێکی دیکەیان دەبوو، ئازیزم. هەر بەم بۆنەیەشەوە دەمەوێ بزانیت کە هەر هەوڵدانێکت بۆ خۆ بەدوورگرتن لەو وێستگەیە و لەو ئەزموونە، چاوپۆشینە لە بەشێکی گەورەی ژیان!

من نازانم تۆ چی لەم قسانەی من تێگەیشتیت، بۆیە هاوکات بەوەی حەز دەکەم جارێکی دیکەش ئەو دوو ڕستەیە بخوێنیتەوە، منیش هەوڵدەدەم زیاتر مەبەستەکەی خۆمت بۆ ڕوونبکەمەوە، بەبێئەوەی مەبەستم بێ بڵێم: من باشتر لەتۆ دەبینم. چونکە ئەوانەی هەمیشە تەماشا دەکەن مەرج نییە ببینن، هەروەکچۆن ئەوانەی چاویان کوێر بووە و ناتوانن تەماشا بکەن مەرج نییە نەتوانن ببینن. لێرەشەوە ئێمە لە زمانی خۆماندا کێشەیەکمان هەیە لە ناونانی کەسانێکدا، کە چاویان وەك چاوی مرۆڤێکی (سرووشتی)، نابینێ و بەوانە دەڵێین (نابینا)، یان (کوێر)، هەڵبەت لەنێوان دوو کەوانەدا.. بەڵام زەحمەت نەبێ با ئاڵێرەدا بوەستین و هەڵەیەك ڕاستبکەینەوە، کە لەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا کردم و هەموومان ڕۆژانە ئەو هەڵانە دەکەین.

مەبەستمان لە دەستەواژەی (چاوی مرۆڤی سرووشتی)چییە؟ ئەگەر ئێمەی چاوساخ پێمانوایە لە (نابیناکان) سرووشتی تر و مرۆڤترین، ئەوە خودی ئەو بڕوایە و هەر

بروابوونێکی دیکەی لەو بابەتە کە فەزڵی ئێمە بدات بەسەر نابیناکاندا، بەڵگەیەکی باشی (نابینایی) ئێمە دەردەخات و نیشانەی ئەوەیە ئێمە (تەماشا) دەکەین، وەلێ (نارِوانین)، چاومان کار دەکات، بەڵام نابینێ، سەرنج دەدەین بەڵام بێگامان خاڵییە لەو بابەتەی کە سەرنجماندداوەتێ و تەماشامانکردووە.. بۆیە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە دڵنیامان کاتەوە لەوەی ئێمەی چاوساخ لە مرۆڤێکی بە زگماك نابینا سرووشتی ترین، لەبەرئەوەی گوایە ئەو شتانەی ئێمە تەماشایان دەکەین، ئەو نایانبینێ.. ئەم تێروانینە تەنیا هەڵەی ئەو کەسانەیە کە لەروانگەی دوالیزمی (ساخ) و (نەخۆش)ەوە سەیری دنیا دەکەن و بەو پێیەش هەرکەسێ وەکو خۆیان بێت بە مرۆڤێکی سرووشتی، ساخ و بێخەوشی دەزانن و ئەوەی لە خۆشیان نەچوو بە (ناسرووشتی، وەحشی، نەخۆش و مەترسیدار)ی لەقەڵەم دەدەن.

بیرۆکەی فاشیزم، بەشێوەیەکی متبور لەناو ئەم تێروانینەدا و زۆر لەپێش سەرهەڵدانی فاشیزمەوە وەك ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی، ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و بۆی هەیە لە هەلومەرجێکی پێویستدا هەمان بیرۆکە خۆی لەهەر بۆنەیەکدا مانیفێست بکات..

فاشیزم بە یەك بەڵگە دەرکەوتەیەکی سیاسییە و بە سەدان بەڵگە سەرچاوەیەکی ئۆنتۆلۆژیکی هەیە کە پەیوەستە بە بوونی بوونەوەرێکەوە بەناوی: مرۆڤی ساخ و بێخەوش..

ئێمە لە کۆمەڵگای خۆماندا چۆن مامەڵەی چەمکی نابینا و کوێرمانکردووە و ئایا لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کوێر و نابیناکان لە چ رۆژگارێکدا ژیان بەسەر دەبەن؟ بێگومان حاڵ و گوزەرانی ئەوان لە کۆمەڵگای ئێمەدا باشتر نییە لە گوزەرانی ئەوان لەهەر کۆمەڵگایەکی دی، کەتیایدا چاوساخ بۆ کوێرەکان بیردەکاتەوە و بریاریان بۆ دەدات.. واتە ئەوان لەهەر کوێیەك بن، مادام مرۆڤی سرووشتی خۆی دەخاتە بری ئەوان و نوێنەرایەتیان دەکات و لەجیاتی ئەوان بریار دەدات، بارودۆخیان باشتر نییە لەو بارمتانەی کە بەدەست عەقڵییەتی چاوساخەکانەوە گیریانخواردووە. عەیبی هەرە گەورەی چاوساخ و مرۆڤی سرووشتی لەئاست نابیناکاندا، هەر نیەتێکی

باشیشی هەبێ، ئەوەیە کە ناتوانێ دەرکی دنیای ئەوان بکات و لە دنیای خۆیەوە، لە بەرژەوەندی خۆیەوە و لە هوشیاریی خۆیەوە دەڕوانێتە دنیای ئەوان و پێویستیەکانی ئەوان.. ئەمە هەڵوێستی مرۆڤی ساخیشە لەبەرامبەر بەتەمەنەکان، کەمەندامان و تەنانەت منداڵانیشدا. عەیبی ئەم مرۆڤە و ئەخۆشیە هەرە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە هوشیاریی بەرامبەر بەو گرووپە مرۆیە کۆمەڵایەتیانە، هوشیاریەکی *(باڵاخوازانەی سەپاوی ناکامڵە)*. هوشیاریی ئێمە بەرامبەر بەوانەی بە نابینا و کوێر ناویان دەبەین، لە بینایی و چاوساخیی خۆمانەوە هاتووە، بەڵام ئێمە دەزانین کە چاوی ئێمە و ئیدراکی ئێمە سەبارەت بە تێگەیشتن لە شتە زۆر سادەکانیش پڕن لە هەڵە و کەموکوڕی. سەرچاوەی ئەو هوشیاریە، باڵاخوازانەیە، چونکە مرۆڤی چاوساخ خۆی لە نابینا پێەرزترە. هوشیاریەکی سەپاوە، چونکە چاوساخ پێیوایە باشتر دەتوانێ بۆ نابیناکان بیربکاتەوە و بڕیاریان بۆ بدات و چاوساخیان بۆبکات. ناکامڵیشە، چونکە ئەزموون ئەوەی سەلماندووە کە تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهانی دەورووبەر و دنیای کوێرەکان هیچ وردبینانەتر نیە و پڕە لە هەڵەی کوشندە و ئاکامی خراپ..
ئەزموونی مێژوویی ئێمە لە تێڕوانینیدا بۆ نابیناکان زیاتر لەوەی بینینی ئەوان بووبێ، تەماشاکردنیان بووە. ئێمە هوشیاریی خۆمان لە ئاست ئەواندا لەسەر بنەمای تەماشاکردنەوە دامەزراندووە نەك بینینیانەوە، ئێمە کوێرەکانمان وەك نابینا و حافزی مزگەوتنشین پۆلێنکردووە، لەسەر سۆشتە و ڕاڕەوەکان وەك سواڵکەر هاتوونەتە بەرچاومان، لەسەر شەقامەکان بەخۆیان و گۆچانەکانیانەوە سەرنجماندوان، وەك باوەپیارە و ئەنك لە ماڵێکدا پێکەوە ژیاوین و بۆی هەیە جارێ لەجاران لەناو پاسدا پرسیارێکیان لێکردبین و هتد. بەڵام وێنەی باوی ئەوان لە زەینی ئێمەدا وێنەی ئەو مرۆڤە دەستوپێ سپیەیە کە ڕۆژانی هەینی لە مەراوبەری دەرگای مزگەوتی گەورەدا ڕیز دەبن بۆ ئەوەی خێریان پێبکەین.. هەموو ئەم پۆلێنکردن و سەرنجدان و تەماشاکردن و وێناکردنانە، نیشانەی نەبوونی هوشیاری و ڕۆشنبیریی ئێمەی چاوساخە، ئێمەی مرۆڤی تەندروست و خۆبەشتزانە لەئاست ئەو مرۆڤانەدا کە جیهان

لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەزموونەکەن.. ئێمە بەو هەڵوێستەمان لە ئاست ئەواندا هیچمان نەسەلماندووە لە نابینایی و نەبینینی خۆمان زیاتر. ئێمە هیچمان نەویستووە لە سەپاندنی دەسەڵاتی باڵاخوازانەی خۆمان زیاتر بەسەر ئەواندا، کە بەهۆیەوە نەزانیی خۆشمان شاردۆتەوە.. سەیر لەوەدایە کە نەزانی پێکهاتەیەکی شاراوەی فاشیزمە. لە ئەورووپا بە ڕەگەزپەرستەکان و ئەوانەی ڕقیان لە پەنابەران دەبێتەوە، هەرچی دەڵێی بڵێ، قەبووڵی دەکەن، تەنیا مەڵێ: ئێوە نەزانن.. نەزانی هاندەری شاراوەی ڕق لێبوونەوە و خۆبەگەورەزانیی و ئەوانیتر بە هیچزانییە، کە بەردەوام پێویستی بە چەپاندن هەیە. بۆیە فاشیەکان هەرتەنیا ئەوکەسانە نین کە نیشانەی فاشیزم لە قۆڵ و ناوچەوان و لاملی خۆیان هەڵدەکۆڵن و هاواردەکەن: (بژی هیتلەر)، بەڵکو ئەوانەشن کە وزەی زۆر بەکار دەهێنن بۆ چەپاندنی ئەو ڕقەی بەرامبەر بە مرۆڤ و بوونەوەری زیندوو و کۆی ژیان، لەدڵیاندایە. مرۆڤی فاشی، بەو حوکمەی نەزانە، خۆبەکەمزانە و کاتێ دەڕوانێتە ناخی خۆی لە ڕق و ئیرەیی زیاتر هیچی تێدا نییە، لەهەر پلەوپایە و پۆستێکدا بێت ئەو نەزانی و ڕقەی لێئاشکرا دەبێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە دەمانەوێ بەهۆی ڕووناکایی یاسایی و مافی مرۆڤەوە، کەمێ خۆمان لەو تاریکایی و نابینایییە مێژووییەی تیایدا دەژین، ڕزگار بکەین، پێویستە ئەو ڕووناکاییە هێندە بەهێز بێت کە بەهۆیەوە هەم نابینایی خۆمان و هەم تایبەتمەندیی ئەوانەش ببینین کە ناومان ناون (کوێر و نابینا). چونکە تەنیا بەهۆی دەرککردنی تایبەتمەندیی جیهانی ئەوانەوەیە کە جیهانی چاوساخان دەتوانێ خۆی ڕوونتر بکاتەوە و دەست لەو ستەمکارییە هەڵبگرێ کە ئایدیۆلۆژیای فاشیزمی متبوو، مرۆڤی سرووشتی و مرۆڤی کامڵ، بەهۆیەوە توانیویەتی دنیامان لێتاریك بکات.. کەواتە دەمەوێ بڵێم: بۆ هیچ ساتەوەختێك کۆمەڵگای ئێمە بەدەرنەبووە لەو ئەندامانەی کە وەکو ئەوانیتر تەماشا ناکەن و نابینن. کۆمەڵگایەکمان نییە تیایدا کوێرەکان و نابیناکان نەبینینەوە، هیچ شارستانیەتێکیش نییە لەمێژووی شکۆمەندیی خۆیدا، بەدەربووبێ لەو کەسانەی کە بینیویانە بەبێ ئەوەی وەکو ئێمە تەماشایان کردبێ. بۆیە بیرۆکەی کۆمەڵگای

تەندروست، کۆمەڵگای هوشیار، کۆمەڵگای کراوە، کۆمەڵگای ڕۆشنگەر و مەدەنی، ئەگەر بەمانای کۆمەڵگای مرۆڤە چاوساخەکان بێت، هەر لە بنەماوە بوونی نەبووە و نابێ. هەمیشە ڕۆشنگەریی و مەدەنییەتی کۆمەڵگایەك پەیوەستە بەو ڕەهەندەی بینینشەوە کە دەتوانێ لە ڕێگەیەوە وێنای ئەو شتانە بکات کە چاوی ساخ، زانستی پێشکەوتوو، عەقڵی ڕۆشنگەر و مرۆڤی مەدەنی، نایانبینێ.. ئێمە لە قۆناغەکانی ژیانی ڕابردوومانددا، مامەڵەیەکی پەراوێزئاسامان لەگەڵ ئەوانەدا کردووە کە وەك (نابینا) پۆلێنمانکردوون. لەو مامەڵەیەدا، نابیناکاغان لەوەدا پێناسە و بچووککردوونەتەوە کە هیچ نابینن و ناتوانن هەست بەو شتانە بکەن کە ئێمە لە بەردەم ئەواندا دەیکەین. ئێمە تێگەیشتنێکی فەسلەجی ڕووتمان بۆ چەمکی نابینا هەیە و لەو تێگەیشتنەشدا چاوی ساغمان کردۆتە پێوەر بۆ حوکمدان، کوێریی ئێمە، فەسلەجی نییە، بەڵکو عەقڵییە!

هەندێ بیرەوەری لەگەڵ نابینادا:

من لەدوای هەژدەساڵیمەوە چاوم کز بوون، بەڵام هەرگیز نابینا نەبووم، لە بنەماڵەکەشماندا کەسمان نییە بە زگماك نابینا بووبێ، لەگەڵ نابیناکانیش نەژیاوم، هێندە هەیە جاروبار خواردنم لەگەڵ خواردوون، لەگەڵ نێرینە و مێینە و لەگەڵ جەوان و بەتەمەنیان و لەگەڵ کورد و غەیرەکوردیاندا.. بۆیە ئەگەر لەمبارەیەوە قسان دەکەم، سەرچاوەی قسەکانم لەو ئەزموونەوەیە کە بەفێرۆم نەداوە، نەك لە بەهرەیەکەوە کە بە زگماك خودا پێمی بەخشیێ، ئەگەرچی دەزانم نابینایی وێستگەیەك و ئاکامێکی ژیانە و هەموومان لە سەردەمێکدا ئەزموونی دەکەین.. دەتوانم بڵێم شتگەلێ لەبارەی نابیناکانەوە دەزانم و لێیانەوە فێربووم، کە لە هەردوو کتێبی (*دنیای شتەبچووکەکان و ئەلەوەوحەکایەت*)دا سوودم لێوەرگرتوون و سەبارەت بە جیهانی ئەوان قسەم کردووە. بۆنموونە دەزانم پیاوی نابینا حەزی لە چ جۆرە جل وبەرگێکە و فەنتازیا بە چ جۆرە ژنێکەوە لێدەدات و بەچیدا دەزانێت ئەوە ئەو ژنەیە، کە بیری لێدەکاتەوە!.

دەزانم ژنی نابینای کەمتەمەن خەون بە کامجۆرەی پیاوەوە دەبینێ و چ بۆنێ: (بۆنی لەش، بۆنی هەناسە و بۆنی پۆشاك)ی بەلاوە خۆشە..
یەکەمجار لە ماڵی خۆمان، لە جەژنێکدا بوو باوکم پیاوێکی نابینای هێنابۆوە ماڵ و پێکەوە نانمانخوارد. لەدەیەی هەشتاکاندا، دەیەی نابیناکوژانی بەعس. ئەو دەیەی لەبیرچوونەوەی بەمانای (نابینایەکی) کوشندەیە لە ژیانی هەموومانندا. ئەو ئەزموونەم لە یادەوەریەکی زۆر دووری خۆمدا پاراستووە کە هەندێ دیمەنی، لێڵی و تەمێك دایانپۆشیوە. ئەوەی لەو پیاوەدا بەدیمکرد و هەرگیز فێری نەبووم، بەهێواشی خواردن و خواردنەوەی ئاو بوو لەپاش دوایین پاروو.. نانخواردنی بەپەلە شتێکە نامۆ بە دنیای نابینا، نابینایی رێگرە لەبەردەم خێراییدا، جگەی بەخێرایی نانخواردن.. پاشان خواردنەوەی ئاو، یان دژی تێراخاوی و قەزواندار و ماستاوی کوڵکن، شتێ کە (مستەر ریچ) لەگەشتەکەیدا بۆ کوردستانی سەدەی هەژدەیەم، یەکجار دەیخواتەوە و ئیدی دەمی بۆ ناباتەوە، ئەو چێژە بوو کە ئەو پیاوە نابینایە فێریکردم و دوای ئەوەش کە پەرداخەکەی دانایەوە لەبەرخۆیەوە پێیگوتم، کە: (بۆی تێکەمەوە)!. پەرداخێکی دیکەم بۆ تێکردەوە و بەهێواشی لە لێوەکانی نزیکخستەوە و ئەویشی بەهێواشی هەڵدا. ئەمجارەیان باشتر گوێم بۆ خوورەی چوونەخوارەوەی دژکە، بە گەروویدا، گرت.. لە دەنگی ئاوێکی بە خوورِ دەچوو کە لەدوورەوە بەرێوەبێت و بیەوێ لەم نزیکانە ئارام بگرێ.. بەدوایەوەدا دەستەسرێکی لە بن پشتێنەکەی دەرهێنا و هەندێ دۆعای کرد و پێیگوتم کە سینیەکە لابەم. بە هیوای ئەوەی جارێکی دیکە گوێم لە خوورەی چوونەخوارەوە بێت،گوتم: (ئەی پەرداخێکی تر دۆ ناخۆیتەوە؟). کە پەرداخەکەی بە لێوەوەنا، خۆمم لەشێوەی گەشتیاری ناو بەلەمێکی بچکۆلانە دەبینی کە چۆن شەپۆلێکی بەخوورِ بەناو توونێلەئەشکەوتێکدا هەڵیگرتووە و لە کۆتاییدا، بەبێئەوەی بەخۆم بزانم ئەوا گەیشتوومەتە سەر لێواری تاڤگەیەك، کە گەرانەوە بۆ دواوە مەحاڵە.. هاکا بە شەتاو بەردەبمە خوارەوە بۆ ناو گۆمێك و.. شلپەم دێ..

بۆ دووەمینجار لە دانمارك و لەوماڵەدا كە پێنج ساڵی یەكەمی ژیانی تاراوگەیم تێدا بردەسەر، خانمێكی نابینام ناسی. ئەو لە خانەی نابینایان دەژیا، بەڵام بۆ جەژنی كریسمس هاتبوو لەگەڵ ئەو ماڵەدا جەژن بكات، كە من هەم كرێچی و هەم بەشێوەیەكی سیمبولیك ببومە كوڕیان و ئەو خانمەش دەبووە پووری دوو كوڕەكەیان.. لەدوای ئەوەی بەیەكتریان ناساندین، بینیم، چوو لەسەر گۆشەی قەنەفەكە، لەلای پەنجەرەكەوە دانیشت و شیشی گۆرەوی چنینەكەی لە جانتاكەی دەرهێناو كەوتە گۆرەوی چنین. گۆرەوی ڕەنگاوڕەنگ و گەرم لە كاموا. یەكەم پرسیاری لە من ئەوەبوو كە گوتی: *(Hvor kommer du fra?)*، واتە لەكوێوە هاتوویت، بەمانای (خەڵكی كام وڵاتیت؟) كاتێ بەدوای دەنگەكەیدا و لەناو هەراوزەنای هەردوو كوڕەكەی خاوەنماڵ لەسەر تەماشاكردنی ئەو دیاریانەی بۆیان هاتبوون، سەرم هەڵبڕی بۆئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسانە بدەمەوە، بینیم چاوی بڕیوەتە سیمام و چاوەڕوانی وەڵامە. وەلێ، وەڵامەكەم پڕاوپڕ نەبوو، چونكە بەلای ئەوەوە كوردستان وڵات نەبوو. بۆئەوەی وەڵامێكی دڵنیاكەری بدەینەوە، (دانیاڵ)ی خاوەنماڵ كە لەبەشی میكانیكی فڕۆكەوانی ئەندازیار بوو، كتێبی (ئەنسكلۆپیدیای جیهان)ی هێناو لاپەڕەی (كوردەكان)ی كردەوە و بۆی خوێندەوە. تائەوكاتە هیچ كەسێكم نەبینیبوو بەو دیققەتەوە گوێ بۆ شتێ بگرێ كە پەیوەندیی هەبوو بە كوردستان و كوردەكانەوە. لە گۆرەوی چنین وەستا و ملی بەولایەدا لاركردەوە كە دەنگی (دانیاڵ) زانیاری لەسەر كورد بۆ دەخستەڕوو. ئەو دەیویست چیدی لەوبارەیەوە بە نەزان لەقەڵەم نەدرێ، نەیدەویست فاشیزم لە بیركردنەوەیدا خۆی بشارێتەوە، ئەو چاوی نەبوو، بەڵام دەیبینی.

ئەو خانمە لەوە دوا، هەموو ساڵێ لە جەژنی كریسمسدا جووتێ گۆرەوی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دەناردم و لەو مانگی بەفر و تەنیایی و تاراوگەییەدا، بەو (نابینایەی خۆیەوە)، چرایەكی خۆشەویستی لە ناخدا هەڵدەكرد..

دوای ئەوانە و خوێندنەوەی هەندێ لە بەرهەمەکانی (بۆرخیس)، باوکی نابیناکانی جیهان، فیلمی (بۆنی ژن)م بینی کە تیایدا، (ئال پاچینۆ) وەڵامی زۆرێك لەو پرسیارانەی دامەوە کە منی چاوساخ، بەڵام نابینا عەودالّیان بووم و نەمدەزانین. ئەو نمونەی نابینایەکی توورەی پێناساندم، کە سەرچاوەی توورەبوونەکەی، نەك هەر تێکشکانە تایبەتی و دەروونیەکانی خۆی نەبوون، بەڵکو ئەو گەمژەییەی چاوساخان بوو کەئەو بەرگەی نەدەگرت. ئەو نمونەی نابینایەکی هوشیار و نارازیی پێناساندم کە دنیا و ژیانی زۆر جوانتر لە ئێمە دەبینی و چێژی لێوەردەگرت، نابینایەك، کە لەکارکەوتنی چاوەکانی ناچاریان نەدەکرد تەسلیمی مەرجی دنیای چاوساخان بێت. نابینایەك، کە دەیویست بە سەربەرزی و کەرامەتەوە بژی و چاوساخ نەکاتە سەرگەورەی خۆی..

دواجار، لە پایتەختێکی گەورەی جیهانی سێیەم، لە هوتێلێکدا، خانمێکی نابینام ناسی کە دەیویست بزانێ ئاخۆ هیچ چارەیەکی هەیە بۆ چاکبوونەوە، چونکە ئەو لە منداڵییەوە چاوی لە ڕووداوێکدا لەدەستدەدات و ئەگەری چاکبوونەوە بۆ ئەو ئومێدێك بوو. ئەوەی لەو خانمەوە فێری بووم، نەشاردنەوەی نابینایەکەی بوو، سەربەرزی و تەماشاکردنی ئەو بوو بۆ تۆ کاتێ قسەی بۆ دەکردی. هەستیاریی و ڕاستگۆییەکەی بوو کاتێ دەیگوت: (ڕەنگە کەس نەتوانێ و لە ڕووی زانستیشەوە ئیمکانی نیە چاوم چاکبێتەوە)، بەڵام ئەو بەدوای نەشتەرگەریەکدا عەودالّ بوو کە چاوەکەی کەمێ (سرووشتیانە) بنوێنێ. دڵم نەدەهات پێبڵێم: (هیچ شتێ نیە مرۆڤ دەستکاریی بکات و سرووشتیانە بنوێنێ)، لەگەڵ ئەوەشدا لێتێدەگەیشتم: ئەو لە وڵاتێکدا دەژیا هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەست گوڵفرۆشی تێدا نیە، هەموو شتێ ئەوەندە پلاستیکی و دەستکردە، کە وەك شتێکی سرووشتی بنوێنێ.. ئەو کورد بوو، کچ بوو، لەشارێکی مۆدێرنیزەبووی لە خۆڕازیی ڕواڵەتگەرادا دەژیا و دەیویست چیدی لەسەر ئەوەی چاوی لەدەستداوە، نەچەوسێنرێتەوە و هاوتەمەنەکانی و

هاوپیشەکانی لە شوێنی کار و سەرشەقامەکان، لێچولێوی لێهەڵنەقرچێن و فیزی بەسەردا لێنەدەن..

مۆدێرنیتە و نابینا:

ئەزموونەکانی پاشتر، بینینی ئەو نابیناکراوانەی وڵاتی خۆمان بوون کە بە ئاشکرا جێدەستی بەعسیەکان و جەنگەکانی دیکەیان پێوەدیارن. نابیناکراوەکانی ئەنفال، نابیناکراوانی کیمیایی باران، نابیناکراوانی ژوورەکانی سزا و ئەشکەنجەدانی شەڕە ناوخۆییەکان، نابیناکراوانی شەڕی خێڵ و عەشیرەت و هتد.. ئەمجارەیان نابینا تاکەکەسێ نەبوو، بەڵکو ببوونە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیار.. هێندە هەیە سەردەمی ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ڕۆحە دژە مرۆییەی لەخۆیدا شاردوێتیەوە، بۆ نابیناکان زۆر تاریکترە وەك لەسەردەمەکانی پێشووتر. لەسەردەمەکانی پێشووتردا، نابینایی لە پەیوەست بە ئیرادەی یەزدانەوە تەماشای دەکراو ئەوە بەس بوو تاکو هەموو توانایی و ئەندامەکانی دیکەی کەسی نابینا لەکار بخرێن و نابینا بەخۆی و گۆچانێکەوە کونجی عوزلەت و تەنیایی ناو ماڵی خوا، بگرێ.. لەسەردەمی ئێستادا نابیناکان تەسلیمی ئەم قەدەرە نابن، ئەوان نایانەوێ بەهۆی لەکارکەوتنی ئەندامی بینینەوە، کۆی ئەندامەکانی دیکەی جەستەیان ناچار بە پاسیڤێتی و پووکانەوە بکرێن. ئەوان ئێستا بەرامبەر بەخۆیان و تواناکانیان هوشیار ترن. وەلێ سەردەمی ئێستا لەگەڵ نابیناکان دڵڕەقترە، بەمانای (دڵکوێرترە) لە جاران. مۆدێرنیتە بەو دیوەدا کە هوشیاریەکی پتر سەبارەت بە نابینایی هێناوەتە ئاراوە و تەکنەلۆژیایەکی خستۆتە گەڕ بۆ خزمەتکردن بە نابیناکان، هێشتا زۆر شت هەیە نەیتوانیوە ببینێ. نابینایی سەردەمی مۆدێرنیتە سەبارەت بە نابیناکان، لەو (خێرایی)بەدایە کە بە ژیانی بەخشیوە و ئەمەش دژی جەوهەری نابینایە. نابینا لە سەردەمی پێشمۆدێرندا، ژیانێکی هەیە بە ئیقاعێکی لەسەرخۆی مەندەوە، بەڵام نابینا لەسەردەمی مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا لەژێر گووشاری خێراییەکدایە، کە ئەو پتر بە ژیانی خۆی نامۆ دەکات و ئەمەش لەگەڵ ئەو

هوشیاریەی لەسەر خۆی بەدەستی هێناوە، وێکنایەتەوە و ناکۆکە. شەقام و لارێ و ژینگەی قەرەباڵغی ئەمڕۆ بۆ نابیناکان، پڕمەترسیترە لە شوێنە لاتەریکەکانی جاران.. جاران نابینا بەپێی خۆی و بە هاوکاریی گۆچانەکەی دەستی دەگەیشتە شوێنی مەبەست، کەچی لە ئێستادا ئەو هەستدەکات چوونە شوێنە گشتییەکان، ڕۆیشتن بەسەر شەقامەکاندا پڕ مەترسییە، دەستی میهرەبانی و چاوساخان کەمبۆتەوە، خێرایی، بەلادا تێپەڕین و شان لەشان کوتان و توندوتیژی زیادیکردووە.. چاڵ و چەڵەکان و دارتێلەکان و پڕ بوون و تەماعی نابووریش وایکردووە دووکانداراەکان مێزێکی گەورە لەبەردەمی دووکانەکانیاندا دابنێن، کە بۆ نابینا ڕێگرێکی گەورەیە.. ئەمڕۆ ئەوەندەی نیشانەکانی ڕێنمایکردنی چاوساخان زیادیکردووە، ئەوەندە نیشانەی ڕێنمایکردنی نابیناکان نابینین.. بۆیە نابیناکان کەمتر لە باخچە و شەقامەکان، لە پارك و شوێنە گشتییەکان، لە چێشتخانە و خواردنگەکان، لە چایخانە و قاوەخانەکان، لە سەیرانگە و ناو خەڵکدا، بەدیار دەکەون. لەوەدەچێ کۆمەڵگای ئێمە نەیەوێ بیر لە فەزایەك بکاتەوە بۆ نابیناکان، کۆمەڵگای ئێمە ئەوەندەی سەرسامە بە درندەیی مۆدێرن، ئەوەندە سەرسام و ئاگا نییە بە مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی بۆ هاوچەشن کە بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەی مۆدێرنن. ئەو کۆمەڵگایانەی (مۆدێرنیتە) وەکو ئەتەکیەت و ڕواڵەتگەرایی نوێ، وەکو(پێرفێکشنیزم و سنۆبیزم) و (مۆدگەرایی)، تێدەگەن، ڕێگە نادەن نابیناکان، قەڵەوەکان، ناشیرینەکان، هەژارەکان و شێتەکان بەهەمان شێوە سوود لە فەزای گشتی وەربگرن، کە مرۆڤی پێرفێکت و لووتبەرز خۆی تێدا نومایش دەکات. ئەمجۆرە کۆمەڵگایە توانای نابیناکان بەکەم دەگرێ، هەلی کارکردن و دامەزراندیان ناخاتە بەردەم، بواری خۆ سەلماندن و پیشاندانی مەهارەتەکانیان بۆ دابین ناکات. لەولاتی ئێمەدا ئاسانکاری لە بواری خوێندنەوە و هونەر و پیشەدا بۆ نابیناکان زۆر بەکەمی هەیە. هونەرمەندێکی نابینا، پیشەگەرێکی نابینا، خوێنەرێکی نابینا، زۆر بە زەحمەتتر دەتوانێ ڕێگرەکان بشکێنێ و وەك ئەوانیتری چاوساخ لە میدیا و شوێنە گشتییەکاندا بواری خۆ ئاشکراکردنی بۆ برەخسێ..، هەر

ئەم کەمایەسیانەش کە جارێکی دیکە دەیسەلمێنن ئێمەی مرۆڤی مۆدێرن، بەچاوی ساخەوە زۆر شت هەیە تەماشایان دەکەین، بەڵام هەرگیز نایانبینین!

خواردنی نابینا:

ئایا هەرگیز بیرت کردۆتەوە: ئەگەر نابینا بویتایە حەزت لە چ جۆرە خواردنێك دەکرد؟ من بۆخۆم لەگەڵ نابینایەکدا دەزانم کێشەی نابیناکان ئەوە نییە کە ناتوانن وەکو ئەوانیتر ببینن، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوانیتر نەتوانن نابینا بەوجۆرەی کە هەیە ببینن. دەزانم ئەوان بەگشتی مرۆڤی نەرمخوون، زەیین ڕوونن، قسەخۆشن، دڵناسك و هەستیار و دەنگخۆش و پڕبەهرە و زیرەك و تەنانەت نەوسن و بەمشوومۆڵیشن، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو تا تێبگەم ئەوان حەزیان لەچجۆرە خواردنێکە؟ کێشەی هەرە گەورە بۆ کەسێ خواردنی نابیناکان دروستبکات ئەوەیە، کە نابینا وێڕای چڵێسییەکەیشی، مرۆڤێکی ئەوەندە قانیعە، کە زۆرینەی خواردنەکان دەخوات و هەرگیز لەسەر خواردن لەگەڵ نابینادا تووشی کێشە نابین، هەر لەبەرئەوەش زەحمەتە بزانین ئەوان چی ناخۆن.. لەبەرئەوە بیرمکردەوە پێویستە خواردنێکی تایبەت بۆ نابیناکان دروستبکەم، کە خۆراکەکانی هێندەی جیهانە دەوڵەمەندەکەی ئەوان ڕەنگاوڕەنگ و خواردنیشی ئاسان و سادەبێت و لە بۆنیشدا با بۆخۆیان بڕیار بدەن، دڵنیام ئەوان بە بۆن و تامەکەیشیدا، زۆرجوانتر لە ئێمەی چاوساخ، ڕەنگەکەی دەبینن. هەوڵبدە لەکاتی لێنانی ئەم خواردنەدا ئەوپەڕی هێواش بیت، چونکە ئەو خواردنەی بەهێواشی لێنرابێت بۆنابینا چێژی زیاترە. ڕۆلان بارت، ڕۆژگارێ لە کتێبی (چێژی دەق)دا نووسیبووی: ئەو دەقەی بە چێژەوە نووسرابێت، بۆ ئەو کەسەش دەیخوێنێتەوە چێژبەخشە. دەکرێ قسەکەی بارت بۆ خواردنی نابیناکانیش کارابێت: نابینا خودی خواردنەکە نابینێ، بەڵام لەڕێگەی بۆن و تاموچێژەکەیەوە، بەهۆی ئەو هاڵاوەی لێی بەرز دەبێتەوە و هتد، تەفسیری جۆری خواردنەکە دەکات، بەهەمان

شێوەی کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا کۆدی نووسینەکە دەکاتەوە و ئاماژەکانی تەفسیر دەکات.

شێوەی دروستکردن:

پێش هەموو شتێ کاسێتێکی (تایەر تۆفیق)ی بخەرە سەر، تا ئاوازی مەقام و بەستەکانی، ڕێگری لەهەر جۆرە پەلەکردنێکت بکەن.. سەرەتا پێویستە لیترێ ئاو بکەینە قابلەمەیەکەوە و دوو مشت نیسك لەگەڵ کەوچکێ ڕۆنی تێبکە. کەمێ تێکی بدە و ئاگرێکی ئاسایی بۆ دابگیرسێنە و لێگەڕێ تاکو کەفێکی سپی دەکات. واتە پێشنەوەی بێتە کووڵ، پڕی پەرداخێك مەعکەرۆنی ورد، شێوە قردێلەیی تێبکە و بەهێواشی تێکەڵیهەڵدە. پاشان (ماجی)یەك بهێنە و لەنێوان پەنجە گەورە و دۆشاو مژەدا بیپروێنە تاکو ورد دەبێت و ئەویش بکەرە ناو قابلەمەکەوە. بەردەوام بە لە تێکەڵهەڵدانی و لێگەڕێ کووڵ بێت و ئەمجا سەرەکەی لەسەر دابنێ و ئاگرەکەی کزتر بکە. پاشان پەتاتەیەك بهێنە و دوای پاککردن و شتنەوەی، بە وردی بیجنە و ئامادەی بکە، تا یەکدوو گێزەر لە ڕەندە دەدەیت، پەتاتەکەیشی بکەرە ناو و جارێکی دیکە تێکەڵیهەڵدەوە سەرەکەی لەسەر دابنێوە. ئەگەر زانیت زۆرخەستبۆتەوە، دەتوانیت پەرداخێ ئاوی گەرمی تێبکەیت. ڕەنگە ئێستا کاسێتەکەش گەیشتبێتە سەر بەستەی (*زولفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە، لەمرۆ لە منی شێفتە ئاڵۆز و بەداوە*)، بۆیە هەوڵدە چەند پارچە (حێل)ێکی وردکراو، کەمێ پیازی سەوزی ووشککراو، کەرەوز و تەماتەیەکی وردجنراو ئامادە بکە و پێشنەوەی بگاتە بەستەی (*عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زولفت/ سەوداو و پەرێشانم و، سەودایەکی خاوە*)، هەموو ئەوانەی تێبکە و تێکەڵی هەڵدە و دواجار گێزەرە لە ڕەندەدراوەکەیشی بکە بەسەردا و ئاگرەکەی لێبکوژێنەوە. لێگەڕێ هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی سرووشتی تامی خۆیان بدەنەوە و تامی یەکتر بگرن. هەتا سارد دەبێتەوە، دەتوانیت چەند پارچە سەموونێ، یان هەر جۆرە نانێکی دیکە ئامادە بکەیت و

سووپەکەش بکەینە قاپی قووڵەوە، بەمەرجێ نەهێڵی لـەکاتی تێکردنـدا بـە لێـواری قاپەکاندا برژێ. ئێستا خواردنێ ئامادەی نۆشکردنە لە بۆندا ناوازە، لە تامدا بێوێنە و لە دیمەندا..؟، ئەمەیان لێدەگەڕێین بۆ کەسانێ کە شـایانی ئـەوەن ئـەم خواردنـەیان بەناوەوە بێت، چونکە ئەوان بەبێ ئەوەی تەماشا بکـەن، لـە ئێمـە جـوانتر دەبیـن و حوکم دەدەن..

خواردنی پێشمەرگانە

(نانەڕەق) خواردنی شاهانەی پێشمەرگە:

خواردنی پێشمەرگانە، بەپلەی یەکەم (نانەڕەقە). مێژووی نانەڕەق لە وڵاتی ئێمەدا، حەکایەتێکی سەرنجڕاکێش و پڕە لە شتی سەیر و سەمەرە. نان بۆ ڕەق دەبێ؟ لەبەر ئەوەی لەکاتی خۆیدا ناخوورێ. بۆچی؟ چونکە نانی تازە دەکرێ و ئەویتر کۆندەبێ. ئەمە لە کوێ ڕوودەدات؟ لەو ماڵ و خێزانانەدا کە خۆشگوزەران دەژین. باشە نان کە ڕەقدەبێ، کێ دەیخوات؟ بێگومان ئەوانەی ناتوانن بە ئاسانی نان پەیدا بکەن. لە کامجۆری کۆمەڵگادا؟ لەو کۆمەڵگایانەدا کە نایەکسانی ئامادەیی هەیە و سەردەستە و ژێردەستەکان، هەژاران و دەوڵەمەندەکان دووجۆر ئاستی ژیان دەژین. بۆچی نانەڕەق دەبێتە نانی پێشمەرگە؟ چونکە دروستبوونی پێشمەرگە ئەنجامی سیاسەتێکی نایەکسانییە کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەك دەکاتە کۆیلە و پێشمەرگەش دەرکەوتەی ویژدانێکە لەبەرامبەر ئەو ژیانەدا دەڵێ: (نەء)، لێرەشەوە، ئەو نانەڕەقخواردنی ئازادانەی پێچاترە وەك لە قەلخواردن لەسەر سفرەی ملکەچی! ئەمەش بەمانای ئەوە نییە پێشمەرگە هیچیتر ناخوات، بەمانای ئەوە نییە دەیانجار ئاوی گۆشتیان بەنانەوە تێنەگوشیوە، نان و دۆیان نەخواردووە، بەرازیان ڕاونەکردووە و دەیان خواردنی تریش، وەلێ بەمانای ئەوەیە لە تەنگانەی پێشمەرگایەتیدا، تەنیا نان، نانی ڕەق فریای دەکەوت..

لەم زنجیرەیەدا ڕووی قسەم بەپلەی یەکەم لە دۆست و هاوڕێ بیانییەکانی کورد و ئەو ژەنراڵ و ڕۆژنامەنووس و خۆرهەڵاتناس و کوردناسانەیە، کە دێنە ئەم وڵاتەوە و ماتەریاڵ بۆ کتێب و وتارەکانیان کۆدەکەنەوە و تیۆرە لەسەر ئێمە دادەتاشن و فیشەکەکانیان بەناوی بەرقەرارکردنی دیموکراسییەتەوە، لەجەستەی مرۆڤی ئێمەدا خاڵی دەکەنەوە. بەپلەی دووەمیش ڕووی قسەم لەو ئەرمخوو و نایلۆن تەبیعەت و مرۆڤە ئایدیالیستە سەرچەورانەیە کە لەسەر مۆدێل، ئەوەی ئەمڕۆ بەباشتر دەزانن و ئەوەی دوێنێ بە کۆن و بەکار نەهاتوو لەقەڵەم دەدەن. ئەم دوو گرووپە هەردووکیان پێویستیان بەوە هەیە دایان بنێ و خواردنی پێشمەرگانەیان دەرخوارد بدەیت، تاکو باشتر لە ئێمە، وەکو میللەتێك کە پێشمەرگایەتی بۆتە شێوازێکی ژیانی، تێگەن! بەبێ خواردنی پێشمەرگانە لە مانای ئەو ژیانە تێناگەین کە تیایدا مرۆڤ دەخوات، بۆ ئەوەی خۆی بکاتە قوربانی.. ئەوە تەنیا کورد و نەتەوە هاوشێوەکانێتی کە دەتوانێ مانا بە خواردن بدات لە پێش مەرگدا..

لە جەوهەری خۆیدا پێشمەرگە، بەمانا کوردییەکەی، مرۆڤێکە عارف و بەدوای ئازادیدا ڕێگای مەرگ هەڵدەبژێرێ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و بۆ بەرگریکردن لە خۆی، چەك و تفەنگ دەکاتە هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی. هاوڕێ و هاوپەیمان و دۆستە ئەورووپاییەکانمان ناتوانن لە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئازادی تێگەن. ئەم تێنەگەیشتنە سەرچاوەی درێغیکردنی ئەوانە لەبەرامبەر کێشەی ئێمەی کورد و هۆکاری زۆرینەی بێمتمانەییەکانی ئێمەیە بە ئەوان، هەروەها بەڵگەی ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ئەوان ئەو بەشە لە مێژووی خۆیان لەبیرکردووە کە ناچاربوون بەهەمان هۆکار بەرگریی لەخۆیان بکەن. ناعەدالەتی دۆستەکانمان و هاوپەیمانەکانمان و ئەو هەڵانەی بەرامبەرمان لە نەزانییەوە دەیانکەن، بەتایەتی هاوپەیمانە ئەمەریکییە چاویلکە ڕەشە جەستە بە تفەنگ داپۆشراوەکانمان، (نەك عەدالەترەفتارەکانمان)، هەر تەنیا نیشانەی (نەزانیی) ئەوان بەرامبەر کێشەکانی ئێمە لە قووڵاییە مێژوویی و کەلتوورییەکانی خۆیدا نین، هەروەکو چۆن تەنیا گوێڕایەڵیکردنی ئەوانیش نییە بۆ ئەو

تۆمەتانـــەی دووژمنـــەکانمان دەیدەنـــە پـــاڵ نەتـــەوەی ئێمـــە، بـــەڵکو نیـــشانەی (خۆگێلکردن)ـــە لـــەو تراژیدیانـــەی بـــەهۆی کەمتەرخەمیـــەکانی ئەوانـــەوە، ئێمـــە باجەکەیماندا‌وە. ***هەڵکردن لەگەڵ ئەو دۆست و هاوپەیمانانەی نەزانن، زۆر ئاسانترە لە هەڵکردن لەگەڵ ئەوانەیان کە خۆیان لەئاستدا گێل دەکەن.*** دروستبوونی پێشمەرگە و بوونی پێشمەرگایەتی بە شێوازی ژیان بۆ میللەتی ئێمە بەدرێژایی چەندین دەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە دۆستەکانی ئێمە لە مێژووی هاوچەرخماندا هەمیشە خۆیـان لـە ئاست کێشەکانی ئێمەدا گێلکردووە، نەك نەزان بوون.. پێشمەرگایەتی قۆناغێکە لە ژیانی ئەندامانی میللەتێك کە ناچاربوون مـەرگ بکەنـە ڕێگایـەك بـۆ گەیـشتن بـە ئاستێکی ژیان، کە تیایدا نانەڕەقخواردن، ژەمی هەرە سەرەکیی بووە. بۆیە ئەوانەی کە لە لوتبەرزییانەوە، یان لە نەشارەزاییانەوە و لـە مۆدێلبازیـیەوە، دەیانـەوێ وشـەی (پێـــشمەرگە) و کەســـایەتی پێـــشمەرگە لـــە (توندوتیژییـــەکی خۆویـــستانە)دا بچووکبکەنەوە، پێویستە دەعوەتیان بکەین بۆ ئەوەی ژەمێ نانەڕەق بخۆن، تاکو لەوە تێبگەن کاتێ مرۆڤ بیەوێ ژیانی خۆی بکڕێتەوە، ناچارە تا سەر ئاستی گەڕانەوەی بـۆ قۆناغی وەحشیگەری بڕوات..

کەواتە پێشمەرگایەتی لە ژیانی میللەتی ئێمـەدا قۆنـاغێکی دابڕانـە لـە کۆمـەڵگای مرۆیی لە پێناوی بەرگریکردن لە کەرامەتی مرۆییانەی مرۆڤدا، کە چیدی کۆمـەڵگا توانای نەبوو بەرگریی لێبکات. پێشمەرگە ئەو (وەحشییە هەستیارەیە)، کە دڕنـدەیی کۆمـەڵگا و سیـستەمی سیاسـی لـە ئاسـت مرۆڤایـەتی خـۆی و هاوچەشـنەکانیدا پێقەبووڵنەدەکرا و ناچار بوو مەرگی خۆی بخاتە بارمتەی ژیانێکـەوە، کـە یـەکێ لـە ئیمتیازەکانی بریتیبوو لە دوورکەوتنەوە لە دڕندەیی و بەربەریەتی ستەمکارانە. ئەو بەم بڕیارەی بۆوە (وەحشی)، بووە هاوەڵی دار و بەرد و مارومێروو، لە سێکس و نـوێنی نەرم و نازی سفرە و نەتەکیەتی شـار و مووچـە و مانـەوە لـە هوتێـل و فیزلێـدان و سابوونی لۆکس و هەرجۆرە ژیانێکی مرۆییـانـە، دوور کەتـەوە، بـەڵام هەسـتیاریی و دەروەستیی خۆی لەئاست خۆی و ژیانی هاوبەشـدا، لەدەسـت نـەدا. بـەم مانایـەش

بەشێکی زۆری ئەندامانی میللەتی ئێمە لـە پرۆسـەی بەکۆمەڵایـەتیبوونی خۆیانـدا، ڕۆژگاریٰ پێـشمەرگە بوون و ژیانێکی (وەحشـیانە) ژیاون بـە هەسـتێکی مرۆیـانـەوە، هەروەکو چۆن ئێستاش لە سێ بەشـی دیکـەی وڵاتـی ئێمـەدا ژمارەیـەکی زۆر لـەو وەحشـیە نانەڕەقخۆرانە بە چیاکانەوەن!

ئایا چیە ئەو هاندەرەی وا لـە گـەنجێکی ئێمـە دەکـات خوێنـدن و خۆشەویستی و بەرژەوەندی و شەقامی قیر و کافتریاکـان و باخـچەکان جێبهێڵێـت و ئـەوێ کێـوان کەوێ و شەق لەبەردوداران هەڵدات و لەنێو دووپشك و مار و گـەرمای هـاوین و کرێوەی زستانێدا، ژیان بەسەر بەرێ؟ ئایا ئەمە حوکمێکی غەریزەییە و ناتوانن خۆیانی لێزگـار بکـەن؟ ئایـا ئەمـە نۆسـتالیژیای ئەوانـە بـۆ میراتـی باوبـاپیرە سـەرەتایی و ئەشکەوتنشـیـەکانیان؟ ئایا ئەمە نابینایی و ڕقی ئەوانە بەرامبەر بەو هەموو نیعمەتانـەی خودا و سیـستەمی سیاسی و جیهانگیری بۆی دەسـتەبەر کردوون؟ ئایا ئەمە ڕاکردنە لە ئازادی و دیموکراسیـەت و بەهەشتی ئەمەریکی؟ ئایـا تـەنیا بـە وردبوونـەوەمان لـەو ئایدیۆلۆژیایەی حیزبەکەی خستویە مێشکیەوە و بۆی هەیە زۆر هەڵە و نـاواقیعیش بێت، دەتوانین لەو هاندەرە تێبگەین؟ ئایـا تـەنیا هـەڵگرتنی بـیروڕای کۆمۆنیـستانە، دیموکراتانە، لیبراڵیانە و نەتەوەپەرستانە و جودایخوازانە بەسن بۆ ئەوەی مرۆڤێ مەرگی خۆی بکاتە ڕێگایەك بۆ ئەوەی بگات بە شێوازێکی پەسەندی ژیان؟

بەبڕوای من هاندەری ئایدیۆلۆژی و حزبی هەرگیز بەس نەبووە بۆ هەڵبـژاردنی ئـەو شێوازە ژیانە. مرۆڤی ئێمە لەپێش دروستبوونی حزب و سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاشدا، ژیانێکی پێشمەرگانە ژیاوە. من ئەم قسەیە دەکەم و دەزانم کە مـرۆڤ دەتوانـێ خـۆی لەگەڵ هەر جۆرە ژیانێـك بگونجێنـێ و ڕابهێنـێ، وەلـێ خۆڕاهێنـان لەگـەڵ ژیـانی پێشمەرگایەتی هاندەری قووڵتر و ئۆنتۆلۆژیکتری لە پشتە وەك لە شـوێنکەوتەیی بـۆ ئایدیۆلۆژیا و مەرامێکی سیاسـی ڕووت. ڕەنگە تـەنیا لـەو ڕۆژگـارە ڕەشـانەدا کـە پێشمەرگەی دوو لایـەن و سـەر بـە دوو مـەرامی جیـاواز پێکـدا دەدەن، هانـدەری ئایدیۆلۆژی و حیزبایەتی و نینتیمای ناوچەیی و خێڵایەتی، تاقە هانـدەر بووبـێ، دەنـا

ئەوان لەکاتی پێکدادانیشیاندا هاندەرێکی سەرەکیتری هاوبەشیان هەبووە بۆ بوونە پێشمەرگە، کە پەیوەستبووە بە عەوداڵی ئەوانەوە بەدوای ژیانێکی ڕێزلێگیراوی مرۆیانەدا بۆ میللەتەکەیان..

ئایا بیرکردنەوە لەم هاندەرە سەرەکیە بەس نیە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس و دۆست و هاوپەیمانانەی کە دەیانەوێ وشەی **پێشمەرگە** یەکسان بکەن بە (تیرۆریست، میلیشیا و یاخی و هتد) تۆزێ بەخۆیاندا بچنەوە؟ ئایا تێگەیشتن لەم هاندەرە بەس نیە بۆ ئەوەی خودی ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ لەسایەی هاندەری ئایدیۆلۆژی و حیزبایەتیدا شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و لە ئەمڕۆشدا هەر لەسایەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەدا لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، بەوەی بیری خۆیانی بهێننەوە کە شەڕی سەرەکی ئەوان شەڕ بوو لەسەر بەدەستهێنانی جۆرێکی دیکەی ژیان، ئەمڕۆ ئاسانتر لەگەڵ یەکتردا ئاشت بنەوە؟ ئایا تێگەیشتن لەم مانایەی (پێشمەرگە بوون)، هاندەرێ نیە بۆ ئێمە و ئەوەی نوێ، کە لە مانای وشەی پێشمەرگەدا، عەوداڵبوونێك بەدوای ژیانێکی پڕکەرامەتانەی مرۆیدا ببینەوە؟ ژیانێ کە تیایدا نانەڕەق و تریت و جاروبار دۆخواردنەوە، ژەمە شاهانەکانی پێکدەهێنا؟!

(کۆجیتۆ)ی پێشمەرگە:

من کاتێ باسی پێشمەرگە وەك مرۆڤێك و باسی پێشمەرگایەتی وەك شێوازێك بۆ ژیان دەکەم، بە هیچ شێوەیەك ئەو چاویلکە ڕەشپۆش و سمێڵتاشراو و مووکێش بەدەستانەم نایەتەوە یاد کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەمانچەکانیان بە لاڕانیانەوە هەڵدەواسن و لەهیچ شوێنێ ڕەچاوی ئەخلاقی ژیانی هاوبەش ناکەن و بەهیچ شێوەیەکیش ڕێزی ڕێنمایەکانی ترافیك ناگرن و (مووشەکەل مەتبەخ) ئەبێ نایخۆن و دەیانەوێ لەناو (مۆنیکا) جامڕەشەکانی گزیرەوە، فیزی ئەمەریکیانەمان بەسەردا لێدەن لەبەر ئەوەی حیمایەی سەرۆکی کۆلارە و سەرۆکی کۆڵان و سەرۆکی ڕەش و سەرۆکی کەشتی و سەرۆکی پەشمن.. ئەمانەم بیرناکەوێتەوە، چونکە زۆرینەی ئەمانە ئەو خشڵ و پلپڵە و

مەکیاجەیان لێوەربگریتەوە، نەك هەر توانای بەرگریکردنیان نامێنێ، بەڵکو لەسێبەری خۆشیان ڕادەکەن، هەروەکو چۆن لە خوێندن و خۆپێگەیاندن و هەر ئیلتیزامێکی دیکەی هاوبەش ڕایانکردووە و تەنانەت بەبێ توندوتیژی ناتوانن پرسیاری بکەن و وەڵامی پرسیارێکیش بدەنەوە کە ئاراستەیاندەکرێ..

پێشمەرگە، چ بەدیوە فەرامۆشکراوەکەی لە ژیانی ئەمڕۆی ئێمەدا، کە دەمانەوێ بەهۆی برینەوەی مووچە بۆیان، بێدەنگیان بکەین و پێیان بڵێین: (*ڕۆڵی ئێوە بەسەر چووە و ئێستا ژیان ژیانی شارە و مۆدێلتان نەماوە*)، و چ بەو دیوەدا کە لەبەشەکانی دیکەی وڵاتی ئێمەدا بەهەزارانیان، لە کچ و لە کوڕ، لە باوك و دایك، لە پیر و جەوان، هەتا ئێستاش بەو چیایانەوەن و خەریکین لەژێر کاریگەری دووژمن و هاوپەیمانەکانیاندا ناویان دەزڕێنین، *مرۆڤێکە بوونی تاکەکەسیانەی خۆی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕێگای مەرگەوە، دەکاتە بوونێکی بابەتیانە لە پێناوی ژیانی هاوبەشدا*.

بۆی هەیە پێشمەرگە لە ئاستی تاکەکەسیدا، ڕەق و توندوتیژ بێت، پیس و چەپەڵ بێت، بۆی هەیە نەخوێندەوار و بێباك بێت، بۆی هەیە کەمئەزموون و نارەواکار بێت، عەشایەر و کرێکار بێت، بەڵام (پێشمەرگایەتی) ئەو هیچ نەبووە و هیچ نیە جگە لە هەڵگێڕانەوەی مانای بوون، لە (بوونێکەوە بۆخۆی و لەپێناوی تاکەس)دا، بۆ (بوونێ لە پێناوی ئەوانیتر)دا. پێشمەرگە باندێکی تیرۆریستی نەبووە و نییە، پێشمەرگە ئەو مرۆڤە بێکار و لەوڵاتی خۆیدا پەراوێزخراوە نییە، کە ئەخلاقی مارینزی ئەمەریکی فێری کردبێ: (*عێراقییەکان و مسوڵمانەکان ناشارستانین و بابڕۆین بیانکوژین. بەهەمانشێوەی کە ئەعدامان لە سۆماڵی و کوباییەکان کرد*)!. پێشمەرگە هەرگیز ئەو (عەسکەرە عێراقی) و (پاسدارە ئێرانی) و (جەندرمە تورکییە) نەبووە و نییە، کە دوای خوێندنی زانکۆ لە بواری مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و فەلسەفەدا، هێشتا ئەوەندە لەڕووی عەقڵییەوە گوناه بێت، کە ئامادەبێت بچێت ئەو (*کوردە جوداخوازانەی دەیانەوێ وڵاتمان لێتێکبدەن*) و جیابنەوە، بکوژن و بە هیلیکۆپتەری ... ئەڵمانی و فەرەنسی و ئەمەریکی خواردنی پاکەتیان بەسەردا دابەشبکرێ..

(پێشمەرگە)، ئەو بوونەوەرە خوێندەوار و نەخوێندەوارەیە و هەبووە، کە بەر لە تەواوکردنی زانکۆ، بەر لەوەی دەزگیرانەکەی بۆ بگوێزرێتەوە، بەر لەوەی باوکی لە زیندان ئازاد بکرێ، بەرلەوەی لەبازاڕەوە بگاتەوە ماڵ، پێشئەوەی بەیانیان وەکو هەر مرۆڤێکی ئەم سەرزەوییە خەبەری بێتەوە و ڕیشی بتاشێ، چاوی کلڕێژکات، باوەشێ بە منداڵەکەیدا بکات، بەر لەوەی زەوییەکەی بەتەواوی بکێڵێ، بەرلەوەی گەنمەکەی بدروێتەوە و پێڵاوەکانی بەتەواوی لەپێکات و تەنانەت دەست بە نانخواردن بکات و بەتەواویش تێربخوات، یان منداڵەکەی شیربدات، ناچار بووە بڕیارێکی بوونخوازانە بدات و لە نێوان ژیانی کۆیلەیی و بە ئازادی ژیاندا، ئەوەی دوایان هەڵبژێرێ. ئەم بڕیارە هەرچەندە بۆی هەیە کەمتر عەقڵانی و زیاتر عەفەوی بێت، هەرچەندە لە ڕوانگەی ناتوندوتیژییەوە، توندوتیژانەیە و هەرچەندە بڕیارێکە مەرگ دەخاتە سەنتەرەوە نەك ژیان، کەچی تا سەر ئێسقان بڕیارێکی ئۆنتۆلۆژیکیانەی بوونخوازانەیە و لەگەڵ سرووشتی مرۆڤدا، وەك بوونەوەرێکی خاوەن هەستیاری و بە ویژدان و لە خۆتێگەیشتوو، هیچ ناکۆکییەکی نییە. مرۆڤ ئەگەر هەستەوەر نەدەبوو، ئەگەر ویژدانی نەدەبوو بۆ جیاکردنەوەی ڕەوایی لە ناڕەوایی و ئەگەر هووشیاریی نەدەبوو بەرامبەر بەخۆی و لە خۆی تێنەدەگەیشت، هەرگیز لەوەی غەریزە و سرووشت بۆیان دەستنیشانکردووە، لاینەدەدا و بۆخۆی وەکو هەر بوونەوەر و ئاژەڵێکی دیکە، دەلەوەڕی و دەژیا و زاووزێ دەکرد، بەڵام مێژوویەکی لەپاش خۆی بەجێنەدەهێشت. پێشمەرگە بە مانایەك لە ماناکان، لەدایکبوونی مرۆڤێکی نوێی کوردستانییە، کە کۆجیتۆی خۆی لە *(پێشمەرگایەتییەوە)* وەك شێوازێك بۆ ژیان و بوون، بەدەستدەهێنێ: *(من پێشمەرگەم، کەواتە هەم!)*.

مانای ئەم کۆجیتۆیە ئەوەیە: من ژیانی ژێردەستەیی پەسەند ناکەم و دەبێ ژیانێك بژیم کە تیایدا ئازاد بم، بۆیە لەپێناوی ئەو ئازادییەدا دەبێ قوربانی بە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بدەم، (لەوانەش ئاسایشی ژیانی خۆم)، کە ژیانی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی بۆم دەستەبەر دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو قوربانییە بوونی خۆشم بێت. (پێش مەرگ

کەوتن) و (بوونی پێشمەرگانە) و (پێشمەرگایەتیکردن)، تۆران و ڕاکردن نیە لە ژیان و باوەشکردنەوەش نیە بۆ مەرگ، بەڵکو ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە ژیانێکە، کە تیایدا مرۆڤی هەستەوەر لەگەڵ هەست و ویژدان و هووشیاریی خۆیدا، لەگەڵ سرووشتی مرۆڤانەی خۆیدا، دەکەوێتە ناکۆکیەوە.. من نامەوێ ڕەوایەتی بەهیچ جۆرە کارێکی ناشایستە و توندوتیژی و هەڵەیەك بدەم، کە ژیانی پێشمەرگایەتی بەسەر پێشمەرگەیدا دەسەپێنێ، وەلێ هیچ فەلسەفەیەکیش ناناسم مرۆڤ وەك بوونەوەرێك پێناسە بکات، کە بتوانێ ناکۆك بێت لەگەڵ سرووشتی مرۆڤانەی خۆیدا، بۆنموونە (ژێردەستەیی و ستەمکاری و تەعەدا قەبووڵکات) و هیچ توندوتیژی و هەڵەیەکیشی لێنەوەشێتەوە. ***شێوازەژیانێك کە نانەڕەق دەکاتە ژەمی سەرەکیت، ناچاریشت دەکات بۆ بەرگریکردن لەمانەوەی خۆت وەك مرۆڤ، هەڵدێجار بە ڕەقیش ڕەفتار بنوێنی..***

ئەوەی نانەڕەق،

ئەمڕۆ لە سەراپای وڵاتی ئێمەدا پێشمەرگە هەیە: پێشمەرگەی دێرین، پێشمەرگەی بریندار، پێشمەرگەی ناڕازی، پێشمەرگەی تۆراو، پێشمەرگەی پەنابەر، پێشمەرگەی دەروونپشێو، پێشمەرگەی بێخەو، دەستکوورت، بێدەرەتان و پێشمەرگەی تووڕە و تەنانەت هی پەشێمان و ژمارەیەکی زۆریش پێشمەرگە، کە هێشتا بە شاخانەوەن، کە تاکو سوپای یەکێ لە وڵاتانی دراوسێمان بە هاوکاریی هاوپەیمانە ئەمەریکاییە عەینەك ڕەشەکانمان و خودای نەخواستە گەمژەیی خۆمانەوە، هێرشیان نەکەنە سەر و شەهیدیان نەکەن و نەیانکوژن، ئێمە هیچ لەبارەیانەوە نابیستین! هۆکاری ئەم لەبیرچوونەوەیە ئەوەیە کە چیدی ئەو هەڵبژاردەیەی ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا، دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بیریان چۆتەوە ڕۆژگارێ، ئەوانیش بۆ خۆنواندنیش بوایە، نانەڕەقیان دەخوارد. ئەگەرچی کاتێ تەماشای بەر زگ و تەنگەیان دەکەی، بۆت دەردەکەێ بەشێکی زۆری ئەوان لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیشەوە هەر لە خەمی خۆیاندا بوون. بۆ ئەو ئەوەیەش کە بەری خوێنی پێشمەرگە دەخۆن، ژیانی

پێشمەرگایەتی ناناسن و پێشمەرگەیان لەلا کراوەتە (*چەکدارێکی ڕۆژگاری کۆن، کە ئیدی لەگەڵ ژیانی شاردا ناگونجێن!*) هەروەها بۆ ئەو دیپلۆمـات و ڕۆژنامـەنووس و کوردناس و چاودێرە سیاسی و ژەنراڵانەی دێنە وڵاتەکەمان و پێشمەرگەیان لێبۆتـە (بانـدی تیرۆریـستی و میلیـشیا)، پێویـستە بـەدەم نانەڕەقخواردنـەوە، چـەند ڕوونکردنەوەیەك بدەین:

یەکەم: پێشمەرگە و بڕیاری پێشمەرگایەتیکردن پێشەوەی بڕیارێکی تایـەت و شەخسیی تاکەکەس بێت، بڕیارێکی بوونخوازانە و ئۆنتۆلۆژیکیانەیـە و پەیوەسـتە بـە بوونی مرۆڤەوە کە هوشیارە بەرامبەر بەخۆی، کـە هەسـتەکات و ئـیرادەی هەیـە. لەهـەر شـوێنکاتێکدا ئـەم مرۆڤـە هەسـتیکرد کەرامـەتی مرۆڤانـەی لەمەترسـیدایە، پێشمەرگایەتی وەك شێوازە ژیانێك، هەڵدەبژێرێ. بەم مانایـەش سـەرکوتکردن و بـە میلیـشیا و تیرۆریـست لەقەڵەمـدانی خـەباتی پێشمەرگایەتی، تـەنیا دەلالـەت لـە خۆگێلکردنی ئەوانە دەکات کـە پێیانوایـە دەتـوانن مـافی بـەرگریی لـەخۆکردن و کەرامەتپاراسـتن، لە مرۆڤ قەدەغە بکەن. ئـەمڕۆ ئـاڵای ئـەم خۆگێلکردنـە بەدەسـت سوپای ئەمەریکاوەیە، کە بەبێ حـسابکردن بۆ ماناکانی پێشمەرگایەتی، گلۆپی سـەوز هەڵدەکات بۆ ئەوەی سـوپای دەوڵـەتـە تۆتالیتـار و مرۆڤکوژەکـان، پێشمەرگەکان بکوژن، وەلێ پێشمەرگایەتیان پێ لەناو نابرێ.

دووەم: بڕیـاری پێـشمەرگایەتیکردن پەیوەسـت نیـە بـە ڕاددەی ڕۆشـنبیری و خوێندەواری مرۆڤەوە، بەڵکو پەیوەستە بە لە خۆتێگەیشتنی بوونەوەرێکی هەستیار و خاوەن کەرامەتەوە، کە هەرکات هەستیکرد زەمینـەکانی ژیـانی ئـەو لەگـەڵ نـاخی خۆیدا ناکۆکن، بڕیار دەدات هەلومەرجەکانی ژیانی خۆی بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر بە هەڵبژاردنی ڕێگای مەرگیش بێت و نانەڕەقیش ژەمە هەرە خۆشەکەی بێت.

سێیەم: بڕیاری بوون بـە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتیکردن، لەبەرئـەوەی بڕیـارێکی بوونخوازانەی ئۆنتۆلۆژیکیە، واتە ئەوە سرووشتی ڕەگەزی مرۆڤە، مرۆڤ ناچار دەکات بـەو بڕیـارە، ئـەوە بڕیـارێکی پێـشئایدیۆلۆژیانەیە (*pre ideological*). بڕیـاری

پێشـایدیۆلۆژیانه بڕیارێکه پەیوەسته به سرووشتی مرۆڤـی سـتەملێکراوەوە، نـەك بـه بوونەوەرێکـەوە، کـه لـه ڕێگـەی حـزب و ڕێکخراوێکـی تایبەتـەوە و بـەهۆی ئایدیۆلۆژیایەکی دەستنیشانکراوەوە، ئەنگیزەی ئەو بڕیارە لە مرۆڤـدا بـچێنرێ تـاکو ببێتە پێشمەرگە. پێشمەرگایەتی وەك شێوازێك بۆ ژیـان، پەیوەسـت نیـه بـه بـوونی ئایـدیۆلۆژیای حیزبــەوە، تــاکو لەگــەڵ نــەمانی ئــەو حیزبــه و دەســتەمۆبوونی سەرکردەکانی، پێشمەرگایەتی کۆتایی پێبێت. له وڵاتی ئێمەدا پێشمەرگایەتی هەرگیز پەیوەســت و پابەنـدیش نـەبووە بـه بـوونی ئایـدیۆلۆژیای حزبەکانـەوە، زۆرینـەی پێشمەرگەکان ئەسڵەن بۆیان گرنگ نەبووە حزبەکانیان چۆن بیردەکەنەوە و لێشیان تێنەگەیشتوون، ئەوەندەی ئەوان پابەندبوون بە ویژدانی هەستیارانه و خاوەن ئیرادەی شهرودیانەی خۆیانەوە.

چوارەم: بـەم پێــەش کاتـێ حزبـەکان لــه ئایدیۆلۆژیــەکانیان پەشـیمان دەبنـەوە و ســەرکردەکان وەك مووچــەخۆر پێگــەی خۆیــان وەردەگــرن، بــەمانای ئــەوە نیــه پێشمەرگەکانی دوێنێ ڕۆڵیان نامێنێ و ئەوانەی وان بە چیاکانەوە دەبێ بکوژرێن، یان ناچار بە تەسلیمبوونەوە بکرێن و وەك (باندی تیرۆریستی) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ..

بۆی هەیه هێزگەلێ بتوانن تاکە پێشمەرگە دەستەمۆ بکەن، لــه ڕێگـەی مووچـه بـۆ برینەوە و زەوی بەسەردا دابەشکردنەوە، بێـدەنگیان بکـەن، لـەڕووی ئیمتیازاتـەوە، لەگەڵ جاش و خیانەتکاران هاوسەنگیان بکەن، لە بەندیخانەکانیان قاییم بکەن، بەپێی یاسای دژەتیرۆری پەرلەمان، سزایان بدەن و زەمینـەسازی بکرێ بۆ ئەوەی هاوپەیمانان لێیان بدەن، وەلێ هیچکامێ لەمانه ناتوانن مرۆڤ له ***پێشمەرگایەتیکردن*** وەك شێوازە ژیانێك و له سرووشتی پێشمەرگانەی خۆی ژێوان بکەنەوە. چونکه لەگەڵ کوشتن و لێدان له هەر تاکە پێشمەرگەیەك، نەك هەر ئەنـدامێك لــه ئەنـدامانی ئـەو لایەنـەی ناویان له لیستی ڕەشدایه، کەمدەبێتەوە، بەڵکو ئەندامی خێزانێکی ئەم میللەتەش که مـافی مــەدەنی و ئینســانی خــۆی هەیــە، لــەناو دەچــێ. بۆیـه ئەوانـەی خـەیاڵی پێشمەرگەکوشتنیان لەپێناوی هەر شتێکدا، چۆتە سەرەوە، پێویسته بـزانن کـه بـەو

کارەیان ڕۆحی پێشمەرگایەتی پەرەپێدەدەن، ئەمجارەیان لە ئاستێکی فراوانتردا: تۆ دەتوانیت پێشمەرگەکانی (کۆمەڵە و دیموکرات و پ.ک.ك) و هێزەکانی تری دەرەوەی کۆمەڵگا و دەسەڵات، بەتاوانی ئەوەی (تیرۆریست و تاوانبارن) بکوژیت، دەتوانیت پێشمەرگەکانی دوێنێی پارتی و یەکێتی و لایەنە چەپەکان، گەنجان و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە نارازیەکان، لەناو هەزاربەهەزاری ئەتەکیەتی ژیانی شاردا سەمەندۆك بکەیت و وایان لێبکەیت لە ڕابردووی خۆیان پەشیمان بنەوە، بەڵام ناتوانیت یادوەری ئەوان وەك ئەندامانی نەتەوەیەك لە بیری خێزان و خوشك و برا و هاوڕێ و هاوپۆلەکانیاندا بسڕیتەوە. قەناعەت پێکردنی میللەتێك بەوەی: (ئەوانەی لەو جیایانە شوێن لایەن و حزب و گرووپی سیاسی کەوتوون، تاوانبارن و دەیانکوژم)، کەمێ ئاسانترە، وەلێ هەوڵدان بۆ ئەوەی میللەتێك ئەوانە وەك ئەندامانی خۆی و خێزانەکانی ئەم کۆمەڵگایە لەبیر بیاتەوە، یان بە گەمژە زانینی خەڵکە، یاخود دەلالەتە لەسەر خۆگێلکردن و گەمژەیی تۆ..

پێنجەم: بۆیە من پێشیارێکم بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە دەیانەوێ پێشمەرگایەتی لەناو بچێ، پێویستە پێشتر بیر لە لەناوبردنی نانەڕەق بکەنەوە. ئەم پێشیارەشم زیاتر بۆ هاوڕێ ئەمەریکایەکانمانە، بۆ ئەوانەی کە کەس نازانێ کەی هەمرومان بەتاوانێك لە تاوانە بۆ داتاشراوەکان دەخەنە لیستی ڕەشەوە و بەهاوکاری کام سووپای دڕندەی ژەنراڵە ڕەگەزپەرستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش، هێرشمان دەکەنە سەر. دەمەوێ بەو هاوپەیمانانەمان بڵێم: برادەران، ئێوە پێشەوەی خۆتان تەیار بکەن بۆ هێرشکردنە سەر ئەو مرۆڤانەی هەر ناوێکیان هەیە، تکایە هەڵمەتێ بکەن بۆ لەناوبردنی نانەڕەق، وەك ژەمەخۆراك! چونکە هەتا نانەڕەق هەبێ، مرۆڤ لەم وڵاتەدا بیر لە پێشمەرگایەتیکردن دەکاتەوە. نانەڕەق وەك ڕەمزی ناعەدالەتی و ستەمکاری و نایەکسانی، چونکە هەتا ناعەدالەتی هەبێ، نانەڕەقخۆران زیاد دەبن. دەکرێ جارێکیتر بپرسین: بۆچی نانەڕەق دەبێتە نانی پێشمەرگە؟ چونکە دروستبوونی پێشمەرگە ئەنجامی سیاسەتێکی نایەکسانییە کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەك دەکاتە کۆیلە و پێشمەرگەش

دەرکەوتەی ویژدانێکە لەبەرامبەر ئەو ژیانەدا دەڵێ: (نەء)، لێرەشەوە، ئەو نانەڕەقخواردنی ئازادانەی پێچاترە وەك لە قەڵخواردن لەسەر خوانی ملکەچی!

خواردنی نانەڕەق:

بەوجۆرەی لە زنجیرەی *خواردنی عاشقانە*دا نووسیم: ڕەمزەکانی خۆشەویستی زۆرن، هەروەکچۆن جۆرەکانی خۆشەویستیش جیاوازن، ئاواش دەتوانین بڵێین: پێشمەرگەکان جۆراوجۆرن، بەڵام (پێشمەرگایەتی) هەر یەکجۆری هەیە بەناوی جیاوازەوە: لەسەردەمێکدا و لە ڕوانگەیەکەوە، پێشمەرگایەتی قارەمانی و قوربانیدان و تێکۆشانە، بەبێ هیچ سەرمایەیەك، گەورەترین سەرمایەی ڕەمزییە.. لە سەردەم و ڕوانگەیەکی ترەوە، پێشمەرگایەتی یاخیگەری و مەترسیداری و باندبازی و دەستەگەریی تیرۆریستانە و میلیشیاگەرییە و پێویستە لەناو ببرێت، چونکە ڕێگرە لەبەردەم دیموکراسییەت و سەقامگیری و ئاشتیدا.. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، پێشمەرگە ناتوانێ ئەوە نەبێ کە سرووشتی مرۆڤانەی خۆی بۆی دیاریکردووە: بوونەوەرێ کە نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر ناعەدالەتی و ستەمکاری و بێکەرامەتکردنی مرۆڤدا، ناچاری دەکات بڕیارێ بدات، بەڕێگای مەرگدا بەدوای ژیانێکی شایستەی مرۆڤانەدا بۆخۆی و ئەوانیتر بگەڕێ، کە نانەڕەقخواردن ژەمە هەرە خۆشەکەیەتی.

دوایئەوانەش پێویستە بزانین کە، نانەڕەقیش بە زۆر شێوە دەخورێ و وەرن با بەیادی پێشمەرگەوە، هەندێکیان تاقیبکەینەوە: هەندێك پێیانخۆشە نانەڕەق تا سنووری ئاڵبوون سووربکەنەوە و بە ڕووتی بیخۆن. کەسانێك بە ناوی سازگارەوە دەیخۆمێنن. هەندێکی دی نانەڕەق و ماستاو، یان دۆی سارد پێکەوە دەخۆن و کاتێ تامی دۆیەکە لەناو دەمدا دەچێتە سەر نانەڕەقەکە و نەرمیدەکاتەوە، ڤێنکایەتییەکی خۆش هەستپێدەکەیت. ئاوی گۆشت، یان فڕوجاویش بەنانی ڕەقەوە چێژی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە ئاوی گۆشت و فڕوجاوەکە گەرمبێ و زوو نانەکە بخووسێنێ..

ئەمە جگەلەوەی هەموو جۆری سووپ و شۆرباکان، پەڵپینە بەترش، سوویی جۆ، سوویی وردەبرنج، ترخێنە، شێلم بەترش و ماشێنە، بە نانی ڕەقەوە زۆر خۆشن.. چ ئەوەی تێیانبگووشین و چ بەوجۆرەی نانەکە لەپێشدا بخرمێنین و پاشان شۆرباکان بە لرفەوە، هەڵقوورێنن..

ئەگەر تاکو ئێستا لە ئەنجامی ئەو قسانەوە، ئاو ئەزاوەتە دەمت و ئەملاولای زمانت لیکی نەکردووە و هەرگیز پێشمەرگایەتیشت نەکردووە، پێشنیار دەکەم جارێکیش لە ژیانتدا، هەر دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە: بیسمیلا بکەو تەماتەیەکی سوورکراوە ئامادە بکە و بە ترشی لیمۆ و ئاوی زەیتوون و ترشیاتەوە، نانەڕەقێکی پێوە بخۆ..!

نان، ئەی زەوادی خودا..

بێ گوێدانە فرقێنە،

لەگەڵ تووردا دایکرمێنی، با سکت (با) بکا!

بە خەیارەوە بیکەیتە بابۆڵە،

لەبەردەمی تووڕەترین مودیرناحییەدا

بیپروێنە تا خاوبێتەوە..

لەبەردەمی مەلادا پڕ بە نانەشانەیەك سوێندبخۆ:

(بەم زەوادە قەسەم، ئەو کچەم لێمارە نەکەیت

یا هەڵیدەگرم، یان خۆم دەکوژم، یانیش تۆ..).

لە سوڵحی نێوان دوو عەشیرەتدا

مشتێ نانەڕەق

بخەرە گیرفانتەوە و خەمت نەبێ..

لە ژووری سێدارەشدابی،

بە نەمری نانەڕەق بەردەبی..

بجۆرە ناساییش و بڵێ:

(کوڕەکەم بەردەن،
با لەلای نانەڕەق
واسیتەی بۆنەکەم!)

زۆر سەیرن ئەم پۆلیسانە!
لەگیرفانی پەیامنێرەکاندا
نانەڕەق دەدۆزنەوە و نایانگرن!
ئەو ڕۆژە (ڕەحمان غەریب)م دی
گوتم: لە کوێ (ڕەحمان)، (غەریب) بووە؟
پێکەنی و پەلکێ نانەڕەقی بۆ هەڵدام و
پێشئەوەی بیگرمەوە،
بە ئاسمانەوە بوو بە مانشێت..
ئەو ڕۆژە لە چەمچەماڵ
فۆڵتییەی نانەواخانەیەك
ئەوەندە بەرز بوو
گوتم لەوانەیە شارێك گرتێبەردا..
گونکێ هەویرم بەدەست منداڵێکی
(شۆڕش)ـەوە بینی، بەر لە کردنەوە

هەڵمی لێبەرز دەبۆوە.

چاوم لێبوو لە (سموود)

ساجێ بەبێ ئاگر، بەبێ پشکۆ

سوور بۆتەوە

لە (کفری) تیرۆکێ ڕفێیەی کردۆتە پەرچەم

لە جیاتی بنێشت و فینگەر

ئانەڕەقیان دەجوو، کچانی (وارماوا)..

بەو گەرمای هاوینە قەسەم

دوو پنەم لە ئانەواخانەیەکی سلێمانیدا بینی

ڕووت و قووت، جیماعیان دەکرد!

لەولا ترەوە گوێم لێبوو

دووژن دەیانگوت: ووی.. حەیامان چوو..

لەسەر جادەی سەهۆڵەکە،

پڕ بە گەرووی کوورەیەکی داغ،

خەڵك هاواریان دەکرد: کوانێ ئاو..

لە کوێیە کارەبا؟

لەمکاتەشدا لە هۆڵی دیالۆگ، بەبۆنەی نازانم چییەوە

لەفەیان دابەشدەکرد..

بەم چاوانەی خۆم

کۆڵەووژێکم بینی لەدەرگای ماڵانی دەدا

تا خەویان بزڕێ و بێدار ببنەوە..

فەردەیەك ناردم لەسەری (کێوەڕەش) بینی،

خۆی بەبا دەدا،

بۆ بەیانی خەڵکی ڕانیە هەموو دەپژمین..

لە قەڵادزێوە هاتبوون بزانن داخۆ ئەو تەمە چییە؟

لەبەندەرێڕا دیتبوویان ناردی تەحالوفە

ئیمانیان لە کەللەیدا نەمابوو

بە جوێندانێ گەڕابوونەوە: (هەی لە تڕانی بەم)!

لە بناری سیوەیل کەلانەیەك بە گووپی پڕەوە

ئەوەندەی پیاز خواردبوو، قرقێنەی لێدەدا.

خەڵکی سەر فوونەبانی مزگەوتێ پێیاندەگوت:

بەناو چاڵوچۆڵی جادەکەیدا پیاسەیەك بکەی،

بەرت دەدا..

من نازانم بۆچی ئیتر شلكێنه له وڵاتی ئێمەدا ناخورێ؟
خۆزگە كابینەیەك دەهات پشتی شەككرلەمەی دەگرت!
خۆزگە پەرلەمان لەسەر پاقلاوە كۆدەبوونەوە
گوا ئەو ڕۆژەی كۆنفرانسێ بۆ كولێرەبەكاكڵ دەبەسرا؟
دڵنیام ژیان شیرینتر دەبوو..

ئەم هەموو پسكیتە ئێرانییەمان خوارد و
زمانێ فێر نەبووین وەك شەكر..
ئەو هەموو كێكە توركیانەمان بە كۆنی خواردن و
كەمێ لەلایان شیرین نەبووین..
هەر كە لە(برایم خەلیل) دەپەڕینەوە، لەسەر سەر
دەمانخوولێننەوە،
(زەریاب) دەڵێ: (بابە،
بۆتی لە ئیبلاهیم كەلیل،
خوول، خوول، دەمانخونێلنەوە؟!)..

چوومە شەقراوێ،
دوكانەكانی نانەقەیسی پڕپڕبوون لە قەیسی

ئەو هەموو ژنە بە سووراو و سپیاوەوە،
بە ئاڵتوون و کاوبۆ و مانتۆوە، لەشارانەوە هاتبوون
لەبەردەمی پیرەمێردێکدا دەپاڕانەوە:
(مامە.. قەیسی، نان، نانی قەیسی.. نان)..
مام قەیسی لووتی بەسەر ئەژنۆیدا داژەنی بوو
گوونی بە ناو لنگانیدا شۆڕ ببوونەوە..
مێردەکانیشیان لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا
چین چین، عارەقیان دەردەدا.. لە گەرمان..

ڕۆژێك (ناوساجی)م بینی دەچووە هەندەران
گوتی: تازە بڕوام بە ساج و سێپا نەماوە
سەموونخانەی ئۆتۆماتیکی ئەم وڵاتەیان ناخۆشکرد.
گوتم: بەرد لەجێی خۆی سەنگینە
گوتی: نانیش بەسەر ساجەوە..

لە (تیمار)، کچێ چقڵێ چووبوو بە پەنجەیدا
من چووم لەداخان هەرچی پووشە بیسووتێنم
کەچی حەکیمێ هات، بە گوێنکێ هەویر تیماریکرد،

بۆ بەیانی كیژە لەسەر پێی خۆی دەڕۆیی
ئیتر حكومەتی ئەولا، بڕیاریدا:
مادام سیومیلییەكان لەسەر دوو پێ دەڕۆن
جادەیان بۆچییە؟!

كابینەی كاكۆسرەت هات و جادە نەهات
كابینەی كابەرهەم هات و
كارەبای مولیدە هات و جادە نەهات
كابینەی كاعومەر هات و جادە نەهات و هیچ نەهات..
كاعومەر بیری چۆتەوە بۆخۆی هاتۆتە باری بچووك
لە حەفتاكاندا، بە سواری ولاخ
پرۆژەی ناوی ئەو گوندەی دامەزراندووە
ئیتر لەوساوە خەڵكی چاوەڕێن..
لە حەفتاكانەوە تا كاعومەر چاوەڕێن و جادە نەهات
بۆ لەوەدواش هیچ ئومێدیان نەماوە..
بۆیە كچەكەی تیمار هەستایەوە سەرپێ
چونكە دەیزانی ئەژدیهاش پێویستی، فریای خەستەخانە ناكەوێ
(گۆران)یش كاتێ كیژەی بینی، لە شیعرێكدا نووسیی:

(کڵاو لار، گورجی کەو ڕەفتار
حەزەر ناکەی ئەڕۆی.. ئۆغر)؟!

(ڕەسووڵ دوونان)م بەسوار کەرێکەوە بینی
پێیگوتم: ئەوانەی سواری مۆنیکا دەبن،
دوو ژنیش دەهێنن و هیچیان پێناخووری،
هیچیشیان پێناکری
منیش بە ژنێکەوە دوونان دەکەم بە پاروو!..

ئەم وڵاتە ئەوکاتە خۆشە
کە نانەواچییەکان هەستبکەن (نان خەڵق دەکەن)،
نەك دەیفرۆشن..
خەڵقکردن، کارێکی خودایییە..
ئەوەی کاری خودا دووبارەکاتەوە،
مەزنە..

ئەم وڵاتە ئەوکاتە خۆشە کە ژەمێ بریتیبێ: لە نان و شووتی
ترێ بە کولێرەوە، پاشایەتی نایگاتێ..

یەکجار سەمموونی گەرم و مۆتا بخۆی وابزانە ئاغای..
لەم شارەدا خنکام بەبۆنی کەباب
لەوشارانەی تر، مردم بەبۆنی تککە

لەهەر کۆلانێکدا سیی و جگەرفرۆشێ..
لەهەر کوچەیەکدا سەروپێخانەیەك..
بەو بەیانییەزووانە ڕیخۆڵە چ تامێکی هەیە؟؟
لوولاق بە ئەژنۆی مانگاوە جوانە
نەك بە دەمی خەڵکەوە..

شارێ نەبوو تیایدا پەلکێ کاهوو
پەنیری گردبێتە سەرین و
لە ناو سەمموونێکدا ئارامیی گرتبێ..!
چێشتخانەیەك نەبوو بابۆڵەیەکم بداتێ بە جامێ دۆوە
پڕ بێ لە تۆراخ..
ئەوەی بمرێ و تۆراخی نەخواردبێ زوو بۆن دەکا
ئەوەی بمرێ و قەزوانی نەخواردبێ، دەیکەنە بنێشت..

خودایە ئەگەر مردم و زیندووتکردمەوە،

بمکەیتە قەزوان

خودایە لە ژێر ددانی کچێکدا بتەقم و ئیمانم بەیتێ

دەنکە مێووژ لە گەردنییەوە دیار بێ..

هەناسەی بۆنی ڕەیحانەی لێبێ

نەك بۆنی ڕەقز..

خەڵکینە لەمەودوا برمەتان خوارد، نانتان بیرکەوێتەوە

برمە، ڕۆحی تەنکی نانە بە ئاردی سفر..

لەمەودوا پاقلاوەتان خوارد

لوقمەقازیتان خوارد، سەڵاوات بنێرن بۆ گونکی هەویر

هەویر ئێمەی ڕزگار کرد

هەویر نەبایە ئێستا نانێکی تیری، بە دەفتەرێ بوو

نارد نەبایە ئێستا حکومەتێکت دەکڕی بە پوولێ

پارووپەکت بە هەموو ژیانت دەستنەدەکەوت..

هەویر نەبایە، شارەوانی لە جیاتی زەوی،

کولێرەی دابەشدەکرد..

وەی لەوەی نازابێ و کولێرەیەکی بەرکەوێ!

وەی لەوەی زیرەك بێ و دەنگی بگاتە ئەنجومەنی وەزیران،
بۆ وەرگرتنی یەكدوو كولێرەی پیاسووتاو..

وڵاتی من ڕۆژگارێ بە گەنمەوە دەشنایەوە
ئێستا پووش، دڕك، دڕوو، ئەو ناوەیان داپۆشیوە..
نیشتیمانی من ڕۆژگارێ بە جۆوە باڵای بەرز بوو
ئێستا باڵای گەندەڵیم بەرزترە لە چیای سورکێو
وەردێکم بینی بە شەماڵی دەگوت:
(بیری گوڵەجۆ دەکەم،
بیری قژە بۆرە درێژەکانی
بیری قەدی، بیری ڕەنگی،
بیری ڕۆحی، کاتێ پڕت دەکات لە مەستی
لە ئێوارەیەکی خەماویدا..
بیری گوڵە گەنم دەکەم
ئەو گوڵەی هەمیشە ڕوو لە یەزدانە
تاکو بەباراندا پڕیکات لە ڕەحمەتی خۆی..
توخودا بە وەزارەتی کشتوکاڵ بڵێن:
مشتێ گەنم بەسە بۆ سەوزکردنی ژیان لە دەشتی بێتوێن

لەوێچێ جۆ بەسە بۆ مەستبوونەوەی دەشتی شارەزوور
بووخچەیەکیش بۆ دەشتی هەریر
بەو خودایە، بەردیش لە هەریر بڕوێنی سەوز دەبێ..
بیریان دەکەم
بیری ڕەحمەتی خودا لە گەنمدا و
بیری مەستیی جووتیارێ لە سەر خەرمان،
بیری حەیرانێکی ڕەسووڵ سیساوەیی..).
بیریان دەکەم
بیری ڕەحمەتی خودا لە گەنمدا و
بیری مەستیی جووتیارێ لە سەر خەرمان..).

من سەرم سووڕماوە لەوەی میللەتێ
لەسەر دەفتەرنفووسی نووسرابێ:
ڕەنگی چاو: نرجسی
ڕەنگی پێست: حنطی،
چۆن بەهاری بیردەچێتەوە؟
چۆن گەنمی بیر دەچێتەوە؟!
لەسەر ئاڵاکەی..

پەروەردگارا،

وەسییەت بێ ئەگەر مردم کولێرە بەڕۆنێ

لەسەر گۆڕەکەم دانێن..

با کێلی سەر قەبرم لە کولێرەی پیاڵەسوو بێ.

تکایە بچنە سنە، شاری مەستوورە،

سەنگەکیم بۆ بهێنن بەقەدەر دەرگای (دارالاحسان)..

ڕووخسارم بە نانی تەنکیی هەورامی داپۆشن

با لە قەبرەکەمەوە، مەولەوی دیار بێ..

لە بابۆڵەکانی پیرەمێرد، دانەیەك بخەنە گیرفانمەوە..

هەناسەشم پڕکەن لە بێدەنگیی ماملێ..

لە ڕەواندووزەوە، ئەستوورکە تەندووری بهێنن

بۆنی خەونەکانی (حوسێن حوزنی) لێبێ..

ئەو پیاوە خەونی بینی، خودایە.. خەونی جوان

خەون بەقەد تاڵە ڕیشە نەرمەکەی

خەونی بۆنخۆش وەکو نانی تەندووری

گەرم وەکو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان

پڕ ماجەرا، وەك (مێژووی میرانی سۆران)..

هەرچی ڕەشکەیە لە دەوورم بینێژن
هەرچی شمڵییە بەسەرما بیڕێژن..
دڵنیام لەبەر بۆنی کونجی، خودا دەمبەخشێ..
ئەم وڵاتە کە پڕ بووە لە داڕووجان
دڵنیام قەراخ پردی سیڕات پڕە لە هەرزن
مشتێ هەرزن دەدەم بە گایەك و پێیدەڵێم:
ئا توخوا بمپەڕێنەوە بۆ ئەوبەر
گوڵە گەنمێ دەبەخشمە کرێکارێکی عەرەب و دەڵێم:
کاتم نییە باوەشێنت کەم، برا
ئەمە بەرەوە بۆ سەحرا، با پڕبێ لە بای شەماڵ..
دەنکە جۆیەك بەسە بۆ ڕازییکردنی فریشتەکان
لەوپەڕی ئاوایی..
من بە دەنکە جۆدا باڵای کچم بیر دەکەوێتەوە..
بە دەنکە ساچمەشدا باڵی کۆتر
بە ئەڵغامیشدا: زڵی بێ هونەر..

تووخودا تابووتەکەم پڕکەن لەناردی سفر
با بەناسکی و بە سپێتی بچمەوە بەهەشت!

بووخچەیەك لە بان سەرما پڕكەن لە پەنجەكێش
دەیبەم بۆ منداڵێکی (قەیتوول) لە دۆزەخی ئەنفال..
بەبێ نان، بەبێ ئارد، بەبێ کولێرە و شلکێنە سەفەر ناکەم
دوو پێم ناچێتە ئەوێ بەبێ نان و چا
بووخچەی شوانێکم بدەنێ و مێگەلی وڵاتێ بکەنە بەرم
بەڵام بەبێ نانەڕەق بچمە هەر بەهەشتێکەوە
گەندەڵی دەکەم..

ئەی نان،
ئەی زەوادی خودا لەناو ئەم زەلکاوەدا
دواجار لەم دنیایەدا هەڵدەوەرێی..
بەڵام لەو دنیا، دڵنیام
بە پێڵوو هەڵتدەگرینەوە..

.واجار دەوڵەتێ هەیە لەسەر تۆ بێتە دەنگ
خودایەك هەیە لە تۆدا، بێدەنگ،
.واجار دەستێ هەیە لەگەڵ تۆدا میهرەبان..

خواردنیی پەنابەران

متمانە، پەناهێنان و میوانداری:

ئەزموونی مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا، ئەزموونێکی پەنابەریانەیە. ئێمە لەو ماوەیەدا کە دەژین و لەو ژیانەدا کە ئەزموونی دەکەین، هیچ نین لە پەنابەرێك زیاتر. پەنابەرێك کە گرنگ نییە لە کوێوە هاتووە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پەنای بۆ کوێ و بۆ کێ هێناوە. مرۆڤ بەوەی پەنا دەبات، ناسنامەی پەنابۆهێنراو دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگ: ئایا ئەوەی پەنامان بۆ بردووە، دەتوانێت لە ئاستی داڵدەدەرێکدا هەڵسوکەوت بکات و وەڵامگۆی ئەو متمانەیە بێت، کە پێکراوە؟، یاخود ئەویش بەڵگەیەکی دیکەمان لەسەر ناکۆکی گوفتار و ڕەفتار لەلای مرۆڤ، دەخاتە بەردەست؟

دایك و باوکێ کاتێ بڕیاری دروستکردنی منداڵێك دەدەن، هەر تەنیا ئامادەیی خۆیان پیشان نەداوە بۆ زیادکردنی پەنابەرێکی دیکە بۆ سەر ژمارەی پەنابەرانی دنیا، بەڵکو بەو بڕیارەیان گوتوشیانە کە بۆخۆیان یەکەم کەسانێك دەبن، داڵدەی ئەو پەنابەرە بچکۆلەیە دەدەن. گوتویانە: ئەوان شایانی ئەوەن متمانەیان پێبکرێ، گوتویانە: ئێمە جیهانی خۆمان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەشدەکەین، کە پێشتر لە ژیانماندا نەبووە. گوتویانە: ئێمە هیچ پێشمەرجێکمان نییە سەبارەت بەو مرۆڤەی داڵدەی دەدەین، بۆمان گرنگ نییە بە زگماك مرۆڤێکی ساخە، یان نەخۆش، بۆمان گرنگ نییە

لەخۆمان دەچن، یان لە کەسانێکی دی، مەرجمان نیە کە ڕەنگی پێستی، ڕەنگی چاوی، بەرزیی بالآی، شێوەی دەست‌وپەنجەی و هتد، دەبێت وەك هی خۆمان وابێت.. دالّدەدەر، هەر پێشمەرجێکی لەوبابەتەی لە قوژبنێکی خەیاڵدانی خۆشیدا هەبێت، رۆژگاریّ پێگەی خۆی دەگۆڕێتەوە بە ستەمکار و پێگەی پەنابەریش دەکاتە کۆیلە و ستەملێکراو. ئەوانەی بڕیاردەدەن دالّدەی کەسانێکی دیکە بدەن و ژیانی خۆیانی لەگەڵ بەش بکەن، لە متمانەیەکەوە ئەمکارە دەکەن کە پێماندەڵێت: ژیان ئەوە دەهێنێ تیایدا بژین، ئەوە دەهێنێ تیایدا دالّدەی یەکتر بدەین و ئەوەش دەهێنێ کە متمانە بە ژیانێك بکەین، کە جێگەی هەموومانی تێدا دەبێتەوە.
بەهەمان شێوەی دایك و باوك، کاتێ وڵات و حکومەتێکیش بەگەڕانەوەی بۆ ئیرادەی میللەتی خۆی، یان بە بەکارهێنانی ئەو متمانەیەی میللەتەکەی پێبەخشیوە، بڕیار دەدات دەرگا لەسەر کەسانێك ئاوەڵا بکات کە شایانی ئەوەن ژیانی خۆمانیان لەگەڵدا بەش بکەین، نەك هەر گوتویەتی ئەم وڵاتە جێگەی خەڵکانێکی دیکەیشی تێدا دەبێتەوە و ئەم خاکە بەتەنیا هی ئێمە نیە، بەڵکو گوتوشیەتی: پێویستە ئەو خەڵکانە متمانەی ئەوەمان پێبکەن، ژیانی ئەوان لەم وڵاتەدا بەدوور دەبێت لە هەر ستەمکاریەك کە یادگاری ناخۆش بخاتەوە بیریان کە لە وڵاتی خۆیاندا بەسەریان هاتووە. وڵاتێك، یان حکومەتێك، یاخود میللەتێك، یانەکو کەسێك، کە دەرگای ماڵ و وڵات و کۆمەڵگای خۆی بۆ دالّدەدانی ئەوانیتر خستۆتە سەر پشت، نەك هەر پیشانیداوە، بوونی کەسانی دیکە لەم وڵاتەدا، بوونێکی ئاسوودە دەبێت، بەڵکو مژدەی ئەوەیشی پێداون کە ئێرە شوێنی مانەوە و پاراستنی ئەمنیەتی ئەوانە. لێرەشەوە، لە پشت هەر دەرگا کردنەوەیەکی لەو بابەتەوە، خەڵکی نیشتەجێی وڵات و هەرێمگەلێکی دیکەیشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هانداوە تاکو لە شوێنی خۆیان هەڵکەندرێن و بێنە ئێرە.. بەمجۆرەش لە بنەمادا پەناهێنان و متمانە بۆ هەمیشە بەستراون بە یەکترەوە: هیچ هێزێك لە دنیادا نیە وا لە تەنانەت کۆرپەیەکی ساواش بکات، بێتە باوەشمانەوە، ئەگەرەکو متمانەی بە ئێگا و باوەش بۆگرتنەوەمان نەبێت و

فەزای دالّدەدانی ئێمە لە سیما و ڕووخسارماندا بەدی نەکات. هیچ کەسێ هانا بۆ وڵات و حکومەت و میللەتێکی دیکە نابات، ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی دالّدەی دەدرێ. یەزدان کە باوکە ئادەم و دایکە حەوای لە بەهەشتەوە هەنارده خواری بۆسەر زەوی، هیچی نەگوت لەوە زیاتر کە فەرمووی: زەوی شوێنێکی دڵنیایە بۆ ژیان و بەمەش دڵنیایی و متمانەی لەلای مرۆڤ پێکەوە گرێدا. متمانە بە گوتە و متمانە بە شوێن: متمانەی مرۆڤ بە یەزدان وەك دالّدەدەر و متمانەی مرۆڤ بە زەوی وەك شوێنی بۆ نیشتەجێبوون. ئەو مرۆڤەی دەرگای ماڵەکەی بەسەر کەسانێکدا ئاوەڵا دەکات و بۆخۆی کەمێ دەکشێتەوە دواوە و بە ڕووی خۆشەوە فەرموویان لێدەکات، گوتویەتی: کە ئەم شوێنە شوێنی هەموومانە و بوونی ئێمە لەم ماڵەدا و لەکەنار یەکتردا، فراوانییەك بەمانای (بوون) دەبەخشێ و دەیکاتە (پێکەوەبوون). پێکەوەبوون لەم مانایەدا، بەواتای بوونی ئێمە و هەڵکردنمان لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ ئەوانیتریش. هەڵکردنمان لەگەڵ خۆمان، واتە چاوپۆشین و ڕەتکردنی هەرجۆرە ناکۆکی و دژ و نارازیبوون و پێناخۆشبوونێك لە خودی خۆماندا سەبارەت بە ژیانمان لەگەڵ ئەوانیتر. هەر جۆرە پێناخۆشبوونێك سەبارەت بە بوونی ئەوانیتر لەکەنار خۆماندا، بۆخۆی دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی بواری ژیان و بوونی خۆمان و دووچاربوونمان بەو ناکۆکییە کوشندەیەی کە بە دەم شتێکمان پێدەڵێت و بە ڕەفتاریش شتێ خۆی دەردەبڕێ. بۆیە پێویستە مرۆڤ سەرەتا لەگەڵ خودی خۆیدا هەڵبکات ئەمجا دەتوانێ متمانە بە ئەوانیتر ببەخشێ بۆئەوەی پەنای بۆ بهێنن. ژاك دریدا نووسیویەتی: میوانداریکردن بۆخۆی کەلتوورێکە و تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە (ئیتیۆس)ـەوە، واتە پەیوەستە بە نیشتەجێبوون، ماڵی حەوانەوەی تایبەت، شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان، واتە پەیوەستە بە بوونی ئێمە لەگەڵ ئەوانیتردا و پەیوەندیی ئێمە بە ئەوانیتر و بێگانەکانەوە، وەك پەیوەندیی خۆمانی لێدێت بە خۆمانەوە، ئەوە لەم حاڵەتانەدا میوانداریکردن خودی ئەخلاقە. واتە ئەخلاق هاوشانی ئەزموونی میوانداریکردنە. بەم پێیەش لەلای دریدا، ئەخلاق سەرچاوەیەکی دیکەی نییە لەو

ڕەفتارە زیاتر کە ئێمە لە چوارچێوەی میوانداریکردنی ئەوانیتردا، دەیبینین. ئەو، لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: کاتێ کەسێك لە سەر قەراخی دەرگا و ماڵەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتن لە میوان و بێگانەیەك دەکات، بەمانای ئەوەیە (لێرە کەسێ لە ماڵەوەیە.. کەواتە شوێنێکی کردۆتە هی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ بەخێرهاتنی ئەویتری لێوە بکات. یاخود لەوەش زیاتر: بەخێرهاتنی ئەویتر دەکات تاکو شوێنێ بکاتە هی خۆی..). بەلای دریداوە، بیرکردنەوە لە میوانداریەك کە تیایدا خاوەنماڵ بە ڕووی خۆش و بزەی سەرلێوەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی نەکات، میوانداریی نیە. ئەو دەڵێ: (جیاکردنەوەی کەلتووری میواندۆستی لە کەلتووری پێکەنین و ڕووخۆشی، کارێکی ئاسان نیە).

ئەوە ڕاستە کە مرۆڤ لە قەراخ دەرگای ماڵ و شوێنەکەی خۆیدا پێشوازیمان لێدەکات و بەڕوومانەوە پێدەکەنێ، وەلێ بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی ڕووخۆشی پەیوەست نیە بەوەی مرۆڤ لەو شوێنەدایە بۆیە بەڕووی خۆشەوە پێشوازی لە میوانەکانی دەکات. سەرچاوەی ڕووخۆشییەکە لەوەوە نەهاتووە کە شوێنێ، یان ماڵێ هەیە بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکان، بەڵکو پەیوەستە بە هەڵکردنی کەسەکەوە لەگەڵ ئەوانیتر، پەیوەستە بە نەبوونی ناکۆکی و دژایەتییەوە لە ناخی کەسەکەدا بەرامبەر بەوانەی پەنای بۆدەهێنن و پەیوەستیشە بە لەخۆتێگەیشتنی (خود)ەوە کە توانای جێکردنەوەی ئەوانیتری هەیە لە خۆیدا و پەیوەستیشە بە فراوانکردنی پانتایی ژیان و بوونی پێشوازیکەرەوە لەڕێگەی ئامادەکردن و قەبوولکردنی بوونی ئەوانیترەوە لەکەنار خۆیدا. کەواتە سەرچاوەی خۆشحاڵیی میواندۆست، ناخ و دڵی خۆیەتی، ڕووناکایی ناوەوەی خۆیەتی کە لە نیگایدا دەبێتە بریقەی ئیشتیاق و چاوەڕوانی و لە لێوەکانیدا دەبێتە بزە و خەندە و وشەی جوان و زۆرجاریش لە سیمایدا ئەو ئیشتیاق و خۆشییەی بینینی بەرامبەر، دەبێتە دڵپڕی و فرمێسکی خۆشی و گریانی بێدەنگ.. دریدا بۆخۆی ئەمجۆرە میواندۆستییە لە لەلای میللەتێکی دێرینەی وەك توپینامبا (*Tupinamba*)، لە ئەمەریکای خواروو، بە نموونە دەهێنێتەوە و باس لەوە دەکا، کە

چۆن لەکاتی هاتنی بێگانەیەکدا بۆ شوێنی حەوانەوەیان، لە خۆشیاندا دەست بە گریان دەکەن. کوردیش ئەو میللەتەیە کە زۆرجار گریانەکانی لە خۆشییەوەن، نەك لە دڵتەنگییەوە، لە هاتنەدی چاوەڕوانییەکی ناچاوەڕوانکراوەوە، نەك لە تێنەگەیشتن لەمانای خۆشییەوە: کوردەکان لەم ڕۆژانەدا، کە دەبینین جەللادی نەتەوەیان دادگایی دەکرێ، لە خۆشیاندا دەگرین، ئەگەرچی بۆی هەیە بەرگریکەرەکەی سەدام، ئەو گریانەی کورد وەك (پێناخۆشبوونی ئەوان بە سزادانی سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق)، تەفسیر بکات!

میوانداری و ئەخلاقی داڵدەدەرانە:

ئەخلاقی داڵدەدەرانە، خودی ئەخلاقە و میوانداریی ئەو پانتاییە مرۆییە کە ئەم ئەخلاقەی تێدا بەرجەستە دەبێت. ئەخلاقی داڵدەدەرانە لەسەر بنەمای هاوچەشندۆستی و ئەویتروێستی بێمەرجەوە دروستدەبێت و بەڵگەیە لەسەر گەشەی شارستانیانەی ئەو ژینگەیەی کە ئەم ئەخلاقە بەرز دەنرخێنێ. زۆرن ئەو میللەت و نەتەوانەی ڕۆژگارێکی زۆریان بەدەست نەبوونی ئەم ئەخلاقەوە، لەبەردەم کەمپەکانی پەنابەری و سنووری وڵاتانی دیکەدا، لە چاوەڕوانیدا تێپەڕاندووە، وەلێ کاتێ خۆیان بوونە خاوەن وڵات و دەرگا و سنوور، نەیانتوانیوە میواندۆستانە و داڵدەدەرانە ڕەفتار بنوێنن. لە دنیای ئەمڕۆدا ئەخلاقی داڵدەدەرانە لەژێر هەڕەشەی دوو لایەنی سەرەکیدایە. یەکەم بەیاساییکردنی مەراسیمی میواندۆستی و دووەم هەڵاوسانی خۆپەرستی و ئیگۆیزم. ئەوەی یەکەمیان پەیوەستە بە پابەندبوونی ژیانی مرۆییەوە بە عەقڵانییەتی مۆدێرن و ئەوەی دووەمیشیان ئاشکراکەری بەهێزیی ڕەهەندی غەریزەییانەی ژیانی مرۆڤە لەناو هەناوی مۆدێرنیتەدا. ژیانی ئەمڕۆ، مەترسییەکانی ژیانی ئەمڕۆ، کەلتووره نێوانمرۆییەکان، لەوانەش کەلتووری میواندۆستی و پێشوازیکردنی بێمەرج لە ئەوانیتر، گشتیان لە بەردەم هەڕەشەی شێلگیرانەدان. ئەمڕۆ پێشوازیکەران بەهەمان شێوەی جاران، لەبەردەمی ماڵەکانیان و شوێنی

حەوانەوە و لەکەنار دەرگای حەوشەکانیانەوە، پێشوازی لە بێگانە و میوانەکانیان دەکەن، وەلێ ئەو بزە و ڕووخۆشیەی جارانیان نەماوە. لانیکەم ئەگەر بەڕووی خۆشیشەوە پێشوازییان لێبکەن، سەرچاوەی ڕووخۆشیەکەیان بە دەگمەن لە ناخ و دڵیانەوەیە. ئەوان بەدەم شتێ دەڵێن و شتێکی دیکە لە ناخ و دڵیاندایە. وەکئەوەی چیدی پەیوەندیی نێوان دەمارەکانی ناخ و لێو، مێشك و زمان، بیرکردنەوە و دەربڕین، وەکو جاران گەرم و گوڕ نەمابێت.
مرۆڤ لە دنیای ئەمڕۆدا تادێت لە جیهانە تایبەتییەکەی خۆیدا دەژی و بەخۆیدا ڕۆدەچێ و لە ئەوانیتر دوور دەکەوێتەوە. تادێت کوانووی پێکەوەبوونەکان کوێر دەبنەوە و ئاپارتمان و شووقەکانی تەنیایی زیاد دەکەن. ژیانی ئەمڕۆ بەجۆرێکە مرۆڤ دەوڵەمەندیی خۆی، هەیبەتی خۆی و پێویستیی ڕۆحیی و مەعنەویانەی خۆی دەکاتە بارمتەی شتە ماتەریاڵییەکان. چیدی ماڵ بە میوانەکانی و وڵات بە بێگانە و پەنابەراکانییەوە شانازی ناکات. هەلومەرجی میوانداری و داڵدەدانی پەنابەران، تەنانەت ئەوانەیان کە هاوزمان و هاوڕەگەزیشن، بە حەددێك دراوەتە دەست یاسا و بەعەقڵانیکردن، کە مرۆڤ وا هەستبکات هیچ پەیوەندیەکیان بەوەوە نەماوە. مرۆڤی ئێمە بەرەو شێوازە ژیانێك دەچێ کە تیایدا میواندۆستی دەبێتە شتێکی تایبەت بە وەزارەتی گەشتوگوزار و هوتێل و سەیرانگاکان.. پەیوەندیی ئێمە بە میوان و بێگانەکانەوە خەریکە دەچێتە ئاستێکی نزم و تەنانەت ڕقبوونەوەش لە میوان. مرۆڤی ئێمە نێواران بەرەو ماڵێکی چۆڵ دەڕواتەوە کە چیدی هیچ حەکایەتێکی تێدا ناگێڕدرێتەوە. ئەو دەبێتە خاوەنی شوێن، خاوەنی شوقە و خاوەن ماڵ، بەڵام وەستانی لەکەنار دەرگاکەیدا مانای پێشوازیکردن لە میوان و بێگانان ناگەیەنێ. ئەو لەمەودوا بۆی هەیە دەرگامان لێکاتەوە، بەڵام ئەو خەندەیەی دەیهێنێتە سەر لێوەکانی، سەرچاوەکەی ناخ و دڵێکی ڕووناك نییە.. ئێمە بەرەو کۆمەڵگا و شێوازەژیانێك دەڕۆین، کە تەنانەت ئەوانەی ڕۆژگارێ لێرە و لەم ماڵە و لەم خێزانەشدا لەگەڵمان بوون، هەستبکەن دوای گەڕانەوەیان لە سەفەر و لە هەندەران، وەك بێگانە و

نەناسراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەواغان لە دڵی خۆماندا کردۆتە دەرێ و داومانەتە دەست یاسا و لایەنی بەر پرس.. میواندۆستی و کەلتووری پێشوازیکردن لەو شوێنەدا لە ئەخلاق جیادەبێتەوە، کە تەسلیمی بەیاسایکردن دەکرێ و یاسا سنوور بۆ شێوازی پێشوازیکردن و داڵدەدانی بێگانە و میوانەکان دادەنێ..

بەودیویتردا، ئیگۆیزم و خۆویستی، هیچ بوارێك بۆ کەلتووری پێشوازیکردن و بوون لەگەڵ ئەوانیتر ناهێڵێتەوە. ئیگۆیزم لە بنەمادا دەستگرتنێکی توندە بە هەموو ئەو شتانەوە کە تایبەتن بەخۆمان و ئامادەکردنی هەموو شتێکە لەدەرەوەی ئەوانیتر. بۆیە مرۆڤی ئیگۆیست لە پێناوی شتە تایبەتیەکانی خۆیدا، خۆی دەدۆڕێنێ و خۆی لە ڕێگەی شتەکانیەوە دەپەرستێ و بەوجۆرەش لەگەڵ لەدەستدانی خۆی، ئەوانیتریش لەدەست دەدات. ئەو، بە پێچەوانەی میواندۆستەوە، تادێت جیهانی خۆی و مەودای بوونی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا بەرتەسکدەکاتەوە، بەجۆرێ وەك ئەو بوونەوەرە سەرتاییەی لێدێت کە لەناو جەنگەڵێکدا، هەم بۆخۆی لە ئەوانیتر دەترسێ و هەم ئەوانیتریش سڵی لێدەکەنەوە. لە میواندۆستیدا ئەویتریستی و هاوچەشندۆستی، ژیانی ئێمە دەوڵەمەند دەکەن و دوورماندەخەنەوە لە ناعەقڵانییەت و ڕەگەزپەرستی و ئەتنۆسەنتەریزم و ئەتنۆکەلتووریزمی کوێرانە، لەکاتێکدا ئیگۆیزم، ملکەچ و زەلیلی غەریزە ناعەقڵانیەکانمان دەکات و یەکسانمان دەکاتەوە بەو ئاژەڵانەی کە لەهەر کاتێکدا بۆی هەبە غەریزە پاڵمان پێوە بنێ بۆ پەلاماردان و خواردنی ئەویتر.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەو ناکۆکیەی کەوتۆتە ئەخلاقی داڵدەدەرانەی ئێمەوە، بۆتە هۆی ئەوەی داڵدەدانی بەدرۆ بالادەست بێت. واتە تۆ دەرگا لە میوان و بێگانان دەکەیتەوە، هانیدەدەی لە شوێنی خۆی هەڵکەندرێ و وادەی پێدەدەی بێتە وڵات و شار و ماڵی خۆتەوە. بەڵام ناتوانیت ئاسوودەی بکەیت. پێتوایە بێگانەکان شار و پارکی شاریان قەڵەبالغ و پیسکردووە. کرێ خانوویان گرانکردووە، ڕێژەی تاوانکاری بەرزبۆتەوە، شەقامەکان تەسکبوونەوە و ئەخۆشیەکان زیادیانکردووە. هاوڕێیەکی توێژەرم ئاگاداریکردمەوە کە لە ڕاپرسییەکدا، ڕێژەیەکی زۆری

هاوولاتیان، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان، پیاوانێ (ئەم هەموو عەرەبەی دێنە کوردستانەوە، ژیانی ئێمەیان لاسەنگ کردووە) و پێویستە کۆمەڵێ مەرج لەبەردەم هاتنیاندا قووتبکرێتەوە. جێگەی سەرسوورمانە، میللەتێ هێشتا هەڵم لە قابلەمەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی بەرزدەبێتەوە، کەچی لەگەرووی ڕەیزسیزم و نالێبووردەییەوە سەردەردەهێنێ.. ئەوە بەدبەختی میللەتێکە، میوان و بێگانەکانی بەسەرچاوەی کێشەکانی بزانێت و چاوی هەلومەرجە نالەبارەکانی ژیان نەبینێ و تەنیا تەماشای کۆمەڵێ مرۆڤ بکات کە بەتەنگ بانگەوازەکەی تۆوە هاتوون، کە گوایە دەتەوێ سنوور و پانتایی ژیانی خۆت بە پێشوازیکردن لە ئەوانیتر فراوان و دەوڵەمەند بکەیت و کەچی تەنیا بەوەی بەلاچاو، بەچاوی نزم، وەك لێقەوماو تەماشایان بکەیت، وڵاتیان لێدەکەیتە دۆزەخ و ڕۆحی مرۆڤانەیان ئازار دەدەی.. میللەتێ، بۆخۆی لەهەر بارودۆخێکدا بێت، ئەو خۆشی و نیعمەت و چێژە نەبینێ کە لە ئامادەیی میوان و بێگانانی وڵاتەکەیدا هەیە و ئەو هەلە نەقۆزێتەوە بۆ پێشوازی لێکردنیان، دەبێ دوای شاربەدەرکردن و تۆراندن و ڕاونانیان، بە چ پاساوێك شەرمەزاریەکانی خۆی داپۆشێ؟!

خواردنی بێگانان:

بەرلەوەی باسی خوارنێك بکەم کە تایبەتمکردووە بە میوان و بێگانان، دەمەوێ چیرۆکێکتان لەسەر خۆم بۆ بگێڕمەوە کە لە سەرەتای ژیانی پەنابەرێتیمدا بەسەرمهات. ئەو نیوەڕۆ درەنگەی بۆ جاری سێیەم لە شارێکی دانمارکدا و لە ژووری ماڵێکدا سەقامگیر بووم، هەستم بە ماندوویی و برسێتیەکی زۆر دەکرد، هەمووی سێ مانگ بەسەر مانەوەمدا لەو وڵاتە تێپەڕی نەکردبوو، کە پاشان ئەو ماوەیە بووە سیازدە ساڵ مانەوە و چواردەجار ماڵگواستنەوە. بڕیارمدا لە نزیکترین فرۆشگادا شتێ بکڕم و لە ماڵەوە دروستیبکەم. بۆ یەکەمجار لەدەرگای فرۆشگایەکی زۆر گەورە چوومە ژوورەوە، هەر لە سەر ڕەفەکانی سەرەتادا، قتوویەکی گۆشتم هەڵگرت،

کیسەیەك پیاز، خوێ، ڕۆن، دۆشاوی تەماتە، شەربەتێك و سەموونێکی درێژم پڕدایە و بەپەلە بەرەو کۆتایی فرۆشگاکە چووم بۆئەوەی پارەکەیان بدەم. لەماڵەوە و لە مەتبەخی خاوەنماڵدا کە بۆم هەبوو بەکاری بهێنم، بەدەم پارووگرتن لە سەموونەکە، کەوتمە پیازجنین و نەختێ ڕۆنم لە تاوەیەك کرد و تا پیازەکان قرچان، قتوویەکم لە قتووەکان هەڵپچڕی و گۆشتەکەی ناویم کردە ناو تاوەکەوە و سەرەکەیم لەسەر دانایەوە. تا بەخێرایی ئاوێکم بەخۆمدا کرد، بینیم ناوی گۆشتەکە وشکی کردووە. پارچەیەك سەموونم بڕی و پەرداخێ شەربەتم تێکرد و کەوتمە خواردنی گۆشتە سوورکراوەکەم. پێموایە لە شەشەمین پاروو، یان حەوتەمدا خاوەنماڵ هاتەوە کە خانمێك بوو، بیروڕای چەپ بوو، لە ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدا و بەڕێوەبەری نوتابخانە بوو. هەر لەدەرگاوە تێگەیاندم کە بۆنی خواردنەکەمی کردووە و کە هاتە مەتبەخەکەوە یەکسەر بەرەو قتووە هەڵپچڕاوەکە، کە هێشتاش لەسەر مێزی لای مەباخەکەوە بوو، چوو. هاواری کرد: {(نۆ.. و.. غێڤارا)، واتە: ئۆی ڕێوار!} و قووەکەی بەرەو لای من هێنا و بەدەم پێکەنینەوە و وەکەوەی کەتێکم کردبێ، بە ەنجەی سەرنجی بەرەو وێنەیەك ڕاکێشام کە لەسەر قتووەکە چاپکرابوو، بەبێ ئەوەی ن پێشتر لێی ورد بوبێتمەوە، بینیم: وێنەی سەرە سەگێکە!
ن زمانم نەدەزانی، شەرمن بووم، هەرگیز سۆپەرمارکێت نەچووبووم، کەسم دەناسی، تەمەنم کەم بوو، ئەزموونی خواردن دروستکردنم نەبوو، لە وڵات و ەڵتوورێکەوە نەچووبووم کە سەگ و پشیلەکانیان خواردنی تایبەتیان بدرێتێ. پەلە بووم، برسی بووم و دەمویست پێش هاتنەوەی خاوەنماڵ خواردنەکەمم لێنابێ مەتبەخەکەم چۆڵکردبێ.. بەهەرحاڵ من نموونەی پەنابەرێك بووم. تازە خەریك بوو ، وڵاتێکدا نیشتەجێ دەبوومەوە کە زۆر جیاوازبوو لە شوێنەکانی دیکەی جیهانی ن، دەمویست لەدایك ببمەوە، بژیمەوە، لە دەرگام دابوو، دەرگایان لێکردبوومەوە تازە لە ژوورەوە بووم، لەگەڵ ئەوان.. وەلێ ئازاد بووم، سەربەخۆ بووم، دەمتوانی یار بدەم و تەنانەت خواردنی سەگەکانیش بخۆم بەبێئەوەی کەس ئەمەم بە حەرام و

تاوان و گوناهێك بۆ بنووسێ.. هەستکردن بە دڵنیایەك بوو متمانەی منی بەو وڵات ئەوەندە پتەوکردبوو، کە بڕوام نەدەکرد هیچ شتێ هەبێ زیانی بۆ مرۆڤ هەبێ.. مـ داڵدە درابووم، میوانداری کرابووم، دڵنیاکرابوومەوە لەوەی دەتوانم ئاسوودە بم بژیم..

بێگانەکان چاوەڕێی سفرەی ڕازاوە ناکەن، ئەوان هەرشتێ دەستیان بیگاتێ و بتوان دروستیکەن، دەیخۆن. لێیانگەڕێ خواردنی سەگ و پشیلان بخۆن، بەڵام ئاسوودەیا مەشێوێنن، هەستی دڵنیابوون و ئارامبوونەوەیان مەڕاکێشن. ئەوان لێرە نین بۆ ئەوە شتێکمان لێداگیر بکەن، بۆ خراپکردنی پارك و شەقامەکان نەهاتوون.. کچەکانما هەڵناخەڵەتێنن، ئەوان دەزانن کە میوانن، لەشوێنێکی تر و وڵاتێکی دیکەوە هاتوون ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی ئێمە دەکەن. ئەوان تەنیا بەرگەی ئەو نیگایانەی ئێمە ناگر کە بەهۆیەوە بیریاندەخەینەوە، کە: ئەوان لە ئێمە نین. موحتاجن، بەزەیمان پێیان دێتەوە، خێرمان پێکردوون.. ئازاردانی ئەوان لەوەدا نابینمەوە کە شوێنیان نیی شوقەیان نیە، خواردنی شیك و لەبار ناخۆن، ئازاردانی ئەوان لەوێوە دەستپێدەکا کە ئەو هەستەیان لەلا دروستبکەین، لانیکەم تا لێرەن، ئێرە بەماڵی خۆیان نەزانن هەستبکەن ئەوان لێرە زیایە و پەراوێزین. ئەوان بەوە ئازار ناخۆن ئێمە لەود شووشەی چێشتخانەکانەوە ببینن و بۆخۆشیان لەو دیوەوە چاوەزەقەیان بێت، ئازار ئەوان لەوێوە دەستپێدەکات کە تۆ وەهای پیشانبدەیت ئەو ناتوانێ لێت نزیکبێتەوە پەنات بۆبهێنێ بۆ ئەوەی پرسیارێکی زۆر سادەت لێبکات: (ببوورە، مزگەوت لـ ناوەدا هەیە؟)

بۆ ئەوەی لە شوێنێکەوە دەستپێکەین، بۆئەوەی کەمێ ئاسوودەیی بەخشینە میوان بێگانەکانمان و بۆئەوەی بیرمان نەچێتەوە کە ژیانی خۆشمان جۆرێکە لە پەنابەری پەنابۆبردن و داڵدەدان، پێویستە بیر لە دروستکردنی خواردنێك بکەینەوە. خواردنێ مەرج نیە خۆراکەکانی لە وڵاتی خۆماندا وەبەرهاتبن، بەڵام گرنگە شوێندەست ئێمەی پێوەدیار بێ و تامی مەتبەخی میواندۆستانەی ئێمە بدات.

کەواتە لەماڵ بچۆرە دەرەوە و تا سەر سووچی کۆڵانەکەتان بڕۆ کیسەیەك
ماکەرۆنی، هەرجۆری بێت، بکڕە. ماکەرۆنی لە بنەمادا خواردنێکی ئیتالیە و ئەمڕۆ
لە جیهاندا ناسراوە. بەتایبەتی لە دنیای پەنابەراندا زۆر بەکار دەهێنرێ و ڕەنگە
یەکەمین خواردن کە پەنابەر فێری لێنانی دەبێت، ماکەرۆنی بێت. کاتێ تاکو ئاستی
پێویست لەناو ئاو و دووسێ دڵۆپ ڕۆندا، کوڵاندت، لە سوورزگی بدە با ئاوەکەی
بچۆڕێتەوە. ئەگەر زانیت زۆر کوڵاوە، دەتوانیت ڕشێنێ ئاوی ساردی پێدا بکەیت
تاوەکوو پرۆسەی کوڵانەکە ڕابگرێ. لەهەمان کاتدا نزیکەی سێسەد گرام گوڵە
پەرنابیتی سەوزت نیوە کوڵاو کردبێ و تەماتەیەك، کولەکەیەك، پەتاتەیەك و پیازێکت
ورد جنیبێ و لەگەڵ هەندێ سەوزەی وشك و قارچکی جنراو، تێکەڵیان بکە و
بێگەڕێ ئەوانیش کەمێ بە هەڵمی خۆیان نیوەپێشاو بن.. دەمەوێ خواردنی پەنابەران
هەم تامی کۆی خواردنەکانی دیکە بدات و هەم ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕەنگاوڕەنگی
ئەوانیش بێت.. لە ڕاستیدا نامەوێ دەستنیشانی ئەو داوودەرمانانەت بۆ بکەم کە لەم
خواردنەی دەکەیت، بەڵام لەگەڵ خوێ، یەکدوو بیبەری وردی تیژ، تامێکی نایاب و
دڵنشینی دەداتێ.

ئێستا قاپێك بهێنە کە بەرگەی گەرمی بگرێ: هەوڵدە نیوەی وردەجنراوی تەماتە و
کولەکە و پیاز و پەتاتە و سەوزە و قارچکەکە، بکەرە بنکی قاپەکەوە و
لەسەرئەویشدا ماکەرۆنیەکەی تێکە، کە هێشتا هاڵاوی لێهەڵدەستێ. نابێت هیچ
ڕشاری بخەیتە سەر و تێکەڵهەڵدانیشی ناوێ. پاشان نیوەکەی تری تێکەڵەکەی
لەسەردا بکە و لێیگەڕێ با بۆخۆی لەسەر یەك بنیشێ.

ئینجا لەملاوە قاپێك بهێنە، دوو کەوچك دۆشاوی تەماتە، کەمێ ئاو لیمۆ، کەمێ بەهارات،
بیبەری سوور، یان ڕەش، نیوەی تۆزی سووپی سەوزەوات، کەوچکێ ڕووبی هەنار،
دوو سێ کەوچکی چێشت ڕۆنی زەیتوون و پەرداخ ونیوێ ئاوی کوڵهاتووی تێکە و
بەجوانی تێکەڵیان بکە. (بۆت هەیە لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەو شتانەی ناوم
هێنان، ئازاد بیت..). دەتوانیت پێکیشەوە قوولێکیان پێبدەیت. تا ئەوانە تۆزێ پێکەوە

دەکولێن، تۆ گوڵە قەرنابیتەکان لە قاپی ماکەرۆنییەکەدا دابنێ و پاشان تاماوە کوڵهاتووەکەی بکە بەسەردا. سەری قاپەکە بنێرەوە و بیخەرە ناو تەباخەکەوە، یاخود ئاگرێکی کزکزی لەژێردا بکەرەوە و لێگەڕێ با لەگەڵ دەمکێشاندا، تاماوەکە بچێژێ. پاش دە خوولەك، خواردن ئامادەیە و دەتوانیت لەگەڵ سەموون و زەڵاتە و زەیتوون و ترشیات نۆشی گیانی بکەیت.

حەکایەتی ئەستێرەناسە دانمارکی و بازرگانە ئیتالییەکە:

لەسەردەمی عوسمانلیدا، کاتێ بازرگانە ئیتالییەکان ڕێگەیان بەرەو خۆرهەڵات و شاری ئەستەمبووڵ کرایەوە، دایکیان چەند کیسەیەك ماکەرۆنی و سپایگێتی بۆ لە سندووقەکانیان دەهاویشت، بەو نیازەی لە تەنگانەدا فریایان کەوێ و لە برسێتی ڕزگاریان بکات. دانمارکییەکانیش هەتا ئێستاش، کاتێ دەچن بۆ دەرەوەی وڵات چەند دەستەیەك نانی ڕەش، نانی جۆ، لەگەڵ خۆیان دەبەن. بڕوایان وایە ئەو نانە ئارامی و هاوسەنگی ناوسکی ئەوان ڕادەگرێ و لەهەندێ تەنگانەی وەکو سکچوون دەیانپارێزێ. بەڵام ئەوان خاوەن یادەوەرییەکی ناخۆشیشن و لە ئەزموونی زانای ئەستێرەناس (تۆکیۆبراهـ)ـەوە تۆقیون. تۆکیۆبراهـ ئەستێرەناسێکی دانمارکی بووە و لەسەر بانگهێشتنی پادشای ئیتالیا داوەتی ئەو وڵاتە دەکرێ تاکو لە مەراسیمی بەکارهێنانی یەکەمجاری تەلەسکۆپدا، بەشدار بێت. لەوە دەچێ لەسەر سفرەی پادشا زۆری خواردبێ و تەنگاویش بووبێ، بەڵام لەبەر ڕێزی گوێگرتن لە وتاری پادشا و مەجلیسەکە، ددان بەخۆیدا دەگرێ و ناچێت دەستبەئاو بگەیەنێ. وەختێ پادشا لە خوێندنەوەی وتارەکەی دەبێتەوە و فەرمووی زانا دەکات بۆ کردنەوەی مەراسیمەکە تەماشا دەکەن لە حەژمەت و ئەنجامی دانەخۆداگرتنەوە، ئەستێرەناس لە حەوت ساڵان ڕاستبۆتەوە و ڕیخۆڵەکانی تەقیون!

بەسەرهاتی بازرگانە ئیتالییەکە زۆر لەمە جیاوازە: حەکایەتەکە باسی یەکێ لەو بازرگانانە دەکات، کە بەبێ مۆڵەت ماوەیەك هاتۆتە قەڵەمرەوی عوسمانلییەوە و لە گەڕەکێکی تەنگەبەری ئەستەمبووڵدا، دڵی خۆی لە گرۆی کچێکی چاومەستی توورکنەسمەر ناوە و هێندەی نەماوە عەبای ڤینیسایی فرێدات و فێسی توورکی بکاتە سەر.. وەلێ گوێ قووڵاخکەر و جاسووس و گوزارشگەران بەمەی دەزانن و دروست لەو مانگەشەوەدا، کە ئەو بۆ چەندەمینجار خەریکی لێنانی ماکەرۆنییە بۆ خۆشەویستەکەی، جەندرمە و هەوالگر، زرمەی لە دەرگای هەڵدەستێن و بە باڵبەستوویی و بەبێ ئەوەی مۆڵەتی بدەن کەوشە قەیتاندارەکانیشی لەپێکات، دەیەن. کاتێ کیژە دەگاتە شوێن وادەی خۆی، دەبینێ دەرگا لەسەر پشتە، قابلەمە لەسەر ئاگر داندراوە و شەراب لەوێندەرێ کراوەتە دۆلکەی دارینەوە و پێلاوەکانی بازرگان لەوێدان و کەچی بۆخۆی دیار نییە. کیژە کە ئەو دیمەنەی دەبینێ، هەم دڵی بۆخۆی و هەم بۆ ئەو بازرگانە کاکۆڵ لوولەی پەنای بۆ وڵاتەکەی ئەو هێنابوو، گەرمدەبێ و بڕیار دەدات بەدەم چاوەڕوانییەوە، خواردنەکە دروستبکات. لەگەڵ ئەوەدا کە ماکەرۆنییەکە تێکەڵهەڵدەدات، جاروبار فرمێسکێکی کیژە دەکەوێتە قابلەمەکەوە و لەگەڵ هاڵاوی ماکەرۆنییەکەدا، لە پەنجەرەیڕا و بە ناو کۆڵانی تەنگەبەری شاردا، بۆن و بەرامەکەی دەگاتە سەرای سوڵتان. سوڵتان داوا دەکات، ئەو کابانەی بۆ بهێنن کە خواردنێکی وەهای دروستکردووە، بۆنەکەی ئەوی لە زیکری خودا خافڵکردووە! کیژەی بەخۆی و قابلەمەکەیەوە دەهێننە بەردەمی سوڵتان و ئەویش بەکاوەخۆ و لەگەڵ بارینی ئەسرینەکانیدا، بەسەرهاتی خۆی و کوڕە بازرگانی لەبۆ دەسەڵاتداری وڵاتێ، دەگێڕێتەوە. سوڵتان ئەوەندە مەستی ئەو حەکایەتەی دەبێ، بڕیار دەدات بازرگانەی لە گرتووخانەی ئازاد بکات و کیژەی لە سەرای خۆیدا بکاتە سەرتەباخ. دەڵێن لەوکاتەوە ماکەرۆنی و سپاگێتی بە دنیاێدا بلاوبوونەوە و تەنانەت ئەو قابلەمەیەش کە کیژە و کوڕەبازرگان، خاوەغاڵ و پەنابەر، پێشوازیکەر و میوان، خواردنیان تێدا لێدەنا، ماوەیەك لەلای مسگەرەکان دەستاودەست دەکات و دواجار

لە یەکێ لە مۆزەخانەکانی ئیتالیادا، پارێزراوە.. حەکایەتەکە ئەوەش زیاد دەکات و دەڵێ: هۆی زۆری بەرهەمهێنانی ماکەرۆنی و سپایگێتی لە ئیتالیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قابلەمەیە کە بەردەوام وەك کانیەکی بەخوورِ و سیحراوی، ماکەرۆنی و سپایگێتی لێوە دێتە دەرەوە..

خواردنیی ڕێنماییکەر

لە فەنتازیای خواردندا، هەروەکچۆن لە فەلسەفەی ژیاندا، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵی ڕێنمایی و ڕێنماییکەر، خواردنەکانمان پیادەسووتێن و ژیانەکەشمان دەشێوێ. ئەو کەسەی خۆی هەڵدەپاچێ و بەروانکە دەبەستێ بۆ ئەوەی خواردنێکمان بۆ دروستبکات، لەگەڵ ئەو کەسەی ژیانێك ژیاوە و ئەزموونگەلێکی کۆکردۆتەوە، پێویستە قەدری ئەو ڕێنماییکەرانە بە زیندوویی ڕابگرێ کە نەیانهێشتووە چێشتەکەی پابسووتێ و ژیانەکەی لێبشێوێ..

(ڕێنماییکەر) بەکەسێ دەڵێن کە ئاراستە و ڕێنماییمان دەکات، ڕێنمایی هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاست و ئاراستەکردنمان بەرەو ئامانج و مەبەستی خۆمان. لە ئایین و کەلتووره کۆنەکاندا ڕێنماییکەر، چ مرۆڤ بێت لە شێوەی پێغەمبەراندا، یان باڵندە و ئاژەڵ و نیشانەکان، بوونەوەرێکە جێگەی متمانە. ئەوەی شارەزا نییە و نازانێ بەرەو کاملا و کوێ بڕوات، ئەوەی هێشتا بەتەواوی دنیا و خۆی و دەوروبەری ناناسێ و چاوی نەکراوەتەوە، پەنا بۆ ڕێنماییکەر دەبات، یاخود چاو لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو دەکات. بەڵام مەرج نییە هەمیشە ڕێنماییکەر قازانج و بەرژەوەندی ئێمەی بوێ، بۆی هەیە ڕێنماییکەر بیەوێ بە هەڵەماندا بەرێ و بۆی هەیە بیەوێ ڕێگامان لێئاڵۆز بکات و سەرمان لێبکدات. کاتێ قابیل، هابیلی برای دەکوژێ، چەندین ڕۆژ تەرمی براکەی بە کۆڵەوەیە، چونکە نازانێ چی لێبکات، چونکە ڕێنماییکەرێکی نییە. حەزرەتی (نووح) بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێدا وشکانی هەیە، پێویستی بە ڕێنماییکەر

هەیە. حەکایەت و ئەفسانەکان پڕن لە ڕێنمایکەری باش و خراپ، هەندێکیان یارمەتی کوڕەی عاشق دەدەن تاکو لە بورجی قەڵادا، شازادەخانمی دزراو بدۆزێتەوە و بیباتەوە بۆ ماڵی پادشا، هەندێکیشیان تەسلیمی قسەی ڕێنمایکەری خراپ دەبن و ڕێگایان لێتێکدەچێ و هەندێکیشیان لەسەر قسەی ڕێنمایکەر کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن: فەرهاد لە پێناوی شیریندا و مەم لە عەوداڵیی زیندا..!

لە دنیای مۆدێرندا، ڕێنمایکەران زۆرن، هەر لە فاڵگرەوە و قاوەگرەوەکانەوە، تا ئەوانەی جنۆکە لەسەر و لەشماندا دەردەکەن، بە تێپەڕین بە پاراسایکۆلۆژیست و یۆگی و تەرویجکارەکانی حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فەیلەسووف و حەکیم و هاوڕێکانماندا.. وەلێ من لەم زنجیرەیەدا دەمەوێ هەندێ بیرۆکەی خۆم سەبارەت بە دیارترین ڕێنمایکەری مۆدێرنیتە، واتە مرووروەکان، بخەمە ڕوو. ئەرێ بەڕاست ئەگەر لە دنیای مۆدێرندا مروور وەك ڕێنمایکەرێ ئامادەیی نەدەبوو، چلۆن ژیانمان بەسەر دەبرد؟ ئەمە پرسیارێکە، کاتێ لە وەڵامدانەوەی نزیکدەبینەوە، کە لە دنیای کلاسیکەوە بەسەرهاتێ باس بکەین، کە پێماندەڵێ ئەگەر لەودەمەدا مروور هەبایە، گەورەترین تراژیدیای مرۆیی ڕووی نەدەدا.. بەداخەوە، یەزدان ئاسمان و زەوی و ڕووناکی و تاریکی خوڵقاند، ڕووناکی ناونا ڕۆژ و تاریکایی ناونا شەو، بەڵام لەبیری چوو لەگەڵ موباحکردنی زاوزێی مرۆیەکاندا، مروووریش خەڵق بکات، چونکە دەبوو بزانێ لە هەر شوێنێ ڕێگاکان دەبنە دوو ڕێ و لەهەر ماڵێکدا حەشامات دروستبوو، پێویستیمان بە ڕێنمایکەر هەیە. تکایە بە وردی گوێ لەم بەسەرهاتە بگرە.

بەسەرهاتی (ئۆدیب پاشا):

یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی نووسینی سۆفۆکلیس، گەورە تراژیدینووسی یۆنانی کۆن، ئەوەیە کە مرۆۆ لە ئاست چارەنووس و قەدەری خۆیدا، هیچ چارەیەکی نییە و ئامانجی ژیان هەر لەسەرەتاوە دیارە. سەبارەت بە ئۆدیبی پادشا، ئەم چارەنووسە لەپێش هاتنە دنیاو لەدایکبوونییەوە دەستنیشانکراوە: غەیبگۆی پەرستگای (دولفی)

خەبەر لەبۆ دایك و بابی ئۆدیپی دەهێنێ، کە: (سەرورەرانم، منداڵێکتان دەبێ و ڕۆژگاری دێ ئەو منداڵە سەری باوکی خۆی دەپەڕێنێ و دایکی خۆی مارە دەکاتەوە!). گوناه و تاوانێکی مەزن بەڕێگاوەیە و نابێ پادشا هەلوفرسەتێ لەدەستبدات. بۆیە پێبەجەرگی خۆدا دەنێن و لە پێناوی بەرگریکردن لە ڕوونەدانی گوناه و تاوان، بڕیار دەدەن هەر کە منداڵە هاتە دنیاوە، بیسپێرنە شوانان تاکو لە قەڵەمڕەوی پاشایەتی وەدەری نێن و لەوێندەرێ بیکوژن، یانژی بەرەڵلای بکەن، باش لەبیرم نیە.. بەهەرحاڵ، ئەمە یەکەمین هەوڵدانی مرۆڤە بۆ گۆڕینی قەدەری ئاسمانی ئۆدیپ. ئەوان دەیانەوێ بەلاّ و گوناهی لەخۆیان دوور بخەنەوە، لەکاتێکدا چارەنووس و قەدەر بڕیاریداوە ئۆدیپ عەوداڵی قەدەر و چارەنووسی تراژیدیانەی خۆی بێت..

شوانەکان کۆرپەلەی دەبەن و هۆ لەو چیاو دۆڵانە دەیسپێرنە شوانی قەڵەمڕەوی پادشایەك، کە منداڵی نیە و هەتائێستێ وەچاغکوێرە. ئەمە دووەمین دەستێوەردانە بۆ گۆڕینی چارەنووسی ئۆدیپ و ڕزگارکردنی. وەلێ چارەنووس بەدوای خۆ تەحقیقکردندا وێڵە: ئۆدیپ بۆتە قارەمان و لە هیچ ناترسێ، ڕووبەڕووی ئەژدیهای حەوت سەر دەبێتەوە و ئەژدیها مەتەڵێکی لێدادەهێنێ، کە بە دیوێکدا، باس لە ئۆدیپ خۆیدەکات: ئەوە چیە بەیانیان لەسەر چوار پێیان و نیوەڕوان لەسەر دووان و ئێوارانیش لەسەر سێ پێیان دەڕوات؟ ئەمە سێیەمین هەوڵدانە بۆ بەرگریکردن لە ڕوونەدانی چارەنووس، وەلێ چارەنووس لەڕێگەی ئۆدیپەوە بەردەوامە لە سەفەری وەدیهاتنی خۆی. وەڵامەکە لەسەر زاری ئۆدیپەوە ئەمەیە: (مرۆڤ: لە منداڵیدا لەسەر دوو دەست و دوو پێ، لە تەمەنی لاوێتی و هەڵکشانی تەمەنیدا کە بڕوابەخۆبوونی زیاد دەبێ تەنیا لەسەر قاچەکانی خۆی ڕادەوەستێ و لە پیریشدا، وێڕای پێیەکانی گۆپاڵێکیش بە دەستەوە دەگرێ). ئەژدیها تەسلیم دەبێ و قارەمان هەنگاوێکی دیکەش لە گوناه و تاوانە چارەنووسسازەکەی نزیکدەکەوێتەوە: دروست لەوکاتەیدا کە پاسەوانان و پادشا لە ڕاوێ دەگەڕێنەوە، ئۆدیپیش دەگاتە هەمان سێ ڕێیان: ڕێگایەك بەرەو لای ڕاست، یەکێ بەرەو لای چەپ و ئەویتریش ڕاستە ڕێ. پرسیار

ئەوەیە کامیان دەپێشدا بپەڕنەوە؟ پادشا و دەستوپێوەندەکانی بڕۆن و قارەمان چاوەڕێ بێت، یاخود لە پێشدا قارەمان بڕوات و کاروانی پادشای ڕاوەستێ؟ هیچیان مل بۆ ئەویتر نادەن، شمشێر ڕادەکێشرێن، سوپا و قەراوڵ و دەستوپێوەند شەڕ لەسەر پادشای خۆیان دەکەن، پاڵەوانیش شەڕکەری چارەنووسی خۆیەتی. قەدەر دەیباتەوە: دەستوپێوەند یەك یەك دەکوژرێن، سەری پادشای دەپەڕێنرێ، پاشماوەیەك ئۆدیب بەرەو شاری (تیە) دەڕوات و لە ڕۆژی (باز) هەڵدانێدا، باز لەسەر شانی وی دەنیشێتەوە! ئۆدیب دەبێتە پادشا و بەپێی نەریتی ئەودەم، ماڵ و سامانی پادشای مردوو، دەبێتە هی ئەو. شاژن دەبێتە هاوسەری پادشای تازە و وڵات لە تەنگژەی بێپادشایی ڕزگار دەبێ. وەچەی نوێ و کۆن دەبنە خوشك و برا، وڵات هەست بە دڵنیایی دەکا و شاژنیش بە ئارامی. وەلێ شار وردە وردە لە بەڵای تاعوونێوە دەگلێ و مەرگ سێبەر بەسەر ژیانێدا دەکات. غەیگۆ دەچنە پەرستگا و کە دێنەوە پەست و ڕوو گرژ: ئەو پادشایەی لەسەر سێڕیانێ کوژراوە، (شا مینۆس)ی باوکی ئۆدیبی بووە، (جۆکاستەخان)، کە ئێستێ ژنی ئۆدیبی پادشایە، لە هەسڵدا دایکی خۆیەتی و منداڵەکانیش.. ئێوەبڵێن.. گوناه و تاوان ڕوویدا، وەلێ هێشتا چارەنووس بەکامی خۆی نەگەیشتووە، ئۆدیب بەدەستی خۆی چاوەکانی هەڵدەکۆڵێ و بەرەو ئەشکەوتی تەنیایی دەڕوات، لەوێندایە قۆناغی پیری و گۆچان بەدەستی دەستپێدەکات و قەدەر بەکام دەگات.. ئۆدیب دەچێتەوە ناو تاریکایی، ئەوەی قەدەر بۆیدەستیشان کردبوو..

مروور وەك ڕێنمایکەری دنیای مۆدێرن:

مروور وەك پیشە، کە ئێمە (پۆلیسی هاتووچۆ)یشی پێدەڵێین و ڕاستر بوو پێمانگوتبا: (پۆلیسی ڕێنما، ڕێنمایکەر)، دیاردە و پیشەیەکی مۆدێرنە و سەرهەڵدانیشی بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەو گۆڕانە گەورەیەوە لە بواری هۆکارەکانی هاتوچۆکردندا، کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپادا هاتنە ئاراوە و لەوێدا بۆیەکەمجار هێزی بەگەڕخەری هۆیەکانی گواستنەوە، لە هێزی (با) و (پاڵەپەستۆی هەڵم) و (بازوو)ی

مرۆڤ و ئاژەڵەوە، گۆڕا بۆ هێزی (مەکینە). بێگومان وەك (پۆڵ ڤیریلیۆ)ش دەنووسێ: لەو گۆڕانەدا نابێت ڕۆڵی جەنگەکان و ئەو خێراییەمان بیر بچێ کە جەنگ پێویستی پێەتی. بەپلەی دووەمیش سەرهەڵدانی ئەم ڕێنماییکەرە مۆدێرنە پەیوەستە بە قەرەباڵغی شاری مۆدێرنەوە، کە بێگومان لەسەر ئاستی (کات)، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی بەردەوام و لەسەر ئاستی (شوێن)یش پێویستی بە دابەشکردنی بەردەوامی شوێن هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی بۆ هەمیشە، یان بەکاتی لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە. بەمجۆرەش کات لە دنیای مۆدێرندا، نەك کاتێکی سرووشتی نییە، بەڵکو کاتێکە دەبێ (ڕێکیبخەین) و (بیدۆزینەوە) و (دروستیبکەین)، بەهەمان شێوەش شوێن، جێگەیەکی سەقامگرتوو نییە بۆ هەمیشە لەوێدا بێت، بەڵکو شوێن لە دنیای مۆدێرندا بەردەوام (دابەشکراوە)، (دەستیشانکراوە) و (ڕێژەییە) و ئەوەی ئەمڕۆ و لەم ساتەدا شوێنی ئێمەیە، لە سات و ڕۆژێکی دیکەدا بۆتە شوێنی کەسانێکی دیکە. پیشەی مرووڕەکان، لەسەر ئەم ڕێکخستنی کات و دابەشکردنی شوێنەوە دروستبووە بۆ ئەوەی ئێمەی ڕێبوار و ئۆماد و کۆچەر، هەموومان کاتی خۆمانمان بەرکەوێ و هەمووشمان هەستبکەین شوێنی خۆمانمان هەیە، بە بێئەوەی ئەو کاتە وەستاو و ئەو شوێنە نەگۆڕ بێت، دەنا ناتوانین (هات) و (چۆ) بکەین و لە شوێن و کاتی نەگۆڕی خۆماندا دەوەستین. بەمجۆرەش، مرووڕەکان ڕێنماییمان دەکەن بۆ ئەوەی هەموو (هاتن)ـەکانمان بە (چوون) کۆتاییان بێت و ئێمە بەردەوام بتوانین هاتوچۆ بکەین و نەوەستین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەم ڕێنماییکەرە لە دنیای مۆدێرندا هەیەتی، با بیر لەوە بکەینەوە و پرسیار بکەین: ئەگەر لەسەر سێ ڕیانەکەی، کە ئۆدیب و باوکی پێکگەیشتن، تەنیا یەك مرووری لێدەبوو، ئاخۆ چۆن ئاراستەی بوون و دنیای مرۆیی دەگۆڕا و ئەو ڕێنماییکەرە دەبووە هۆی ئەوەی ئەو گوناه و تاوانە ڕوونەدات و هیچ شتێ تەسلیمی قەدەری خۆی نەبێ؟ تەنیا مرووری بەس بوو، بۆ ئەوەی هەم لەشکری پادشا و هەم غرووری پاڵەوان لە لوتبەرزی خۆیان پەشیوانکاتەوە و سنوورێکیان بۆ

دابنێ و بەپێی ڕێنمایەکانی (هاتوچۆ) ڕێگەیان بدات، کامیان سەرەتا بڕوات و کامیان دواتر. ڕەنگە هەر ئەمەش، واتە هەبوونی ڕێنمایکەران لەسەر ڕێگاکان، جیاوازیی هەرە گرنگی نێوان دنیای ئێمە و دنیای کلاسیکی سۆفۆکلیسی بێت، دەنا لەو بڕوایەدام لە ڕۆژگاری ئێمەشدا خەڵکانێکی زۆر هەن، نەك بۆ تەحقیقکردنی قەدەری خۆیان، بەڵکو بۆ سەپاندنی میزاجی شەخسی و غەریزەی خۆیان، ئامادەن ڕۆژانە لەسەر شەقام و ڕێگاکان بە عەقڵییەتی پاڵەوانانەی ئۆدیب و غرووری سووپای پادشاکانەوە، ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و خۆیان و ئێمەش لەپێناوی خێرایی و ڕۆحی کێبڕکێی خۆیاندا، لە خوێندا بگەوزێنن.

ئامازەکانی ڕێنمایکەر:

مروور، وەك ڕێنمایکەرێکی مۆدێرن، لە ڕێگەی دووجۆر ئامازەوە ڕێنماییمان دەکات: ئامازەکانی دەستی و ئەو ئامازانەی درێژکراوەی دەستی ئەون، بۆ نموونە: تابلۆ و ئایکۆن و نیشانەکانی سەر جادە و ڕێگاوبان. دەستی مروور و جوولەکانی مانا بەخشن، دەست لە پیشەی ڕێنمایکەردا زمانێکی تایبەتە، کە ئەگەر بەهەڵە بەکار هات، ئاژاوە دروستدەبێت و ئەگەریش بەهەڵە تێگەیشتین، سەرپێچی و کارەسات چاوەڕوانیمان دەکات. دەتوانین ئامازەکانی دەستی مروور ناوبنێین زمانی ڕاستەقینە و تابلۆ و نیشانەکانی سەر جادەش ناو بنێین زمانی مەجاز. ڕەنگە مروورەکان ئەو مرۆڤانەبن کە سوێندیان خواردووە هەرگیز دەستی خۆیان بەهەڵە بەکار نەهێنن، واتە هەرگیز بێماناییانە ئامازە بەدەستیان نەکەن، چونکە ئەوکاتە ئێمەی ڕێبواران و شۆفێرەکان بەهەڵە تەئویلی ئامازەکانیان دەکەین و بەهەڵەلێکحاڵیبوون ڕوودەدات. ئامازەکانی دەستی مروور، هیچ نین لە نیشاندانی ئاراستەی گەیشتن بە شوێنی مەبەست و لە دڵنیاکردنەوەمان لەوەی کە دەتوانین بە سەلامەتی بگەین. ئامانجی ئێمە لە هاتوچۆ و سەفەر چییە، ئەگەر گەیشتن بە شوێنی مەبەست نەبێ؟ بەڵام چۆنێتی گەیشتن بە شوێنی مەبەست بریتیە لە سەلامەتی. بەمجۆرەش یەکەم ئامازەی مروورەکان

ئەوەیە کە پێمان بڵێن: بەم ئاراستەیەدا و لەم کاتەدا و بەو خێراییە برۆیت، سەلامەتی لە چاوەڕوانیتدایە. ئەو، وەکو سیمایەکی مۆدێرنیتە بیرماندەخاتەوە، ئەزموونکردنی ژیان لەناو ماشێن و ئۆتۆمبیلدا، خۆدانە دەست خێرایی و ڕیسك و مەترسیکردن و موغامەرەیە، وەلێ ئەم ئەزموونکردنەی ژیان بەدەریش نییە لە دڵنیاکردنەوە و متمانەکردن، ئەگەر ڕەچاوی ڕێنماییە عەقڵانییەکانمان کرد. مۆدێرنیتە ئەزموونکردنی ناچاریانەی ژیانە لەناو خێرایی و تیژڕەویدا کە دەتوانین بەهۆی ڕێنماییە عەقڵانییەکانەوە جڵەوی بکەین، نەك بەهۆی میزاجی شەخسییەوە. میزاجی شەخسی بیرکردنەوەیەکی هەرزەییانەیە، بۆیە کانت پێشمەرجی ڕۆشنگەری بەوە ناو دەبرد: پێویستە مرۆڤ خۆی لەو هەرزەییە ڕزگار بکات کە بەهۆی بەکار نەهێنانی عەقڵەوە دووچاری بووە. مروور ئەو زمان و نوێنەرەی مۆدێرنیتەیە کە بیرماندەخاتەوە، ئامانجێك و کۆتاییەك لەم سەفەرەدا هەیە، بەڵام تەنیا بەهۆی ڕەچاوکردنی ئاماژەکانەوە بەسەلامەتی دەگەیتە ئەو کۆتایی و ئامانجە.

خێراییت کەمکەرەوە!

(خێرایی) سرووشتی دنیای مۆدێرن و یەکێ لە کێشەکانی مۆدێرنیتەیە. هەروەکچۆن مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە فەرمانی غەریزەکانی ڕزگار بکات، ئاواش مۆدێرنیتە ناتوانێ خۆی لە خێرایی جیابکاتەوە. عەقڵانییەت لە زۆر ڕووەوە سیما جوانەکەی مۆدێرنیتە و خێرایی سیما ترسناکەکەیەتی!. خێرایی پەیوەستە بە کۆنترۆڵنەکردن و سنووربەزاندن و متمانەکردنی تەواوی مرۆڤ بە مەکینە و ماشێنەکان. بەڵام ئەزموونی مۆدێرنیتە ئەوەش دەردەخا، لە هەر شوێنێ خێرایی زیادیکرد و کۆنترۆڵ نەکرا، توندوتیژی و زیانلێکەوتن و مەترسی زیاد دەکەن و حیکمەتی پرسوڕا، لەگەڵ ئەوانیتربوون، ڕاوێژکردن و هەستکردن بە جیهانی دەوروبەر، کەمدەبێتەوە و لە ئەنجامی ئەمەشەوە، دیاردەگەلی وەك تەنیایی، مالیخولیا و سەرگەردانی برەو دەستێنن.

ڕێنمایکەری مۆدێرن بەبیرماندەخاتەوە، کە خێرایی کوشندەیە، مەرگ دوائەنجامی خێرایە، بەڵام مەرگ ئامانجی ژیانی مرۆڤی مۆدێرن نییە. مرۆڤی مۆدێرن دەیەوێ لە ژیان بەردەوامبێ و زۆریش بیر لە مردن نەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی خێرایە. بۆیە ڕێنمایکەر خێرایی ئێمە دەستیشان و کۆنترۆڵ دەکات: بۆت نییە لەم شەقەمادا لەوەندە زیاتر بهاژووی، (خێراییت کەمکەرەوە، مەترسی لەرێدایە.)! بەمجۆرەش ژیانی مۆدێرن چەندە غەریزە و حەزە تایبەتیەکان ئازاد دەکات و چەپاندنیان لەسەر ناهێڵێ، ئەوەندەش چەپاندن لەسەر ئەو بارودۆخە تایبەتیانە دروستدەکات کە لە پانتایی ژیانی هاوبەشدا بەئەنجام دەگەیەنرێن. مۆدێرنیتە ئازادمان دەکات لە ژوورە تایبەتیەکەی خۆماندا، چۆن ڕەفتار دەکەین و غەریزەکانمان بەتاڵدەکەینەوە، وەلێ ڕێگەمان پێنادات لە ژوورە گەڕۆکە تایبەتیەکەماندا (واتە لە ئۆتۆمبێلەکەماندا) بە ئارەزووی خۆمان ڕەفتار بنوێنین. لێرەدا عەقڵانییەت سنوور بۆ غەریزە دادەنێ و غەریزە لەلایەن عەقڵانییەتەوە بە ئاماژەدان بۆ ژیانی هاوبەش، کۆنترۆڵ دەکرێ. پێویستە مروور ڕێزی ئەوەمان لێبگرێ کە ئێمە لەناو ئۆتۆمبیلەکانی خۆماندا، لەناو سنووری ژیانی تایبەتی خۆماندایین، وەلێ پێویستە ئێمەش لەوە تێبگەین: با ئێمە لەناو ماڵی گەڕۆك و سنووری ژیانی تایبەتی خۆماندابین، بەڵام لە (شوێن)ی تایبەت بەخۆماندا نین. شەقامەکان وڵاتی سەفەری ئەو ڕێبوارانەن کە بەپێی ڕێنماییەکان بەسەریاندا دەڕۆن و دەهاژوون، ئەوانەی گوێ بە ئاماژەکان نادەن ناتوانن بگەنە کۆتایی سەفەرەکەیان و بەسەلامەتیش ناگەن..

کەواتە دەتوانین بپرسین: چییە ئەو بەهایەی وادەکات مروورەکان لەسەر جادە و شەقامەکان، لەو قرچەی گەرما و سەرمای زستانانەدا، بەو دەوامە زۆر و مووچە کەمەیانەوە، بەو هەموو گووشارەی شۆفێری وەزیر و مەسئولەکان و بەدمەستەکان دەیخەنە سەریان، بەردەوام بە پێوە بن و بەدەست ئاماژەمان بۆ بکەن، تا کاممان یەکەمجار بڕۆین و کێ لە دوایدا؟ ئایا مروورەکان نایانەوێ جارێکی دیکە شەڕی نێوان ئۆدیب و لەشکری پادشا ڕووبداتەوە؟

بەبڕوای من، مروور وەك ڕێنمایكەرێك لە ژیانی مۆدێرندا، بزانێت یان نا، بەپلەی یەكەم ئەركی ئەوەیە (شوێن)مان بەسەرا دابەش بكات و پێمان بڵێ هیچ شوێنێ بەتەنیا و بۆ هەمیشە هی ئێمە نییە. مرووڕەكان وەبیرخەرەوەی خاڵێكی جەوهەریانەی مۆدێرنیتەن: دابەشكردنی شوێن و ڕێژەییبوونی فەزای ژیان و هاژووشتن و سەفەر. ئەو كەسەی لەناو ئۆتۆمبێلەكەی خۆیدا وا بیر بكاتەوە، شەقامەكان تەنیا هی ئەون، مرۆڤێكە بە عەقڵییەتی سوپای پادشا و غرووری پاڵەوانانەوە، دەیەوێ تاوانێك بكات. ئاماژەكەر ئەو كەسەیە كە نابێ بهێڵێ تاوان ڕووبداتەوە، چونكە ئاماژەكانی ئەو ئاماژەن بە ئاراستەی گەیشتنە مەبەست و بەسەلامەتی گەیشتن.

خواردنی تایبەت بە مرووڕەكان:

پیشەی وەستان لەسەر جادەكان و ڕێنمایكردن و كۆنترۆڵكردنی خێرایی، پیشەیەكی زۆر زەحمەتە. من هەموو جارێ لەم وەرزە گەرمەدا و لەناو ئۆتۆمبێلەكەمدا، كاتێ بەبەردەمی ڕێنمایكەرێكدا دەهاژووم، تەریقدەبمەوە. بیرمكردەوە: لە زنجیرەی فەنتازیای خواردندا دەتوانم پێشنیاری چ جۆرە خواردنێكی تایبەت بۆ ڕێنمایكەران و بەتایبەتی مرووڕەكان بكەم؟ دوایی بیرم كەوتەوە: ئەوان بە زمانی ئاماژە و دەستەكانیان ڕێنماییمان دەكەن، هەر پێشنیارێ سەبارەت بەوەی دەستەكانیان بەشتێكی دیكەوە سەرقاڵ بكەین، جگە لە ئاماژەكردن بۆ شۆفێر و ڕێبوارەكان، بەمانای دروستكردنی ئاڵۆزی و پێكدادان دێت.. كەواتە باشترە ئەوان بە خواردنەوە سەرقاڵ نەكەین، وەلێ دوایی بڕیارمدا ناكرێ مرۆڤ لە زنجیرەیەكی ئاوادا، كە هەمووی باسكردن و ستایشكردنی نیعمەتەكانی سرووشت و یەزدانە، دۆعكانی گیرا نەبێ. بۆیە لەجیاتی خواردن دروستكردن، دۆعام بۆ كردن و خەوم لێكەوت. لە خەونمدا بینیم:

یەكەم: حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك یەكەم ئیدارەی سیاسی لە جیهاندا بڕیاری دابوو: دوو (میم) بۆ مرووڕەكان دابینبكات: (میم)ی یەكەم پەیوەست بوو بە

(مووچەی زیاتر) بۆئەوەی مرووروەکان بتوانن وەك هەر بەندەخودایەکی دیکەی ئەم وڵاتە و لە کامە سەیرانگە و چێشتخانەدا بیانەوێ، ماڵ و منداڵی خۆیان بانگهێشت بکەن و چیان بوێ بیخۆن.. (میم)ی دووەمیش پەیوەندیی هەبوو بە بڕیاری کەمکردنەوەی (ماوەی وەستانی مرووروەکان) لەسەر شەقامەکان..

دووەم: بینیم مرووروەکان سەرووسەکوتیان ئەوەندە لەگەڵ شۆفێر و ڕێبوارەکان خۆش بوو، ئەوەندە بەڕێزەوە، کابرای سەرپێچیکەریان لە جۆری سەرپێچییەکەی تێدەگەیاند، شۆفێرەکان لە ڕیزدا وێستا بوون تاکو گوێ بۆ ڕێنمایەکانیان بگرن و بۆ یادگاریش بێت، مۆرێکی سەرپێچیکردن لە مۆڵەتەکانیان بدرێ!

سێیەم: لە خەونەکەمدا و لە فیستیڤاڵی ساڵانەی ڕێنمایکردنی هاووڵاتیاندا، گوێم لێبوو بەڕێوەبەری گشتی ڕێنمایکردن و هاتووچۆی کوردستان، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، لە پشت مایکرۆفۆنەکەوە و لەبەردەم مەحشەرێ لە وەزیر و شۆفێر و ڕۆژنامەنووسدا هاواری دەکرد: (ئەمساڵ یەك تاقە سەرپێچیکردنیش لەم وڵاتەدا ڕووینەداوە، جگە لە سەرپێچیکردنی نووسەرێ، کە گوایە لەو کاتەدا لە چرای سووری داوە، کە سەرقاڵی فەنتازیا لێدان بووە بە خواردن دروستکردنەوە!). پاش ئەوەی کۆکەیەکی نەرمی لێپڕا، بەپێکەنینەوە ئەوەشی زیادکردو گوتی: (کاتێ جامی سەیارەکەی پێدادەدەنەوە، ڕێنمایکەرەکەی ئێمە بە بۆنی ڕازیانە و مێخەك و تەماتەی خۆشەویستی، مەست دەبێ و مۆڵەتەکەی لێوەرناگرێ..).

هێشتا لەخەونەکەمدا بووم، کە گوێم لێبوو دانیشتوانی مەراسیمەکە دایانە هاڕەی تریقە و پێکەنین و قاقا لێدان. هەرئەوەندە فریاکەوتم، کە بیرمکردەوە با دۆعایەکی دیکەش بکەم: خودایە تاکو خەبەرم دەبێتەوە، یەکێ، تەنیا یەکێ لەو خەونانەم هاتبێتە دی و فەنتازیاکەم پیانەسووتابێ..

خواردنی منداڵانە

(منداڵیی) و (منداڵانە)!

هەندێ لە کۆمەڵگاکان و کەلتوورەکان باشتر و زووتر لە منداڵەکان تێدەگەن وەك لە هەندێکی تریان. ئێمە لە کۆمەڵگا و کەلتوورێکداین کە منداڵیی خۆمان بەبەردەوامی بەکۆڵەوەیە بەبێئەوەی بتوانین منداڵانە بژین. باسی گۆڕانە جەستەییەکان ناکەم، کە بەهۆیانەوە دەنگمان گڕدەبێ و موو دەردەکەین و ئۆرگانەکانمان کەمێ گەشە دەکەن، بەڵکو باسی ئەو ڕۆحە منداڵانەیە دەکەم کە دەیەوێ گەشتی هەمەجۆر بە جیهاندا بکات و پرسیار بکات و سەما بکا و فێر بێ.. ئەوەی ئێمە پیر و پەککەوتە دەکات، گڕبوونی دەنگ و کۆمانەوەی پشت و چاوی کزبوو نییە، بەڵکو نەبوونی ئەو ئازادی و سەربەستییەیە کە منداڵیی مرۆڤ لەڕێگەیەوە خۆی دەردەبڕێ.

زۆرجار کە مرۆڤێ دەبینی لەسەر شتێ کە ئەوە ناهێنێ زۆر خۆمانی بۆ نارەحەت بکەین، توورە دەبێ و ماندەگرێ، یەکسەر منداڵییەکانی ئەوت بیر دەکەونەوە کە پڕبوون لە دەستێوەردان و مانگرتن و تورەیی. بۆیە منداڵی وەك غەریزەی ئیرۆس و خۆشەویستی بۆ ژیان وایە، ئەگەر بە ئاراستەی سرووشتیانەی خۆیدا نەڕۆیشت، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ مەرگدۆستی و شەڕانگێزی. منداڵی وەك نییەتی خودایەکی خێرخواز وەهایە بە جیهان، کە دەیەوێ لەڕێگەی پەیام و پەیامبەرەکانییەوە. چاکسازی لە هەلومەرجی گوزەرانی مرۆیەکاندا بکات، بەڵام مرۆیەکان خۆیان دەبنە ڕێگر لەبەردەم وەدیهاتنی ئەم نییەتەدا و لێرەشەوە و لە غیابی ئەو چاکەخوازییەدا،

جیهان پڕ دەبێ لە بەدبەختی. منداڵی یاسایەکی نەگۆڕی هەیە: تەنیا لەوەدیهاتن و بەرجەستەبوونی تەواوی خۆیدا کامڵ دەبێ.. منداڵی واتە منداڵبوون و منداڵانە ژیان و منداڵانە مانەوە. هەر ڕێگر و دەستخستنەناوەوەی ئەم یاسایە بە تێکشکاندنی ڕۆحی منداڵانە تەواو دەبێ..

زۆرن ئەو مرۆڤانەی لەژیانیاندا بە زۆربەی خواست و ئاواتەکانیان گەیشتوون، بەڵام بەردەوام بەدوای شتێکی نادیاردا عەودالّن.. ئەو شتە (منداڵی) خۆیانە، چونکە ئەوان هەرگیز منداڵی خۆیان بەتەواوەتی نەژیاون. ئەو مرۆڤەی منداڵی خۆی نەژیابێ، دیارە (قۆناغی منداڵی) خۆی تێپەڕاندووە و لەدەستی دەرچووە، وەلێ هەرگیز شێوازی (منداڵانەژیان)ی لەکیس نەچووە و هەر ئەمەشە ئومێدێ دەخاتە دڵمانەوە بۆ ئەوەی لە ژیاندا بە تەواوی سەرگەردان نەبین. ژیان، وێڕای گشت کۆژانەکانی، هەمیشە دەرفەتێکی تێدایە بۆ منداڵبوونەوە، دەرفەتێك دەبێ بۆخۆمان بیڕەخسێنین.

دەمەوێ هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕاستیەت بەبیر بهێنمەوە، کە دەڵێ: بە پێچەوانەی قۆناغەکانی (لاوێتی و هەرزەکاری و پیری)یەوە، منداڵی قۆناغ نیە. مرۆڤ لە سووری ژیانی خۆیدا یەکجار بە (قۆناغی لاوێتی و هەرزەکاری و پیری)یدا تێپەڕ دەبێ، وەلێ بۆ هەمیشە دەتوانێ بەمنداڵی بمێنێتەوە و بەمجۆرەش لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا، (منداڵی گەنجانە) و (منداڵی هەرزەکارانە) و (منداڵی پیرانەمان) هەیە، بەڵام (منداڵی منداڵانە) شتێکە بەبەردەوامی دەمێنێ و کۆتایی پێنایەت. بەمجۆرەش، ئەو کۆمەڵگایانەی منداڵی وەك قۆناغێ لە تەمەندا لێکدەدەنەوە، کۆمەڵگای منداڵکوژ و مەترسیدارن، چونکە لەوێدا منداڵی ماوەیەکی کورتی تەمەنی مرۆڤ دەگرێ و تیدی بەسەر دەچێ و کۆتایی پێدەهێنرێ، لەکاتێکدا منداڵی نەك هەر قۆناغێك نیە لە تەمەن، بەڵکو دۆخێکی بەردەوامی دەروونی و ڕۆحیە لای مرۆڤ.

مرۆڤ بەئاسانی دەست لە منداڵی و ژیانی منداڵانەی خۆی هەڵناگرێ، لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکانی تەمەن و جێهێشتنی (قۆناغی منداڵی)، ئەو بەزۆر شێواز بەردەوامبووە بۆ ئەوەی لە ئاستە ڕۆحی و مەعنەویەکەیدا منداڵانە بژی.

لە دەوروبەری تەمەنی سێ ساڵانەوە، عەوداڵبوونی منداڵ بە دوای ناسینی جیهانـدا بەشێوەیەکی جیدیتر دەست پێدەکات و لـە دۆخـی سەرسـوورمان و تێبینیکردنـەوە، دەکەوێتە دۆخی پرسیارکردن. پرسـیار سەبارەت بە هـەموو شـتێ لـە نێـوان زەوی و ئاسمانـدا و لێرەشـەوە بێمانـاترین شـت شـوێن بـە مانـادارترین و قـووڵترین شـت چۆڵدەکات!. سەرسووڕمان و عەوداڵبوون هیچ سنوورێ ناناسـێ و هـیچ شـتێ نیـە خۆی لە دەسەڵاتی پرسیار ڕزگـار بکـات. هـەر ئالێرەشـدایە و لـەم قۆناغـەدا کـە چالاکیە هونەرییەکانی وەکو گۆرانیگوتن، یاریکردن، سەما، وێنەکێشان، هەویرکاری و چـالاکیە زەینیـەکانی وەکـو وریتـە وریتکـردن، لەبـەرخۆوە قـسەکردن و هـەر جوڵەیەکی دیکەی جەستەیی و لاسایکردنەوە، بە چڕیی دەسـت پێدەکـەن. ئەگـەر منداڵ لەم قۆناغـەدا نەچـەپێنرێ و سـەرکوت نـەکرێ، بـەڵکو ڕێنومـایی بکـرێ و پشتیوانی لێبکـرێ و بـواری خـۆ دەربڕینـی بـۆ بڕەخـسێ و لـە جیـاتی سـزادان و تەریقکردنەوە و ڕووشکاندن، پاداش بکرێ و هانبدرێ و گفتوگۆی لەگـەڵ بکـرێ، ئەوە هەرخوا دەزانێ منداڵ چەندین شێوازی خۆدەربڕین دەدۆزێتەوە. ئەو مرۆڤانـەی هەمیـشە بـەدوای منـداڵـی خۆیانـدا دەگـەڕێن، لـە منداڵیـدا ڕێگـری گـەورە و تێکشکێنەریان لەبەردەمدا بووە.. بۆیە چەندە سرووشتیە مـرۆڤ منـداڵـی خـۆی لـە قۆناغی تەمەنی منداڵانەدا ژیابێ، ئەوەندەش سرووشتیە لە قۆناغەکانی پاشـتردا بـۆی بگەڕێ و تامەزرۆی بێت و ئەزموونی بکات..

یەزدان کاتێ ئادەمی خەڵقکرد، منداڵـی خۆی لێسەندبۆوە. ئادەم وەك یەکەمین کەس هاتە دنیاوە کـە نەیـدەزانی منـداڵـی چیـە و یەکـسەر بـە گـەورەیی و لـە قۆنـاغی کامڵبوونی خۆیدا ئەفرێنرا. ئەو دەیتوانی نـاو لـە شـتەکان و بوونـەوەرەکان بنـێ و (ئەوەی ئەو ناوی بۆ دەدۆزییەوە، بەو ناوەوە بانگ دەکرا..)ر. بەمانایەکی دیکە، ئادەم منداڵـی وەك قۆناغێکی تەمەن ئەزموون نەکردووە، وەلێ وەك باروودۆخێکی دەروونی، منداڵی شتێك بوو ئادەمیشی عەوداڵ و پەلکێشی خۆیکرد: ئادەمیش وەك هەر منداڵێ ئەو شتەی لەلا شیرین بوو کە دایكوباوك لە منداڵی قەدەغە دەکـەن. ئـەو بـەدوای

میوەی قەدەغەکراودا گەڕا و خواردی و بەمەش سەلماندنی کە خاوەن ڕۆحێکی منداڵانەیە و توانای گەڕان و سەرپێچی و ئەزموونکردنی شتە یاساخەکانی هەیە.. بەڕاستی ئەوە ڕۆحی منداڵانەیە مرۆڤ والێدەکات بگەڕێ، عەوداڵ بێ، فێربێ و ئەزموون کۆبکاتەوە و بەردەوام ڕیسك بکات..

ئێستاش ئاسان نییە مرۆڤ منداڵانە بژی.. لە کۆمەڵگای ئێمەدا جگە لەوەی قۆناغی منداڵی زۆر کورتە و منداڵبوون هاوشانە بە یەك دنیا عەیبە و کەموکوڕی و چەوسانەوە، ئاواش منداڵانە ژیان، باج و سزای خۆی هەیە.. بەڵام لەوە دەچێ ترسی هیچ سزا و باجێك نەتوانێ ڕێگە لە ڕۆحی منداڵانە بگرێ و نەهێڵێ ژیانی خۆی بژی. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: منداڵی وەکو قۆناغێکی تەمەن پڕە لە ترس و سڵکردنەوە و چەپاندن، بەڵام منداڵی وەکو بارودۆخێکی دەروونی و ڕۆحی پڕە لە بوێری و دەقشکاندن و ڕەتکردنەوە. ئەوەی قۆناغێکی تەمەن لێمانی زەوتدەکات و تیاماندا دەیچەپێنێ، بارودۆخێکی ڕۆحی و دەروونی بەرگری لێدەکات و دەیەوێ بەدەستی بهێنێتەوە. ئێمە، یان ئەوەتا لە قۆناغی منداڵی خۆماندا دەمرین و کۆتاییمان پێدێت، یاخود بۆ هەمیشە لە بارودۆخی منداڵانەی ژیاندا بوێرانە یاری و سەما دەکەین و خۆمان تەسلیمی فەنتازیا جۆربەجۆرەکان دەکەین: فەنتازیای هونەر، فەنتازیای ئەفسانە و حەکایەتەکان، فەنتازیای یاری و وەرزشەکان و دواجار فەنتازیای خواردن..

منداڵانەخواردن:

منداڵ بوونەوەرێکی بخۆرە، ئەو جگە لەوەی کە خواردن بۆ تێری و لە برسێتییەوە دەخوات، ئاواش خواردن بۆ ئەو لەو قۆناغەدا چێژبەخشە. بۆیە هەموو شتێ بۆی هەیە لە ڕوانگەی منداڵەوە، ببێتە خواردن و وەك خواردن بنوارێتە هەموو شتێ کە دەتوانێت بە پەنجەی دەستەکانی، بیخاتە دەمییەوە! (دەم) لە قۆناغێکی تەمەنی منداڵدا، هیچ نییە جگە لە ڕێگایەك بۆ ناسینی دنیا و شتەکان. منداڵ برسی بێ، یان تێربێ،

هەرشتێکی بەرچاو بکەوێت، دەیبات بۆ دەمی، چێژی دەکات و لـەوێوە دەیناسـێ و لەلای خۆی تۆماری دەکات..
بۆیە، بۆی هەیە هەموو شتێ کـە منـداڵ بتوانـێ لەڕێگـەی دەمیـەوە بیناسـێ، وەك خواردنی منداڵانە تەماشا بکرێ، وەلێ ئەوەی من لەم زنجیرەیەدا مەبەستمە ئەوەیە کە چۆن ئێمەی گەورەسـاڵ، لە مانای (خواردنی منداڵانە) تێبگـەین. خـواردنی منداڵانـە دوو مانای سـەرەکیی هەیە، یەکەم بەمانای خواردنێ دێـت کـە بـۆ منـداڵ شـیاوە و دەتوانێت بە ئاسانی بیخوات و لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستی پێیەتی. دووەمیش بە مانای (منداڵانەخواردن) دێـت.. ئـەوەی یەکـەمیان پێویـستە خـەمی دایكوبـاوك و وەزارەتی تەندروستی و لایەنەکانی چـاودێری منـداڵ بێـت، وەلـێ منداڵانـەخواردن پێویـستە خەمی هەموو ئەوانە بێت، کە سـەروکاریان لەگەڵ منداڵدا هەیـە، هـەر لـە باوانەوە تاکو مامۆستای دایەنگەکان و پەروەردەکاری باخچەکانی ساوایان و هتد.
لە مانای چەمکی (منداڵانەخواردن)دا، مەبەستم بەرجەستەکردنی خواردنێکی تایـەت نیـە، چونکە بۆی هەیە هیچ خواردنێ لەئارادا نەبێت. ئێمە زۆرجار منداڵان دەبیـنین، وای پیشاندەدەن ناندەخۆن، یەکتری بانگهێشت دەکەن و ئێمە داوەتدەکەن بۆئەوەی بەشداریان بکەین، بەبێ ئـەوەی هـیچ خواردنـێ لـە ئـارادا بێـت. ئـەوان (وەهـای پیشاندەدەن) و دەیانەوێ نومایشی شتێکمان بۆ بکەن، کە تەنیا لە فەنتازیای خۆیانـدا هەیە و پڕە لە دەلالـەت سـەبارەت بە حەز و ئارەزووی ئەوان بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتیانە و هەرەوەزیانە. زمانی ئـەو (پیـشاندان) و (یـاریکردن) و (گاڵتـەی نـانخواردن)ـــە، زمانێکی ئیستیعارییە، کە مەبەستەکەی زۆر زیاتر دەڕوات لەوەی نانیان لەگەڵ بخۆین. ئەوان بەو کارەیان دەیانەوێ لەگەڵیانـدا بـین، پێکـەوەبین، لـەلایان بـین و بـەجێیان نەهێڵین و وەکو خۆیان منداڵ ببینەوە و منداڵانە بژین.
ئەم زمانە، زمانی فەنتازیا و زمانی سـەرەتایی ژیانی ڕەگەزی مرۆڤە، زمانی ئەو یەکەمین هـۆزە مرۆییانەیـــە کـــە مێـــژوو و دیراســـاتی مرۆڤناســـی، وەك یەکـــەمین هـــۆزە کۆمەڵایەتیـەکانی دنیا پێیان ناساندووین و فەیلەسووفەکانی بەو ئەنجامـە گەیانـدووە،

که مرۆڤ وەك (بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی) پێناسە بکەن. لە ڕاستیدا دەبوو بیانگوتبا: (*مرۆڤ لە باروودۆخی منداڵانەی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە*)، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ منداڵی خۆی بیردەچێتەوە، هیچ نییە لە بوونەوەرێکی کۆمەڵگا تێکدەر زیاتر، تەنانەت مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە بە وزەیەکی ئەوتۆی خۆوێرانکردنەوە، کە ڕەنگە سرووشت لەبەرامبەر ئەم وزە خۆوێرانکەرەدا باروودۆخی (منداڵانە ژیان)ی وەك سووپەرێك بۆ مرۆڤ داهێنابێت. چونکە تەنیا منداڵانەژیانە کە ناهێڵێت ئێمە بە ئاسانی خۆمان وێران بکەین.. ئەم قسەیە بە دوو بەڵگە دەکەم. یەکەم: لەناو بوونەوەرەکاندا تەنیا مرۆڤ قۆناغی منداڵی و باروودۆخی منداڵانە دەژی. ئاژەڵ و زۆرینەی بوونەوەرەکانی دیکەی جیهان نە قۆناغی منداڵیان هەیە و نە ئەزموونی منداڵانەی ژیانیش. توولەمارێ کە لە هێلکە دەجووقێ دێتە ناو جیهانی دڕندایەتییەوە: یان دەخوورێ و یان دەبێ بخوا و پێوەبدات. کاتێ بەسەر زەویشدا پێچاوپێچ دەڕوات، ئەوە بەمانای ئەوە نییە لە باروودۆخی توولەماریانە و فەرخەیی خۆیدا دڵی خۆشە و سەما دەکات، بەڵکو یان دەترسێ یاخود بەدوای نێچیرێکدا دەخشێ. دووەم بەڵگە ئەوەیە: کە دڕندەترین دڕندە، تا ئەوکاتە دڕندەیە کە غەریزەکانی تێر دەبێ و لەوەدوا هەموو ئاسك و سنگە کەوی دنیای بۆ دابنێ، بەلایدا ناچێ.. بۆیە ئەوە تەنیا مرۆڤە کە وزەی خۆوێرانکردن و ئەوانیتر وێرانکردنی بێسنوورە.. لەبەرئەوە کاتێ باسی منداڵی و منداڵانە ژیان دەکەین، مەبەستمان تەنیا ژیانی مرۆڤە، چونکە تەنیا ئەو بوونەوەرە پێویستی بە ڕێگرێك هەیە تاکو سنوور بۆ وزە خۆوێرانکەرەکەی دابنێ.. تەنیا مرۆڤ پێویستی بە منداڵبوونەوە هەیە.

بابێمەوە سەر باسە سەرەکییەکەم: منداڵان بەو داوەتکردن و خواست و گاڵتەی ناخواردنەیان، ویستی خۆیان بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتیانە دەردەبڕن، کە پێویستی بە پاڵپشتیکردن و هاندان و گەشەپێدان هەیە. ئەگەر ئەوان دەیانەوێ بە زمانێکی میتافۆڕیانە و لەڕێگەی یاریی ناخواردنەوە، بانگمان بکەن بۆ پێکەوەبوون و هاوکاریی ناو سرووتێکی کۆمەڵایەتیانەی فەنتازیکراو، ئەوە ئێمە دەتوانین ئەو فەنتازیایەی ئەوان

له واقیعدا بهێنەدی: ماتەریالیەت بە خواستەکەی ئەوان بەخشین، کە زۆر گرنگترە لەوەی ژەمە خۆراکێکیان بدەینێ کە بۆی هەیە حەزی لێنەکەن!
من لە پەروەردەکارانی گەورەم بیستووە و خوێندۆتەوە، ئەگەر بێت و لەکاتی خواردن دروستکردندا بوار بە منداڵان بدەین بەشێوەیەکی ڕەمزیانەش بێت هاوکاریمان بکەن، واتە بەشێوە منداڵانەکەی خۆیان خواردنمان لەگەڵ دروستبکەن، لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە، بۆ ئەوان زۆر پێویستترە وەك لەوەی بەزۆر و بەهەر بەڵگەیەك، خواردنێکیان دەرخوارد بدەین.. بوار ڕەخساندن بۆ منداڵی منداڵ، بەشداریپێکردنی و متمانەبەخشین و بەجیدیگرتنی کارەکانی، زۆر گرنگترن لە سنووربەندیکردنی دنیای منداڵ لەناو قەفەسی نازکێشان و هەموو شتێ بەحازری خستنە بەردەستی..
لەگەڵ دروستکردنی هەر ژەمەخۆراکێکدا، دەتوانین بوار بە منداڵان بدەین خواردنێکی منداڵانەمان بەهەمان ئەو خۆراکانەی کە خواردنەکەیان پێدروستدەکەین، بۆ دروست بکەن. بۆ نموونە ئەگەر بڕیارە خۆراکێك بشۆینەوە، بیجنین، پاکیبکەین و هتد، دەتوانین لەتێ لەو خۆراکە، بدەینە دەست منداڵەکە و داوای لێبکەین لە شتنەوە و جنین و پاککردنیدا، هاوکاریمان بکات و ئەنجامی کارەکەی ئەویش ببێتە بەشێ لە خواردنەکەمان.. هیچکاتێ منداڵ باشتر فێری زەڵاتەخواردن، پەتاتەخواردن و هەرخواردن و خواردنەوەیەکی دیکە نابێت، لەوکاتە زیاتر کە بۆخۆی لە ئامادەکردنیاندا بەشدار بێت. لێگەڕێ ئەو خەیار و تەماتەیەك بەوجۆرەی دەتوانێ و بەو چەقۆ پلاستیکییەی دەیدەیتێ، بجنێ.. قەیناکات تەنیا با هەر دوولەتیان بکات و هیچیتر، قەیدی چییە با بیانفلیقێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو کردوویەتی بکەرە ناو زەڵاتەکەتەوە، نرخی بۆ دابنێ و هانیبدە، تاکو بە ئاسانی فێری زەڵاتە و سەوزەخواردن بێ.. لێگەڕێ ئەو خواردنی منداڵانەی خۆی دروستبکات و لێگەڕێ ئێمەش جاروبار منداڵانە خواردن دروستبکەین و بیخۆین، چونکە تەنیا بەوە جیهان جوانتر و پانتایی ژیان بەرفراوانتر دەبێ..

ڕۆژگـاریّ دیّـت هەسـتدەکەین چ زوڵمێکمـان لـە منداڵـەکان کـردووە، تەنانـەت ئەوکاتانەش کە دەمانەویّ لە برسـان نـەمرن و بـە شـێوازەکەی خۆمـان خواردنیـان بەدەمەوە دەکەین! ڕۆژگاریّ دیّت، تیّدەگەین: زۆرجار منداڵانەخواردن و ئازادیـدان بە منداڵ لەکاتی نانخواردندا تاکو بەشێوە منداڵانەکەی خۆی بخوات، زۆر گـرنگترە لەوەی لە دڵسۆزی و خۆشەویستیەوە، بەزۆر و بە شێوازێکی تایبـەت خـواردنێکی بەدەمەوە بکەین.. ڕۆژگاریّ دیّ تیّدەگەین، ناچارکردنی منداڵ بەوەی وەکو ئێمە بە (جوانی) و (ڕێكوپێکی) نان بخوات، ناچارکردنی بەوەی لەگەڵ ئێمەدا دەسـتپێبکات و لەگەڵ ئێمەدا دەستهەڵگریّ، ناچارکردنی بەوەی هیچ بەخۆیدا نەڕێژیّ، بەدەسـت نەخوات و دەمولووت و سەروچاوی خۆی تێوەنەدات، ناچارکردنی بەوەی بیّـدەنگ و بیّـرەوت لەسەر کورسـیەکەی و کەنار سفرە دابنیشیّ و کەوچکەکەی دەستی بەر ددانی نەکەویّ و لرفەی لێوە نەیەت، هەموویان دژی سرووشتی منداڵانەی منـداڵن! گەورەترین هەڵەی پەروەردەیی ئێمە لەگەڵ منداڵان، لەوکاتانەدایـە کـە دەمانـەویّ بەوجۆرەی کە ئێمە دەمانەویّ ئەوان نانەکەیان بخۆن.. بەڵام بەلای ئەوانەوە، ئـەوەی گرنگە چۆنێتی نانخواردنەکەیە نەك چی خواردنەکەیان.. وەرە تۆ سادەترین خـواردنی بدەریّ و بەڵام ڕێگەی بدە ئەو بەشێوە منداڵانەکەی خۆی، بیخوات، نـەك سـیّ ژەمە باشترین خواردنەکانی بدەیتیّ و ئازادیی چۆنێتی خواردنیانی لیّزەوت بکەیت..

لەو کۆمەڵگا و کەلتوورانەدا کە منداڵـی قۆناغێکە لەتەمـەن، زۆرینـەی مرۆڤـەکان لەسەر نانخواردن و چۆنێتی خواردنەکەیان زلـلەی مزر و تێهەڵـدانی بـاش دەخـۆن و لەوکاتەدا کە پـاروو لەدەمیاندایـە، بـە حـەددێك تەریقدەکرێنـەوە و دەشـکێنرێن و تەنانەت ئازار دەدەرێن، کە هەرچەند گەروویان بیەویّ پاروەکـەی دەمیـان قـووت بدات، قوڵپی گریان پیان دەهێنێتەوە دەر..

خۆزگە من لە کۆمەڵگایەکدا لەدایك دەبـووم و دەژیـام کـە لـە منداڵیمـدا ئـازاد بوومایە چۆن منداڵانە بژیم و یاریی بکەم و نان بخۆم، بۆ ئەوەی ئێـستا ئەوەندە دیمەنی تەریقبوونەوەی خۆمم لەکاتی یاری و پێکەنین و خواردندا بیر نەکەوتباوە.. ڕۆژگاریّ

دێت ئێمە ئەم کەلتوورە منداڵکووژە توورهەڵدەین و کەلتوورێکی منداڵانە ستایش بکەین، کە تیایدا هەموو فەنتازیایەك قابیلی ئەوەبێت بکرێتە واقیع..

لاچن، دەمەوێ بۆ ساتەوەختێ منداڵانە بژیم: ئیتر من حەزم لە تەماشاکردنی (خەپەگیانە)، ! دەمەوێ جارێکی دیکەش (ئەلیس لەسەر زەمینی سەرسووڕمانەکان) بخوێنمەوە.. حەزدەکەم هەر ئێستا تەماشای (کراسی نوێی پادشا)ی هۆسی ئەندەرسن بکەم، وەك (پیی گۆرەوی درێژ) ئەسپێك هەڵبڕمە سەر سەرم، دەمەوێ وەك (کوڕەکەچەڵە) کچانی ئاوایی شوێن خۆم بخەم و چاوساخیان بم و نەهێڵم دێوەکە بیانخوات.. ئای چەندم حەز چووە سەر (مێووژی زۆراب)! بیری (چاویلکەی نەکم) دەکەم.. تازە ئەمشەو ناخەوم، لەگەڵ (شازادە بچکۆلە)ی ئیگزۆپریدا دەچم بۆ گەشتی ئەستێرەکان، لەوانەیە شوێن (ماسیە ڕەشەبچکۆلە)ی بیهرەنگی بکەوم، کە هاتمەوە، (ئەلبوومی کیژی جنۆکان)ت پیشاندەدەم.. ووس بە.. ئەوا قالۆنچەیەك بێرەدا هات، دەمەوێ لەبەردەمیدا ڕابکشێم و لوتم بنێم بە لووتیەوە. دەزانم ئەویش وەکو من خەواڵووە، کەچی لێم دەپرسێ:

- چیتدەوێ بەم نیوەشەوە، دوو پێ؟

منیش بەهێواشی و بێئەوەی سڵم لێبکاتەوە، پێی دەڵێم:

- خۆشمدەوێی..

ئیتر تا بەیانی بەدەم تەماشاکردنی ئەستێرەکانەوە، لەسەر پشت لێی بخەوی، جاروبار قالۆنچەکە چەرچەفەکەت لێدزێ، جاروباریش تۆ بەسەریدا بدەیتەوە.. بەیانیش کە هەستایت، هەتاو گەیشتبێتە سەرت.. بەملاولادا ئاوڕدەیتەوە و هیچ دیار نەبێ.. وەکئەوەی لەمێژبێ، لەمێژ.. قالۆنچە ڕەشتاڵەکە ئەم ئاوەی جێهێشتبێ..

خواردنی پیرانە

(بەرەو زیندووکردنەوەی فرۆجاو..)

ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا هەموومان بەوەدا پیرەکان دەناسینەوە کە (پارێزیان) هەیە! پارێزیان هەیە لە خواردن، لە چوونە دەرەوە، لە بەشداربوون لە پاتایی گشتی، لە هاتنە باخی شار، لە چوونە سەیران، لە کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا، لە پێشبڕکێکانی وەرزشدا.. بەم پێیەش، ئەوان تەنیا دەتوانن (پیر) بن و خۆیان خانەنشین بکەن و لە ماڵێکدا وەك ئاوارەیەك ژیان بەسەر بەرن و لە دوکانەکانی لاکۆڵاندا لەسەر کورسی و تەنەکەیەك بەدیار سندووقی بیبسی کۆلاوە، دابنیشن..

کۆمەڵگایەك کە پیری پشتگوێ دەخات، دەبێتە دۆزەخێکی زەمینی بۆ پیرەکانی. بەڵام بۆچی کۆمەڵگایەك پیری پشتگوێ دەخات؟ بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا شوێنێك بۆ پیرەکان لەپێشچاو نەگیراوە و پیری و مردن وەك دوو ڕووی یەك مەسەلە لێکدەدرێنەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی پیری و مەرگ وەك تەواوکەری یەکتر دەبینن و لە پیری خۆیاندا (هەزار عەیب دەدۆزنەوە)، چەشنە کۆمەڵگایەکن کە لەپێناوی هەڵکردن لەگەڵ مۆدیلەکانی ژیاندا دەست لە ژیانێکی نەوعی هەڵدەگرن. وەلێ مەرج نیە ئەو کۆمەڵگایانە بتوانن خۆشبەختی و ئاسوودەیی بۆ پیر و غەیرە پیرەکان دابین بکەن، چونکە دابینکردنی ئاسوودەیی بۆ گرووپە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەست نیە بەوەی لە قۆناغێکی تەمەنیاندا زۆرینەی خواستەکانیان بهێنێتە دی و زۆربەی تواناکانیان بخەیتە گەڕ، بەڵکو ئاسوودەیی و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ

لەوەدایە کە لە میانەی قۆناغەکانی تەمەنیدا بەبەردەوامی هەستبکات سوودمەندە بۆ کۆمەڵگاکەی.. پیری چەندە لە تەسلیمبوونی ئێمەدایە بە گۆڕانە جەستەیەکان، ئەوەندەش زیاتر لەوەدایە کە هەستبکەین کەڵك و سوودمان نەماوە بۆ ئەوانیتر. پیرەکان بە کۆمانەوەی پشت و چرچولۆچبوونی پێستی دەستیان و ناوچەوان و چاوە کزبووەکانیان خەم خەفەت ناخۆن، غەمی سەرەکیی ئەوان لەوێوە دەستپێدەکات کە چیدی ناتوانن ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بناسنەوە.. نۆربێرت ئیلیاس دەنووسێ: (*بێرەحمی و قەساوەتێك کە پیرە بێکەس‌وکارەکان لەپەلوپۆ دەخات و وەڕسیەك کە لەئاست پیاوە پیر و پیرێژنە پووکاوە و ڕووخسار وەریوەکاندا دەیبینی، ڕەنگە لە سەردەمەکانی پێشووتردا زۆر لە ئێستا بڵاوتر بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قەساوەت و دڵرەقییە هێشتاکە بەتەواوی پەخەی کۆمەڵگای ئێمەی بەرنەداوە..*).
ئیلیاس هۆکاری ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی تایبەتی ئەو کەسانەی پیر دەبن و لەجێگەی مەرگدا دەکەون: هەرئەوەندەی کەسێ پیر دەبێ، لە پەیوەندیدا لەگەڵ گەنجەکان و ئەوانەی پیر نین، بێتواناتر دەبێ..
بۆی هەیە هۆکارە تایبەتیەکان، ئەوانەی پەیوەندیان بە لاوازبوونی جەستەیی و توانایی پیرەکانەوە هەیە، ببنە هۆی زیادبوونی قەساوەت و بێڕەحمیی کۆمەڵگا لە ئاستیاندا، بەڵام بەبڕوای من جگە لەو هۆکارانەی کە پیربوونی پیر بەسەریاندا دەسەپێنێ، هۆکاری دەرەکیش هەن کە لەئاست پیرەکاندا بەرهەمهێنەری توندوتیژی و بێڕەحمین. کەواتە ئێمە بەمجۆرە پرسیارەکەمان دەکەین: چین ئەو هۆکارانەی وایانکرد، دەسەڵاتی پیری و پیرەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە هەزاران ساڵ بوو حوکمیان لەدەست بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە دەسەڵات بکەون و پێگەی خۆیان لەدەست بدەن، ئەگەرچی ئەمە بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت؟ چونکە هەموو ئەوانەی دەچنە ساڵەوە پیر نابن و هەموو پیربوونێکیش ئەنجامی تەمەنێکی زۆر نییە.. کەواتە با لەهەندێ هۆکار وردبینەوە.

تەکنەلۆژی و پیری:

لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، تەکنەلۆژی کاریگەرییەکی دوولایەنەی لەسەر پیری و پیربوون هەیە: بەلایەکدا ئەو گۆڕانە زۆرەی لە هێزی تەکنەلۆژیدا، بەتایبەتی تەکنەلۆژیای تەندروستیدا ڕوویداوە، یارمەتیدەرێکی باش بووە لە هاوکاریکردنی بەساڵاچوواندا بۆ دابینکردنی ئەو ئامێر و کەرەستانەی کە جێگرەوە و بەهێزکەری ئەندامە لەکارکەوتووەکانی جەستەی مرۆڤن. ئەمڕۆ لە هەر قۆناغێکی دیکەی مێژووی شارستانیەت زیاتر، پیرەکان لەسایەی بەرهەمە تەکنەلۆژی و زانستییەکاندا، بەدوورن لە (پەککەوتن) و (لەجێداکەوتن) و پێویستی بەردەوامی ئەوان بە خەڵکانیتر، بەتایبەتی لە ئیش‌وکارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا. ئەم تەکنەلۆژیایە ئومێدی ئەوەی خستۆتە دڵی زۆربەی بەتەمەنەکانەوە کە پیرییەکەیان دواتر بخەن. بۆ ئەوان، پیریی هەلی گەڕانەوەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کار و خۆزگانەی کە هەرگیز ئەنجام نەدران و ئێستەکانێ دەتوانن ئەنجامیان بدەن..

وەلێ بەودیوی تردا و بۆ بەشێکی دیکەی پیرەکانی جیهان، بەتایبەتی جیهانی هەژارنشین، هەر خودی ئەم تەکنەلۆژیایە زۆر ڕۆڵ و ئەرکی لە پیرەکان سەندۆتەوە و بێبایەخی کردوون، کە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا بە ئەرك و ڕۆڵی سەرەکی ئەوان دادەنران.. لەمێژە تەلەفزیۆن وەك بەرهەمێکی تەکنەلۆژی کە سنووری بڵاوبوونەوەکەی ناوچە هەژارنشینەکانی دنیاشی گرتۆتەوە، وەك ڕەقیبێکی هەرە سەرەکیی پیرەکانی کۆمەڵگا دەرکەوتووە. لەو شوێنانەی جیهاندا، چیدی ئەوە پیرەکان نین بە گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆیان و بەهۆی گواستنەوەی ئەزموونی باووباپیرانەوە، ئەندامانی کۆمەڵگاکەی خۆیان بە حەقیقەتی ژیان ئاشنا بکەن. لەو شوێنەی تەلەفزیۆن بەناوی دوایین ڕاستییەوە شتەکانمان بۆ نومایش دەکات، پیرەکان ناتوانن بەیانکەری حەقیقەتی ئەزموونکراو بن..

بەهەمان شێوە، پێشکەوتنی زانستی لە بواری پزیشکیدا، چیدی بواری بۆ پیرەکان نەهێشتۆتەوە تا حیکمەتی ئەزموونی خۆیان لە چاککردنەوەی نەخۆشدا بەکار بهێنن،

که شتێ بوو لەنێوان گەڕانەوە بۆ یەزدان و بڕوابوون بە مرۆڤ کە دەتوانێ بۆخۆی بەسەر نەخۆشیەکەیدا زاڵ بێ. ئەمڕۆ زانستی پزیشکی کار لەسەر (هۆکار و چارەسەر) دەکات و چیدی پێویستی بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە نیە: ئەگەر هۆکار بدۆزینەوە، چارەسەر ئاسانە.. زۆرجار ئەم لۆژیکە خودی پیری وەك هۆکارێك بۆ زۆرینەی ئەو کێشانە دەستیشاندەکات کە بەساڵاچووەکان دووچاریان دەبن. بۆ نمونە نەخۆشیەکان. بەم پێیەش دەستیشانکردنی پزیشکیانە بۆ کێشەی پیرەکان جیاوازە لە دەستیشانکردنی کۆمەڵناسیانە بۆ هەمان ئەو کێشانە. حیکمەتی پزیشکی، شتێ کە پەیوەست بوو بە دانایی پیرەکانەوە، هەمیشە هۆکاری نەخۆشیەکان لە هێزێکی باڵاتردا دەبینێ: نەخۆشیەکان لە ڕوانگەی ئەم حیکمەتەوە، بەڵا و هێزی شەڕانی نین، بەڵکو ئاماژەکانی دەسەڵاتی یەزدانن کە دەیەوێ بەهۆیەوە سزای مرۆڤە کەمتەرخەمەکان بدات. بۆیە حیکمەتی پزیشکی پیرانە، سەرەتا دەیویست مانای ئاماژەکە بزانێ، ئەمجا داوا لە یەزدان بکات توانای خۆڕزگارکردن بە نەخۆش بدات تاکو لەو سزایە ڕزگاری بێ و ئەوەشی بۆ ببێ بە ئەزموونێك و عیبرەتێ.. بۆیە (دەرمان) لەم جیهانبینیە پزیشکیەدا ڕۆڵێکی زۆر پەراوێزی هەیە و (خواردن) جێگەی دەرمان دەگرێتەوە و بەهێزکردنەوەی مەعنەویات و ڕۆحیەتی نەخۆش لە کارە هەرە سەرەکیەکانێتی. ئەوەش ئەو ڕەهەندەیە کە تەکنەلۆژیای پزیشکی گرنگیەکی ئەوتۆی پێنادات و حەقیقەتی تاقیگە دەخاتە سەرووی حەقیقەتی ئەزموونەوە.

پیری و حیکمەتی پیرانە لە گەڕانەوە بۆ ئەزموون زیاتر، ڕێگایەکی دیکە ناناسێ.. چاکبوونەوەی نەخۆش لە حیکمەتی پزیشکی پیرانەدا لەوەدا نیە کە حەپ و دەرمانەکان تەواو بکات، بەڵکو پەیوەستە بەوەی قوربانیی بۆ بدرێت. کەواتە ئامۆژگاری حەکیمەکان بەوەی: (کەڵەشێرێکی بۆ سەربڕن با ئاوەکەی بخواتەوە)، یان: (فڕوجاوێکی بۆ لێبنێن)، بەشێکە لەو چارەسەرە.

لە هەموو ئەمانە بترازێ، تەکنەلۆژی و خێرایەکەی لەگەڵ پیری و ڕیتمە مەند و لەسەرخۆکەی، ویکنایەنەوە. پیری چ وەکو کەڵەکەبوونی ساڵەکانی تەمەنی

تاکەکەس تدماشای بکەین و چ وەکو کەڵەکەبوونی ئـەزموونی مرۆڤایـەتی، لـەگـەڵ خێرایی و تەوژمی تەکنەلۆژیادا ناکۆك و ناارامە. ناارامی و ناکۆکی دوو دووژمنـی سـەرەکی مرۆڤی بەساڵاچوون: ئـەو دەیـەوێ هەمووشـتێ ئـارام و لەسـەرخۆ و بـە (تەبیعەت)ی خۆی بێت، ئەمە جگەلەوەی بوار و حەوسەڵەی ژیانی لـەگەڵ ناکۆکیدا نەماوەو و بەپێچەوانەی دیمەنی ناو حەکایەتە ترسناکەکانەوە لەسەر پیرەکان، سادەیی و شەففافیـەت و ڕاشکاوی لەو خەسڵەتانەن کە مرۆڤی بەساڵاچوو لـە ناکۆکی و دوو ڕوویی بەدوور دەگرن..

جەنگ و پیری:

لـە بنەمادا جەنگ، بەرلـەوەی ڕووبدات، لـەکاتی ڕوودانیـدا و لـەپاش وەستانیـشی، گەورەترین بێحورمەتیە بە پیری و بە پیرەکان. لەپێش ڕوودانیدا جەنگ، حـساب بـۆ هێزی پیرەکان ناکات و تەنیا خەریکی ستایشکردنی بازووی گەنجەکانە. جەنگ، هێز لە جەستەدا دەبینێ نەك لە ئەزموون و بیرکردنەوەی حەکیمانەدا. لەکاتی ڕوودانیدا، جەنگ هیچ بایەخێك بە پیرەکان نادات و دەیانکاتە قوربانی، پیرەکان لـە شاڵاوەکانی ئەنفالیشدا گرووپێکی گەورەی قوربانییەکان پێکدەهێنن، هەروەکـچۆن نازیـەکانیش بەچاوێکی ڕقاوییەوە دەیانڕوانیە بەتەمەنەکان. کاتێکیش جەنگ دەوەستێ، پیرەکـان دەکەونەوە ئەو پەراوێزەی (سەرکەوتن)و (ژێرکەوتن)ی لایەنەکان دروستیدەکەن، کە بێگومان شوێنی پیرەکان لەو سەرکەوتن و ژێرکەوتنەدا پێناسە نەکراوە.

بـەمجۆرەش جـەنگ پیربـوونی مـرۆڤ و پیرەکـان خێراتـر دەکـات و کەشـوهەوایەك دەڕەخسێنێ کە تیایدا پیرەکان زۆر زەلـیلـترین وەك لـەوەی کـە پیربوونەکـەیان لـە کۆمەڵگایەکی دوور لە جەنگدا ئەزموون کردبا..

پیرکردنی پیر:

بە پێچەوانەی بارودۆخی جەنگەوە، کە تیایدا پیرەکان دەبنە بارمتـە و سـووتەمەنی و پیربوونەکەیان بێڕێزی پێدەکرێ، ئەوە دیاردەی پیرکردنی پیر، دیاردەیەکی بەتـەواوی

مانا کۆمەڵایەتیانەیە و سەرەتاکەی لەو یەکەیەوە دەستپێدەکات، کە ناوی (خێزان)ـە.
یاسا گشتییەکە ئەوەیە کە دەڵێ: مەرج نییە ئەوانەی بەساڵا دەچن و لەئاستی جەستەیدا لاواز دەبن، هەمیشە لەڕووی مەعنەوی و ڕۆحییشەوە دووچاری هەمان لاوازی بن، وەلێ ئەگەر پیرێکی بەجەستە پیر و بە ڕۆح تێکشکاوت بینی، بەمانای ئەوەیە ئەوە پیرێکی پیرکراوە، نەك پیر بوو. لەو کۆمەڵگایانەدا کە بارودۆخی خێزانەکان ناجێگیرە و کێشە کۆمەڵایەتیەکان گەیشتونەتە سەر پێخەف و ناو ژووری نووستن، پیرەکان هەر تەنیا بەهۆی سەرکەوتن و هەڵچوون لە تەمەندا، پیر نابن، بەڵکو پیرییەکی دیکە لە ئاستی ڕۆحي و دەروونیدا یەخەیاندەگرێت کە من ناوی دەنێم: پیرکردنی پیر. پیرکردنی پیرەکان، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەرەئەنجامی شێواوی و ئاڵۆزبوونی کۆی ئەو پەیوەندیانەیە کە لەخێزانەوە سەرچاوەدەگرن و لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی کارلێك و ڕووبەڕووبوونەوە ڕۆژانەیەکانەوە دروستدەبن. پیرەکان لەناو ئەو جۆرە خێزانانەدا، جگەلەوەی لە ڕووی جەستەیەوە نیشانەکانی پیری و بەساڵاچوون تیایاندا سەرهەڵدەدات، ئاواش لە ئاستە دەروونیەکەیدا پووکانەوە و بێهێزیەکی ڕۆحي، گووشاریان بۆ دەهێنێ. (پیربوونی جەستەیی مرۆڤ) سەرەتا نیشانەکانی لە جەستە و توانایی فیزیکی ئەو مرۆڤەدا بەدیار دەکەون، وەلێ (پیرکردنی پیر) یەکەمین نیشانەکانی خۆی لەسەر دڵ و ڕۆحي پیرەکان هەڵدەکۆڵێ. لێرەدا مەبەستیشم لەو نیشانانە ئەوانەیان نین، کە بەرئەنجامی خەمخواردنی دایکانی ئێمە و باوکانی ئێمەن لە کوڕە ئەنفالکراوەکەیان و کچە تەلاقدراوەکەیان و برا شەهیدکراوەکەیان و پیربوونیان بەو ئازار و دەردانەوە.. ئەوان لە میانەی ژیانی خۆیاندا بەرگەی زۆر کارەساتي وەك ماڵ لێتێکچوون، ئاوارەیی، هەژاری، کۆست و جەرگسووتانیان گرتووە و هێشتاکەش پیربوونەکەیان تەنیا نیشانەیەك بووە بە سیما و جەستەیانەوە. وەلێ لەوکاتەوە کە ئەوان هەستبکەن، ئیدی زیایەن، کەس گوێ بە قسەکانیان، حەزەکانیان، خواستەکانیان نادات، کەس لە ژیانی ڕۆژانەی خێزاندا بەشداریان پێناکات، بەردەوام شتەکانیان لێدەشاردرێنەوە، قسەیان لەگەڵ ناکەن و

بێڕێزیان پێدەکرێ و هتد.. ئەوە لەو دەمەوە پیری ئەوان دەبێتە نیشانەیەك بەسەر ڕۆحیانەوە.. پیرکردنی پیرەکان پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە مامەڵەو تێڕوانینی ئێمەوە بۆ ئەوان.. کاتێ بەناو باخچە و پارکەکانی وڵاتی خۆماندا پیاسان دەکەم زۆر دڵم خۆشدەبێ بەو شەپۆلی گەنجانەی ئەوێیان کردۆتە شوێنی کاتبەسەربردنیان، بەڵام یەکسەر ئەو پرسیارەم بە زەیندا دێ: ئاخۆ پیرەکان لەکوێن؟ ئایا لە وڵاتی ئێمەدا پیرەکان (پارێز)یان لە چوونە پارکیش هەیە، یان ئەوە ئێمەین ئەوانمان پشتگوێ خستووە؟!

هیچ گومان لەوەدا نیە، کە کۆمەڵگا و بەتایبەتی پێکهاتەی خێزانیی ئێمە لەئاست پیرەکاندا دوو ڕووە: لەلایەکەوە بەوجۆرە قسە لەسەر خۆمان دەکەین کە ئێمە زۆر ڕێز لە پیرەکانمان دەگرین و بەردەوام بە باسکردنی ڕێزی خۆمان بۆ پیرەکان، ئەو بۆشاییە پڕدەکەینەوە کە پرسیار لە ئامادەیی پیر دەکات لە وڵاتی ئێمەدا لەلایەکیتریشەوە، شوێنە گشتییەکانی وڵاتی ئێمە، وەك پارکەکان، سۆپەرمارکێتەکان، سەیرانگاکان و هتد. چۆڵن لە پیرەکان! لەنێوان ئەم پڕکردنەوەی بۆشایی و چۆڵیەدایە کە پیرەکان پیردەکرێن و لەخۆ تێگەیشتنی ئێمە وەك بلقی سەرئاوی لێدێت.. لە ڕاستیدا: چۆڵیی باخچە و شوێنە گشتیەکان لە پیرەکان، هیچ ناگەیەنێ لەوەزیاتر کە ئێمە دەمانەوێ لەماڵیشەوە دەریانکەین..

چۆن پیریی خۆمان دەهێنینە پێشچاومان؟!

مرۆڤ لە تافی لاوێتیدا ئەوەندەی بیر لە پتەوبوونی ماسوولکەکانی دەکاتەوە و سەرقاڵە بە ساتەوەختی هەنووکەوە، ئەوەندە ناتوانێ وێنای پیریی بکات و لە داهاتوو ڕابمێنێ. خۆ ئەگەر مرۆڤ لە گەنجێتیدا کەمێ خەیاڵی لە پیربوونی خۆی دەکردەوە پیریشدا کەمێ زیاتر لە خۆپەرستیی گەنجەکان تێدەگەیشت، پەیوەندیی ئەوان بەیەکترەوە جۆرێکی دیکە دەبوو و لەو نێوانەشدا نە گەنجەکان هەستیاندەکرد،

پیرەکان زیایە و ڕیگرن لەبەردەمیاندا و نە پیرەکانیش ئەوەندە ساڵانی کۆتایی تەمەنی خۆیان لە بیابانی تەنیایدا بەسەر دەبرد..

بۆیە دەمەوێ پیریی خۆم، بۆ ساتەوەختێکیش بێت بهێنمە پێشچاوم، تاکو ئەو ئەوەیەی لە سەردەمی پیریی مندا گەنجە، باشتر بمناسێ:

دەزانم من پیرێکی کورتەباڵای پاکوخاوێنم لێدەردەچێ.. پاکوخاوێن تا ئەو سنوورەی کە هەرچی نەخۆشیەك تووشی بیم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە، نەك بۆ پیربوونم لەئاستی جەستەیدا، بەڵکو بۆ ئەو ژینگە پیسبووە کۆمەڵایەتیەی تیایدا ڕۆژەکانی کۆتاییم تێپەڕ دەکەم.. ڕەنگە لە پیریدا کەمتر قسان بکەم و لەسەر هەموو شتێ هەڵنەیێم، وەلێ قسەکانم ئەوەندە شیرین دەبن، ئەگەر خانمێك لەهەمان ئەو فارگۆنی قیتارەدا کە لە دوارۆژدا لە کوردستان دروستدەکرێ، لەگەڵم سوار بووبێ و پێویستی بەوە بێت لە شارۆچکەکەی خۆی دابەزێ بۆ ئەوەی زوو بەدیداری خۆشەویستەکەی شادبێتەوە، کاتێ بەخۆی دەزانێ حەوت وێستگە تێپەڕیوەو ئەو هێشتا نەیزانیوە چۆن لەگەڵ پیرەمێردێکی کورتەبنەدا لە قسانەوە گلاوە، کە ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە.. دەزانم پیریی من لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربڵێیەتیم لێدەستێنێتەوە، پڕ پڕم دەکات لە گوێگرتن و گوێڕادێران. هەر ئێستاکەش تەواو هەستبەوە دەکەم، بەتایبەتی کاتێ کە دنیا کپ دەبێ و هەموو دەخەون و کەسێ نامێنێ قسانی لەگەڵ بکەم، سەراپا دەبمە گوێگرتن: گوێگرتن لە هەناسەی کۆترەباریکە، لە نووزەی پشیلەکان و ڕۆیشتنی گەڵایەکی پاییزی بەدەم شنەی باوە. پەیمان نادەم لە داهاتوودا هەر کاتێ گوێدەگرم، بەمانای ئەوەیە لە هەموو شتەکان تێگەیشتووم و وەنەوز نادەم. چونکە من پیر دەبم و مەرجیش نیە لە پیریدا مرۆڤ لە هەموو شتێ تێبگات، بەڵام گوێدەگرێ.. پیریی من زۆر خۆشتر نابێ لە ڕۆژگاری ئێستا و گەنجێتیم، وەلێ ئەوکاتەش بڕوام بەوە قایمە کە مرۆڤ دەبێ بۆخۆی ڕۆژەکانی خۆی خۆش بکات. بەم مانایەش من پیرێکی خەمۆك دەرناچم، ئەگەرچی سیما و ڕووخسارم خەمۆکانەش بنوێنێ. جا ئەگەر ئەوکاتە منت بینیەوە، بەسە یەکدوو قسەم لەگەڵ بکەیت و لە

هۆکاری خەمۆکییەکەم بپرسیت، دوایەوە دەبەمەوە بەخۆم و دەتهێنمەوە ناو جیهانی پڕ لە پێکەنین و قسەی خۆش.. هەڵبەت من نازانم لەو ڕۆژگارەدا قسەی خۆشکردن باوی دەمێنێ یان نەء ، وەلێ کەی من گوێدەدەمە باوی ڕۆژگار؟ شتێکم لێئاشکرایە: لە پیریمدا کەمێ دەکۆمێمەوە و چاوەکانیشم بە حەدێ کز دەبن، کە لە کافتریایەکی سەر چیای (گارا)، لەبەرامبەر ڕەواندووز، دانیشتبم و گۆرەوی دوو ڕەنگم لەپێدا بێت و زنجیری پانتۆڵەکەشم کراوەبێت و بەخۆمم نەزانیبێ!! ساڵەهایە دایکم پێمدەڵێ: *(کوڕم ئەوەندە سەرت بەسەر ئەو کتێبە شڕانەدا شۆڕمەکەوە، با پشت نەکۆمێیەوە)*. بەلام بڕوای تەواوم بەوە هەیە تا دەمرم لەسەر گازی پشت دەخەوم! خۆشە مرۆڤ کاتێ دەمرێ باوەشی پڕبێ لە شینایی ئاسمان و وردەئەستێرە و لەشی گەرمی ژن.. پەیمانت پێدەدەم تا ڕۆحدەرچوونیشم، چاوەکانم بریسکەیان تێدا نەکوژێتەوە و ددانەکانیشم هەر بە سپێتی دەمێننەوە، ئەگەرچی نازانم تا ئەوکاتە ژمارەیان چەند دەبێ.. لوتم گۆڕانێکی سەیری بەسەردا دێ.. من ساڵەهابوو لەگەڵ لوتی خۆمدا لە ململانێدا بووم و چەندین ڕۆژم لە ناو ئاودەستی مزگەوت و قووژبنی ژوورەکاندا لەگەڵ لەتە ئاوێنەیەك بەسەر بردووە تاکو لوتی خۆم چاك بکەم و کورتی بکەمەوە.. کەچی لە ناوەڕاستی بیستەکانی تەمەنمدا، جارێك خانمێك لەکاتی باوەش پێداکردنمدا، بەسەری پەنجەی دۆشاوەژەی کە نینۆکێکی درێژی پێوە بوو، چاکەیەکی زۆر گەورەی لەگەڵ کردم: نینۆکەکەی لەناوەڕاستی نێوان هەردوو برۆکانمەوە بە هێواشی بەسەر لوتمدا هێنایە خوار و کە گەیشتە تیژایی لوتم، گوتی: *(من زۆر ئەم لوتە باریکەتم خۆشدەوێ، چونکە لە لوتی پادشایەکی پیر دەچێ..)*! ئەمە جوانترین ڕستە بوو دەمویست گوێم لێی بێت و لەسەر لوتی خۆم بیستبێتم و ئیتر بڕای بڕ لەوەدوا لەگەڵ لوتمدا کێشەم نەما، ئەگەرچی لەدوایدا تێنەگەیشتم لەوەی بۆچی دەبێت مرۆڤ لوتی لە لوتی (پادشایەکی پیر) بچێت بۆئەوەی خۆشەویست بێت!؟..
بەلام لەوە تێگەیشتم کە خۆشەویستی ئەو خانمە سەرەتا خۆشەویستی بوو بۆ

پادشایەکی پیر، نەك بۆ من.. لەگەڵ ئەوەشدا هەستدەکەم لە پیریمدا قسەی ئەو خانمە دێتە دی و لوتم ئەوەندە باریك دەبێتەوە، ڕەنگی پەنجەی ئەو دەگرێ..

پیری و خواردن:

لە پیریماندا گۆڕانێکی تەواو بەسەر ژەمەکانی خواردنماندا دێت.. ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەوانەیە کە ئێستا گەنجن و هەموو ئەوانەی لە ئێستا و دوا ڕۆژدا پیرن و پیر دەبن. سەبارەت بەخۆم، دڵنیام خواردنم کەمدەبێتەوە و هەندێ خواردن هەیە بەتەواوی لێیان دوور دەکەومەوە. وەلێ خواردنێك هەیە هەرگیز تەرکی ناکەم، هەروەکوچۆن هیچ پیرێك ناتوانێ بڵێ نایخۆم.. ئەمە ئەو خواردنەیە کە هەموو مرۆڤێك لە کۆتاییدا دەباتەوە سەر تەریقەتی پیری و ئەمەش هەمان خواردنە کە منداڵی و پیری پێکەوە دەبەستێتەوە. دڵنیام تۆش لەدوای خوێندنەوەی ئەم زنجیرەیە بریاری دروستکردنی دەدەیت، ئەگەرچی مەرج نیە پیریش بوویت..

پلاو و فروجاو، یان پلاو و گۆشت کەڵەشێر:

هەرچی دەڵێم، ئاوا بکە و هیچی لێمەگۆڕە. یەکەمجار دەبێ دوو قابلەمەت هەبێ. یەکەمیان بۆ ئەوەی فرووجەکە، یان کەڵەشێرەکەی تیادا بکوڵێنی و دوومیشیان بۆ پلاوەکە. کوڵاندنی فرووج یان کەڵەشێرێکی کەڵەگەت، شتێکی ئەوتۆی ناوێ. سەرە باڵەکانی و قاچ و کەمێ لە پێستەکەی لێبکەوە و جوان بیشۆرەوە. بە ملەقۆرتە و جەرگ و دڵ و پشتەقوونەوە، بیخەرە قابلەمەکەوە و ئاگرێکی کزی بۆ بکەوە. نە ئاوی تێکە و نە خوێ و داوودەرمان. هەر بەوجۆرەی کە خودا دروستیکردووە، لێگەڕێ با وردەوردە بکوڵێ. پاشان کە زانیت ئاوەکەی خۆی وشکی کردووە، پیازێکی گەورە پاك بکە و چوارقاشی بکە بەبێ ئەوەی لێکیان بکەیتەوە و بیخەرە ناویەوە و خوێی تێکە و نیوەی بکە لە ئاوی کوڵهاتوو. جگە لە خوێ، هیچ شتێکی دیکەی تێناکەیت..

لەملاوە قابلەمەکەی تر نیوە بکە لە ئاوی سارد، ئاگری بخەرە ژێر و کەوچکێ ڕۆنی تێکەڵ بکە و مشتێ خوێی بەسەردا بکە و تێکەڵی هەڵدە تا گەرمدەبێ. پێشنەوەی فوولپ بدا، بەپێی پێویست ئەو برنجەی تێبکە کە دەتەوێ، بەڵام ئاگادار بە، بەگشتی برنجە درێژەکان بۆ پلاو باشتر دەست دەدەن، بەتایبەتی برنجی هیندی و بەسمەتی و مەڕ و هەڵۆ.. برنجەکە ناشۆیتەوە، بەڵام پێویستە بژاردبێت. لەگەڵ تێکردنی برنجەکەدا، دەستبکە بە تێکەڵهەڵدانی بەبەردەوامی و لەگەڵیشیدا گۆرانی بڵێ.. برنج لەکاتی کوڵاندا ئەگەر گۆرانی بۆ نەڵێیت، دوولەت دەبێ.. ئێستا سەری قابلەمەی فرۆجاوەکە هەڵدەوە، بەکەوچکێ تامی بکە و ئەگەر خوێی کەم بوو، کەمێکی تێکە و ئەگەر زیادیش بوو نەختێ ئاوی کوڵهاتووی تری تێبکە. وەرەوە سەر قابلەمەی برنجەکە و بەردەوامبە لە تێکەڵهەڵدانی. ئەگەر زانیت دەنکە برنجەکان تەواو ئاوەکەیان چەشتووە و کەمێ نەرم بوون، کاتی ئەوەیە لەسەر ئاگرەکە لایبەیت و برنجەکە بڕێژیتە ناو پلاوپاڵێوێك، یان سووزگییەکەوە. باشترین ڕێگا ئەوەیە لەناو پلاوپاڵێوەکەدا بە ئەندازەی نیومەتر قوماشی (توول)، یان تارای بووکت ڕاخستبێ.. دوایی ئەمەت بۆ ڕووندەکەمەوە. پاشان ئەو قابلەمەیەی برنجەکەت تێدا کوڵاندووە، بە دەستەسڕی کاغەزین بسڕەوە و ئاگرەکەی بۆ هەڵکەوە. یەکدوو کەوچك ڕۆنی تێکە و لێگەڕێ ڕۆنەکە گەرم بێ. هاوکات نانێکی تیری، یان هەورامی کە پێشتر ئامادەت کردووە، لەناو مەنجەڵەکەدا ڕابخە و یەکسەر برنجەکەی تێکەوە.

تێکردنی برنجەکە بەمشێوەیە دەبێت: سەرەتا گۆشەی ڕاستی تاراکە بهێنەرەوە سەر گۆشەی چەپ و پاشان لۆکانی دیکەی کۆبکەرەوە و لەسەر سوزگی، یان پلاوپاڵێوەکە هەڵیگرە و بیکەرە ناو قابلەمەکەوە. لەم کاتەدا پێویستە دووعایەك هەیە بیکەیت: (*خودایە هەرکەس بۆنی ئەم پلاوەی کرد، هێندەی کشانی دەنکەکانی و کونی تارای بووك، مرازی حاسڵکەیت.*).. دوواینەوەش چەند کلۆیەك ڕۆنەکەرە، یان چەند کەوچکێ ڕۆنی ئاسایی بەسەردا بڕێژەو لێگەڕێ پێدا بتوێتەوە. نە تێکەڵی هەڵدە و نە ڕۆنی بۆ بقرچێنە، چونکە تێکەڵهەڵدانەکە برنجەکە وورد دەکات و ڕۆنە

فرچاوەکەش دەپژرسێنێ.. بەڵام دوابەوەی بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێ لەسەر ئاگرپژێنەکە دەمێنێتەوە، (ئاگرپژێن، ئەو پارچە فافۆنە کون وەردەیە کە لەژێر قابلەمەدا دادەنرێ بۆ کەمکردنەوەی تینی ئاگرەکە)، ئەمجا بەهێواشی، یان ئەوەتا قابلەمەکە کەمێ هەڵبڕە و ڕایوەشێنە، یاخود تێکەڵێکی هەڵبدە و سەرەکەی بنێرەوە تاکو پێنج خولەکی دیکە، بۆئەوەی دەمبکێشێ..

دەبێ ئێستا فرۆجاوەکە پێگەیشتبێ و بۆجاری دووەم تامێکی بکەرەوە و ئەگەر پێویستبوو، یەك تۆز بەهاراتی تێبکە و لەگەڵ دەمکێشانی پلاوەکەدا، ئەویش دابگرە، بەڵام سەرەکەی لەسەر هەڵمەگرە با بۆنەکەی نەڕوات.. چونکە ئەگەر بهێڵین بۆنەکەی بڕوات. تام و حیکمەتی فرووجەکەش لەگەڵ خۆی دەبات و دەفڕێ..

من پێمخۆشە دانانی خواردنەکە بەمجۆرە بێ: سەرەتا کەمێ ئاوی سارد بکەرە ژێر قابلەمەی پلاوەکە، بۆئەوەی ئەگەر نانەکە پیاسووتابێ، بەریدات. دوایی بەلەمێکی گەورەی خڕ بەسەر زاری قابلەمەکەدا نخوون بکەرەوە و بە دەستگرەیەك لێواری قابلەمەکە بگرە و بەسەرخۆیدا قلپی بکەرەوە. بەمجۆرە هەموو پلاوەکە بەبێ هیچ جۆرە گووشارێك، دەچێتە ناو بەلەمەکەوە.. دەبینی نانەکە ئاڵ بووە و بووە بە بنکڕ..

ئەمجا بنکڕەکە لەسەر دەوریەکی تایبەت دابنێ و لە پلاوەکەی جیابکەرەوە. پاشان گۆشتی (فرۆج)، یان (کەڵەشێر)ەکە، دەربهێنە و بیخەرە قاپێکی قووڵەوە.. لە کۆندا هەموو ئاوەکەشیان دەکردە ناو هەمان قاپەوە. بەڵام لەو کاتەوە کە (لرفەلرفکردن) و (هەڵقوڕاندن) بووە بەشێ لە بەزمی سەر سفرەی چینەکانی خواروو، بۆرجوازییەت بۆ بەعەیبەپیشاندنی لرفەلرف و هەڵقوڕاندن و لە پێناوی پیشاندانی ئەوەی گوایە ئەو چینێکی (پاكوخاوێنە) و لەسەر ناخواردن (بێدەنگە) و هەمووان کەوچکەکانیان ناخەنەوە ناو هەمان قاپ، قاپی تایبەتی داهێنا. بەمجۆرەش ئەو فرۆجاوەی جاران لە یەك قاپدا دەخورا، لەسەر دەستی ئەو چینە (خاوێنە)، بۆ هەر کەس کرایە قاپی تایبەتەوە. لێرەشەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەسەر دەستی چینی بۆرژوای شارنشینی نەتەکێت پەرست، (فرووج) لە (ئاو) جیاکرایەوە و

بەمەش (فڕووجاو) حیکمەتی خۆی لەدەستدا و چیدی وەکو دەرمان و چارەسەری نەخۆشان نەمایەوە. بۆیە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە لەهەرلا فڕووج دەبینی و بەجۆرەها شێوە دەخرێتە بەردەمت، کەچی ژمارەی نەخۆشییەکان و نەخۆشەکان هەر لە زیادبوونایە، چونکە تازە بۆنەکەی ڕۆیشتووە و لەگەڵیشیدا تاماو و حیکمەتەکەی فڕیوە..

من هەوڵدەدەم لە زنجیرەی داهاتوودا بەدوایدا بچم و بیهێنمەوە، بەڵام نازانم بۆخۆم چیم بەسەردێ.. وەلێ ئەگەر ونبووم و درەنگ هاتمەوە، تۆ نانی خۆت بخۆ، ئەگەرچی دەزانم هەر چاوەڕێم دەکەیت و دەتەوێ پێکەوە نانەکەمان بخۆین..

پێکەوەنانخواردن

بەرەی یەکگرتووی باڵندانی هەرێم:

لە وتاری پێشوودا، پەیمانم دابوێ بچم و بەدوای حیکمەتی فڕوجاودا بگەڕێم و گوتبووشم: *(ئەتۆ لەسەر من ڕامەوەستە و نانی خۆت بخۆ)*، ئەوەشم هەر لە دڵدا بوو کە تۆ بەبێ من نانت پێناخورێ و دەتەوێ چاوەڕێمکەیت تاکو پێکەوە نانەکەمان بخۆین.. بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت لەمەدا بەهەڵەدا چووم، چونکە بیستم (شوان ئەحمەد) و (ستران عەبدوڵا)ی سەرنووسەری هەفتەنامەی (ئاسۆ)، ئەو دوو کەسەی داوایان لێکردم زنجیرەکانی (فەنتازیای خواردن)یان بە(ستوون) و بە دووسەدهەزاردینار بۆ بنووسم، هەر خێرا چووبوون سەرو کەڵەشێر بکڕن و بیکەنە فڕوجاو و بەتەنیا بیخۆن.. بەڵام هەواڵەکانی دوایی ئەوەیان ساخکردەوە کە کاکی سەرنووسەر پێشتر بە تەلەفۆنێ بەنیاز و بەهانەی دەعوەتکردنی من و ستافەکەی، هەموو کەڵەشێرەکانی (حیجز) کردوون و کاتێ شوان ئەحمەد دەگاتە مەیدانی مریشکفرۆشان، ناچار دەبێ فڕوجێ بکڕێ و بە عادەتی خۆی بیباتەوە ماڵ تاکو دایکی بۆی لێنێ و بۆخۆشی خەریکی تەرجەمەکردن بێت، چونکە ئەو تاقەتی قەڵەباڵغی نییە! ئەو فڕوج و بارە کەڵەشێرانەی ئەمەیان بۆ گێڕامەوە، لە خۆشیاندا شەوێ تا بەیانی نەخەوتبوون و کاتێ من گەیشتمە لایان، تاجێکی گوڵینەیان لەملکردم و کەڵەشێرێکی پۆپنەدرێژ بەناوی هەموانەوە دواو دانی بەوەدا نا، کە: *(لەدوای شاڵاوی قەڵاچۆکردنی مریشك و فڕندەکانی وڵات، ئەوە یەکەمجار بووە مەیدانی*

باڵندان ئەوەندە جەی بێت و ئەوانیش ئەمە دەگێڕنەوە بۆ کاریگەریی زنجیرەی ڕابردوو کە تیایدا داوام لە مەردم کردبوو، بگەڕێنەوە سەر خواردنی فڕوجاو..).

کاتێ کەڵەباب لە قسەکانیدا، گەیشتە ئێرە، هەموو ئەو حەشاماتی مریشك و قەل و ڕەشیشە و کۆتر و چۆلەکەیە، دایانە قرمە و قاسپە و جیکە و گارە و قرتەقرت و باڵەتەپە و لە شوێنی خۆیانەوە پەڕ و هێلکە و لەتە دەنووکیان بۆدەهاویشتم و ماچیان بۆ بەرێدەکردم.. کەڵەشێرەکە ئەوەشی گوت: کە سەرکردایەتی مەخلوقاتی باڵندانی وڵات، ڕایگەیاندووە، ئەوان: (*بەهای خۆیان لەوەدا دەبینن بنە هۆی کۆکردنەوەی مەردم لەسەر سفرە و سینی و سەرمێزان برازێننەوە، نەك وەکو ئێستا لە چێشتخانەکاندا، هەر کەسە و لە گۆشەیەکدا و بەتەنیا مریشکێکی بۆ دابنرێ. چونکە مریشك و فڕندەکان بڕوایان وایە کاتێ بەتەنیا دەخورێن، بێزێزییەکی زۆریان پێکراوە و ئەوان بۆیە ئامادەن خۆیان بەدەستەوە بدەن، تاکو دوو پێیەکان بتوانن پێکەوە بیانخۆن..*). لەولاوە مریشکێکی هێلکەکەری بە ئەزموون هەڵیدایە و بەگارەگار ڕووی لە حەشاماتەکە کردو گوتی: (*بۆ ئەوانەی وادەزانن ئێمەی مریشك لە حەزی خۆمانەوەیە بۆ ئازاری قوونێمان، ئەوەندە هێلکان دەکەین، زۆر بەهەڵە تێگەیشتوون. هۆکاری ئەوەی ئەمن ڕۆژی هێلکەیەك و دووان دەکەم و لەسەریان کڕ دەکەوم و دەیانکەمە جوجك و تا کەچەڵەش دەبن، بەدیاریانەوەم، ئەوەیە کە ئەو دوو پێیانە تۆزقاڵێ بەخۆیاندا بچنەوە و هیچ نەبێ لەسەر نانخواردنەکەیان پێکەوە بن و لە ئەفرەقە و خۆپەرستی بەدوور بن..*). کەڵەشێرەکە خێرا قسەکانی مریشکی پەسەند کردن و دەنێو حەشاماتی باڵندانەوە بۆوە هەڵلا.. لەم کاتەشدا، بارەکەوێك لە دوورەوە قاسپاندی: (*ئێمە قەبووڵمانە خۆمان بکەینە قوربانیی و ژەمی ئەو دووپێی ڕاوچییانە برازێنینەوە، دەبا ئەوانیش دەست لە لووتبەرزی هەڵبگرن و هیچ نەبێ لەبەر خاتری ڕۆحی فریوی باڵندان پێکەوە نانەکەیان بخۆن..*). بووە چەپڵەڕێزان و دەنووك بەیەکدادان و باڵهێنانەوە یەك.. لەولاترەوە، عەلیشێك بە فیزێکەوە و بە زاراوەی سلێمانی، ڕوویکردە من و گوتی: (بەڕێزگیان: نازانم تۆ ئەزانی یان نا، بەڵام

رۆژگاری بوو ئێمەومانان سفرەی پاشا و میواندۆستانمان دەرازانەوە و بەختەوەر بووین، چونکە ئەوانەی دەیانخواردین، تا دوا پاروو پێکەوەبوون و وەك ئێستا نەبوو هەر کەسەی سەر بە تەکەتوولێ روو لە دیواریێ بکا و خەریکی خواردنی گۆشتەکەمان بێ..). وادیاربوو قەکانی عەلیشیش کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر فرندەکان، هەر بۆیەش پەرەسێلکەیەك بە نازی دەنگە ناسکەکەیەوە، روخسەتی لە ئامادەبووان خواست و مایکرۆفۆنەکەی لە کەڵەشێرەکە وەرگرت و گوتی: (بروورن هاورێیان: ئێمە ئامادەین لەبەر گوێسوانەی ماڵاندا رەفینەوە و نەبینە ژەمی کەسێ کە دەیەوێ بە تەنیا بمانخوات..). (سوێند بە خودای فرین، منداربوونەوە خۆشترە وەك لەوەی لەسەر بەلەمێك بە سوورکراوەیی بۆ تاقە نەفەرێ داندرابی..).
ئەمەیان دەنگی قازێ بوو کە بەپەلە لە چۆمێ هاتبووە دەر و هێشتا ئاوی لێدەچۆڕا..
هەموو گوتیان: (ئەدی راستەکا) و مراوییەکان کە دیتیان هەموو فرندەکانیتر پەسەندی قەی قازیان دا، مووچرکەیەك بەسەراپای لەشیاندا هات، لەخۆشیان خۆیان راپسکاند و پرژنگی باڵەکانیان سەرووچاومیان تەرکرد.. هەڵلا بەردەوام بوو..
بە کورتی و کرمانجی، لەو سەفەرەمدا بۆم دەرکەوت ئەو مریشك و قەل و مراوی و قاز و کەڵەشێرانەی لە شالاوی قەلاچۆکردنی باڵندان رزگاریان بووە، بۆخۆیان بەرەیەکیان پێکهێناوە بەناوی (*بەرەی یەکگرتووی باڵندانی هەرێم*) و نیازیان هەیە بەهۆی رێکخستنەکانی ناوشارەوە، کە لە زۆرینەی فروج و مریشك و کەڵەشێر و کۆترباز و قەلخوزانی وڵات، بەتایبەتی ئەوانەیان هیچ پۆستێکی سیادیان نییە، پێکهاتوون، دەست بە چالاکییەکانیان بکەنەوە.. درووشمی هەرە سەرەکی ئەو بەرەیە بریتیە لە (*قوربانیدان لەپێناوی پێکەوەنانخواردن*)دا و دەیانەوێ مرۆڤە گۆشتخۆرەکان بگەڕێنەوە بۆسەر سینی و نانەشانە و خواردنی پێکەوەیی و، ناننخواردن بریتیی لە کەشێك بۆ کۆکردنەوەی کەسەکان لەسەر یەك سفرەو ناندێن..

ئێوارە داهات و لە گەڕانەوەمدا قەلەباچکەیەك هاتە سەر ڕێگاکەم و دوای کەمێ قاووقیژ و باڵەفڕێ، لەسەر لقی پەرەدارێك نیشتەوە و قیڕاندی: (*بە عەقڵی ئەو باڵندانە بیر مەکەرەوە و هیچ ئومێدت بەوە نەبێ مرۆیەکان تازە پێکەوە نانەکەیان بخۆن.. من لە سەردەمی هابیل و قابیلەوە دەیانناسم. لێیانگەڕێ هەرئاوا دوورەپەرێز و تەنیابن و سەد فڕوجاویشیان بۆلێبنێی تازە کاریان لێناکات.. ئەوان بیریان چۆتەوە یەکەمین نانخواردن، پێکەوەخواردن بووە..*). قەلەباچکەکەم بەجۆرێ پشتگوێ خست وەکئەوەی هیچ گوێم لێنەگرتووە، وەلێ قسەکانی زۆریان ترساندم.. هەرچەندە لەملاتر، ڕیزێ خاوەن دەواجنم بینی و دڵیان زۆر بە بەرەی یەکگرتووی باڵندان خۆش بوو، بەڵام نەمتوانی چاو لەو ڕاستیە تاڵە بپۆشم کە لە قیڕەی قەلەڕەشەکەدا گوێبیستی بووم..

یەکەمین نانخواردن: پێکەوەخواردنە..

قەلەباچکە ڕاستدەکات: هەتا خەیاڵ بڕکات و بەڵگە مێژوویەکان یارمەتیمان بدەن، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کۆنترین دیاردەی خواردن، (پێکەوەخواردنە). تەنانەت ئادەم و حەواش بەرلەوەی لە بەهەشت دەربکرێن، پێکەوە لە میوە قەدەغە کراوەیەکەیان خوارد.. هەڵبەت من ناڵێم کامیان لە پێشەوە و کامیان دووەمجار ئەو کارەیان کرد، وەلێ هەرکەسێ بڕوای بەو ڕیوایەتە هەبێ ناتوانێ خۆی لەو ڕاستیە بدزێتەوە، کە ئەوان پێکەوە میوەی قەدەکراویان خوارد، یەکەم سزا بۆ مرۆڤ لەسەر ئەو پێکەوە خواردنە بوو، بۆیە پێکەوە خواردن یەکەمین دیاردە و فۆرمی خواردنە.. بەمجۆرەش ئەگەر نانخواردن تامێکی هەبێ، هی ئەوەیە کە لەگەڵ کەسانی دیکە بیخۆیت و بەتەنیا خواردن تام و چێژی نیە و ئەوانەی ناچارن بەتەنیا نانبخۆن، گلەیی لەوە دەکەن کە هیچیان پێناخورێ و ئیشتیهایان نایات.. کەواتە دەتوانین خواردنیش بکەینە بەڵگەیەکی دیکەی قسەی ئەو فەیلەسووفەی کە گوتبووی: مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە. مرۆڤ بوونەوەرێکی بە سرووشت کۆمەڵایەتیە، چونکە

تەنانەت ناتوانێ بەتەنیاش نان بخوات و نانخواردن بەرلەوەی هەر شتێکی دیکە بێت، کەشێکی کۆمەڵایەتییە کە تیایدا مرۆیەکان کۆدەبنەوە، رێکدەکەون و چێژ لەوە دەبینن کە پێکەوە نانبخۆن..
ئەو راوچییە سەرەتاییەی کە چەندین هەزار ساڵ بەر لەئێستا بەخۆی و چەکە سەرەتاییەکانییەوە رووبەرووی درندان دەبۆوە و نێچیرەکانی راودەکردن، هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە خۆی تێر بکات و لە پێناوی تێرکردنی زگی خۆیدا رووبەرووی ئەو هەموو مەترسیانە ببێتەوە، بەڵکو ئەوە (غەریزەی کۆمەڵایەتی) بوو پاڵی پێوە دەنا ئەوکارە بکات و لە هەوڵی تێرکردنی زگی کۆمەڵگەکەیدا بوو.. بەم پێیەش چێژی یەکەمی خواردن و راوکردن بۆ ئەو لەوەدا نەبووە کە دوای گرتنی نێچیرەکەی ئاگرێ بکاتەوە و بکەوێتە گۆشتبرژاندن، بەڵکو چێژی بنەمایی لەوەدا بووە کە بەهێزی هێنانەوەی نێچیرەکەیەوە بۆ ناو هۆزەکەی، کەشێکی کۆمەڵایەتی دروستبکات. من قسە لەوە ناکەم کە خودی ئەم کەشە کۆمەڵایەتییە هەوڵدانێکی باوکسالارانە بووە بۆ مەحکەمکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانیتردا و خۆپیشاندانی وەك راوچییەکی کارامە، کە ئەوانیتر پێویستیان پێیەتی، بەڵام خۆ کۆمەڵناسی و عەقڵ و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیش هیچ وەختێ نەیانتوانیوە لە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای نێرسالاری و باوکسەنتەری تێپەڕێنن، لەسالانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا نەبێ..
بەهەرحاڵ، پێکەوەنانخواردن دیاردەیەکی زۆر سەرەتایانەی نانخواردنە لە نێوان مرۆیەکاندا و مێژووی مرۆڤ لە پێش ئەم دیاردەیەدا ئەوەندە روون نیە. مرۆڤ لەسەر تەختەبەرد و لەگەن و نانەشانە و تەشت و سینی و سفرە و مێزی نانخواردن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەدایکبووە و پێکەوەنانخواردن ئاشکراکەری غەریزەیەکی بنەمایی کۆمەڵایەتیانەیە لەلای مرۆڤ.. هەرچەندە وا باوە پادشا کاتێ زویر دەبێ، بەتەنیا نانبخوات، وەلێ (بەتەنیا لەگەڵ سەگەکەی)، نەك لەگەڵ مرۆڤەکانیتر..

پێکەوەنانخواردن، بەمانای پێکەوەبوون:

لە خەیاڵگەی کۆمەڵگای پاوساڵاریدا (پێکەوەنانخواردن) دەستکەوت و ئیمتیازێکە و گێڕانەوەی ئەوەی لەگەڵ (کێ) نانتخواردووە، شانازییە و دەبێتەهۆی زۆربوونی دەسەڵاتی گێڕەرەوە لەناو گوێگرەکانیدا. هیچ گێڕانەوەیەکیش بەبێ زیادوکەمکردن مەیسەر نابێ.. بەڵام گێڕانەوەی ئەوەی لەگەڵ کێ و لە تەنیشت کێوە لە فلان بۆنەدا نانتخوارد، هەمیشە گێڕانەوەیەکی بۆزیادکراوە. لە کۆندا دەگوترا: (پادشا بەدەستی خۆی پلێ گۆشتی بۆ دانام)، (هەتا ئێمە دەستمان بە نانخواردن نەکرد، خان دەستی بۆ هیچ نەبرد.)، (فلانی، فەرمووی لەبەر خاتری من ئەم پاروومش بخۆ..)، ئەوانەی لەگەڵ مام جەلالدا نانیانخواردووە، لە گێڕانەوەکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە *مام* بەدەستی خۆی پارچەیەك گۆشتی بۆ لێکردوونەتەوە و لەسەر دەوریەکەی داناوە.. هەرئەوەندەش نا، بەڵکو ئەوەش کە ئەو کوتەگۆشتەی لەبەردەمی گێڕەرەوەدا داندراوە، چ بەشێکە لە لاشەی ئاژەڵ و فڕندەکان، گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە: هەموومان ئەوە دەزانین بەپێی ئەو پلەبەندیە کۆمەڵایەتیەی کە لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا باوە، ئێسقانەکان بەشی سەگ و پشیلاتن، بەرماوەخۆرەکان کەمێ لە سەرووی ئەمانەوەن، قوونەجۆڵە و ملەقۆرتە بۆ ئەوانەی لە خواری خوارەوە دادەنیشن، باڵەکان، ڕانەکان و سنگ بۆ میوانە ڕاستەقینەکانن.. بۆیە گێڕەرەوە هەر بەوەوە ناوەستێ کە لەگەڵ کێ و لە تەنیشت کامە کەسایەتییەوە دانیشتووە، بەڵکو ئەوەی کە چی دەرخوارد دراوە، بەشێکی گرنگە لەو پرستیژە (هەیبەتەی) کە پێکەوەخواردن دەیبەخشێ.. لەگەڵ کێدا نانخواردن، نەك هەر بەمانای پێکەوەخواردن دێ، بەڵکو بەواتای لەئاستی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیدا، (چوونە ڕیز)ی ئەوکەسەوە، بوون (بە هاوشان) و (هاودەسەڵات)ی ئەو کەسەش.. بگرە زۆرجار، پێکەوەنانخواردن یەکسان دەبێتەوە بەوەی کە میواندار و خانەخوێ، دەست لە دەسەڵاتی خۆی هەڵبگرێ و بیدات بە میوانەکەی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (بیخاتە

پشتخۆیەوە)، (بەشی خۆی بداتێ)، (خواردنەکانی لەدەورە کۆبکاتەوە)، (فەرمووی گەرم‌وگوور)ی لێکات، داوای (سنگ و ڕان)ی بۆ بکات و هتد..).
ئێستا با کەمێ لە بۆنەکان بچینە دەرەوە و لە ئاستێکی کۆمەلایەتی سادەی کوردەواریانەدا کەمێ بچینە دواوە و باسی نانخواردنێك بکەین. سینیەك بهێنەرە پێشچاوی خۆت کە خواردنی دوو کەسی لەسەر داندراوە. گریمان خواردنەکە، خواردنی ژەمێکی ئاسایی بێت، یان بانگهێشتنێکی کوردەواریانە، یاخود خواردنی زەماوەند و تەعزیە و مەولوویی، یان سولحی عەشایەری: (گۆشتی سوور، مریشك لەگەڵ برنج و شلەی فاسۆلیا، لۆبیا یانژی بامیە). سەرەتا سینیە جوان و بێگرێ و گۆڵەکان دەبرێنە لای سەرەوە، بۆ ئەوانەی بەپێی پێناسەیەکی کۆمەلایەتی پلەوپایەی خۆیانیان هەیە. پاشان سینیە قووپاوەکان و لەدوای ئەوانیش نانەشانە و هتد لەبەردەم میوانەکاندا ڕیز دەکرێن و دواجار هەندێ کەس دەمێنەوەو جارێ نان ناخۆن. میوانەکان پێگەی خۆیان لە شوێنی نانخواردنەکەدا هەیە. گرنگە بەپێی ئەو پێگەیەی پێدراوە، شوێنی خۆت بپارێزی ئەوەی شوێنگۆڕکێ بکات، ڕیسکێکی گەورە دەکات، چونکە بۆی هەیە دەنگ بدرێ و دیسانەوە شوێنەکەی پێبگۆڕن، بۆی هەیە بچێتە لای کەسێکەوە پێگە کۆمەلایەتیەکەی ڕێگەی پێنەدات: بۆی هەید ئەوەی بە کاسەلێسی و خۆبردنەپێشەوە بۆ حساب بکرێ، بۆی هەیە بەرامبەرەکەی نەیەوێ نانی لەگەڵ بخوات و بۆی هەیە بەوکارەی لە پلە و مەقامی کەسایەتی خۆی بهێنێتە خوارەوە و هتد.. هەروەك چۆن چوونە لای کەسێکی ترەوە بۆ نانخواردن، لە ئاستی پێگەی کۆمەلایەتیدا ڕیسکێکە، ئاواش لە ئاستی پراکتیکیدا ڕیسکێکی گەورەیە: بۆی هەیە ئێمە شەرمن و ئەوەی دەچینە لایەوە پڕ ڕوو بێت، بۆی هەیە ئێمە کەمهەڵپە و ئەویتر بە هەڵپەبێت. بۆی هەیە ئێمە سەبرخۆر و ئەویدی پەلەخۆر بێت، بۆی هەید ئێمە دەستکورت و ئەویدی دەستدرێژ بێت، بۆی هەیە ئێمە درەنگ دەستهەڵگرین و ئەویدی زوو..

خەیالگەی مرۆڤی تەقلیدی پڕە لەو یادەوەریانەی کە لەسەر سینی و فەزای پێکەوەنانخواردنەوە هاتوون. لەو خەیالگەیەدا چەندین مرۆڤ، (بەمانای نێرینە) هەن، نایانەوێ چیدی لە تەنیشت یەکترەوە دابنیشن و پێکەوە نان بخۆن. ئەوەی یەکجار لەسەر سفرە غەدرمان لێدەکات و خێرا گۆشتەکە دەخوات و حساب بۆ ئێمە ناکات، جارێکی دیکە ناچینە لایەوە.. بەم پێیەش پێکەوەنانخواردن لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا، سیمایەکی دیکەی تەقلیدیەتی کۆمەڵگایە و بکەرە کۆمەڵایەتیەکان گشت ململانێ و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە سەر سینی و نانەشانە و سەر سفرە.. بەڵام لە هەمان کاتدا، پێکەوەنانخواردن پێویستییەکی کۆمەڵایەتیە و تیایدا مرۆڤەکان هەلی *پێکەوەبوونیان* بۆ دەڕەخسێ و لێرەشەوە ستراتیژی ژیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆیان، پەیوەندیەکانیان، ڕادەی گەرموگوڕیان لەگەڵ یەکتر و پێناسەی هاوبەشیان بۆ (دووژمن)ە هاوبەشەکانیان چێدەکەن. پێکەوەنانخواردن بەشێکیشە لە پەوکەری چنینە کۆمەڵایەتیەکان و بەهێزکەری متمانەی بخۆرانیشە بە یەکتر.. ئەمجۆرەی نانخواردن بەشێکیشە لەو (خۆشگوزەرانیە)ی کە کۆمەڵگای تەقلیدی دوای کارکردن، بۆ ئەندامە هەمیشەیی و کاتییەکانی: (میوانەکان، ڕێبوارەکان، مەئموورەکان و هتد)، خۆی دابینی دەکات.. لە هەمور ئەمانەوە دەگەینە ئەوەی کە پێکەوەنانخواردن لە کۆمەڵگا پێش مۆدێرنەکاندا، بەمانای (تەبایی) نایەت، هێندەی ئەوەی بەمانای (هەڵکردن) دێت. پێکەوەنانخواردن واتە ئەو کەشوهەوایەی کە تیایدا ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر سینی و سفرە کۆدەبنەوە بەبێ ئەوەی بۆ هەمیشە ململانێ و کێشەکانی نێوانیان کۆتایی پێهاتبێت و بەبێ ئەوەی لە ئاستی یەکتردا لە (دڵیان)دایە، بەیەکتری بڵێن.. پێکەوەنانخواردن نمونەیەکی ژیانی پێکەوەیی کۆمەڵایەتیانەی ناو کۆمەڵگا تەقلیدیەکانە، کە تیایدا بکەرەکان لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و تیایدا هەمور دەنگ و ڕەنگێ، هەمور جووڵەو بزاوتێکی لەش، مانای تایبەتی خۆیان هەیە..

پێکەوەنانخواردن وەك ئوستالیژیا:

ئێمەی کورد، وەك زۆرینەی ئەو مرۆیانەی لـە کۆمـەڵگا هاوشـێوەکانی وەکـەوەی ئێمەدا دەژین، نەریتی پێکەوەنانخواردنمان لەسـەر زەوی و سینی و نانەشانە و تەنانـەت سفرەش بەجێهێشتووە، بەڵام خودی خۆمان هـەمان مرۆڤـە تەقلیدیەکـەی جارانین.. ئەمەش دەریدەخات دەستهەڵگرتن لە نەریتەکان کارێکی ئاسـان نییـە.. تەقلیدیـەتی ڕازاندنەوەی سادەی سینی و سـفرەمان بەجێهێشتووە، کەچـی هـەر وەك بکـەرێکی بخۆری تەقلیدی ماوینەتەوە. ئەمڕۆ لـە زۆرینەی بۆنەکانی وڵاتی ئێمـەدا، ئـەوەی لـە دەوری کۆدەبینەوە سینی و سفرە نیـە بەمانا کۆنەکەی، بەڵکو دانیشتنە لەکەنار مێزی نانخواردن.. مێزی نانخواردن ئەو شوێنەیە کە ئێمە لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام لەدەوری یەکترمان کۆناکاتەوە، بەڵکو لەبەرامبەر و لە کەنار یەکترەوە دامانەدەنێ و ئەگەر نەمانتوانی لەگـەڵ ئـەوەی کـەنار و بەرامبـەرمان هەڵبکـەین، زۆر بەئاسـانی شوێنەکەمان دەگوێزینەوە.. وەکـەوەی پێکـەوەنانخواردن چیدی ناتوانـێ ڕایەڵـەی پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان پتەو بکات..

سەفەری ئێمە لەو شوێنەوە کە تیایدا پێکەوە نانمان دەخوارد بۆ ئەو شوێنەی لەکەنار یەکتردا هەرکەسەمان نانی خـۆی دەخـوات، لـە خـواردنی سـەر سـینی و تەشـت و تاشەبەرد و نانەشانەوە بە چوارمەشقی و هەڵتروشـکانەوە، بۆسـەر مێـز و دانیـشتن لەسەر کورسی و بەپێوە ڕووکردنە دیوارێکی ڕەقوتەق،.. هەزاران ساڵی ویستووە. لەوسـەفەرەدا چۆنیتی نانخواردنی ئێمە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە: قسـەکردن و لەگەڵیدا پەڕینی دەنکە برنج و خواردن بۆ دەموچاوی یەکتر، کەمبۆتەوە. لە بینگیران و خنکان و هەناسەبڕکێی بەپەلە و ئێسقان لە گەروو گـیران، زۆر دەگمـەن بـوون. ئێمە ئێستا بێدەنگتر نانەخۆین و زیاتر پاروەکانمان دەجووین.. چیدی بـە سـفرە و سینـی سادەی ڕازاوە قایل نابین و لەگەڵ دانیشتن لەکەنار مێزەکەدا، حـەوت جـۆر (پێشخوارن) و (موقەبیلات)مان بۆ دادەنرێ! ئێمە چیدی وەکـو مـرۆی کۆمـەڵگای تەقلیدی لەسـەر سینی و سفرەی خواردن دانانیشین تاکو تێر ببین و پاشان بە گـوتنی

(خوا زیابی کا)یەك، دەستهەڵبگرین، بەڵکو ئێمە زۆرجار بەتێری دەچینە کەنار مێز و لەوێش هەر تەنیا داوای ئەو ڕێژەی خواردنە ناکەین کە حەزمان لێیەتی و پێی تێر دەخۆین، بەڵکو دەبێ لەژێر گوشاری (یاسا)ی مەتعەمەکان و چاوی چاودێریکەری مشتەرییەکانی دیکە، داوای (نەفەرێکی تەواو) بکەین و کەمداواکردن بە نیشانەی (ڕەزیل)ی لێکدەدرێتەوە..

ئادابی کەنار مێزی خواردن لە ئادابی سەر سینی و سفرە جیاوازترە: خواردنی جارانی سەر سینی و سفرە پڕبوو لە زیندوویی و ژیان. کەسەکان سەریان دەنا بەسەری یەکترەوە و لەگەڵ گلاندنی هەر پاروویەکدا تەواو خۆیان بەسەر سینییەکەدا شۆڕدەکردەوە و لە کێبڕکێی ئەوەدا بوون کەسیان مەغدوور نەبێ.. چاویان دەبڕییە سینییەکەی کەناریان و پلانیان دادەڕشت بۆ خافڵاندنیان و دزینی گۆشتەکەیان، وریتە وریت و وردە تانە و بەتەقەخستن، بەشێکی گرنگی ئادابی سەر سینی و سفرە بوون. لستنەوەی ئێسك، ددان گیرکردن لە گۆشت، مژینی کڕکڕاگە و فرتاندنی باڵ و لێکردنەوەی لاتەڕاف بە دەست، هەڵمژینی سەرووپێ، شەقکردنی کەللەپاچە و پەڕینی پرژنگ و دواجاریش قرقێنەدانەوە، لە شتە هەرە سرووشتییەکان بوون. پەلاماردان و دەوری گۆڕینەوە، لوتە کەوچك وەشاندن و دانانی ئێسقان لەسەر دەوریی بەردەمی کەسانی دیکە و بردنی گۆشتەکەیان، شتێکی ئاسایی بوو.. سەرقاڵکردنی بەرامبەر و فرسەتهێنان لەبەشەکەی، مەهارەتێکی بخۆرە ئەوسنەکان بوو. پاروو گلاندن لە هەموو کەس نەدەهات، بەڵام ئەوەی پاروی دەگلاند، کەم کەس دەیوێرا نانی لەگەڵ بخوات.. (ئەوسنی و هەڵپە و لرفەکردن و مڵچەمڵچ و ناخ‌ونۆف هەڵکێشان) بۆ بەشە خۆراکی ئەوانیتر، بەشێکی جیانەکراوەی قۆشمەخۆران بوو.. قسەکردن زۆربوو، ئاوخواردنەوە و ماستاو و دۆخواردنەوەش دەکەوتنە کۆتایی. زەڵاتەی خەیار و تەماتە لەم دوایانەدا پەیدابوون، دۆغرەمە و تەپوولە تایبەتبوون بە عارەقخۆران و ئەوانیش نەدەهاتنە سەر سفرە و کەسیش ئامادە نەبوو لەسەر سینییەك و لەگەڵ عارەقخۆرێك نان بخوات! پیاز (بە تەڕی و بە سەلك) هەرگیز سینی و سفرەی تەقلیدیی

جینەهێشتووە، بەڵام زەیتوون و بیبەر و سەوزەوات دیعەنی تازەی سەرسفرە بوون. ترشیات لە شارەکاندا زۆر دروستکراوە، توور و کەوەر مێژووویان کۆنە، وەلێ سووپ هەرگیز شتێ نەبووە لەسەر سینی و سفرەی تەقلیدی دابنرێ و ئەمانە دیاردەی نوێی تایبەتن بە شارەکان.. لەسەر سینی و سفرەی تەقلیدی، نانخۆر تەنیا خواردنە سەرەکییەکەی دەخوارد: گۆشت، برنج و شلە بە نانەوە..، بەڵام لەسەر مێزی خواردنی ئەمڕۆکە، ئامادەیی بەهێزی پێشخوارنەکان، زەڵاتە، ترشیات و زەیتوون، جۆرەکانی خواردنەوەی گازدار، جۆرەکانی سووپ، نانی ڕشکە و شمڵی و کونجی پاکراو، هەموویان دەبنە هۆکاری ئەوەی بخۆر پێش خواردنی سەرەکی تێر بخوات. بۆیە ئەگەر دیققەت بدەیت، لە چێشتخانەکانی ئێمەدا بەرماوە و زبڵ زیاتر لە خواردنە سەرەکییەکان دروستدەبن، نەك لە پێشخوارنەکان و موقەبیلاتەکان.. دەنگەدەنگ و قرمە و هەرا لە چێشتخانەکانی ئێمەدا هەر ماوە، بەڵام تانەی دۆستانە، چنگ بردن بۆ خواردنی ئەوانیتر، بەتەقەخستن و قرقێنە و هەڵلووشینی ئێسقان و لستنەوەی، بەتەواوی کاڵبوونەتەوە و وەك ڕەفتاری پیسوچەپەڵ و ناشیانە تەماشایان دەکرێ.. بوونی ئێمە لەکەنار یەکتردا و لەبەرامبەر یەکتردا، تا سنووری ئیمکان دەبێ بەجۆرێ بێت یەکتری نەبینین و چاومان نەچێتە سەر یەکتر. ئەوەی بەرامبەرت نانەخوات، نە دەیەوێ فەرمووت بکات، نەدەیەوێ تەماشایکەیت، نەدەیەوێ خۆیت تێبگەیەنێت.. ئەو دەیەوێ لەگەڵ خۆی بێت، بە تەنیا بێت و بەدوور لەهەر پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتیانە. نانخواردنەکانی ئێمە چیدی پێکەوەخواردن نین و چیدی لەگەڵ یەکخواردنیش نین، بەڵکو خواردنن لە شوێنێکدا کە ناچارین بۆ تێربوون ڕوویان تێبکەین.. لە ئاستی خێزانیشدا، بارودۆخی سەر سفرە و کەنار مێز لە بارودۆخی چێشتخانەکان باشتر نییە: لە خێزاندا کەسانێك هەن هەرگیز لە کاتی خۆیدا نایەنە سەر سفرە و لەکەنار مێزەکەیان دانانیشن و ئەگەر زۆریشیان لێبکەین، دەتۆرێن و نانەکەیان ناخۆن! هەیانە یەکدوو پارو دەخوات و دەڕواتەوە ژووری خۆی، هەیە تاکو نانەکە سارد نەبێتەوە، نایەت. لەزۆرینەی ماڵەکاندا هەتاکو ئێستاش

بەوێنەی سەدەکانی ڕابردوو، تەقسی نانخواردن تەقسێکە لەڕووی ڕەگەزییەوە جیاکراوەتەوە: ئافرەت و پیا و پێکەوە نان *ناخۆن* و هەمیشەش پیاوەکان لەپێشدا نانیان بۆ دادەنرێ. کۆمەڵگای پیاوسالاری بە ئاسانی دەست لە پێگەکانی دەسەڵاتی خۆی هەڵناگرێ، سەر سفرەش پێگەیەکی دەسەڵاتمەندانەیە و مینبەرێکە بۆ نومایشدانی هێزوبازوو. بەم پێیەش عەقڵیەتی نێرسالار هەمیشە پێویستی بەوە هەیە لەسەرسفرەش خۆی لە (بەرماوەخۆر)ەکان جیا بکاتەوە.. کەواتە خراپم نەگوت کە لەپێشدا نووسیم: ئێمە نەریتی پێکەوەنانخواردنمان لەسەر زەوی و سینی و نانەشانە و تەنانەت سفرەش بەجێهێشتووە، بەڵام هەر مرۆڤە تەقلیدیەکەی جارانین.. هاتووینەتە کەنار مێز و ناو چێشتخانەی هوتێلە ئەستێرەدارەکان، چیدی قرقینە نادەینەوە و دەست ناکەین بە دەمماندا بۆ ئەوەی ڕیشاڵە گۆشتەکەی نێوان ددانەکانمان دەربهێنین، زۆر بە ئەتەکیەتەوە نانەکەمان دەخۆین، قریوە و قسەکردن و پێکەنین و هەرا لەکاتی نانخواردندا، چیدی ڕەواجیان نەماوە، بە کەوچك و چەقۆ خواردنەکەمان دەبڕین و بە چەتاڵ دەیبەین بۆ دەممان، جاری وا هەیە لەنیوەی ڕێگا لێمان دەکەوێتە خوار و جاری وایش هەیە چەتاڵەکە دەکەین بە لووتماندا.. گرنگ ئەوەیە هەموو خۆراکێ بچێتە دەمەوە و لەوێدا بجوودرێ و لێوەکانمان توند بهێنینەوە یەك، گرووپ دەرپەڕاندن، پارووی زل، تەقەی کەوچك و چەتاڵ، لرفە و ملچە و هەڵلووشین، هەموویان عەیبەن. ئاوڕدانەوە، فەرمووکردن و گوتنی ڕستەکانی وەك: (عافیەت بێ و نۆشی گیان و بیکەیتە گۆشت)، هەموویان یاساخن و یەکسەر دەمانکەنە لادێیی و لاولاو و شارنەدیو.. بەمجۆرەش بەبەراوورد بە سینی و سفرەی تەقلیدی، سەرمێزەکانی ئێمە پڕپڕن لە خۆراك و هەمەڕەنگن لە خواردندا، بەڵام ئەوەندەی لەسەر سینی و سفرەی تەقلیدی ئازادبووین، لەکەنار مێزی چێشتخانە مۆدێرنەکاندا ئازاد نین و خۆمان سانسۆر دەکەین.. چیدی پێکەوەنانخواردن سرووتێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەتەکیەتێکی بۆرژوایانەی شارنشینە، کە لە پێناوی ئەوەی ژەمێ نانت بداتێ، سەد قەیدوبەندو مەرجت بۆ دادەنێ، کە چۆن بیخۆیت جوانە، چۆن بیجوویت، چۆن،

دابنیشیت، چۆن خۆت کۆنترۆڵ بکەیت، لە کوێ و لەسەر کام مێز دابنیشی و لەگەڵ کێ و هتد..

چەندخۆشە جارێکی دیکە پێکەوە نانبخۆین؟ چەندخۆشە لەسەر سینی و سفرە پێکەوە دابنیشینەوە و پێشنەوەی یەکێکمان دەستبەرێ بۆ ڕانەکە، ئەوەی دیکەمان لە مێشکی خۆیدا سەد پلان دابنێ بۆ پەشیمانکردنەوەی؟ بیری ئەو دەستە چەورە دەکەم کە لە پڕ بەپەنای گوێچکەتدا دێت و باڵە مریشکێکت دەداتێ و تۆ هێشتا وەرتنەگرتووە، کە جووختییەکی نەوسن فراندوێتی بۆنەوەی لەگەڵت بیکات بە دوولەتەوە..؟ ئەو کەوچکە چۆن بوەستێنم کە خۆی دەکات بە بنی بەلەمەکەدا و هەرچی گۆشتی شاراوەیە دەیهێنێتە دەرێ؟ چۆن ئەو شەرمە بشکێنم و لە دوا پارووودا دەستبەرم بۆ ئەو پارچە جەرگەی لە ڕۆژناوی بەلەمەکەدا بەتەنیا ماوەتەوە؟ بۆ عەیبە بلێم: حەزم لە چەرمە؟ پشتەقوون چی کەمترە لە سنگ و لاتەراف؟ هانێ ئەوە ڕانەکە بۆ تۆ و ملەقۆرتەکەم بدەرێ.. پاروویێ بەو پیازەوە کە لە ئێسقانە گۆشتێ ئاڵاوە، خۆشترە لە هەزار پارچە سنگ.. دەزانم ئاخرین پاروو دەمێنێ و کەس لەبەر ئەویتر نایخوات، بەڵام جورئەتی ئەوە لەکوێ بێنم، ئەو ئاخرین شفتەیەش بە قاشێ بیەرەوە لوول دەم؟ چەند خۆشە یەکی پێتبلێ: وەرە با ئەو کەوچکە برنجە بکەینە دوو لەت و بەم تەماتەیەوە بیخۆین؟ من کە دەمەوێ ماڵئاوایی بکەم، چۆن چێژی دوایین پاروو لە بنی دداندا گلدەمەوە؟!

خواردنی ماڵئاوایی

ماڵئاوایکردن:

لە زۆرینەی کەلتوورەکاندا، ماڵئاوایکردن جۆرێکە لە هەستکردنێکی قووڵ بە جیابوونەوە و لێکدابڕان. لە کەلتووری کوردیدا، (هەرلەبەر ئەمەشە من ئەم میللەتەم ئەوەندە لەلا بەڕێزە)، ئەم بارودۆخە هەمیشە یەکسانە بە دڵگەرمبوون و گریان و شیوەنێکی بێوێنە بۆ فیراق.. کوردەکان هیچ کاتێ ئەوەندەی لە فیراق و ماڵئاوایدا خۆیان دەردەخەن، ڕاستگۆ و میهرەبان نین. ئەوان ناتوانن خەمی ئەو جیابوونەوەیە لە سیما و چاوەکانیاندا بشارنەوە، کە ساتەوەختی ماڵئاوایی بەسەر ئەوانیدا دەسەپێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو ئەوان زۆر بەئاسانی بەسەر ئەو بارەدا زاڵ بوونایە و برینی جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە ئەوەندە لەلایان قووڵ نەبایە، چونکە ئەوان ئەو میللەتەن کە هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە خودا و مێژوو هەڵیانبژاردوون تاکو ئەزموونی جیابوونەوە و ماڵئاوایی و دوورکەوتنەوە تەی بکەن.. کەم ژنی کورد هەیە ڕۆژگاری بۆ مێردەکەی، کەم دایکی کورد هەیە ڕۆژگاری بۆ کوڕ و ڕۆژگارێکی دیکە بۆ کچەکەی، کەم خوشك هەیە ڕۆژگاری بۆ کۆچی برا و بەشوودانی خوشکەکەی فرمێسکی جودایی و ماڵئاوایکردنیان نەڕشتبێ.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان میللەتێکن جودابوونەوە و ماڵئاواییان خۆشناوێ و لەگەڵیدا ڕانایەن، مەخابن ئەمەش لە خۆنەویستی ئەوانەوەیە. خۆنەویستی کە پێچەوانەی خۆپەرستیە

لەلای کوردەکان ئەوەندە بەهێزە، کە ڕۆژگاریی ئەوانی وا لێکردبوو تەنانەت بە مردنی مەڕ و بزنە لاتەکانیشیان غەم بخۆن و فرمێسك بۆ ماڵئاوایکردنیان برێژن.
ماڵئاواییکردن لە زۆرینەی کەلتوورەکاندا ئاستێکی ڕەمزیانەی بەخۆیەوە گرتووە، بۆ نمونە لەلای ڕۆمیە کۆنەکان هەرکەسێ دەمرد، یان کۆچیدەکرد، ماسکێکیان لە ڕووخساری هەڵدەگرتەوە. ئەوان جەژنێکیان هەبووە کە تیایدا زیندووەکان بەهۆی بەدەستەوە گرتنی ماسکی ڕووخساری مردووەکانیان، ئازاری ئەو فیراقەیان کەمدەکردەوە، کە کۆچکردووەکان لە دڵیاندا دروستیان دەکرد. ئەوان بەمکارەیان هەم سەبووریان بە دڵی خۆیان دەدا و هەم مردوو و کۆچکردووەکانیشایان بەشێوەیەکی ڕەمزیانە لەناو خۆیاندا ئامادە دەکردنەوە. لە نەریتی ئەڤینی ڕۆمانسیانە و تەنانەت عەشقی عاریفانەدا، هەڵگرتنی (یادگار) و (نیشانە)ی ئەو کەسەی ماڵئاوایی لێکردووین، شتێکی زۆر باوە و ئەو نیشانە و یادگارانە زۆرجار وەك شتی پیرۆز تەماشایاندەکرێ. جارێك لە شاعیرێکم بیست کە پازدەساڵ بێنێتی زاری ئەو کچەی لە گیرفانی سەردڵیدا هەڵگرتووە، کە ناچار بووە بۆ دواجار ماڵئاوایی لێبکات، ئەگەرچی کاتێ کە ئەو ئەم قسەیەی بۆ من کرد، شەست ساڵ زیاتر بەسەر ئەو ماڵئاوایکردنەدا تێپەڕ ببوو.. بەمجۆرەش ڕەمزەکانی ماڵئاواییکردن لە بنەمادا نیشانەی خۆنەویستی مرۆڤ دەردەخەن، ئەمەش بەوەی کە هەمیشە ئامادەیی تێدایە نیشانەیەك و یادگارێ لە (ئەویتر) لەمدنیای خۆیدا گڵ بداتەوە، تەنانەت ئەوکاتانەی سوور دەشزانێت ئەویتر چیدی لە دنیادا نەماوە.. لە نەریتی میوانداریی کۆنی کوردیدا وا باو بووە، دیاریی چوون و یادگاریی ماڵئاوایی لە خانەخوێ، لەیەکدی جوودا بن: دیاریی چوون زۆرجار گشتی و غەیرە شەخسیە و بۆی هەیە زەخیرە و شتێ بووبێ کە هەمووان سوودی لێوەربگرن، کەچی یادگاریی ماڵئاوایی بەزۆری شتێکی ڕەمزی و شەخسیە، بۆ نمونە سابوونی ڕەقی، شانە، تەوقە، تەزبیح و خەنجەر و هتد..
ماڵئاوایی بەشێوەیەکی گشتی سەخت و دژوار و درەنگ قەبوولکراوە. زەحمەتە بەئاسانی بتوانین ماڵئاوایی لەو شت و کەسانە بکەین، کە ماوەیەك لەگەڵماندا بوون

و ئولفەتمان بەیەکترەوە گرتبوون. ڕەنگە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم ئەزموونەش پەیوەست بێت بە تێگەیشتنی مرۆڤ لە مردن و نەمانەوە. چونکە لە دواجاردا هەموو ماڵئاواییکردنێ، سەرەتایە بۆ نەدیتنەوەی هەمیشەیی یەکتر و نەمانی کەسەکان لە ژیانی یەکتردا، کە ئەمەش هیچ ناگەیەنێ لە نزیکبوونەوەی دەسەڵاتی مەرگ زیاتر، کە دوایین ماڵئاواییە سەختەکانە.

باینجانی ماڵئاوایی:

مەرج نییە خواردنی ماڵئاوایی، ئەو خواردنەی بەبۆنەی ماڵئاواییەوە دەخورێ، وەك ئەزموونی ماڵئاواییکردنەکە بێت. ئەگەر ماڵئاواییکردن ئەزموونێکی دەروونیی برێ سەخت و گووشارهێنەر بێت، مەرج نییە تامی خواردنی ماڵئاوایی سوێریی ئەو فرمێسکانە بێت کە لەو ئەزموونەدا بۆ یەکتریان دەڕێژین.. ئەگەر ماڵئاواییکردن ساتەوەختێکی ڕەش و تاریك بێت لە وێستگەکانی ژیانی هەندێکماندا، مەرج نییە ئەو خواردنەی بەبۆنەی ماڵئاواییکردنەوە ئامادەی دەکەین، ڕەشپۆش و تاڵ بێت.. بەڵام بۆچی نا؟ من بیرمکردەوە: ئێمەی کورد ساڵەهایە بەدەست باینجانەوە گیرمانخواردووە و جارێ گلەیی ئەوەی لێدەکەین تاڵە و جارێکی دیکە سەرزەنشتی دەکەین کە ڕۆنێکی زۆر هەڵدەمژێ و جارەکانی دیکە لە ڕۆنی تەبیدا نغرۆی دەکەین و زۆربەشمان نایخۆین..

جا ئێستا دەمەوێ بەرلەوەی هەندێ قسەی دیکەت بۆ بکەم و بەتەواوی ماڵئاواییت لێبکەم، حەزدەکەم بیرۆکەیەکت لەسەر باینجان بدەمێ، کە لەخۆیم وەرگرتووە! لەڕاستیدا ڕۆژێك باینجان هاتە لام و زۆر بە دڵگەرمییەوە هەندێ سکاڵای لەلا کردم. ئەو دەیگوت:

- ئەوەتەی هەین ئەم کوردانە لە تەپسی و دۆڵمە زیاتر ئێمەی باینجان بۆ هیچیتر بەکار ناهێنن و هەمیشە گلەیی و گازندامان لێدەکەن کە بۆچی ئەوەندە ڕۆن هەڵدەمژین؟

- گوتم، یەکجار بەوجۆرەش نیە، ئێستا لەفەی باینجانیش هەیە.. بەڵام ئەویش زۆر چەورە.
پێم ڕادەبوێری؟!
خێرا کەتەە خۆم و دڵنەوایمکرد: تۆ ڕاستدەکەیت، بەڵام تۆ ئەوەندەش دڵگران مەبە، مەسەلەکە ئەوەیە کە کوردەکان زۆر حەزیان لە دۆڵمە و یاپراخە.. پاشان بۆ ئەوەی خەفەتەکانی بیر بەرمەوە لێم پرسی:
– باینجان گیان، ئەگەر تۆ بتەوێ بە خۆشترین شێواز لێبنرێ و ئەوەندەش ڕۆن هەڵنەمژی، کامەیانە..
هەر کە ئەمەی بیست یەکسەر گەشایەوە، لەسەر تەختەداری وردکردنەکە ڕاکشا و داوای لێکردم کڵاوە سەوزەکەی سەری لێبکەمەوە، پاشان خۆی تەختکرد و گوتی: (دە ئەمجا لەدرێژی بمکە بە دوو لەتەوە و ناوەکەم هەڵقرۆنجە بەجۆرێ کە هەر لەتەم لەبەلەمێ بچێ.. بەڵام وریابە کونم نەکەیت).. دوای ئەوەی دوولەتمکرد و ناوەکەیم هەڵقرۆنجا، لەتێکیان گوتی: (لەولاوە دامان بنێ و بە فلچەیەکی ڕۆناوی لەڕووی ناوەوە چەورمان بکە).. ناوەکەشی هەڵیدایە: (مادام ناوی ڕۆن هات، تکایە منیش ورد ورد بکە و لەگەڵ کەمێ نەعنا، شوویتی جنراو، پاشماوەی برنج و زەردێنە هێلکەیەك تۆزێ لەناو تاوەکەدا بەهەڵمی خۆمان بمانبیشێنە و خوێ و داوودەرمانی پێویستمان بکە بەسەردا). لەتەکەی دیکەش گوتی: (بە هەمان شێوە ئێمەش لەناو قابلەمەیەکدا کەمێ بیشێنە و بمانهێنەرەوە دەرێ و لەسەر تەختەدارەکە دامان بنێرەوە).
گوتم: باشە دوایەوە چیتان لێکەم؟ ناوی باینجانەکە، کە ئیدی لەگەڵ زەردێنەهێلکە و شویت و نەعناکە تێکەڵ ببوو، هاواری کرد: (ئێمە بکەرە بەلەمێکیانەوە و بەلەمەکەی دیکەش پڕکە لە پەنیر..). لەتە باینجانەکەی بڕیاربوو پەنیری تێبکەم، هەڵیدایە: (تکایە با پەنیرە چوارگۆشەیە زەردەکان بێت)..

وەکەوەی گوتیان، بەلەمێکیانم پڕ کرد لە تێکەڵە کەمێ سوور کراوەکە و بەلەمە باینجانیەکەی دیکەیشم پڕ کرد لە پەنیری زەردی چوارگۆشەیی.. پاشان هەردووکیان لە یەك کاتدا گوتیان: (دەێستا بمانخەرەوە سەر یەك و دەزوویەکمان تێوەئالێنە با هەڵنەوەشێین). گوتم ئەمەیان بۆچی؟ نەمجارەیان کە لەتە باینجانەکان یەکیان گرتبۆوە، بەدەنگێکی گڕتر گوتیان: (ئەمە پەیوەندیی هەیە بە چیرۆکێکی چینیەوە..)

گوتم پێشنەوەی بتانخۆم، ئەو چیرۆکەم بۆ بگێڕنەوە و ئەوانیش گوتیان: کەواتە سەرەتا چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕینەوە و پاشان دوات لێدەکەین چیمان لێبکەیت پێشنەوەی بمانخۆیت. گوتم باشە.. ئیتر دەستیان بە گێڕانەوە کرد:

{چەندین ساڵ بەر لە ئێستا، گەڕیدەیەکی ڕێبوار ڕێی دەکەوێتە ولاتێکی زۆر دوور و لەوێ دەبێتە میوانی پادشای ولات تا ئەو زمانەی فێرکات، کە زمانی گەڕیدەکەیە.. وەلێ ڕێبواری گەڕیدە مەرجێکی دەبێ:

– (هەر کات فێری زمانی من بویت، من لێرە دەڕۆم و ماڵئاواییت لێدەکەم، چونکو بە مانەوەم هەردووکمان زمانی خۆمانمان بیر دەچێتەوە و دیسانەوە من و تۆ لێکدی حاڵی نابینەوە!).

پادشا داوای ڕوونکردنەوەی لێکرد. گەڕیدەی ڕێبوار گوتی:

(گەورە و پایەدارم، ئەو دەمەی من زمانی خۆم فێری تۆ دەکەم، زمانی تۆ فێر دەبم و هی خۆمم بیر دەچێتەوە، تۆش بەهەمان شێوە: لەگەڵ ئەوەی فێری زمانی من دەبیت، زمانی خۆتت بیر دەچێتەوە).

پادشا گوتی: (نێ..، پاشان؟). ڕێبوارەکە وەرامی دایەوە:

(ئەوکاتە هەریەکەمان زمانێکی نوێ فێربووین، کە ئەویترمان نایزانێ..!).

پادشا، کە ئەو دەم لە ناوەندی تەمەنیدا بوو، دەیزانی بەئاسانی فێری زمانی میوانەکەی نابێت و ئەمەش ڕێبوارەکە ناچار دەکات ماوەیەکی زۆر لە کۆشکی شادا بمێنێتەوە، بە ڕاددەیەك کە هەموو خزمەتکار و مەیتەرەوان و سەردەستەی پاسەوانانیش هۆگری

دەبن و تەنانەت پادشا هیچ شەوێ خەوی لێناکەوێ ئەگەر کابرای ڕێبوار چیرۆکێکی لەسەر وڵاتی خۆی بۆ نەگێڕێتەوە.. حەکایەتخوان لەمکاتەدا بەگوێدا چرپاندم: (مانەوەی زۆری کابرای گەڕیدە، ساتی ماڵئاوایی قوورستر دەکا). بەمجۆرەش کاتێ پادشا بەتەواوی فێری زمانی ڕێبوارەکە دەبێ، لەپڕ هەستدەکات لە ساتی ماڵئاواییکردن لە میوانەکەی نزیکدەبێتەوە.. بۆیە پادشا لەپڕ کە دەزانێ کار لەکار ترازاوە، پەست و غەمبار دەبێ و دەنێرێ شاعیر و داستانبێژان خڕکەنەوە تاکو ئەو ساتەوەختە تراژیدیەی پادشا تێکەوتووە، بیکەنە شیعر و غەزەل و نەغمە.. میوانی گەڕیدە کە پادشای بەم حاڵەوە دەبینێ، زۆری لەبەر گران دەبێ هەر ئاوا ماڵئاوایی بکات. سێ شەوان دەچێتە خەڵوەتی تێفکرینەوە، لە سپێدەی شەوی سێهەمدا بایەنجان دێتە خەوی:

- ئەگەر دەوهەوێ خۆت و شات، هیچ زمانانتان بیرنەچنەوە، شەقم کە و هەرتکیان باوێرە ناوم و شەتەکم دە و بمخۆن..
  ئەوجا ماڵئاوایش بکەم چ نابێ؟!
- غەمت نەبێ..

میوانە بۆ ئەوەی زمانی خۆی و زمانی پادشای بیر نەچێتەوە، داوا دەکات لە سەرتەباخی تاکو بایەنجانەڕەشی بۆ بکاتە خواردن.. دوو زمانانی دەنێو دەنێ و دەگەڵ شای دەیانخۆن و ئەوجا ماڵئاوایی لەیەکتر دەکەن، بەبێ ئەوەی چاقیان زمانی خۆی و ئەویدی بدۆڕێنێ..}..

دەزانی چی؟!:

من دەمەوێ ماڵئاوایی لەتۆ بکەم، لە تۆ کە دەزانم بەردەوام گوێت لە حەکایەتەکانی فەنتازیای خواردن گرت. ئێستا ساتی ماڵئاوایەو دەمەوێ دان بەوەدا بنێم، کاتێکی زۆر خۆشم لە ماڵی دڵەکەی تۆدا بەسەر برد.. زۆرینەی ئەو شتانەی لەسەر خواردن دەمزانین و دەمکردنە بەهانە بۆ گێڕانەوەی حەکایەتی دیکە، بەتۆم گوتوون و چیدی

بۆخۆم لەبیرم نەماون.. من خەریکە ئەوەی دەمزانی لەبیرم دەچێتەوە و تۆش چیدی ناتوانی وەکو جاران خواردن و خۆراکەکان بە شتێکی ئاسایی وەربگری.. تازە خواردنەکانت بارگاوی بوون بە فەنتازیا و فەنتازیاش ئەو هێزەیە کە شتەکان دەگۆڕێ. کەواتە تۆش ئەوەی جاران بە سرووشتی و ئاسایی وەرتدەگرت، ئێستا بەجۆرێکی دیکە تەماشای دەکەیت.. بۆئەوەی هیچمان شتی خۆمان بیرنەچێتەوە، پێویستە پێکەوە باینجانیماڵئاوایی بخۆین. دوابەوەی پێکەوە شەتەکماندان، بیانخەینە تاوە سەرقاپداره‌کەوە و لەناو پیاز و تەماتەیەکی وردجنراودا، ئاگرێکی کزیان بۆ هەڵکەین.. هەتا دەبینی پەنیرەکە دەتوێتەوە و دەچۆڕێتە ناو تەماتەو پیازەکەوە، ئاگرەکە مەکوژێنەوە. پێویستە کە دەرتهێنان بە هەڵمی خۆیان پیشابن و واچاکە باش ساردیان بکەیتەوە ئەمجا مەیلیان بکەیت. بزانە کە دەتوانیت بە پارچەیەك سەموونەوە، بیخۆیت. دەشتوانیت لەگەڵ هەر خواردنێکی دیکەدا دایانێیت و نۆشی گیانیان بکەیت..

** ** **

دەزانم ماڵئاوایی سەختە، دەزانم لە ماڵئاواییدا پتر لەهەر کاتێ گومان دەکەین لەوەی: ئایا ماڵی ڕاستەقینەی ئێمە لە کوێیە؟ ئایا مرۆۋ کاتێ لە شوێنێکەوە دەچێ بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ ئەوەندە بەلایەوە سەختە ماڵی یەکەم جێبهێڵێ و لە ماڵی دووەمدا بە درەنگ ئۆقرە دەگرێ؟.. من کە هاتم بۆ ماڵەکەی تۆ، وامدەزانی ماوەیەکی کەم لەلات دەبم و زۆر بەئاسایی بەجێتدەهێڵم... کەچی هیچ وا دەرنەچوو. فەنتازیای دروستکردنی ماڵێك لەگەڵ تۆ درێژەی کێشا..، ویستم پێت بڵێم: بەهۆی فەنتازیاوە دەتوانین ئاساییترین شتەکان و پەیوەندییەکان بگۆڕین و تازەیان بکەینەوە.. تۆش ئەمەت بەلاوە سەیر بوو، بەڵام سەفەرت پێخۆشتر بوو لە خەوتن و چەقبەستن. ئەتهێشت منیش تەمبەڵی بکەم.. بەتایەتی لەو ڕۆژەوە کە لە سۆپەر مارکێتەکە، بە سکی پڕەوە یەخەت گرتم و گوتت: (تووخوا، بەردەوامبە لە گێڕانەوەی فەنتازیای خواردن تاکو منداڵەکەم دەبێ..). بەردەوام بووم و کەچی جارێ بەشەرمەوە لە

تەقتەقەوە و جارێکی دیکە لە ڕانیەوە جارەکانی دیکە لە سۆران و چەند جارێکیش لە کەنەدا و سوید و هۆڵەندەوە، تەلەفۆنت بۆکردم و دەتپرسی: (ئایا حەکایەتی مێخەکت لە کوێوە هێناوە؟)، (پەتاتەم لە جاران خۆشتر دەوێ..)، (ئایا تەماتەی عەشق، خوێی تێدەکرێ؟).. لە یازدەی شەودا مەسیجێکت بۆ نووسیم و گوتت: (نەمدەزانی ئەسکەندەری مەکدۆنی ئەوەندە بە دایکی سەرسام بووە)، (کاتێ گەیشتمە کۆتایی خواردنی دایکانە، گریام..). جارێك لە پارکی شار بەشەرمەوە هاتیت و گوتت: (لەگەڵ خوشکەکەم بەردەوام خواردنەکانی تۆ لێدەنێین، من بۆیدەخوێنمەوە و ئەو دروستیان دەکات).. (هەلۆ.. برادەرێکم هەر ئێستەکانێ تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: کە پێتبڵێم لەم جەهەندەمەدا، لەگەڵ ژن شەرابم خواردۆتەوە..).. دەنگێ لە مەهابادەوە دەیگوت: (کۆتایی پێمەهێنە، من بەرگەی ماڵئاوایی ناگرم..)..

بەمدیوی تردا، لەسەر شەقامان یەخەت پێگرتم و گوتت: بە خواردنەکانی تۆ نەخۆشکەوتم.. ئەوە سێ ڕۆژە زگم دێشێ.. گوتم: دیارە باشت نەکوڵاندوون، گوتت: نەء، ڕەفزم وەرگرت.. گوتم لەوانەیە لەکاتی پیاز جنینەکەدا گریابیت.. جارێکی دیکە بینیم دەم و زمانی خۆت سووتاندووە، پێمگوتی: تۆ عاشقێکی ڕاستەقینەیت. گوتت: نەء ، تۆ نووسەرێکی فاشیلیت.. قۆخ و سەوزە و تەماتەت لە خەڵك گران کرد.. وەرزشکارێك پێیگوتم: من و هاوڕێکانم بە (خواردنی هاوڕێکان)ی جەنابت نێوانمان تێکچوو.. مرووری گرتمی و بەهەڕەشەوە، کاتێ نیوەی ملی خۆی لە جامی سەیارەکەمەوە هێنابووە ژوورەوە، گوتی: بچیتە ئاسمانیش ئەو ئیجازەیەت هەر لێدەسەنم.. جارێکیتر دۆعامان بۆ نەکەیت با ئەوەندەی تریش بە قووڕماندا نەبەنە خوارەوە! ڕۆژێ زۆرم برسی بوو، خۆمکرد بە چێشتخانەیەکدا و هەر لە دەرگاکەوە گوتیان خواردنمان نەماوە! ڕۆژێکی دیکە لە کەبابخانەیەك بە تانەوە گوتیان: مامۆستا، کەباب چ جۆرە خواردنێکە؟ قەسابێ لەولاوە هەڵیدایە: ئەوەی قسە بە سەرووبێ بڵێ، بەم چەقۆیە لەتوپەتی دەکەم.. لە وڵاتی چین شکاتیان لێکردووم لەبەر ئەوەی

من له زنجیرەی (خواردنی پەنابەران)دا نوسیومە: سپایگێتی و ماکەرۆنی خواردنی ئیتالین، لەکاتێکدا چینیەکان دەڵێن، کاتێ ئێمە سپایگێتیمان خواردووە لە ئیتالیا هێشتا مریشك نەبوو تا هێلکان بکا..

بەراستی نەمدەویست ماڵئاوایی بکەم، بەڵام چارم نیە.. تازە هیچ مەتعەمێك نانم ناداتێ، نابیناکان گوتبوویان لەهەر شوێنێ ببینین بە گۆچان هەلاهەلای دەکەین..
عاشقەکان گوتبوویان ئەوەندەمان (تەماتەی خۆشەویستی) لێنا، هەموومان لەخوێنی خۆماندا گەوزاین و یار نەهات، چەندین نامەم لەلایەن دایکان و باوکانەوە بۆ هاتووە لەسەر ئەوەی بۆچی نووسیومە: لێگەڕێن منداڵ بەوجۆرەی کە دەیەوێ نانەکەی بخوات.. ئەو ڕۆژە لە پاسێکدا، دایکێ پێشدابەزین، لەناو دەرگاکەدا ئاوڕێکی لێدامەوە و گوتی: ئەگەر منداڵەکانم وەك تۆ دەفەرمووی: بەوجۆرەی بیانەوێ نان بخۆن، دەبێ ڕۆژی سێجار بیانگۆڕم، جەنابت جلەکانیان بۆ دەشۆی؟ بەراستی ئەو ژنە چاوی ئاگری لێدەباری.. خاوەن سۆپەرمارکێتێ پێگوتم دەمدات بە دادگا لەسەر ئەوەی نووسیومە: مایۆنیز ژەهری زەڵاتەیە، ئەو لەکاتێکدا تووڕە ببوو، ئاماژەی بۆ هەزاران شووشە مایۆنیز دەکرد کە لە سووپەرمارکێتەکەیدا مابوونەوە.. ویستم بەجێی بهێڵم و ماڵئاوایی لێبکەم، کەچی پەلاماری شووشە مایۆنیزەکانی دان و کەوتە شوێنم.. هەڵاتم و لەدەرەوە حەشاماتێ لە جگەرەکێش بەری ڕێیان پێگرتم و گوتیان: ئەمە داوای کردووە چیدی لە چێشتخانەکاندا جگەرە نەکێشرێ.. لەداخان هەر یەکە و جگەرەیەکیان داگیرساند و دووکەڵەکەیان بەگژدا کردم.. گێژ بووم،.. پێشمەرگەیەکی کۆن بەزەیی پێمدا هاتەوە، هەڵیگرتمەوە و بردمیە ناو تەکیەکەیەوە، لە دەستەسڕێکدا لەتێ نانی ڕەقی دەرهێناو گوتی: ئاخر تۆ دین و ئیمانت ئەمە ئەوە دەهێنێ ئەو هەموو سەلاواتەی لەدیار بدەیت؟! ئیتر پێکەوە کەوتینە خرماندنی و کە ماڵئاوایم لێکرد، گوتی: من نانەڕەق دەخۆم، کەواتە هەم..!!
بەلای سەوزە و میوە فرۆشەکاندا ڕۆیشتم.. تەماتەی سەر عەرەبانەکان گشتیان ڕژی بوون، تەعنا لەداخی خۆی ڕەشهەڵگەڕابوو، پوونگە کۆچی کردبوو بۆ هەندەران..

مێخەك دەپاڕایەوە.. ڕەیحانەم دی لەباوەشی کچێکدا دەگریا.. ژنێ، کە لەولاوە گەڵامێوی دەکڕی، پێیگوتم: ئەرێ تەریق نابیتەوە؟؟.. کابرای قۆخفرۆش بەخۆی و عەرەبانە و قۆخەکانیەوە دۆشدامابوو، کەس قۆخی نەدەکڕی.. بەتیلەی چاو تەماشای کردم و لەبەر خۆیەوە گوتی: (برادەر، تۆش بێتامت کرد..)

گەڕامەوە ماڵی هاوڕێکەم، نامەیەکم لە ئەستەمبوڵەوە بۆ هاتبوو، بازرگانە ئیتالییەکە بۆی نووسیبووم: (کچەی تورکەسمەر لێم جیابۆوە و شوویکرد بە پاشا.. بەم ناوەدا بێیت دەتکوژم!).. هەر ژن بوون لە مێردەکانیان جیا دەبوونەوە لەسەر ئەوەی نازانن خواردنێ لێبنێن.. هەر مێردبوون ناوی خۆیان لە کۆرسی چێشتلێناندا دەنووسی.. سوێندیان دەخوارد ئەوەی من لەتوپەتکات، جیهادە.. ئەوان لە دژی فەنتازیا لەشکرێکیان بۆ جیهاد پێکەوە نابوو.. تیایاندا هەبوون، لەداخی ئەوەی نووسیومە: (لە خواردندا چەوری کەمبکرێتەوە)، بتڵێ ڕۆنی دەنا بەسەریەوە و یەکبین، دەیخواردەوە! هەیان بوو گیرفانەکانی پڕپڕکردبوون لە گۆشت و بەکاڵی دەیخوارد. زۆربەیان سەلکێ کاهوو و کەلەمیان گرتبوو بەدەستیانەوە و کە منیان دەبینی، بەهەموو هێزیان دەیانکێشان بە زەویدا.. تیایاندابوو میزی دەکردە ناو قاپی زەڵاتەوە.. زۆرینەی ژنانی وڵات بەسوار تیمساحێکەوە و مارێك لەسەر شان بەدوامدا دەگەڕان.. من ئیتر تێگەیشتم لەم وڵاتەدا شوێنێکم بۆ نەمایەوە. لەمشارەوە بۆ ئەو شار، لەم ماڵ و گەڕەکەوە بۆ ئەویتر و ئەوانیتر.. لەسەر هەر سووچێ قەلێکم دەدی و دەیگاراند: خۆت ونکە وا هاتن بۆت.. لەهەر کۆڵانێکدا کۆترێکم بەسەر دارتێلێکەوە دەدی و دەیگماند: بڕۆ واهاتن بۆت.. کەڵەشێرەکان هەرکاتێ دەیانزانی مەترسیم لەسەرە، دەیانقووقاند.. مەڕەکان بۆ زستانەکانی ئاوارەییم خوریان نارد.. بزنەکان لە سمی خۆیان پێڵاویان بۆ بەکردن دام.. گایەك شاخەکانی خۆی بۆ ناردم، مانگایەك شیر.. مراویەك چەوریی ژێر باڵەکانی خۆی بۆ ناردم تا لە ئاودا تەڕ نەبم.. قازەکان پەڕی قاچی خۆیان بۆ پێچابوومەوە تاکو لەپەڕینەوەمدا غەرق نەبم.. قەلەباچکە هاتەوە سەر ڕێم و قیڕاندی: بڕۆ.. با براکان و هاو زمانەکانت نەتکوژن.. من هەر دەمزانی تازە بە

پەنابەری دەمێنمەوە و تاراوگە شوێنمە.. هاوڕێیان مرۆڤ لەدەست وڵاتی خۆی پەنا بۆکوێ بەرێ؟ مرۆڤ لەشاری خۆیدا جێگەی نەبێتەوە، بۆ کامە شار سەرهەڵگرێ؟ بۆیە هاوڕێ، ناچارم دەبێ ماڵئاوایت لێبکەم، ناچارم ئێرە بەجێبهێڵم.. نیشتمان شتێکە نیە، وڵات ئەوە نیە تیایدا دەژین، ئەوەیە لە خەیاڵی خۆماندا دروستیدەکەین..
من دەچمەوە بۆ نیشتمانی خۆم، لەوێ خۆشترین خواردنەکان لێدەنێم، جوانترین حەکایەتەکان دەگێڕمەوە، لەمەودوا هیچ ناونیشانێکی نەگۆڕم نیە.. لە جیهانی فەنتازیادا هیچ شتێ بۆ هەمیشە لەشوێنی خۆی نامێنێ، فەنتازیا ڕاستەقینەترین ماڵی ئێمەیە..

دەرگای هاتنەدەرەوە

بەخێربێن

یوجەد لەدەینا جەناح خاص لیلعەوالیل

نەلحەسوود و لا یەسوود

تەوالێتی پیاوان　　　　　　تەوالێتی ژنان

فەرموو مامۆستا. سەلاموعەلەیکوم.. بیست و شەش دینار.. چەند نەفەر؟ عەلەیکەسەلا.. دوو برنج و فاسۆلیا.. گەس و هەمبەرگەر..، نەماوە. سەرویێ. نەفەری تەواو کفتە و کوبە. قوزی. دوو نەفەر کەباب. سادەیەك، شلەکەی باینجان بێ. پەراسوو، نەماوە. ماستا و مەمنووعە. چی دەخۆن برام؟. سەلکێ پیاز بۆ مێزەکەی پێشەوە.. کەوچکێ بۆ ئەولا، مەرەگەیەکی کودی بینە برام. دەی خێرا خوشکم.. تکایە پێی بڵێ بە هێواشی، بۆ سەرما دەنەرێنێ؟ برام ئەو ژنەی من کەرە، کوردیەکەشی خراپە و زۆریش لە تۆ دەترسێ.. ناوی خواردنەکانی بۆدووبارەکەرە.. بەهێواشی. مامۆستا برنج و شلە، تکەی گۆشت، تکەی مریشك، پەراسوو، قوزی، قوزی شام، کەباب. نیو نەفەر... شام.. نیونەفەر نیە. تکەی گۆشت، تکەی مریشك. تککەی.. ئاو. قوزی شام. بریانی گۆشت. قوزیی شام چیە؟؟ بابە، کەباب. کەباب، بابە.. با..ب،ـــە کە..با...باب. مەگری کورم، ئێستا ئەچین کەبا...بابە کەبا....با...ب ب..کە..با.. ئی ییییی.. کەباب بابە.. کەباب خوادم.. بەقوربانت بم مەگری، هەر ئێستا کەباب بۆ کورە هەولێریەکەی خۆم دەکرم.. کاکەگیان تکایە یەك کەباب فریای ئەم سەگبابە خەن، بەچاوان مامۆستا.. بابە کەباب.. چیتان بوو.. کچ، ها..ها.. کەرە گیان مەبەستی ئەوەیە چیتان خوارد؟.. بابە، کەباب.. کەبابە خوالد، زەلیاب، خۆشە بەتامە.. کەباب، بابە..

لە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی هزری:

- دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی یەکەم: دەزگای باران، سوید ١٩٩٥. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢
- سۆفیستەکان، ج١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٨، ج٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩
- دنیای شتەبچووکەکان، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی دووەم، ڕەنج ٢٠٠٥
- کتێبی نالی، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠١
- نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٢
- قەفەسی ئاسنین، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٣
- مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، زنجیرەی هزر و کۆمەڵ ٢، هەولێر ٢٠٠٣
- هاوکاتی و هاوشوناسی، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٤
- لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٤، چاپی دووەم، کتێبخانەی سۆران، هەولێر ٢٠٠٤
- نووسین و بەرپرسیاری (لێکۆڵینەوە)، چاپی دووەم بە دەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

بەرهەمی ئەدەبی:

- گۆرانییەك بۆ گوندە سووتاوەکان (شیعر)، کۆپنهاگن ١٩٨٩
- کۆپنهاگن! (شیعر)، کانونفرهنگ ایران، دانمارك ١٩٩٤
- زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال (شیعری) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٠
- من و مارەکان (چیرۆك) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی ١٩٩٩

گفتوگۆ:

– مرۆڤ وەك بەخشندە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

وەرگێڕان:

- ئەفسانەی خۆشەویستی (سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆك، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی ١٩٨٣
- دەنگی پێی ئاو (سهراب سپهری) چ١، ١٩٨٩، چ٢ کۆپنهاگن ١٩٩٠
- در امدی بر شعر معاصر کُردی، (شیعری هاوچەرخی کوردی بە فارسی)، کۆپنهاگن، ١٩٩٠
- پیدرۆپارامۆ (ڕۆمان)، خوان ڕۆلفۆ (بەهاوکاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩
- دەروازەکانی کۆمەڵناسی (منوچهر محسنی)، بەهاوکاری کۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢
- ئەلبوومی کیژی جنۆکان (چیرۆکی منداڵان لە دانمارکییەوە)، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
- خۆبەکۆیلەکردن (ئەتین دۆلابۆتی) بە هاوکاری لەگەڵ مراد حەکیم. دەزگای موکریانی، هەولێر٢٠٠٥.
- ژیان کورتە (ڕۆمان)، یۆستین گوردەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥